# شیعر

(2020_1995)

# بەرگی یەکەم

## زانا خەلیل

ناوی کتێب: شیعر (1995_2020)
نووسەر: زانا خەلیل
بابەت: شیعر_ بەرگی یەکەم
بەرگ : دەراو خەلیل
تیراژ: (500) دانە..
چاپی یەکەم
چاپخانەی چوارچرا
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی
سپاردنی  (50)ی ساڵی (2020)ی پێدراوە.

# شیعر

(2020_1995)

# بەرگی یەکەم

زانا خەلیل

# کړنووش

**ئەو چەند شیعرەی نێو کرنووش بە تۆ و**

**هەموو ئەوانەی کە لە نێو ئۆقیانۆسی سۆز و عیشقدا**

**ئاڤژەنێکی هەمیشەین و شەپۆلی خۆشەویستی**

**بە لێوارەکانی ڕۆح دەبەخشن دیاری و پێشکەشە.**

# سلاوێك

_زانا خەلیل_ ی تەمەن لە بیست ساڵ کەمتر، ڕووی ڕێــــزی لێنـام، ئـەم کۆمەڵـە شـیعرەی پێشـکەش کـردم بیخوێنمـەوە، ئەگەر بــە دڵــم بوو، دوو وشەی بۆ بنوسم.

کە شیعرەکانم خوێندەوە تەمـەنی شـاعیرم لـە بـیر چۆەوە، بـە کــابرایێکی خــاوەن تاقیکردنەوەیــەکی زۆرو فــراوان هاتــە بەرچاوم، گەورەتر لە تەمەنی راستەقینەی.. ئـەم شـاعیرە لاوە پــەژمردەی ژیــان و ناســۆری مێــژوو (بەســەرهات) و ئــازاری گیــانی نەتەوەکــەی لــە پــەڕەی دڵــی خۆیــدا دەبینــێ، یــا دەیانهێنێتـەوە نـاو دەروونـی بێگـەردی خۆیـەوە، نەتـەوە لـە کارەسـات دایـە، لـە دڵداریـەوە دوورە، ئـیتر بـە شـوێن دڵـداری دەگــەڕێ بــۆ نەتەوەکــەی، ئەمــە ڕەنگدانەوەیەکــە هەســت و نەستی دەروونی خۆشی تێدا دەبینێ.

لەم شیعرانەدا کوردییێکی پـەتی، لێکسیکۆنێکی سفت و پتـەو، شـێوازێکی سـیمبۆلیزمی، کوردایەتیـەکی ڕەسـەنی تێکـەڵ بـە دڵداری کچێکی جوان بەدی دەکرێت.

(ئەسپێکی بێ شاسوار) سەر تۆپی ئەم کۆمەڵە شیعرە جوان و خنجیلانەیە.

هەولێر – مەڵبەندی رووناکی – 1995/4/1

د.مارف خەزنەدار

# خەزان

پایزە.. هەمیشە و هەمیشە پایز
مەلە باڵنەخشین و چاو ڕەنگاڵەکان
مانەندی چەم
پۆل پۆل ئاوێتە بوون و
بوون بە
ك
ا
ر
و
ا
ن
ی
ڕووبارێکی کۆچبار و
ئاسمانی ئەو هەوارە غەریبەیان جێهێشت
قەل
بەتەنیا
مانەوە!

**خەزانە.. هەمیشە و هەمیشە خەزان**

**تریفەی مانگ و**

**جریوە جریوەی ئەستێرەکان**

**وەکو ڕووبار**

**گەواڵ گەواڵ ئاوێتە بوون و**

**بوون بە ك**

**ا**

**ر**

**و**

**ا**

**ن**

**ی**

**دەریاییێکی ڕەوەند و ئاسمانی**

**چاو پڕ لە ئەسرینی**

**ئێرەیان**

**جێهێشت**

**تارمایی شەوەزەنگ و**

**سیاتارە**

**بەتەنیا**

**مانەوە!**

ئاخ ئەوە چ کۆچێکی
ناوەختە و
چ پایز و خەزانێکی لە هیکرایە؟
نا.. نا ئەوەتانێ
جێژوان و گردەکانی ئەو ئێرەیە
بوونەتە زام و
خوێنیان لێدەڕسکێ!
سە و گورگەکانیش
ئاوێزانی ئاسمانی سەمانە و
قاقایان لێدەڕوێ..!
ئیدی ئێوە و ئەستێرە سوورەکان
ئێوەو درەوشانەوە و
ئێوە و سەرجەم تاوێر و ئەشکەوتەکان
بڕیارتاندا
دیرۆکی ئەمەکداریتان لێ.. بڕ.. وا.
ئیدی ئێوە و فەرهەنگەکانیش بەیەکەوە
بڕیارتاندا
لە ڕقی رق، قودسییەتی
هەموو مۆرفیمە گولاوییەکانتان
لە بیر.. بڕ..وا.

1995/5/1

# کێ واگایە..؟

بۆرەتارە و

هەموو گۆشەیەکی کەلەشی شار

چەشنی جەستەی تەرمێ

ڕ .. ا .. ک .. ش .. ا .. وە .

کپیی و خامۆشی مرۆڤ و

ساواق و سەقمی کەشیش

بە وێنەی ساحیرێ

تیژیی شمشێری بەسەر

چڕیی ئەو ناوەدا

ک .. ێ .. ش .. ا .. وە .

کێ لەم شارە ساردو سڕە واگایە؟

گەر ورشە ورشی - با - و

چرکە چرکی کاژێر و

چەند ئاسارەیەکی ئێشکگری

من ئاسا

نەبێ !

کێ لەو شارە کەش کەڵواز و شلۆڤەیە واگایە؟
گەر زامارانی جەنگی
گەورەی عیشق و
چەند دڵ لێدزراوێکی
من ئاسا نەبێ!
کێ بەو درەنگکاتە واگایە و
بانگەشەی جەنگی نێوان
چاو و قەڵەم و
پەنجەو پەڕاو دەکا؟
گەر ئەویندارێکی شێتی
من ئاسا نەبێ !
کێیە واگایە
گەر منی سەرمەست و چەند ئەندامێکی دیکەی
گیان لەسەر دەستی فیردەوسی عیشق نەبێ!؟
کێ یە .. کێ، بەم درەنگە ئەشك دائەڕێژێ و
لەبەر دەمیا چرای مەرام دائەگیرسێنێ؟
گەر لە برسییەکان برسیتر و
لە وەلیەکان بە دینتر و
لە عاشقەکان .. عاشقتر نەبێ !

91/3

# دەربڕین و کەسەر

لەو چرکەیەی تەمتومانی پێکەنین
خۆی کردەوە
بە دونیای سامانڵی ئاوەز
من دەریای دەربڕینم
بۆتە کۆتەڵێک و
لەودیو شیشەی زیندانی ددانەکانم
دەستەوەستان ڕۆنیشتوە!

لەوەتەی گەردەلوولی تەماشات
خۆی کردوە
بە پەژستانی دڵم
کەیل و کەسەر لەکاروانسەرای
ناخمەوە
بارگەیان دابەزاندوە و
شارنشین ئاساش ئۆقرەیان گرتووە .

دەی وەرە..
ڕێژنەی بریسکەداری
تفەنگی شەڕگەی چاوانت
بەدیواری ئاسنینی
ئەم بەندیخانەیە
ببخشە و
دەربڕینم ئازادکە
دەی وەرە ..
درەوشانەوەی لێوت
بە خەرەندی سینگم خەڵاتکە و
ئەم کاروانی کەسەرەش
زیندە بەچاڵکە.

1994/6

# چیرۆکی نیوەشەوێک

بەم شەوە پڕ لە داخە
شەماڵی ئەندێشەم
نەمامی ئامباز
لە کەناری ناخما ئەنێژێ.
پەلە هەوری خەون
بارانی تێرکردنی حەزەکان
بەسەر ڕۆحما دائەبارێنێ.
لەم ساتە ناکام و وێڵ و بێ تروسکانەوەیەدا
مەڵبەندی دڵ
سۆز
بۆ هەڵنەنیشتنی کۆتری
هەوەس دائەڕێژێ
بالاخانەی شادیش بە تاریکیت
هێدی هێدی دادەڕمێنرێ.
هەر ئێستە ڕەشەبای
لە خاچدراوی ئارەزووەکان
بە ئەندێشە هەڵدەکا!
لێوی سووری خوناو لەسەرکەوتوت
کاڵ دەکا!

گۆنای فریشتەیی
رۆندك لەسەرکەوتوت
ماچ دەکا!
ئەوین.. ئۆۆھ ئەوینی من
لە دووریتا بیرکردنەوە
شۆڤارێکە و
ڕێگری پێکگەیشتنی پێڵوی
تاساوی چاوانمە.
بۆیە گلێنەکان تیشکیان
خستۆتە سەر تابلۆی
تاریکستانی
ژوورە بیابان ئاساکەم و
ئومێدی ڕوانی گیایێ
قوت ئەدەن
بۆ ئەوەی سەرجەم حەزەکانی
بەسەر بلەوەڕێنن.

1992/2

# ئەوینتم

ئەوینتم.. وەك چۆن تۆ
دڵداری كلوو كلوو بەفری چاوی هەور و
بەرد بە بەردی سینگی كەژ و
شار بە شاری خەمستانی.
وەك چۆن تۆ
عاشقی پەڕ بە پەری مێژووی ژان و
ئازادبوونی دانە دانەی پارچەكانی بەفرستانی
ئەوینتم.. وەك چۆن خوا
خۆشەویستی پێغەمبەران و
پەیامبەرانیش
عاشقی ئەون.
وەك چۆن زارۆك
خولیای مژینی مەمك و
مەمكیش شێتی تێكقۆپان
بەدەست و قامكی پیاون.

1993/6

# بەرەو کوێ..؟

کێوەمان دەبەن؟
لە دووڕیانی گوڵ و خوێندا
لە کام ڕێ
سەر
یا
کوێرمان دەکەن؟

کێوەمان دەبەن؟
ڕێی سەرو ماچتان ژان ڕیزکردوە
ڕێی ژێر و کوێریشتان والآکردوە
کێوەمان دەبەن؟

1994/5

# دوو تاوان له باوەشی بەهەشتدا

## - 1 -

عاشقێکی قژ فریشتەیی چل ساڵی
لەسەر مافی
بۆنی خاك و سپییەتی بارانی شاری
له شوێنێکدا.. ئوتیکاری و
له شوێنێکدا.. بتلگاری و
له شوێنێکی تردا
مومارەسەی زایەندی
لەگەڵ کرابوو!
ئەوە سێ وێنەی هەڵواسراوی
سەر دیواری
سزاخانەیەکی مەیمونەکان بوو.

- 2 -

تەرمی ئافرەتێکی ڕووتی بەقژهەڵواسراو
لە گۆڕەپانێکی
شاری (قونیە) لە خاچدرابوو
تەنیا لەسەر بە زمانی
زگماك دوان
نۆبڵی هەمیشە نەمری لەلایەن
بەرازەکانەوە
خەڵات کرابوو.

1991/3

# بۆچی نابێ؟

نابێ سروەی کازیوەیێ بم
بە ئارانی ڕۆحتەوە
بخزێم..؟
یا لاولاوەیێ بم
بەدیواری تەلاری لەشتەوە
بگیرسێم..؟
بۆ نابێ رووبارێ بم
بە خەرەندی سینگتەوە
تێپەڕم..؟
نازانم بۆ نابێ ئاسمانێ بم
بەتۆی ئەستێرە بدرەوشێمەوە..؟
یا گوڵستانێ بم
بەتۆی
گوڵ و
پەپوولە و
ئاونگ بڕازێمەوە..!؟

1991/3

# دراماى مێژوو

ئەمێستا پیرە درەختێکی پژوپۆ هەڵچووی
لەت لەتکراوی هەزارانساڵیم
کرۆکم زەرد دەبێ گەر ببینم
زەڕنەقوتە و لانە
لێ .. ک .. جوێ .. ببنە .. وە .
ئەمێستا پیرە درەختێکی پژوپۆ هەڵچووی
لەت لەتکراوی هەزاران ساڵیم
حەزمە پەلەوەرەکان یەکانگیربن و
پێکڕا تەلارێ لەنێو دڵ بینا بکەم.
حەزمە ڕەگ و قەدی گەڵاکان
یەکدیبگرن و
پێکڕا پرتەقاڵێکم بۆ لە باخی
ژیان بنووسنەوە
نەك ڕەنگی سامداری وەرین
لەسەر چیاو
زورگ و
هەڵدێری سینگم بڕوێ..!
حەزمە داڵدەی باڵدارە
لە قەفەزکراوەکانی ئەودیو سنووربم

نەك نوشتەی ئەفسوون و
سیحری جادوو كارم تێبكا و
مۆمی ئاشوبم لەنێو داگیرسێنێ..!
ئەوەیان كاتی نەمان نییە
هێشتا زووە زوو
كەڤر و گرد و تاڤگە و خەرەند زوویرن و دەڵێن:
بەو چزووە ساتەوەختی
ڕیشەكێش و لە ڕەگ هەڵتەكانی
درەختی رۆحت نیە..!
بەو چزووە، ساتەوەختی خاپووری یەكەمین ژووری
لە قوڕ دروستكراوی دڵت نییە..!
منیش دەڵێم:
ئاخ كەڤری پیر.. مەملەكەتی تەم
هەر ئەو گۆرانییەیە
جارێكیتر بەو سانایيە
دیوار بۆت هەڵناچێ و
تەرزە و ڕەهێڵە و شەختەش
ناهێڵن وا بە سانایی ڕەگ لە خاك داكووتی !

1994/4

# بیرەوەرییێک

کۆمپیوتەری پەڕپووتی کلۆخم
ئا.. ئا .. ئێستا
دەمخاتە سەر دمی بەلەمی خەیاڵ و
بەنێو زەریای سەهۆڵبەندانی بیرەوەریەکانا
دەمگێڕێ و دەمسوڕێنێ
خێرا .. خێرا .. خێرا ..
چیرۆکی ڕەساسیی نێو
یانەی دۆزەخەکەم بە بیر دێنێ ..
ئا .. بەڵێ .. ئا.. کازیوەی چیرۆك
لەمەوە سەردەردێنێ ..
کاتی سورسات هات و
ماسی میوانی ئەو دەریایە بوو
تا دەگاتە مەغریبی چیرۆك و دەڵێ:
وەڵێ ماسی نەیزانی ئەم دەریایە
حۆرییێکی وای تیایە تاکو ئێستا
سەدانی خۆم ئاسای بۆ خولیایە..

1994/12

# کەرنەڤاڵ و یەکەمبوون

لە شەوێنا
بەسەر تاوێری زام
بلوێری ژانی لالێوی ناخمان
بۆ سەمای بە کۆمەڵی غەم دەژەنی
لەمەیان مژدەیان پێدامو گوتیان:
کوڕێکی وڵاتسز بە ـ یەکەم ـ دەرچوو..!

لە ڤیستیڤاڵێکی تاودانی
ئەسپی ئێشی ژێردەستەیش
کە بۆ لات و پاتەکانی جیهان
سازدرابوو
وڵاتم بە یەکەم دەرچوو..!

1991/4

# حــەز

پۆلە پەلە هەورێ دابەزین و
سینگیان بە سینەی شارم داخشاند
نمەی ئەسرینی سۆزیان
دەنگی هۆڕەی گریانیان
بۆ هەموو درزو قوژبن و
کەلەبەرێکی شاریان دەجریواند ..

ئا ئەو ساکەم چاك لە یادە
کە من و تۆیش
هەور و شاراسا
لانکی خەوتاندی حەزمان
بۆ یەك دەهەژاند
بڵێسە و کوڵوکۆ و پشکۆمان
بۆ کەلاندنی تامەزۆ دادەگیرساند ..

هەر ئەو دەمە
مژینی زمان و
کرۆشتنی لێو ..

ئەتۆمی خەفەکردنی
لافاوی مەراقەکانم بوو
ئامێزت کورخانی
پڕ لە ژیلەمۆو ئاورینگی
چوزانەوەی ڕۆحی کەڵەژانەکانم بوو..

بەڵام گیا .. ئەی هاودەمی گیان
لەم شارە کەش کەڵوازەدا
دەمانێکە چرپینی گۆرانی ماچ و
سروودی پێش جووت نووستنم
لە یادکردووە .
دەمانێکە
گێڕانەوەی داستانی کووشتنی هەوەسم
لە بیرکردووە.

1994/4

# خۆزگەیەك و
# چەند دەربڕینێکی لێکجیا..

- 1 -

**بریا ئەمێستا ساڵاوێ بوومایە**

**تا بۆ هەموو**

**هەناوە چو کێڵگە تێنووەکان**

**نتم .. نتم**

**تێر بگریمایە.**

- 2 -

**خۆزگە ئەمێستا**

**پۆلە پەلە هەورێکی**

**شەهوەتئامێزبوومایە**

**تا ناخی پەژستانئاسای**

**عاشقانم**

**تەڕو تەڕتر بکردایە.**

- 3 -

**خۆزگەو خۆزگەو خۆزگە**

**شەو بە دوای رۆژ و**

**رۆژ بە دوای شەو**

**بەزەیی چاوی هەور و**

**سیمفۆنیای چەخماخە بوومایە**

**تا تێربوونم**

**بەسەر سینەی**

**مێیەکانی گەردوون**

**بەشکردبووایە.**

1993/7/23

# نیگا

کۆرپەی ئەو شیعرە مەمك گەرمەم
مانەندی دایکێ
لەنێو لانکی سۆز دەملاوێنێتەوە.
کۆرپەی ئەو پێکەم
سەحەرئاسا
نالّە و حەسرەتی ڕۆحم دەسڕێتەوە.
من لە درەنگایی شەو
بە دلّدانەوەی وشە و
من لە گزنگیشدا
بە تریسکە تریسکی نیگاکانت
کورڕژنی ژانە ئەسپەژنئاساکانم
مت و ئارام دەبێتەوە.
چاو مەس، ئەی چاو مەست،
ئاسۆی نیگات بەبەر چاومەوە
جەفەنگێکی ڕووپۆشراوی نەزانراوە
نازانم بیخوێنمەوە..!
نا .. نا ..
نازانم چۆن لە نێو
هەست و شیعرەکانمدا بیهۆنمەوە !؟

لات سەیر نەبێ
خۆ من "ناش"نیم
تا ئەو خەندە دوورە
تا ئەم نیگایە چو کوورە بخوێنمەوە ..
ئەوە نەبێ کە من دەبینم
تاریکستانێکە
لە نێو داهاتووما دەچەقێ و
دادەگیرسێ و
مانگی سبەینێ دەکوژێنێتەوە ..
تەنیا ئەوە نەبێ
ئەتۆمێکە و
لە خەونی خەوی هەموو شەوێکما
دەگرمێنێ و
تاوەری گیانم دەتەقێنێتەوە.

زستانی 1993

# کڕنووش

ئاگادارم...

بەڵێ بەڵێ

باش لە ـ با ـ ی تەوێڵت ئاگادارم..

هۆ سارپێژی زامی مەزنی گیانم:

ئەمێستا لەگەڵ باڵگرتنی ڕەشەبای دۆشداماویت و

حەسرەت و گەورەژانی

دڵۆپە ئەشکی سۆزاوی چاوانت

درەختێکی ژاکاوو رەقەڵاتووی

لە بەهاردا وشکهەڵاتووم

قژم گەڵاڕێزانە و

چرۆی هیوام پەردەی نائومێدی

خستۆتە سەر پەنجەرەی چاوانم

گیان.. لەگەڵ هەڵکردنی

گەرداوی نەرمە زیزبوون

لە ئاسمانی بێ هەوری گۆنات

کەڵواز و تۆف و ڕەهێڵە

کرۆکی رۆچووی

جەنگەڵی حەزەکانم

ریشەکێش دەکەن و زستانی چەتە
بۆ نەگەیشتن بە موچڕکەکانم ئەبوژێننەوە..
هۆ نەمامی لە نێو گێتی ناخم شەتڵ بوو
لە بەرامبەر غروبدا دەستەوئەژنۆم
کڕنووش بۆ سەوزی گەڵای درەختی بەهاران و
پڕشنگی زیوپینی ئاسارەی شەوان و
مێژووی بێگەردی هەموو عاشقان و
زەنگ و خەتیبی کڵێسیەکان و
دەنگ و قەشەی مزگەوتەکان ئەبەم
بەڵکو ببنە سەرپەڵەو
بەسەر وشکیی پایزی روخسارت
ببارێن و
گەشی بکەنەوە..
ئەی مانگی تاریکستانی نێو ئاسمانی تەمەن:
ئەمجارە هانام بۆ ئاڤێستاو ئاتەشگا و زەردەشت هێناوە
بەڵکو ببنە چکچکەی بارانی سارێژی و
بەسەر ناخی زامدارت ببارێن و
ببارێن و ببارێن و ببارێنەوە ..

پایزی 199

# شـــەو

ئەمە شەوەو
منی بەلەنگاز بەسەر سینگی خەون
بارانگرتەی بەر باڕێزەی
تێرکردنی شێنەیی هەوەسەکانم.
ئەمە شەوە و منی کڵۆڵ
بەسەر ئارانی ئەندێشە فراوانەکان
شابازێ تاو ئەدەم
بۆ ڕاوی ئاسکی حەزو
کپکردنی شۆڕشی هەڵچووی ئارەزووەکانم.
ئەمە شەوە و شەوە و شەوە
حەزم بە ئامباز و
حەزم بە ئاوێتەبوونە
کەچی لە ئۆقیانۆسی مەنگی تەنیاییا
لە ژێر چڕنووکی حەزی نەزۆکی هەتاییا
ئارام ئارام نوقم دەبم
هێدی هێدیش بزر دەبم .

1994/6

# شێخستانێك له كەنار مەرگ

بەم دوا ئاوزینگ و
دوا ئاویلكەی بەفرانبارە
منداڵان لە جیهاندا تەڕاتێن
بۆ بەركەوتنی خەڵاتی چاكترین
لە بابە نوئێل دەكەن
كەچی مناڵانمان
لەگەڵ ئاوازی دەفی دەروێشانەی
مەیمونەكان دەچریكێنن و
ئاهەنگی شینیش بۆ ساڵی نۆژەن و
تیشكی سامداری دەف سازدەكەن.
دەترسن و دەپرسن:
دەبێ ترووسكەی شمشێری
دەروێشە گەمژەكان
ڕۆحی ئێمە نەگرێتەوە..!؟
دەبێ لەكاتی خەڵوەتا
زەرگەكانیان
لەسەر سینگی ئێمەدا نەگیرسێتەوە..!؟
لەو ساكەوە مناڵان دێنە دوان و ئەڵێن:
ئای ئەوە چ خانەقایەكی پڕ لە شێخی شێت و

**خەلیفەی بێبەزەیی و**

**دەروێشی گەوجە؟**

**لەوساکەوە**

**منالأن خوازیارن و ئەڵێن:**

**هۆ مێرووله عاقڵەکان دەبێ ..**

**دەبێ بە هەستەکانتان قەلأییێکی دژوار بن و**

**ڕێنەدەن تەوژمی باهۆز هەڵفڕێ و**

**لەگەڵ سینگی ئارانی ئەوین جوتبێ و**

**پەتکی ڕەوەندانەی پێبقرتێنرێ.**

**دەبێ درڕك یا ڕووگەی بارانێکی وێڵ بن و**

**ڕێنەدەن گوڵی خوێن**

**لەسەر قیڕ بپشکوێ و**

**وشەی دەبارەکراوەی**

**ڕووخان و هەرەسی پێبنووسرێ ..**

**دەبێ بومەلەرزە بۆ هەرەسی شاخ و**

**شڵەژان بۆ ڕۆحی ئاشوب و**

**شەڕ و کیمیا بۆ خنکانی هەناسەی شەڕ بن.**

1994/12/31

# ئەسپێکی بێ شاسوار

ئەوەتەی ژین درووستکراوە
ئەوەتەی ماف دابەشکراوە
ئەو ئەسپە ڕەسەنە بێ شاسوارە.
ئەو گالیسکە سەقەتە بێ ئاژوا و
ئەو مێگەلەی من بێ شوفێر و
ئەو زامەیش هەر بێ تیمارە
تێبگەن
چ گەوجێکن گەر نەزانن من ئێوەم
من بە دەربڕینی ئێشی زامی
ئێوە دەحەسێمەوە
من بۆ زامی ئێوەیە
لە نێو ژانی ژیان دەتوێمەوە.

تێبگەن
لەوەتەی ئێوە هەن
کەشتییێکی بێ کاپتن و
کوکوختییێکی بێباڵ و
گوتاربێژێکی لاڵن.

لەوەتەی ئێوە هەن
شارێکی بێ درەخت و
کۆلیژێکی بێ عەمیدن.

ئێوە ئێستاش ژنێکی سکپڕی
بێ مامان و
بگرە منالێکی چکۆلانەی
چاو پڕ لە هیوای بێ دایك و دایەنن

بۆ تێناگەن بۆ
ئێوە نیشتیمانن..!
ولاتێکی بێئومێدو بێ خەون و بێ خەیاڵن.

1994/2

# حۆری و خەون

کاژەڵەم بە ژان سواخ و
بەناڵە سپی کراوە
بە لەشکرێکی خەفەتی پڕ لە تۆفان
تەڵەبەند کراوە.
ئەمێستا لە ژێر سەهەندی جەنگەڵی خەم
دوور لە بزە و
دوور لە چەشتنی جوانی سروشتم
دوور لە لەشی ئەو حۆریەم کە دەیپەرستم
بۆیە لە دۆزەخی جودایی
خەریکی داتەپینی کۆشکی هەستم
جا ئالآی سوورم
کەشتی ماچ بخەنە بەر شەپۆلی لێوم
یا ئاسکی سینگت بخەنە بەر مەخەری دەستم
تا لەو خەونە ئەرژەنگە هەستم.

1-7-1993

# مەزنێکی دۆشداماو

دوور.. دوور دوور بووم لەوەی
شائەسپی باڵداری بەفرینی جەستەم
لە ژێر خەمی تۆکمەی قامچی سۆز و
چڕنووکی شەهێنی خەیاڵ و
بزەی لێوی ئەوینێ بناڵێنێ..!
دووربووم لەوەی ترۆپکی قەڵای بوونم
لەژێر زەبری دەستی پەریێ بهاڕێنرێ..!
دووربووم لەوەی
هەڵمەتی نیگای فریشتەیێ
سەر بە باڵای چاوی مەزنم دابنوێنێ..!
کەچی ئێستە
لە گەردوگۆڵی هەموو بەیانێکدا
لە بولێڵی دوا ئاوزینگی هەموو ڕۆژگارێکدا
"توخودا قسەم لەگەڵ مەکە"
باهۆزە و
گوڵەپێغەمبەرەی دڵشادی و
شەهلای بزە
لە گوڵستانی لێوم ڕیشەکێش دەکا.

یا ئاژێری کارخانەیەکی بورژوایانە و
پڕۆگرامی بیرو ئاوەزم
پڕ لە ئاشوب و
زێترو زیاتر جەنجاڵ دەکا..
"توخودا قسەم لەگەڵ مەکە"
لافاوێکی کەیل و
شاڵاوی شێلگیرانەی خەفەتە و
سەراپای لەشی
پڕ لە ئاواتم
زامدار دەکا..
یا ڕەهێڵەی ئەندێشە و
زریان و تۆفانی گریانە و
سۆزی لات و نامۆم لەت لەت دەکا..
"توخودا قسەم لەگەڵ مەکە"
ئاژاوەی نێو دڵی ئارامیم و
هەڵچونی دەریای کەسەر و
هێرش و شاتاڵی ئەفسوسە و
سەرانسەری سەڵتەنەتی ڕۆحم شەق شەق دەکا.

1994/7

# بوێریی

ئاتلایەکە لەم ژانستانە بەرانبەر بە گوڵ
لەگەڵ بوێریدا دوو جەمسەری لێکجیاین
دوو جەمسەری دوور و .... لێکجیاین
ئەو دوا دۆڵی ئاسمان و
من قووڵاّیی سکی زەمینم.
ئەو خەندە و ئاهەنگ و
منیش دڵۆپە ئەسرینی نێو دوو چاوی ناکام و
زایەڵەو فیغانو شینم .
نازانم بۆ بوێری
بەم ـ با ـ ی خەفەت و حەژمەتە هەڵناکا و
بەسەر بیرو سۆزو ڕۆحما دانارژێ و سەوز نابێ..؟
نازانم بۆ بوێری
بەم باهۆزی ژان و نامۆییە هەڵناکا و
بەسەر جورئەتم دانارژێ و سەوز نابێ؟

1993_3

# نـــاكــام

نیگایێ .. کاژێرێ .. ڕۆژێ .. هەفتەیێ
یەك هەیڤ
دوو هەیڤ
سێ هەیڤ
ناکامە ئەم هەموو بزەی ناخی من و
خەندەی چاوی
کاڵی
تۆ.
پڕ لە ژانە باڕێزەی ژینەژانی من و
پەژستانی وشکی
ڕۆحی تۆ.
بێئاکامە ئەم پیاسەی درکاندنی ڕازی من و
لە باڵکۆن وەستانی
پەیکەری
خودایی
تۆ.

1993/4/10

# پێناسەی تاووسەکانی ڕۆژهەلأت

تەمەن
شەماڵێکی ژانئامێزە و
بەسەر کێڵگەی رەنیوهانینی
ئێش تێپەڕ دەبێ.

تەمەن
سروەییێکی خەمئامێزە و
بەسەر باخی ناڵەو گریان تێپەڕ دەبێ.

هۆ کچە قەشەنگەکانی ڕۆژهەلأت
هۆ تاووسانی ڕۆژهەلأت
ئەمەیە هەموو پێناسەتان.

1993

## دیمانەیێ لەگەڵ مێژوو

بۆ نایەیتەوە..؟
منی کۆیله و بەندی ژان
به هەناسەی ئازادیی و
منی لات و بێنەوا و
ئاخەڕەش لە خۆشی
به گوڵەگەنم و
منی بێئەنوا به ماڵ و شوێن
ئاشنا ناکەیتەوە؟

بۆ نایەیتەوە؟
هۆشمەندیی به منی سەرخۆش و
ستوون و داڵدەیەکی پۆڵایین
به منی دەوارێکی وا شڕ
شاد ناکەیتەوە !؟
بۆ نایەیتەوە.. بۆ.. بۆ..؟
گەر ناشگەڕێیتەوە
خۆ دەتوانی
ئەی بەفردۆست وەڵامدەیتەوە

+ 1993/12/2ت لە یادە؟

_ ئا چاکم لە یادە ...

ئەو کاتە تۆ بووی، چراخان و

گزنگی سپێدەی نێو شەوەزەنگ و

ڕۆشەنی ئاسارەی تاریکستان و

ژانستانی نێو ژوورەکەم بووی.

+ ئەی لە یادتە کە قژی بەهار

بە پەنجەکانی بەفر هەڵوەرا؟

_ ئا چاکم لە یادە

ئەو رۆژە تۆ بووی

لە ژێر سێبەری چڕی درەختی گریاندا

خۆراکی دەوی پڕ لە لیکی

گورگێکی تێنوو بووی .

تۆ بووی ڤالیۆمی حەزێکی ئێشکگری

دژ بە خەوو

هەوێنی خولقانی چێژی

جوانترین موچڕکی ژین بووی .

1994

# کۆڕەو .. گوناحەکانی گوناح

لەو ساتەوەی گوڵ و پشکوتن
پەلکەزێڕینەو ئاسمانی بەهاران
تێنویەتی بیابان و باران
لێک ... دابڕ... ان ...
من وەکو جارانی گۆرین
پێکەنینێکی پشکۆئاسا نیم
تا ئاگری ڕەشی ئێشەکانمی پێبسووتێنم
من جەللادیش نیم تا بکەومە وێزەی خەمەکانم و
نەمانیان بەسەر دابباریێنم
هۆ بەهەشتی سەوزی گیانم
لەو ساتەوە من قەسیدەیەکی درێژی
گریانئامێزم
بکوژی خەندە و
دڕکێکی پەلوپۆ هەڵچووی نێو ڕۆحی شادیم
باڵای گریانم هاوباڵای رۆژگارە
بۆیە لە داخانا لێکجیاکەرەوەی
ڕۆژێکی شومی ئەو وەرزەم
ئەوەتەیە لە ڕقانا ئاسمان لە هەور و

**هەور لە باران و باران لە پێدەشتەکان**

**ئە**

**پچڕ**

**ڕێــ**

**نــم.**

**خەندە لە لێوو**

**گەشیی لە ڕووخسار و**

**ئاژاشکەی شادی لە جەستەما**

**ئە**

**تکێــ**

**نـــم.**

**بەڵام ئەی مەڵبەندی بەفر**

**ڕۆژێ دادێ**

**بە گەشبینییەوە پێت بڵێم:**

**ئەمێستا خەون بوژایەوە و**

**ئێمەیش دژی سارا و**

**خوێنەخۆی دوژمنانی بیابانیشین**

**کوڕی عاتیفە و**

**نەوەی پێغەمبەری حەرفەکانی وجودیشین.**

1991/4

# بوون

سەمابوو سەمابوو سەما

ئەو ڕۆژە بیرێتەیی

ئازارو ئەندێشەو ئێش و ژان بوو

لەو دەمەوە

ئاونگی سەر سینگی پەڕەی گوڵاڵەکان

لە هێرشی ئاپۆرەی کەسەر و

سەوزبوونی درەختی ئێرەیی لە گیانیا

خاڵی نەبوون..

مانگ و هاوەڵانی

لە داڕمانی تاوەری تیشك و

وەڕسیی دڵی تروسکاییان بێبەری نەبوون.

بەهەشتەکانیش

لە گرتنی ئێشی ئازاری نامورادی و

هەرەسی شاخی جوانییان

بێبەشنەبوون.

ئا ئەو کاتە ناوی (74)ی پیرۆزە

دەمی لێکترازانی پێڵو و

دەمی بڕینی ناوك و

دەمی مژینی یەکەمین هەناسەی ژینە.

ئەوینی من: گوێ بە ئێرەیی خوناو و

داتەپینی باڵای ڕۆشەنی ئاسارەکان و

هەرەسهێنانی خۆشی بەهەشتیش مەدە

نا.. گوێیان پێمەدە

چونکە لەگەڵ دابەزینی مزگێنی

ئەوان کەوتنە دوا لاپەڕەی ئەلبوومی جوانیی و

دوا پەیژەی زیبا و

دوا هەڵدێری ئاسمانی کامەرانی.

هۆ لە شەونم ناسکتر و

لە هەناسە پێویستر

ئا گوێم لێیە .. گوێم لێیە

بەڵام نازانم

((سەوتی نەغمەی بلبلە یا چەهچەی خرخاڵێیە))⋆

یا دەنگی ناسکی تۆیە

دەپرسێ و دەپرسێتەوە:

دەخوێنێ و دەخوێنێتەوە:

گیان.. کەی دنیا تۆی نیگای بۆ منی چاو و

تۆی بیستنی بۆ منی گوێچکە خولقاند؟

کەی جیهان تۆی ڕۆحی

بۆ منی پەیکەر خولقاند؟

ئا ئەو ڕۆژە بوو

کە تۆ منت دایە دەستی زەمەن

هەر ئەو سپێدەیە بوو

هەر ئەو سپێدەیە بوو

ئا .. ئەوینی من، هەر ئەو سپێدەیە بوو..

سەراسیمەیی ناوێ

ئەو ڕۆژەی کە بووین

بە جووتێ عاشقی سەر خیابانەکانی بیابان

ئەو ڕۆژەی کە بڕیارماندا ببین

بە دوو عاقڵی سەرخۆشی سەر پەیژەکانی گومان

ئا ئەو کاتە بۆ یەکەمینجار

سلاّوی هاتنمم لە ژیان کرد ..

........................

*نالی

1994/7

# فیردەوسی بەفرەکان

1996

ئـــاونگ نـــەفرەتلێکراوترین نەفرەتگرتـــەن، وەك شـــەیتان و خزمەکانی شەیتان و هەموو ئەوانەیش نەفرەتیان لێدەکرێ.
ئـۆۆۆی.. ئەوبـەر کـەنارە ئاڵتوناویـەکانی کـەون: نـازانم بـۆ ڕووبار هێندە بە نەفرەتلێکراوییەوە قەشەنگن؟
"فیردەوسی بـەفرەکان" بـە هـەموو ئەوانـە پێشکەشـە، کـە لـە سـەردەمی سـێو و ئـادەم و ئاپتـەرەوە، تـاکو ئێسـتا نـەفرەتیان لێکراوە و ئەوانەیش نـاتوانن سـبەینێ، ڕەنگاڵـە و ڕەوە کـۆتری حەقیقەتە سەرشێتەکانی ناخی ناخەوەی خود هەڵکورمێنن.

# کوڕژنی خەیاڵ

کەی سیاتارەی وا خۆڵنابارێنێ و
ئاتەشی چڕنووکی بەژنیشی
لە بالآی لوولەکی خنخنۆکەم گیر ناکا؟
ئەوەتەی داربەڕووەکانی
زریان و ڕەشەبا
پۆڵوی کرۆکیان
لە پانتایی بالآی ئەستێرە ڕۆچوواندوە
سپێدانی زەمەنم لە پەیژەی ئاسۆ دادەبەزێ و
لە نێو ژیلەمۆی شەڕگەکانی دەروون هەڵدەقرچێ.

زەمەن چەند شێت و وێتە؟

هەڵکوت هەڵکوت هات و
دنکە بالآکانی چێژی کرد بە شەو
شەویش بە شەمشەمەکوێر.

ئەی ڕەوە ڕەنگالەی ڕۆحم:
من هەرگیز بە دنکە چرۆ و
هێوری بەفر و

کژەبارانەی ماچ ڕانەهاتووم
لە بێرێتەیی پەلکەزێڕینە و گزنگ و ئاونگ نەڕەقساوم
بە هەولێرەکانی مانگ و شۆڕشەکانی کازێوە و
باتەکانی گوڵدا نەمگوزەراندوە..
من هەرگیزاو هەرگیز
دەستی سامالّم نەخستۆتە
گەرووی دیوارەکانی برووسك و
خۆشم لەبەر ڕەهێڵەی ئاورینگ رانەهێناوە

ئاتلاییێکە لامان
هەمیشەو هەمیشە وەکو ژیان
ڕووبار دەوەرن و
چراخانیش پڕشنگیان دەبێ بە قەتران
بێدەنگی سەما، لە شەمشەمەکوێران تاری دەچێ
دڕك قافڵە دەگرن و .. دەچنە بەهارێ
داڵ ئایەتی هەمیشەیی دەچڕن
ئای خودا
خودای من
کێڵفرۆش هەمووی بوون بە لۆرت
بەمزووانە منیش گەراجی کێلان دادەنێم .. دا
ئێستا .. مەرگی کەحێڵی بەفر، خۆرەتاوێکی نووتەکە

بولێڵی هەور وزریانی هەناسە
تاریفی ئەستێرە و خۆر و تاڤگەن.
ئێمەیش وەك نەوای سلۆی جاز .. ئاوەژووین!

ئەو خەیاڵە پاسارییێکی بزۆزی خەیالاٚوییە..
تارای خۆر لە لقی داری زەمینی خەیاڵم دەڕوێنێ
داڵدەی چەلاکی ڕۆحی بەفرە ئەو خەیاڵە
هەروەك تریفەی پێشبینیم ڕەونەقدارە
تەماشا ئاسمانی چاوانی شەوان چەند سپی و
قەڵسیی جەمی تەنیایشی چەند بە قاقا..؟

ئەو دامیارە شەهێنە
کەروێشکی پێدەشتی ڕەساسیی ڕمان ڕاو دەکا
ئەو خەیاڵە کەنارییە تۆڕەوانە.. تۆڕەوان ..
شاکی ئۆقیانۆسی وەرین لە تۆڕان ڕادەکا
دەبێ چیبێ ئەو خەیاڵەی
تارای بەفر
لە لقی داری زەمینی خەیاڵم دەڕوێنێ..؟
واران لەسەر چۆلەوانییەکانی ئەستێران چادەکا..
سارای ڕەقەلاٚتووی مەحاڵ
بە ئاوی ئەزەل تۆو دەکا؟

**دەبێ چیبێ ئەو خەیاڵەی ئەوشۆ لە هیکرِا**

**داڵ و خەیاڵ و دووکەڵاَن ناهێڵێ**

**گڕکان و زەمەن و گەرداوان ناهێڵێ**

**ئەی تۆی پیرۆز**

**ئەی شەهادەی زەمەنی برین**

**دەبێ کوڕژنی ئەو خەیاڵە ئەسپەژنئاسایە چیبێ؟**

**ئا .. ئا..**

**وا بزانم**

**ئەو خەیاڵە**

**خەیاڵی هەڵگیرساندنی شەڕە دژ بە شەڕ..**

**خەیاڵی خەزانی شەڕە شەڕ..**

# سەفەرێ بۆ نێو دەڤەری ـ ئاو ـ

ئێوارانێ.. لافاوی زام
لەنێو گەرداوی بێروونی خوێ
مەلەی دەکردو هۆن هۆن
بسکی زێڕینی دەڕنی.
تاڤگەی بارانئامێزی کۆڤانیش
چەمکی وەرینی تێدا نەبوو.

ئێوارانێ دەبمە کاپتن و
سواری ناخودای وەنەوز دەبم..
سەفەرێ بۆ نێو کیشوەری خوددا دەکەم..
لەگەڵ نەهەنگە یونسییەکان دیمانەیێ سازدەکەم
وتارێ بۆ حۆریان دەخوێنمەوە
پێشوازی لە وەفدی گەرداوان دەکەم
پیاسەیێ لەگەڵ
مرواری و قرژاڵ و ئینسانە خنکاوەکان دەکەم
لەسەر دوگوردی بەفر
نوێژێك بۆ دوری نێو دڵی ماسیان دەکەم
شەوێش کۆنفراسێك دەبەستین

ڕۆحی فیردەوس بە سکرتێر هەڵدەبژێرین
دواجاریش
دەستی نەرمی شەپۆل و
کەشتیە نغرۆبووەکان دەگرم و
دێمە دەرێ.

ئێوارانێ.. لە کلاوڕۆژنەی کەمپی درێغ
پۆلە مەلێکم و بە پێدزکێوە باڵدەگرم
تا زەمەن سێبەرەکان ڕاودەنێ و
خۆریش لە بێزاری شەو هەڵدێ.. سەرهەڵدەگرم
دوایێ دێمە نێو پێخەفی خود و
تا ئاستی مردن
لەبەر ئەو پەلکەزێڕینەیە دەڕەقسم.

ئێوارانێ ... لافاوی زام
لەنێو گەردەلوولی بێروونی خوێ
مەلەی دەکردو هۆن هۆن
پرچی زێڕینی دەڕنی

**لە نێوانی من و**

**بەرگی هەمدەمی ئەوین**

**جگە لە ئەبەنووس چت دەبینی؟**

**لە نێوانی من و حەزەکانی شیعریش**

**جگە لە ئاڤژەنین؟**

**ئێوارانێ.. کە ڕووباری بارانئامێزی کۆڤانیش**

**چەمکی وەرینی تێدا نەبوو**

**لە نێوانی من و**

**رینکۆتی ڕەشی بەفر و بێگەردیی تاریکی**

**جگە لە خینداری چت دەبینی چ چ چ چ چ چ؟**

**ئێوارانی هەنووکە**

**بە شابالی باووبۆرانی ئاونگ**

**ڕاوەدووی چاوگی شەو دەنێم**

**بە سواری ناخودای وەنەوز**

**دالەکانی سەر پشتی مێگەلی گڕ ڕاودەنێم.**

**ئێوارانی هەنووکە**

**زۆۆۆر زۆۆۆۆۆۆر زۆۆۆۆۆۆۆۆۆر سوپاس**

**ئەی سنەوبەری باڵخەزانگرتووی بەر لافاوی لم.**

## نوێــژ

بۆ ئۆخژنی ـ با ـ یە.. ئامێزم دەکەمە سەحەر.
ئارانی دۆزەخەکانی مانگ دەخیلتانم
بە کوێرەڕێی تەماشات موسافیرم
دێم و لە میحرابی بازنەیی چاوانتا کڕنۆش دەبەم
شۆڕ دەبـمەوە
لەوێندەر
بە پەڕەی هەلاڵەیی ڕۆح
ئەڤین لە دیواران هەڵ..دە..کۆ..ڵم..
دوایێ ئاوا
ڕووەو دورگەکانی فەنا مل دەنێین..
لەوێ، هێوریی یەزدانی تێدایە.
ئەبەد لە دەهریبوونی یەزدانان ڕانەچەڵەکیووم
بیرم لە سەفەرە ئەبەدییەکان نەکردۆتەوە
خۆم لەبەر بارانی خواکان ناشۆم
نەبادا منەتم بەسەردا بکەن..
کەچی تەنها بۆ بەهەشتی بینیت
کچێ کچی ئاسمان بە سەدان ساڵە
نوێژت بۆ دەکەم ... نوێژ.

# بانیۆکانی خەون

بۆرەتاران
لە چڕستان و ئاپۆرەی تەنیاترین تەنیایی
شەقامی (هەرگیز) بەغار دەبڕم
تا لە پەنجەرەی ڤێلەی گومانیش وندەبم
سەرشێتانە ڕادەکەم
خۆم بە ڕووتی دەخەمە نێو بانیۆی خەون
خەون کژەبارانەی هێنانی بووکی تەلیسمی مەحاڵە
بەرگی بەفری دەروون
لەبەر کەوێڵی تەنگی هزرم دەکا
چەشنی وەنەوزی شەوێنی بەرزامی شەوانی گۆڕین
ڕیزبەندانی نەمامی بژۆڵی ئەشکم، ئاوێزان دەکا..
خەونە خەوناوییەکە
لەسەر ـ با ـ ی باڵی خۆت بمنووسەوە
تا تێنویەتی بارانی غەریزە
بە هەوری کریستاڵ تەڕنەکەین مەمهێنەوە.
شەونم بۆ ژیواری ناخ دەچریکێنێ
گڵۆپەکانی شەقامی ناخم
لە نێو غەڵبە غەڵبی دنیا سەرمەستەکان
بەهێوری دەحیلێنن.

باسی چیبکەم؟

شەماڵ و سەحەرو مەریخ و خواکان

لەنێو سەقەمی کپی و کەپتیدا

کۆخ کۆخ

بۆ سەردەمی منداڵیی و

ساتەکانی ناشتنیان دەکۆخن

باسی چیبکەم؟

ئەو زەمەنە سەردەمی هاتنی زەمانێکە

تێیدا باران خۆیان هەڵدەپڕکێنن و

گوڵە ئوخارسیسیەکان وەکو گابەرد دەژاکێن.

# ئازادی مۆنامۆ

ئۆقیانۆسی حەژمەت و دۆژەنی ئەزەلی هزری سفر.
ئیمپراتۆریەتی بالگرتوو،
بالآی خەیالی بەرزەفڕی دوێنێی سفر.
ڕکێف .. بازگە .. ڕکێف
پیاوێکی سایکۆباسی راستیگۆ.
نازانم بۆ شێتترین ڕاستی
لە نێو قوڕگی
ئافاتترین ڕێسامان دەئاخنن؟
بەرد و هەنگامەیەکی سەرشێت
گوڵ و بە کابوسبوون
دوێنێی منداڵییم و
پەپوولەو ژانبەخشین
لۆکە و بە تاوێربوون..
دوورە.. دووووور، دوووووووورە
هێندەی مەودای نێوانی من و خوا لێکدوورە
من هەموویانم کرد
کەوابێ ئەی ماڵۆسیترین سینارستی ئەبەدی
کە بووی، نشێو و لاپاڵ و زریان و سەقەمت بۆ..؟
کە بووی، بۆتە و قاڵب و شوورە و سنوورت بۆ..؟

کە بووی...

کە بوو..

ی.

نامەویٚ بەچکە کەڵەشێر

چاو لە مریشکی دایکی نزکا..

بەس کە هاتم فرۆفیشاڵی قۆڕی تەوێڵمت نیشاندابا

ئیدی توخوا لێگەڕێن

با نەوا و مۆنامۆی میاوە میاوی شەوانەی

ئەو جووت کتکەی بەردەمم

نەرم نەرم

لە سزاخانەی قەفەزی هەوکیانەوە دەرچیٚ .

# پیاوەتیەکانی شەیتان

ئازارە دۆشداماوەکان، بوونەوەری دەمدەمین و بەس.
کە لە ئازمایشی شەیتانە فیرەوساویەکان ناگەم
پارچە زریان و وردە سەهۆڵ
لە قامکەکانی هزری عاتیفەم دەئاڵێن.
ئەی شەوترین شەونمی سەر پەلکەگیای خوناوی ڕۆحم:
وەختێ لە ئەزموونی نەرسیس و
داستانی مانگە تاریکەکان تێناگەم
بارانیش فێرم ناکا
بەرد لە بەردایەتی فێری یاخیبوون دەبێ
ئۆۆۆۆە... یاخیبوون
شەقامە کورتەکانی ڕووەو خۆر چوون
باڵە ئێستەتیکیەکانی رەنگاڵە و
گمە گم و
هێورترین هێوریەکانی دەنووکی بەفر.

که گوڵە مانگاوییە، خۆراوییە، دڕکاویەکە
دڵێکی کریستاڵی پێدام
منیش وەك شەیتان و یازدە ئەستێرەکە
فێری شکاندنی کریستاڵەکانی گوتار بووم..
ئۆۆۆه شکان
هەمیشەیترین پترۆڵی چاوانی خوداوەند و
ئاڵتوناویترین پێناسی یاخیبووان
ئێستا شەپۆلی نەستیی سامداریترین بەرد
خۆی و پاوانێ گوناح
لە سەفەری بۆرژان و مەرگ گەڕانەوە
منیش سەرم سیاتارەی جەنجاڵیترین گوناح و
میحرابی چڕترین ناکۆکییە.
بەو شەوە
گوڵخەندەرانی هەوری ئاوەز
خۆی لەبەر سەهۆڵبەندانی مێگەلێ گیر ناکا
ئێستە ئالارمی کاولکاری سێ
لە نێوانی ڕووبارێکی یاخی و
دیرۆکێکی سەرسام لێیدا

بۆ کوێ بڕۆم .. بۆ کوێ؟

ئەها.. بڕۆنێ

سەرم سیاتارەی میحرابی

جەنجاڵیترین گوناح و

دۆزەخی چڕترین ناکۆکییە

ئێوە کێن

مێردەزمەکانی شەوەزەنگی هەوری سەرم..؟

من بە قەڵەمی با

چەوتی حەقیقەتم

لە مەملەکەتی خیانەتی رووخسارتانا هەڵکۆڵیوە.

لۆخۆم دەڕۆم.. لە گەردوونی من

قەل و کوندبەبۆ و دیوار..... نییە !

گوناح و داڵ و سنوور... نییە !

تاوێ سەما دەکەم، ناتوانم..

لە حەژمەت حەسرەت .. دێمەوە.

کە هاتمەوە

شەڕی سێیەمی جیهان

لە نێوان پەلوپۆی قامك و

ئاسمانی تەوێڵم دادەگیرسێ.. دا..

# چەند حاڵەتێکی حاڵەتەکانی خودێك

(( ئێشك ))

تۆ گزنگی
لە سەرەتاوە تۆ بە تەنیا گزنگی
هاتنت
گەلاَی ژاکاوی گوێزی ناڵین ڕادەهەژێنێ
تۆ سپێدەی.. دەرکەوتنت گەرداوە و
گۆزەی شڵەقاوی خەفەت رادەشڵەقێنێ
دە دەرکەوە ئەی سرووش
سەد ساڵە بە نامۆیی چاوەڕوانتم .. چاوەڕوان .

(( کۆچ ))

بارانەکانی نیگات سەوزترین مەوسیمە
دەڕۆیی و
لە بەرائەتی من و یەزدانیش ناشڵەژێی.

(( ئێوارە ))

ئێستا زەمینی قڵیشاوی لقی دەستەکانم
بارتەقای خۆڵی بێروون
تویێشووی فرمێسکی لە کۆڵکردووە.

(( خۆکوشتن ))

لە دژوێنیی خواکانی خەزان دۆشدادەمینێم
لە قەبەبوونی ئیماراتەکانی گوناح خۆم دەکوژم .

# ئەمئەوێیە خۆشترە

لە ترسی زیلستانی مەرگاوی
ئەم ئێرەمە دڕکاوییە
کەڵەژانی ماینەژنی تێکسمڕاو
لە کەمەری بنێسی بزەمان
کوێر کوێر شەتەکدراوە
ژیلەمۆی فەزائاسای ڕۆح
لەسەر خەرمانی کوێرەدێی شادیمان
سەخت سەخت داگیرساوە.
وەرە ئەی پەیامی خودا
بەو شەوی میعراجە
خۆم و خودام بەرەو خۆت بەرە.

# دانەوە

ئەبەد مێرگی چناراوی ڕۆح و
گوێی زەنگیانەیی ئاوەزی بچووکم نادەمە دەم
شەپۆرە و هەنگامەی تۆڕنادۆی حەسرەتاوی دەم.
لە بەردەم
گێژەلووکی هەناسەی بەستەڵەکت ڕادەکەم
شێتانە بە دوای سینەی سامناك و
سایەی ترسێنەری سنەوبەریت ناکەوم
لە یەڵدا ئەستێران دادەگیرسێنم
بە سیاسەتی زۆلانەی ماڵۆسان ناخەڵەتێم
نا.. لە ئارایشگەی نێرگزی چاو
قژی تێکقژقژاو
لێوی سوورروەریوی زەردهەلاتوو
بژۆڵی جەنگەلاوی ژانەکانت
هایلایت و نیگرۆ،
برۆنزی و تەختیت و مەسکارە ناکەم.
دەسا تۆش مرۆڤە یوسفیە ژانبەخشەکە
((تەڵەبی سینەی چاکم مەکە بەو چاوانە))⋆

ترانسێت وردوخاشکە
مەهێڵە بلبلی بزە
بە خاکی بەهاری ئەسرینتا تێپەڕێ
نا ئاونگە ژانبەخشەکە
لە ئەمسترِدامی نیگاکانتەوە
بە پەنابەری عاتفی وەرم مەگرە
تەلْ تەڵی قژی مسکاویت بۆ تەڵی کەمانم مەبڕە
باسی ئەیوب و قوڕگی نەهەنگ و یونس مەکە
سەفەرێ بۆ باوەشی خەفەتخانی دوێنێ مەکە
بە بەژنی شۆڕەبیی بیرەوەریەکاندا هەرمەڵێ
ئەو دوێنێیە پەلەهەورێ بوو
لێرە خولقا
ئا.. لەوێ
لەو بنارەدا گیرساسەوەو دایباراند
ئیدی منیش ئەو دوێنێیەم
لەو وڵاتی خەزانەدا ـ با ـ م و هەڵدەکەم
کێ دەزانێ ئەو سەفەرەم بۆ کوێیە و
لە کوێ دادەبارم؟

……………………

*نالی

# (ســین)

سازگارترین سرووشی سەراسیمەی سەما
بە سروە و نەسیمی سەقەماویی سپێدان و
سەحەرانی سەیرت
مەست
مەست
بە سەیریی و سەرسووڕهێنەری و ئەفسانەیی
گەڵاو گوڵەگەنمی
گیانی گێژ و گێژەڵووکی گۆشەگیریم
مە
وە
رێـ
نە.
بە بوراقی خوایی تەناف و
بە ئاهە بەفرین و فریشتەییەکانت
بۆ ئەودیو شوێنزای ڕۆحلەبەر مەمڕوێنە.
نارۆم..
وڵاتی خوایی و
وێستگەی لە هەوری ئەوێم

پێکرا بەسەر یەك دابڕمێنە.
نارۆم.. بێژە مەریخان
تا دڕك و
دانە دانەی پەنجەکانم نەپڕووکێنم
تا حەژمەت لە یەکە یەکەی
پەردەکانی ئەو شانۆیە پڕ لە ژاوە ژاوە نەتۆرێنم
نارۆم.. نا
کە هەمووشیانم بۆکرا دوور دوور دەڕۆین
لەوێ دەبین بە ئەوان و
قازاخ قازخ لەگەڵیان ئۆقرە دەگرین.
لەوێ دەبین بە ئەوان و
هێو هێور بۆ دنکە لمێ
تا بیرێکی گەییوی نێو ئەو جەنگەڵە
ئێشکدەگرین
ئێشك
دە
گری
ن
.

# تێنویەتی نیشتمانی زام

ئەم سیڕە چیە میسلی سوهابێ نەسوابێ
دوڕی کە وەکو دوڕی سەمابێ نە سەمابێ

ـ 1 ـ

تێنویەتی شەپۆلی تێنووی ئەسریناوی نشتیمانی ـ ئید ـ
لێزمە و لێشاوی بە هاژە هاژەی حوبر و ڕۆندکانە
برسییەتی کەڵەشێری ئید کەڵەتۆمێکە
لە هێرۆشیمای سوپەرئیگۆ شریخەی دێ
ئەوە قسەیەکی فرۆیدە.

- 2 -

نەسیمی ئەو یادە بە سەحەری هزرتا دەگوزەرێ
وەختێ بەچکە رووبارێ
لە بە باستێل بوونی پەپولەیت و
بە گۆڕبوونی موچڕکی لەززەتی ئاونگ
پەلوپۆی سترانی بەهەشتی ڕۆحی دەڕوخا
ڕۆح.. سامێکی سامداری لێدەتکا.

- 3 -

گەرداوی ئەو خەیاڵە بە زەریای مەنگی بیرەوەریتدا دێ؟
وەختێ زەمەنی شێتگیری عەشق و
ئاسکی کێوی شەهوەت و
گوڵەبەڕۆژەی عاشقیش
بە سارای تەماشات و گێتی تەڵبەدی سینەت و
خۆری تەلیسماوی ڕووخسارتا هەڵدەزنا.

-4-

**شەوبۆترین شەونمی بیابانی فرمێسکم**

**چەند لەززەتاوی بوو ئەو چرکانەی**

**کەڵوازی خەیاڵی لەززەت و زریانی تووشی شەهوەتم**

**بە خەرەند و یاڵی ئێرەمی مەمکت و**

**ترۆپکی سیحراوی گۆپکەتا دەگوزەرا..**

-5-

**چەند هەوەساویبوو ئەو چرکانەی**

**تۆ جیهانێك بەرد بوویی و**

**منیش نیشتیمانێك باران و شەهوەت**

**من دوو نیشتیمان بەرد و**

**تۆش سەد دنیا بەفرو لەززەت**

**تۆ موسافیرێکی تێنووی بێروون و منیش...**

- 6 -

بەرگی هەلاڵەیی ڕۆحی تێنووم
من لە مەستیا نەرگسیانە
لە چاوی نەرگسیی
نەرگسییەکانی ئەو خەرەندە ڕادەمێنم
ڕامان و ڕامان و ڕامان چ ڕامانێ؟
لەناو پایتەختی ئەو کەشتییە پەڕپوتەی نوحدا
سەدان کسۆکی هەوەسبازی بۆ یەکودوو وێڵبوو
خوازیارن ببن بە بارانگرتەی بەر هەوری شەهوەت
کەچی دەبەنگیی کتك و کەمفامییان.. شوورەی چینن.

- 7 -

ئەو دەمانەی هەوەس دارەبازەنە
نەفرەت لە لەوەڕاندی ئاهووی شەهوەت دەکەین
ئەو دەمانەیش ئامبازی لاولاوان
گڵکۆ هەڵکەن و تەرم شۆرانە
نەفرەت لە زاکوونی داڕێژراوی
سەردەمی بەرد و جەهل دەکەین.

- 8 -

بەر لەوەی حیلەی شائەسپی ژێر شۆڕەسواری
تەماشای برسیم
لە ئاقاری پانوپۆڕی
شەوی یەکەمی شەوە سپیەکاندا تۆز بەرزکا
ئەی ناسازیترین دەنگی نێو ئەو گەڕەکە ژەنگاوییە
رکێفت.. سیسرکەی زیبکەیی نێو زێرابەکانە
با بێ لە گوفەکەکانی پەژیوانی خۆی تێرکا
بازگەت.. مشکێکی خۆڵەمێشی ژێر زەخیرەکانە
هەر شیاوی شاگووفەکی
شارە پڕ لە شەڕ و شۆڕ و پشیلاویەکانە.

- 9 -

ئاژەڵاتیت لێرە جێی نابێتەوە
لۆخۆت بڕۆ لە دەڤەر و مێرگێکی دیکە تێریان بکە
بڕۆ و بڕۆ و بڕۆ و قەت مەوەستە
تا تێنویەتیت
لە نێو زرنگانی ئەوێ دەشکێنێت.

## - 10 -

چەند شەنگ و دڵفڕێن و ئازاراوین
وەك ئەو مانگەی خۆشمدەوێ و
وەك ئەو گوڵەیش
کە زامم لێدەڕسکێنێ.
وەك ئەو قەڵایەی ڕۆحمەوە و
ئەو بێسنەوبەریەش سیروانێ ژانم لێدەڕوێنێ
خۆیان نازانن بۆچی هاتن..!
وەکو من و بەرد و ئەو ئەستێرەیەی بەرامبەریشم
بۆ چیانبوو گەر دەرکیان کردبوایە وا
پەنگ دەخۆن و گینگڵ دەدەن
هەوەسیان ڕمانی شوورە بەرزەکان دەبێ
هەناسەیان مژینی مەراق و
جڵەوی ئەسپی ڕۆحیان
بە دەستی گەوجێکی زیلویژدان دەبێ
بۆ پرسێکیان نەکرا.. هۆ نەهاتن چەند چاکتری
بۆ ئازمایشێکیان نەکرا.. هۆ عەدەم چەند چێژدارتری
ئێمەیش وەکو ئەو ماسیانە هاتین
لە دۆزەخێکی بە ئاپتەر سنووردراو هاتین
لەنێو گێژەلووکی کۆڤان و کەسەر هاتین
بۆ پرسێ نەکرا بۆ؟

ئەوەشیان نا ..

خۆ پاش خەزانی ڕۆحی ماسیان

مرۆڤ هیچی لێناوێن.

ـ 11 ـ

بۆ خاتری لەززەت و ئاژاشکەیێ ئەم خولقاوین

جا چۆن لەوێوە لەمشانۆیە ڕانەمینێین؟

## من و دۆژەن
## یا کۆڤانی مەملەکەتی کەڤەر

(1)

بەسەر پشتی شەقار شەقاربووی
خولیاکانی گۆڕێ هەڵاژیاوم
ژیواری نیگا..
وەك حاڵەتی ستونی شەوان
بە سەرینی بەرد دامەخەن
منارەی پیرۆزی درەوشاوە
مانەندی دوێنێ
دەست لە گەردەنی نەخشی کاشانان دەخشێنێ..
باسی چیبکەم؟
تیۆری تەونی خەونەکانی سەروو
لەبەر یەك هەڵدەوەشێنرێتەوە.
با فەلسەفەباران گوڵە شەوبۆکان نەگرێتەوە
لە گەردوونی خود ورد ورد دەبمەوە
ئەستێرەکانیش لە زیکە و چریکەی شەو..
نازانم بەکام سەحەر ڕەتبم
ڕەحەتی بارانی تێدایە
مادەم دەچمە نێو چڕستانی جەنجاڵی ژاوە ژاو

هەر بەتەنیا

پەنهانی ئەندامانی ڕەوتی بەفر و

بلیادەکانی بوون بە ئەستێرە و

کوژرانی لافاوی چاوەڕوانی لێدەبینم.. دێمە دەرێ.

دەچمە ناو مانگێ.. ئۆخژنی ناوبێ

هێوری ئەویش هەر بۆ گومانە

سەرشێتانە دێمە دەرێ.

خۆم دەخەمە سەر باڵی کۆنکۆردی ـ با ـ

دەچمە ناو نەخشی سەقف و

ناو پەلکەزێرینەی مافوران

لەوێش بۆ سەر ئیسفەنجەکانی پاش

هەڕەشەی کوشتنم لێدەکەن و دێمە دەرێ.

دەچمەوە تەهی خود

لەوێ باوبۆبۆرانی شەڕێ هەڵیکردووە هەر مەپرسە

کەمینگاکەشم خاپوورە

لە پێستی خۆم دەردەچم و دێمە دەرێ.

دەچمە ناو مانگێ.. ئۆخژنی ناو بێ

لەوێ جەنگێك هەڵگیرساوە، هەر مەپرسە.

دە دەستت بۆ ئەو داوە ببە

شیرازەی بەردی دیوارە بەرزەکانی خوا هەڵزڕێنە

گەرنا وەکو ئێستا

دوو، سێ، تنۆك ئەسرین دابارێنە
خۆ تۆ حەقتە (نەء)
بە شوورە هەڵەمووتاویە، قووللەییەکان ببەخشی
خۆ تۆ حەقتە (نەء)
بە ئەبەدییەکانی سەر سینگی گوفەکەکان ببەخشی
ئێمە دوو هێڵی یەکتڕ بڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕ..
زەمینی مەجەڕی یەزدانان پانوپۆڕە
چەند پەپوولەییە
خۆر بە ئەسپایی شەو (نەء) دەکا
باران بە شێنەیی سامالّ
مردن لەسەرخۆ .. فەوزا
منیش سیسرکە موحەجەبەکان بە وشە.
بالاّی چاوی ئایندەمان
با لە گەردەنی شەیتانە ئایەتاوییەکان بئالّێ
درەوشانەوە هەر بۆ بزەی تێکچڕژاوی ئەوانە
هەوەسی قەتیسماوی ڕۆحت.. قەیناکە
بدە بەر ـ با ـ ی بالّی پەپوولەکان
قاپیی هەورەکانی نیگات
بۆ تەرزەی گوڵە پشکوتووەکان ئاوەلاّکە
گەوالّ گەوالّی تاجەکانی مەرگ بخە سەر سەرت
تۆ ئیمپراتۆرێکی مەزنی چێژی.

**باڕێزەی خۆر شنەبای شەوێنانی شەونخوونکارانە**

**شەو لە دڵی قەڵبەزان دەچەقێنن**

**شێتیەتی لە ڕۆحە بەردینییەکان دەگرن..**

**باڵای ئەبەنووسەکان بەرزتر لە جارانە**

**مەیتخانەش لە چرۆدا پڕڕڕڕڕ.... پڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕن ...**

**کاژێر لەسەر نەستییەکانی نەستیی و**

**(کرِنووش) لە نێو سووراتی کومبار و**

**(وەرزێك لە دۆزەخ)یش لە نێو گۆڕەپانی دەستەکانم**

**ئەوە کاتی یاخیبوونی باران و**

**کاتی یاخیبوونی مانگ و**

**کاتی هاتنی سەدای حیلە برووسکاوییە**

**سەرشێتەکانی یەزدانە..**

**ئاه.. کە باهۆزێکی تێکەڵ بە شەوەزەنگە**

**خەرەندەکانی خۆمان مەرگمان دێنن**

**شەوبارانی ڕۆژ خۆشە** **خۆڵبارانی گوڵ خۆشە**

**ژانبارانی بلبل خۆشە** **خاربارانی دڵ خۆشە**

**پشکۆبارانی عاتیفە خۆشە** **بەردبارانی ئاسمان خۆشە**

**ماربارانی ڕۆح خۆشە**

**مەرگبارانی من**

**خۆشە.**

ئەی هاوار، ئێرە دەنگی ئاڵتوناوی حەقیقەتە
هۆ کزە ـ با ـ ی گڵۆپی ماڵی مەحاڵ
بەرائەتی تەوێڵت
ماری دوورو درێژی بەهارانە.. بە خۆتی دادە
کودەتای وەرزی پەنگراوی گزنگ
دانەوەی وەرزی پشکوتنی چراخان و
بارانە باراناوییەکانی بارانە.
چاوی مەریخی هاوەڵ دامەخە.. خەومان نایە.
پێڵوی پێغەمبەری ستێر بۆ یەك مێنن خەومان نایە
بۆ هاوکێشەکانی ویژدان مەلاوێننەوە، خەومان نایە..
درەوشانەوە.. مێژووی گزنگێکی نەفرەتلێکراوە
وەرزێك لە دۆزەخ.. زمڕووتە، لە نێو دڵی ماسییەکان
شەو گەمژەکان بە خۆیاندا دەچنەوە
کتێب دەخوێننەوە
ئێوارەکانی باکووری ماچ دەکەنە
تەونی خەونە خەوناویەکانی خەون
ئەوەتانێ لە درووشمە مەشخەڵاویەکانی
سەر دیواری کەنیسەکان ڕامینێ
دە توخوا ڕاڤەیکە
لەشکری باشووری دەروون..
یا سەفەر بۆ ئەوێندەر !؟

گوڵبارانیانکەن.. وێڵ نین.
من ویستمە، ویستە چناراوییەکان
وەك مانگ بدۆزمەوە
ئۆۆۆۆهـ چەند سەیر نییە
کە پەپوولە ڕقیانهات.. گوڵیشیان لا ڕەتە.
کە باران نکارێ خاك خانەنشین کا
دەبێ لەسەر شەقامەکانی زەڵکاو پاڵکەوێ.
منداڵان گاڵتەیان بە کازێوە و گزنگ دێ
شێتێك ڕەتکراوی گاڕان و پاوانە
هەر بە تەنیا
ماچی چاوی تەنیاترین تەنیایی دەکا
کوڕە ئازەبێکی بیست ساڵی
سەرۆکی گەردوونی ئەوانە
دە توخوا منیش
بە هاوەڵاتی گەردوونی خۆتان وەرگرن.
ئێستا فەزا
گوڵاڵەکانی خۆر و
ئەوینیترین دوڕی
گوڵاوە گوڵاوییەکانی گوڵاوە
بە کام  زریان رەتدەبی..؟
وردە شەیتان لە پێت دەئاڵێن

ئەی گوناحبار

خۆت بە کیهان سیرات دادەدەی؟

بنێسە دزێوەکان دەیقرتێنن.

ئارایشگەکانی دەروون بۆ شین

دەستیان لەسەر دڵە

زێوان چاوەڕوانی ژوانن

چڕستانی قژم لە موودا چۆڵ و هۆڵ بووە

کچێ قەت پێناچێ بمرم

گەر مردیشم ئەوا بزانە

خۆرەتاوی گوناحە

دەستی لە کوشتنی من هەیە

ئەتۆمی هەوەسە پشکوتووەکانە.... هۆکار

کچێ هەی ماڵت نەڕمێ

کێ دەڵێ من دەمرم... کێ؟

گەر مردیشم ئەوا

شەڕی گەورەی ناخمە

دەستی لە کوشتنی مندا هەیە..

دە وەرە دەنگەکانت بکە تاوەرێك

لە دووری ئاوەدانی گەردوونێ دەخولقێنین

پەپوولە بە باڵەکانیان سمنت و کەرپووچ دەهێنن

شەونم دیپلۆم و ماستەری بیناسازیان لایە

**پیتچنەکانی یەزدان هاوەڵمن**

**حەواش سەرپەرشتی چاپمان بۆ دەکا**

**بە چاپخانەی فیردەوس**

**ئەو کتێبە**

**چەند چرکەیێ لەگەڵ پێغەمبەرێکی نامۆ**

**لە چاپدەدەین.**

**شەماڵیترین دۆژی کاروانکوژان:**

**خایسچیەکانی لالە**

**زوو زوو خەزان دەیانگرێ.**

**کامەرانییەکانی بەفر**

**بە گوڵلەکانی تەوێڵی میزاج، خۆمان خۆش**

**وەرزەکانی شەو**

**چاوەڕوانی هەمدیسبارەکانی خەونن**

**لە دنیاییێك**

**بە تەنیا ئاگرێ هەڵدەگیرسێنم**

**لەسەرمان خۆم وێك وێك دەهێنمەوە**

**لێرەوە بە سانایی**

**گوڵە زەنگوڵە و**

**ئاتەشی قاقا سەردەردێنن..**

**لەبەر شەڕانگێزی دارستانی خەیاڵ**

دەچمە ژێر ڕەشماڵە قەترانیەکانی خود
لە ڕەشیەتی ماڵە ڕماوەکانی خود دەترسێم
دێمە دەرێ..

چەلاکێکی بنێس و بیابانێ وشەی تەڕم
نازانم
ئاوێزانی گەردەنی کام خونچەبم و
خۆم بخەمە نێو دەوەنی کام ڕۆح؟
لەسەر دوگوردی ئەفسانەیی وجاغان دەمڕفێنن
بەرەو دوڕیانەکانی شەو و
سپییەتی گڵکۆم دەبەن..
پێمباشە
دەست لە کەسکی مەزاری بارانە یاخییەکان و
قەفەزی دڵی شاعیران وەرنەدەن
نەبادا ئەوشۆ
باڵای توڕەیی مەسیح بێت و
لە خاچتان بدا...
دە توخوا ئازاری ئەو ئازارانە مەدەن
کە لەسەر مزگەوتە سپیەکانی دێر و
گەڕەکەکانی مۆدێرنخوازیدا ڕۆنیشتوون
نەبادا ئەوشۆ رامبۆ بێو شێتتان بکا..

**شەوان ..**

**شەوان چەند گوریلەیەك**

**لەسەر جادەكانی دڕك دەنوون**

**ئازاریان مەدەن**

**ئەوان خۆیان لە نێو ئازاردا لە دایكبوون**

**ئازاریان مەدەن.. ئازاریان مەدەن.. مە .. م**

(2)

ئەو زەمەنانەیش زەمەند دەبوژێتەوە
ئەی شەنگیترین ئیراتۆ و ئایەتی کەشکەلانی
ڕۆحی بێولەتی من:
هەلز و گیابەند موو ئاسا
لە نێو تەهی ترۆپك و
یاڵ و
نەواڵ و
سینەو مەمکی خۆڵەمێشیم سەردەردێنن
مخابن
کێشانی بالای ئیڤلی ناڵە
بە خەمپێوی مانگ و مەوسیم.. نا
بەڵکو هەموو سەحەرو کاژێر و چرکەیێ
هەر کەلواز و کڕێوەی
کۆڤان و حەسرەت و کاربۆکسی هیمۆگلۆبینە
لە قەڵبەزە هەڤانییە شەکەتەکەی
چاوانی پیرەمێردەکانی دەریا
زەنگوڵ
زەنگوڵ
نا .. نا .. ببوورن

بارێز

بارێز

بەسەر ڕۆحما دادەبارێ.

یا ئەو دەمانەی سێبەرەکان شێلگیرانە

چاوەڕوانی فرمێسکە خوێنینییەکانن

نا.. نا.. توخوا ببوورن

بەڵکو هەموو سپێدە و کاژێر و چرکەیێ

هەر لەنگێزەی ناسۆرییێکی سەوز و بوژاوەیە

کـ.....ش.....ا......ن //// کـ....ش....ا......ن

نا.. نا..

گورج.. گورج..

بە زەڵەوزەنا ڕووەو نێو دارەبازەیەکی

تا هەتایمان ڕادەماڵێ..

هۆ شۆخترین ئێرۆسی

داستانە بە خوێن سووربووەکانی

ئەمئێرەیە ژاناوییە:

کە لە ڕەشبەڵەکی بومەلەرزە و

گڕکانی ئاخە داخدارە هەڵکورماوەکان

لە دەریای مەییتی حەوزی سینگیان

وەکو گەرداوێ بە چاو تروکانێ

شڵەژان و ڕۆحی بەرازانی عەرعەریان هەڵژڕان

کە بە کینەی لە ترۆپکی ناخی گولاڵان
دیواری ژەنگهەڵێناو
ڕیزبەندانی لێڕاسای شیشە و ئاسن
بێتەڵی وەك خاری ژێر نیتاقان خامۆشکران
کە کانییە ژانبار و خوێن لە کەزەبزاوەکان
زوێڵ
زوێڵ
بە گیانی زەردەشتاوی ڕەنگاڵە یوسفییەکان
جوانپۆشانە سازگارکران
کە ماسکە ئەرژەنگەکانی کلاّوڕەشانیش
تیژڕەو... تیژڕەو...
وەك برووسکە
لەو مەوسیمی ئاوزینگ و ئاویلکەیەدا
بە دەستی بەچکە یەزدانەکان وەلانران
ئەوێڕۆژێ و سبەینێی ئەوێڕۆژێ
ئەی لالەیترین کۆتری تاقانەی
ئەو لیسە تێکقۆپاوە:
کە خۆراکە حەبیبەییە، خواییەکان
لە کەنارو قەراغی شۆستە مەراقاوییەکاندا
سەوز سەوز وەك ڕۆحی پەری
شەنگ شەنگ

وەك ڕووخسارە نوورانییەكەی تۆ ڕوێنران
كە ڕەیحانی وجودیش
لە نۆژەنەوە
گەش گەش
وەكو قاقای سپی سپێدە
لە سینە و سییەكانی ئەو مەملەكەتی
پڕ لە كابوس و تابوتە
شەتڵ كران
پەلوپۆی ڕەقهەڵاتووی بناوێ
قامكی پڕ لە دەماری كاژێ
هاتنە سەما .. سەما .. سەما .. سە ... ما
پێغەمبەری گۆڕێ بوو بە زاوا لە حەشر
لەگەڵ حەپەسانیا
وەفدەكانی خواش هاتنە لەرزان .. لەرزان .. لەرزان
كلۆخی پڕووكاو و پڕووسكاوی خاپورێكی موقەدەس
ئاژاشكەیێ گرتی
ئەلحەد كچانە نەرم نەرم نەرم
بۆ ئەو هەواڵی سەردەستەیی بەرد و
بندەستەیی بەردە
ئاتلایێ كەنی
بە نەرمیەوە گوتی: دە هەستەوە

ئەی شێخی ئێستەتیك و
ئەی خزمە نزیکەکەی ئیرۆس
لە ناوچە و دەڤەرێکی ئەولاتر
شەبچراغی ڕیش گولگوڵین ڕابوو
هاوار و هاوار و هاوار
ئەی شۆخیترین سەرپەڵەی باکووری دڵم:
گیانت ئاتەشگەردانی ئەم پاوانەیە
هێور هێور وەرە
تۆ دڵۆپ دڵۆپ ڕۆندکی سیحراوی
چاوی ئەم زەریایەی
بە کەشم و نەشم و لەنجەولاری ئێستەتیکیت
ئاسك ئاسا وەرە
لە دنیای سرووش و ئەستێرە و پێغەمبەران بمهێنەوە
دەی دە وەرە
دە وەرە دەی
لەسەر باڵی ئەو بوراقە خەیاڵییە
بۆ نێو دەماری هێرۆینی ئەو دۆزەخە بمهێنەوە
تا پێکڕا بێژین:
ئامان لەم ئاوەسوە چزوەی ڕۆح و
ئەربابانی تۆوکردنی حەقلی تەمەنمان
ئامان .. لەو ئاچەرە ونبووەی قفڵی زەمەنمان .. ئامان

ئەی گوشادترین نەشئە
وەکو گوشاری ئەم خەیاڵە
نابینی وا لە نێو شۆستە و کۆڵانەکانی وەکو شیعرت
قرمژنی ـ با ـ ی شەوانی دەیجور و
فیغانی نیوەڕۆیانی لوولە و
تەڕاتێنی دڕك و داڵان بە بێ جەفەنگ
تەوێلاّن دانە دانە دەبڕن
مارلینە قولاب لە سینگ چەقیوەکان
بێبەزەییانە
ورگی قاقای سرەوتنی سپێدە هەڵدەدڕن
ئاخ و هەزاران و هەزاران ئاخ
کە ئەم لێرە، کانەکانی ئەوروپای نێو جەنگی گەورەیە
هەناسەکانی ئاگر و
نامە ڕەشەکانی خەزانە
ئاخ و هەزاران ئاخ
فەزایە زامێکە و
شێرپەنجە تێیدا تەڕاتێنیانە
وەك هەموو ئاساییەکان ئاساییە
گەر لەو ئاسمانە سوورباوە
لە تاو بێنەفەسیی کۆترە باڵوەریوەکان و
کەیوانە پەلبەستراوەکان و

مەجەڕە شێلگیرەکان و

دەستنووسە تاریپۆشەکانی بەفرەوە بمرم.

ئۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆهـ .. کە سیراتی موویینی خوایە ئەو ئیرەمە

هەروەك ئامباز و مەرگی ئەوان ئاساییە

گەر لەو بازنەیە قەترانییەدا

لەتاو بابەگوڕگوڕی کازیوانی بەر مەچکۆو

ڕۆندك ڕۆندکی پۆڵووی لێوانی

پەپوولە هەڵاژیاوەکانی سەر شۆستەکانی

ژێر قەڵاوە بمرم.

ئای کە تاوەرێکی بێ لووتکەیە و هەتا لووتکەش

کلوو کلووی بەفری ژینەژانی لێکەوتووە

زۆر ئاساییە وەك ناڵەی هەمکاتی ڕۆحم

گەر لە تاو شەقار شەقاربوون و

پچڕانی ئەو پارچە حەژمەتە و

سەفەری ئەستێرانی ئەو ئاسمانە تەماوییە

ئەوشۆ لە پڕێکدا

زۆر زۆۆۆۆۆۆر زۆۆۆۆۆۆۆۆۆر بە ناکامی بمرم.

لەو زیلستان و

شارە ئەرژەنگ و

خارستانەی یانارۆسە

نازانم .. نازانم .. نا .. نا .. نازانم ..

بە بالآی زراڤی کامە شاتاڵی بێئامانی

ئەو پەنگری حەسرەتەدا هەربلێم!

نازانم نا نا .. نا نا نازانم ..

لەو خۆرهەلآتی وەرینەدا

بە تەونی جاڵجالۆکەی حوجرەکەی ئیرۆس

یا (کۆلآنی پڕ لە ڕەهزەن و

سەحرای پڕ لە خەتەر)× دا هەربلێم!

هۆ ڕێبەری ڕاچڵەکینی ژان و دۆژەن و نامۆییم

لەو ژانستانە بێئۆڵ و

پێدەشتی وەژەنکاراندا

یونسم و نازانم بە چیتدا هەربلێم!

جا من بە چیدا هەرنەلێم؟

تۆ لێڕی کوندو بەبەغاو ماڵۆسانی

....................

×سالم

لێرووکانە

دەمێ کە شنەی سەحەری خۆرێ

بە هەردو و کەندەلانی خەرەندێ دەگوزەرێنێ

دەبێ بێژم:

دۆژەنی پرتەقالە بەلەنگاز و بێنەواکانی ئیرۆ

بارێزەی ڕوانی قوولزامێکە

لە جەستەی پەڕپووت و مەراقگرتووی هەمووان

کارەساتی کەڤری کلۆل و

ئیرادەی جارێ خۆ مەلاسداو

شەستەبارانە

بۆ مەزنبوونی هێمنییێکی چڕتری خەفەت

لەو جەستانە.

ئاااای هەی

لە ناڤینی ئاوەزی ڤالا و بەتالیی

سایکۆباسیەکانی ئەو خەرەندی لە نەهەنگ چووە

ساتێ لێرە

گزنگ دەقوقێنێ و

بانگەشتەی هاتنی کەڵەبابێکی نۆژەندەکا

کە بولێڵە

ئاسۆ لە خۆرهەلاتەوە گولێ دەردەکا

ئەو دەمانەیش کاروانکوژە دەمرێ

**تازە بە تازە بەهار بۆخۆی پێخەف چێدەکا..**

**کەوابێ دەبێ بێژم:**

**(لە زوڵمی چەرخی چەپگەردیش**

**درێغا**

**حەسرەتا**

**دادا )★★**

**ئەوێستە دەواری لۆکەیی سپێدە**

**بە هێوری بەسەر نیشتیمانی ڕۆحما هەڵیکرد**

**وەلێ هەمدیس لەناویدا**

**مانەندی دوێنێ**

**ئاونگی سەر پەڕەی گوڵەکان**

**ناسکییان لێکوژرا**

**چراخانی رۆشەنبەخشی شەوەزەنگ پڕشەنگی بریسکەداری**

**لێ**

**ڕفێـ**

**نـرا.**

.....................

**★★سالم**

هەمدیس لەناوتدا

ویژدانەکان ڤیژاندیان

تا ئاوریشمی ڤژیان وەری ڤیژاندیان

ڕۆژەکان بە چرپەوە چریکاندیان

تا سەوزیی پێدەشتی دڵیان وەری.. چریکاندیان

یەزدانەکان فیغاندیان

تا بێچووی زایەڵەیان باڵیلێڕوا.. فیغاندیان

زەڵەوزەنا و هەنگامەکانیان پێکڕا کۆچیکرد

کۆ .. چی .. کرد ... کۆ .. چی .. کرد ..

کۆ .. چی .. کرد ... کۆ .. چی .. کرد ..

کۆ .. چی .. کرد ... کۆ .. چی .. کرد ..

تا لە پەڕپەڕۆچکە و کەشکەڵان

گوێی گەردوون و

هیچەکەی ئێوەشی کاسکرد

جا لێرە لەناو ـ با ـ ی تەزین و خزیندا

تا دیوار ئاوەژوو

و

کرانەوە بینا نەکەین

نەخشە نهێنیەکانی خوامان پێنادۆزرێتەوە.

ئەی ڤینۆسی دزێو

لەگەڵ ئەوەی

کە ڕۆحی ئەو نووبووکە تارا رەشەی
نێو ئافات و فەنا.. جەنگەڵستانە
کلوو کلوو چراخانی چەخماخەی سپیپۆش
دا
دە
با
رێ
کە نەڕەی شەهێنی بێشەی قامك
بە دووی گورگی نێو دڕك و دالآن دەگەڕێ
کە مەلی بەرزەفڕی نەبەزین
بە دووی بنێسی و بەزینی کلۆی بێهودەییدا دەگەڕێ
ئاااااااااااااااه.. لە کاولخانە و پاوان و لەوەڕگایان
لە تێکچڕژان و هەڵداشتن و هەڵقرچانی ڕۆح
وەسا چێنابێ
تا تاڵ تاڵی قژی دۆزەخ
شەوە نووتەکەکانمان بێ
بلا پێکرا
ڕووەو چێکردنی نەوەد و هەشت زام
لە جەستەی کوڕی عەزرای شەڕاوی بەڕێکەوین
دەبا بەیەکەوە
بۆ لە ـ نیل ـ نانی کوڕانی فیرعەون و

سەرگەڤاری ئیماراتان و
ڕەگاکێشکردنی دۆزی کوڕانی ئادەم و
مەزنبوونی دەڤەری چکۆلآنە و
زەڕنەقوتەی
بیری دیلمان وێڵ بین.
گەرنا فیردەوس هەر خونچەن و ناپشکوتن
بزەی قەتیسماوی مەخەری لێوان هەڵکورماون
ئیتر دەژاکێن و نابوژێن
کاکێشان لە چۆڵەوانی ژوورێکی نەفەسبڕن و
تیشکان ناوێژن.
رۆمیۆ لەنێو کەسەرە قەڵسبووەکان
لە مەیمون دەچن و بە ناچاری
جولییێتە ناکامەکان جێدێڵن..
دەی لەم ئارانی ئاگر و هەوارگەی فرمێسك و
کفن و ڕۆندك و ئافاتەدا
تا قەدمان هاوبالآی خەیالآتی ئازەبێکە
تا گەلآکانی پژوپۆی تاڤگەی تەمەن نەوەریوە
تا سەرووی هێزمان ڕەگی قلێش قلێش نەقلێشاوە
دەبا بەیەکەوە
ڕووەو
بە فەزاکردنی کارژۆڵەی هزری کۆتمان

به .. ڕێـ .. كه .. وين ..

گەرنا ..

ئەبەد نا ...

نابينين نا ....

ڕۆژێ له ڕۆژان

بزه له حەلحەلەی چاوان

نەرم نەرم دابباريێنێ

با چلێكی كاژ و چەپكێ نێرگز

له قوڕگی ناڵينی تفەنگان بڕسكێندرێ

بەسه ئەی كووڤانی مەملەكەتی كەڤر

بەسه .. بەسه .. بەس

با لەمەودوا

جاڵجالۆكەی ژان و حەسرەت و مردنم

به تەونی ئارانی سينگمەوه هەڵزنێ.

(3)

سەحەرت باش.
گوڵخەندەرانی ئەشکی نیشتیمانی ئافات سەحەرت باش
موریدی خەراباتی وڵاتی حەسرەت و
کچی نغرۆبووی دەڤەری ڕەهێڵاڵن ئێوارەت باش
ژاڵەی پەڕوەریوی خاکی بەفر و سەهۆڵ و سکڵ
ئێوارەت باش

تاوێ بسرەوە
با باسی چەخماخەی کیشوەری زام و
کەڵەگەتیی بەژنی خۆری نامۆیی ئێشەکانمت بۆ بکەم
تاوێ ئارامبگرە
با باسی گەرداوی پشکۆی ئاتەشگەی خەیاڵ و
بە ئۆقیانۆسبوونی کارێزی
حەژمەتی خۆمت بۆ بکەم.
دە تاوێ بحەسێوە
ئەی پەلکەزێڕینەی نێو تەمتومانی مەرگ
با توێکڵی ڕەشپۆشی دوێنێ و
سپیەتی مەنفای سبەینێمت بۆ باسبکەم.
دنیا بێسنوورەکەی بۆ نێو ئەستێران خولقاو

نازانم لە کام قوژبنی دەربەندی گریان
بۆ نێو سکڵی ئەم بەهەشتە دەرپەڕم...؟
لەسەر لمی کام قەراغی دیرۆك
بۆ نێو هەڵبزرکانی گێژاوان دەرچم...؟
لە کام توولەڕێ
ڕووەو ئەم بیابانی خارە بەڕێکەوم...؟
بێی هەر زوو زوو
باسی سەرپەڵەی نێو دووکەڵی ڕۆح و
ڕەشبەڵەکی تێکچرژانی شتەکانت بۆ دەکەم.
بێی باسی نووتەکی ڕۆحی بەفر و
موریدی ئەزەلی حەزرەتی فرمێسکت بۆ دەکەم.
بێی زوو زووو زووووو
باسی کۆتەڵی لووسی یەزدانی مەراق و
مێردەزمەو مۆرانەی شۆڤارت بۆ دەکەم.
ئۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆی بێی چەند زوو
باسی ڕۆشەنیی مانگ و ئەو گوڵەی بۆی ڕژا
باسی شیعر و ئەو شاعیرەی بۆی بە کێودا هەڵژنا
باسی زامی قەڵبەزە و
ناڵە ناڵی کلارنێت و
دەهریبوونی هەنگ لە پەپوولە و
ئەو جوانیشوناسەشت لە ڕەقیب بۆ دەکەم.

بێی و بێی ... کەحێڵەکە:

منی عاشق سەرشێتانە

باسی ئەو عیشقانەی خۆمت بۆ دەکەم.

شەوت شاد

خانزادی سەر پێپلیکانەکانی جەهل و

نێو شەفەقی تابووت و عەرشی خوا

شەوت شاد

وەرە سەرکەوە

وەك باهۆز و نێرگز سەرکەوە

با ئەو شەو تێر تێر یەکتر بخۆینەوە و

پێکی عەرەقیش بکەین بە مەزەی ماچمان.

سەرکەوە

شاڕێت تابووت و تاوێر و هەڵەمووتە

هیچ مەترسەو سەرکەوە

ئەسپی بۆ لەززەت خولقاوی نێو

پەژستانی تێنووی گیانی من:

شەوێنی دیار مێگەلی نامۆییت پاك

ئەوە هاتم نەك بەو سەگە پەیژەیە

ئەوەتانێ مامزی نێو گەرداوانم و

بە کەژی رووخساری گرنج گرنجی

خوداوەندیشت هەڵدەزنێم.

لێم مەترسە و ناترسم
ناترسێم و لێم مەترسە
ئەوشۆ دێم و بە هێوری
عاتیفەم بۆ حیکایەتی گوێئاگردانی
کڕیاری هەمکاتی دۆژەن و
فرۆشیاری گوڵەگەنمی ئەشك شل دەکەم.
ئەی بازرگانە گەورەکەی
جۆگەڵەی ڕۆندك و
ڕووباری حەسرەت و
بارانی خەفەت
ئەوا هاتم و
کێلگەی مەرگاوی گیابەندی ڕۆحم
لەبەر بڵێسەی ڕەهێڵەی هەوەست ڕادەخەم
ئەوە هاتم و هاتم
ئەو گوتی:
بەخێر بێی و بۆرەتارە عەشقت شاد
ئێستا گوێ هەڵخە
تا زووە
با ئەسرینی چڕنووکی خامەی یاداشتم
لە سینەی دیواری بیرەوەری گیرکەم
دە گوێ هەڵخە

**با بە ڕووباری سرووشکم**

**زارگەلی ڕۆحت پڕکەم**

**ئینجا بەریڤانبە و بڕیار بێژە**

**بەژنی حەژمەتی من**

**یا بالآی ئەو چنارە زراڤترە..؟**

**پۆلۆی ئاسمانی خەیالی من**

**یا ڕووی ئەو زەمینە مەزنەی تاوان**

**پانوپۆڕترە..؟**

**شەمالی نەوای ڤژوەریوی نامۆییم**

**یا**

**سیمفۆنیاکانی مۆزارت بە جۆشترە؟**

**دە بێژە سرووش**

**تنۆك تنۆك ڕۆندكی چاوی من**

**یا**

**دلۆپ دلۆپی تەوێلی ئەو كلۆلە**

**بێوارە بە ژانترە..؟**

**دە گوێ هەڵخە**

**چاوهەڵبڕە و**

**بزانە كامیان ..كام**

**دوندی كێوی عاتیفەی من**

**یان هی ئەو سنەوبەرە جەرگسوتاوە بە گڕكانترە؟**

خوناوی قەتیسماوی سەر دڵی گوڵەپێغەمبەرە
نۆزدە ساڵە ڕێك
وەكو باڵای قەشەنگت ڕێك
وەك گلێنەی رەنگاڵەیی و
كۆتەڵی تێكسمڕاوت
لەو گەڕەكی كەندەڵاڵن و
فورات و زێراب و بەردەڵاڵنەدا
نۆزدە ساڵە ریێك
مانەندی پرچ و بەژنی
ئەو قەیرە گوناحانە ڕێك
لەو گۆڕەپانە
یا لەنێو
ئاخوڕە بێچراخان و تاریكەكاندا
دەمێ نەڕەی گوللە و
قرمژنی شێرانی دوای ڕژانی پێكی تەمەن
قاچی ماڵۆسانی دەهێنایە سەما
لە حەلحەلەی ئاسمانی ئێرە
ئەستێرەیەك شادپۆش شادپۆش داگیرسا
دایكێ بلبلی شیرینی
بە لانەی درەختەكانی گەڕەكا بەخشی
ماچێكی سەوز سەوزی

بە گۆنای خوێن تێمەیوی
زەڕنەقوتەی دووەمی بەخشی.
ئەی کەحێڵی نێو باوبۆران و تەرزە و تەمتومان
بۆ ئەوەی وەك دەستڕێژی مانگ و
هەنگامەی قاقاوی پەلە هەورێ
لەسەر پێچراو
دەماری پەڕەی هەلاڵەیی گەڕەکدا بحیلێنم
بۆ ئەوەی وەك بنجی عاشقی داربەڕوو و
کرۆکی ـ فورات ـ چەسپ چەسپ داگیرسێم
چیمەن خستمیە ئامێز
نەوای بەفرینی یەکەم سروود
لەوێ لە گەوەی ناخم هەڵکۆڵرا
یەکەمین دارستانی شەوبۆ
لەوێ لە لاملەی کەژی گیانم هەڵچوێنرا
لەوێ و لەوێ فێربووم
بەهار شەماڵێکی زۆر رۆحڕفێنەرە
شەشەم تەمموز بوو
من لەگەڵ تەمتومانی گەمە و
ڕاکە ڕاکە و گڕوگاڵدا دەمگوزەراند
نەفەسم گەردەلوول و
لە پەنجەرەی گەمەی زامەکانمەوە

**تەماشای پێکەنینی زەمەنم دەکرد**

**ئاه .. بەهار چەند شێت و ناشرینە**

**ئیدی منداڵیی ئالارمەکانی جەنگ ڕفاندی**

**ئێستا منـ .. دا..ڵـیـ .. م ..**

**تەر ...... مێ ..... کی ...**

**را .... کشـ ..... ـا .......... وە .....**

**بوراقە باڵوەریوەکە با دوێنێ بە دوێنێ بێ و**

**ئاوێزانی ڕووباری سبەینێ بین.**

**ئەو دەمانەی بە فەزاکانی فوراتی موقەدەس و**

**ژینی ژیان و**

**هەڵمەتی هاوەڵێشم هەڵزنام**

**نەمدەزانی شنە چەند بۆ سەحەر و**

**کۆتر بۆ گمە گم و**

**پشیلە بۆ میاوە میاو و**

**منیش بۆ ئەوین عەودالْم.**

**کە زانیشم گوناح ...**

**گۆم و قوڕاو، تریفە دەخەنە ئامێزیان.**

**گوناح ...**

**(قازی گەردن سپی عاشقی سیانی رەشن)⋆**

.........................

**⋆هاشم سەڕاج**

گوناح ...

پشیلە ڕەشەکان سیخوڕیی بۆ نوح دەکەن.

ئەی وەنەوزی گلێنەی پاسەوان و

سەرووی لێڕی ژەهر

گەوهەرو پەری و کەحێڵ و ئەڵماس

هەر بە تەنیا بۆ

شازادو مەزەی عەرەقی شاعیر دانراون

کە ئەوشەو

ژینەژانی بالأزراقی عاتیفەم

بوو بە قەزەمێکی چکۆلانەی شانەیی

کە کورخانی ناخمان

پەنگری بوو بە بەهاری وەرزی چاو

کە چراخانی نووتەکی ئاوێزانمان

ڕەونەقی لە تەهی هەڵچوونا دامرکا

رەنگە بێژم:

ئەو شەو ، هەر ئەو شەو

دووایین هەڤپەیڤینی بەفر و سپیەتی و

خوا و گەردوون و

دوواپیین هەڵبزڕکانی ڕووباری سرووشك و

سۆزانی لەززەتبێ.

ڕەنگە ئەو شەو بڵێم:

**دووایین ئامبازو دووایین وەرزی چرۆ و**

**دووایین لەحزەی پێکڕاییبوونمان بێ .**

**ماڵئاوا گیان: کەحێڵی من**

**وەك فورات و ئەو تەمەنە .. ماڵئاوا**

**وەك دایکم ماڵئاوا**

**دەڕۆم و**

**من کوڕی ئەو سەفەرە درێژە**

**باڵابەرزەم کە ناوی یاخیبوونە.**

**ئیتر  پژوپۆی درەختەکانی بیرەوەری**

**نیوە لە دەر و**

**ئەویتر هەمووی لەماڵی مەراقدا**

**داچەسپیوون.**

**بۆ خۆت بڕۆ..**

**لە هێوری ئەو شۆڕشە هێورەدا**

**بەرامەی ئەو چڕستانە شەهوەتئامێزەی یادداشت بکە**

**تا چۆڕاوگەی عەشق**

**لێشاو**

**لێشاو**

**لە سولاوکەی عاتیفە دادەبەزێ.. بۆنیان بکە، بۆن.**

**ئەی هۆزاکی بنەگەی عیشق و**

**هەڵکۆڵراوی سەر باڵی تەه**

دڵنیام ئەوشەو
سەمای گوناح و ئەندێشانە
سەمای زام و ئەسرینانە
دەها.. ببینە
پەیکەری ئەو خەفەتە شێتانیەی بەفر ببینە
چەند ڕەشپۆش ڕەشپۆش دەلەرن؟
سەیری نۆژەنیی زەردەخەنەی مەخەری دڕك و
ئەو چۆپییە موریدیانەی دوا پەیام بکە
چەند جوانپۆش جوانپۆش دەلەرزن؟
ئەی هەڵزناوی سەر یاڵی کەپکی ئەوین
دەها لە شەختەبەندانی ئاوی عاتیفەم و
ئەو چریکە ڕۆحانیە ڕەگاژۆییەی
خاك و ڕۆحم ڕامینێ.
چ ساڵاوی ژەهر و تاڵاوی زیندانێکە؟
ڕامینێ و .. ڕامینێ و ... ڕامینێ ..
ماڵئاوا کەحێڵی من ماڵئاوا
وەك خۆڵ و هەموو بەردە جوانەکان
وەك شۆڕش و خۆرە زیوینییەکان
وەك مزگەوتە سپیەکان ماڵئاوا
من کوڕی ئەو سەفەرە باڵابەرزەم
کە ناوی یاخیبوونە

ئیتر بڕۆوە

بەرامەی ئەو چڕستانی یاداشتە بکە

تا سەهۆڵبەندانی عاتیفەت دەبێتە خەزان و

پژوپۆی ئەو داستانی

بەفرو سکڵە دەوەرێنێ

بۆنیان بکە

بۆنیان

بکە

بۆ

ن

.

1995

# سەفەرەکانی

# ئۆرشەلیم

**1996 _ 1998**

**کوردستان _ ئەڵمانیا**

# زەمەنیٚ فەنابوون بە دوای شیعرو چەند مۆرفیمێکی دەستپێك

-1-

"سەفەرەکان".. لە نیوە شەوێکی لێڵی عاتیفە ئامێز، لە کاتێکدا ئێمە مانەندی شەوانی ئافەریدەکردنی بونیادی "فیردەوسی بەفرەکان" بە یەکەوە لە سەفەری ڕۆچوون بووین ڕووەو ڕووکەشیی و لەوێش بەرەو جەحیمێکی ئەفسوونکار، کە خۆمان ناومان نابوو فیردەوس.

لە بۆرەتارێکی عەشقئامێز، لەو چرکەساتەی ئێمە پێکڕا خۆمان دەدایە دەم هەناسەی ـ با ـ و بە فووی نەسیمی ئێوارەیەکی بەهاریی دەکەوتینە فەزاییێك بە ناوی سەفەر..

دۆگما یان راستگۆ بووین؟ خۆمان چەواشە دەکرد یا دەچووینە نێو حەقیقەت؟ ئێستەیش درەنگانیٚ دەستی کۆنیاك و فەل و ڤۆدگا و مەرگ و تەکیلە دەگرین و تاویٚ لە بارەکان و دواتر لەبەردەم چوارڕیانی گەلەریەکان بۆ دەمیٚ پەنهانی عاتیفە پڕووکاو و دڵە شەقبووەکانمان بە نهێنی لای گوێچکەی شەو دەدرکێنین و بە نەستیش تا لای گەڕەکەکانی شەوانی تەخەییول گزنگ دەفرۆشین.

**ئێمــه خۆمــان دەخەڵــەتێنین و هــەر بــۆ ئــەوەیش هــاتین، خەڵەتاندن حەڵقەیەکی ئەڵماساوی لەززەتە .. ئەوەیان زەمـەن فێـری کـردین و هـەر ئـاواش لـە تەمـەن فێربـووین.. ببـوورن گوناحی من نییە.**

**بەڵێ، ئەو بۆرەتـارە گزنگاویـەی زرنگانـەوەی گلاسـی وێسکی و هەڵەمووتی ڕۆحمان دەرەزی برد و ئێمەیش لە نێو تەنها چوار پێـنج کورسـی و مێزێکـی لـەت و پـەتی شـەکەت وەك ڕۆحـی بێولەتی زمانم، ماراسۆنی عەشق و سەمای ڕۆنـدکمان بـۆ یـەك دەژمارد.. ئا.. ئەو دەمەبوو، هەر ئەو دەمەبوو، بـۆ ڕزگـاربوون لـە سـڕانەوەو فـەنا و فـەوتان، دەسـتپێکی "سـەفەرەکان" هاتـە بـوون و بێئاگـا لـە هـاوڕێ شـێت و شـەکەتەکانم، لـە دابڕانـەوە یەکـەم هـەنگاوی ئـەو سـەفەرە ئەزەلیـە خـۆیکرد بـە لـەتێکی ڕۆحم و تا ئێستایش چرۆ و چراییێکی نەکوژاوەی پەنجەکانمە.**

**دوا بــە دوای "کرنــووش 1995" و "فیردەوســی بــەفرەکان 1996" ئــەوەیان بــە چــاپگەیاندنی ســێیەمین گوزارشــتی کۆلەحەزاتمە لەو ئاتلایەی هەستکردنم بە بوونی خۆم.**

**مـن لێـرەدا نامـەوێ باسـی ئـەو "سـەفەر"ە بکـەم، هێنـدەی ویستمە لە ڕێگای ئەو سەفەرەوە دیدی خۆم لەمەڕ دنیا نامۆ و لێڵەکەی شیعر لە "ئێستا"دا بخەمە ڕوو.**

**چـونکە لام وایـە یـەکێ لـە کێشـە ئەزەلییـەکانی سـەرجەمی لایەنـە ئـەدەبی و شارسـتانیەکانی کـورد، نـەبوونی تەرحـە لـە**

هەر مەسەلەیەك، بۆیە ئەمەش كاری كردۆتە سەر نەبوونی دیالۆگێكی تێر و تەسەل و ڕشتەنان ڕووەو دۆزینەوەو هەڵكراندنی نۆژەن.
پاش زەمەنیٚ ڕاڤە و ڕۆچوون و رامان، دوا بە دوای سەردەمیٚ ئاوێزان و ئاوێتەیی لە مەستیی و روئیا و شەونخونیی و ..هتد "سەفەرەكان" هاتە بوون و منیش چەند سەرنجێكم سەبارەت بە شیعر لە ((ئێستا))دا بۆ هاتە گەلاڵە بوون.

-2-

گەر بێت و ژیانت كرد بە كۆتەڵێكی ئێمە ئاسا و ڕۆچوونێكی فەلسەفی – فسیۆلۆگیت، نەشتەرگەرانە بۆ هێنایە وجود، ئەوا بێدرڕدونگی پۆلێنیدەكەیت بۆ سەدەها و بگرە هەزارەها بوقعەو دەیخەیتە بەر بلاجكتۆری ڕامان.. ئەدەبیش بە درێژایی بوونی تاوەكو ئێستا، لقوپۆپی بە پێی قۆناغە سەیرەكانی ژیان و پێویستیەكانی سەردەم و حاڵەتە سایكۆلۆجیەكان و، فاكتەرە ڕامیاری و ئابووری و كۆمەڵایەتی و فەلسەفیەكان و هتد، پەرشبووەو هەردەمە و ڕەزمی گوزارشت و فۆرمێكی كردۆتە زمانحاڵی فەرد و وایكردووە بە شێوازێك لە شێوازەكان كەڵواز و تۆف و شڵۆڤەی هەڵچووی ناخی هەناسەكانی دامركێتەوە و ئۆخژن بگریٚ.

لام وایــــه هێنانــــه ئەفرانــــدن و تەرجەمــــەكردنی شــــته ڕەنگاوڕەنگەكانی فەنتازیا و خەونەكان بۆ سـەرزەمینی ڕاسـتی لــه ئەتمۆســفێری تێكســتێكدا گوێنەدانــه بــه ڕای گشــتیی و شەكاندنەوەی بەیداخی زاته لـه ترۆپكی مـەمكی رۆمانسیەت، كـه ئـەویش ڕاسـتەوخۆ دەبـێ سـیمبۆلی سەربەسـتییێكی ڕەهـای شاعیربێ.

دەرئـەنجامی كوژاندنـەوەی چـرای تـاریكی تـەواوی كۆتـەكان و هـەموو پەیوەندییـەكی دیكـەی مـرۆڤ و سرووشـت و كابوسـه میتۆلۆژیـەكان، داهێنـان و حاڵـەتی نـوێ دروسـت دەبـێ.. دەبـا ئێمەیش بۆ تاوێ لەسەر ترۆپكی هەڵمووتی خود بوەستین و هەریەكــەو بۆخــۆی ماراســۆنی عــەقڵ و بێهۆشــیی و ســۆز و چركەساته نامۆكان بكا و سەمای قامكەكانی بێنێته سەما.

- 3 -

لۆژیـك بـوونێكی كۆمێدیـه لـه پانتـایی شـانۆگەری وشـەكان .. گەڕان به دوای پێناسی شیعر وەكو گەڕانـه بـه دوای پرسیاره بێوەڵامەكانی میتافیزیك و خوێندنەوەی چارەنووس و ئاینـده بەڵام به شێوەیەكی جیاتر.

دەشێ دوای ئاسۆ تارمـاییێکی لێـڵ و ترسناك ڕەگـداکوتێ و بـۆ داچەسپاندنی کرۆکی هەر کۆتاییێـك، شـەفەقێکی نـوێ و نـامۆ ساحیرانە پێڵوەکانی بترازێنێ.
سـەیرە، زۆریـش ..! کـێ دەیزانـێ سـەرجەمی تاقیکردنـەوە خۆشەویسـتییەکان گـەڵاڕێزان دەبـێ و سـەر لـە نـوێ قـەدەر دەتخاتـەوە ئـامێزی پـەرجوو..! لەگـەڵ سـیحرێکی دیکـە بـە سیمفۆنیاییێکی ڕۆژهەڵاتیانە کڕنووشی ئـەڤینێکی شیعریانەت پێدەبا..؟
کێ هەیـە لـەو گەردوونـە بـە فەشـەلی ئـەو عیشقەت بزانـێ و لـەتێکی سـینگی ئایـندەت پێببەخشـێ؟ ویسـتمە بڵـێم: کـێ دەیزانی تۆ دەبیت بە عاشقی شیعر و وەك ئومێدی خەوتن لـە نێو پرچی سەرووی شوێن و کاتەکان دەبێت بە پێداویستییێکی تا هەتایی..؟ مـن لێـرەوە لێدەگـەڕێم خۆتـان سـەفەرێ بـە نێـو ئـەو سـەفەرەدا بکـەن و لـەنێو سـەفەرەکانی ئـەو سـەفەرەدا سەفەربکەن.

# سەفەرەکانی ئۆرشەلیم

**لە پۆل پۆلی ئەسپی ڕامانی سینەی بەفر و**
**میحرابی شەقار شەقابووی ئەندێشەی ڕۆحی ـ با ـ و**
**زەنگوڵ زەنگوڵی نەفەسی**
**ئەو ئەستێرەیە ئەرژەنگەش بخوازە**
**دەبا باڕێزێ {فوو}**
**بەسەر ئەو تاوەرانەی عەشقدا بپرژێنێ**
**کە دوێنێ لەسەر**

**لم**

**و**

**سارا**

**و**

**ئاودا**

**هەڵچوێنران.**

**لەو کۆترە بڕۆنزیانەی بەرائەتیش**
**{سوورکردنەوە}**
**لە گێژاوە بە هاشوهوشەکانی وەفا و**
**ئەو گەرداوانەی**
**براکانی فێری گومانکرد لە یەقین.**
**ئەو گەردەلوولانەی ڕۆح**
**بکە زونارێکی ئاورینگی و**
**بیخە بەر سیمای ئەو شەوانەی لە خەرەند دەکەون.**

بڕوایشت بەو پێغەمبەرانە نیٚ
کە لە پێستی
تاووس
و
سەحەر
و
سامالّدان.

ئەی فیردەوساویترین سوتماکی گوناحی
من و یەزدان:
{ئەپریل دژوێنیترین مەوسیمە}
وەختی چۆڕانی شەونم شەونمی ڕۆح
فوراتە سیراتاویەکەی گزنگیترین ئاونگ بوو
سەفەریترین سەراب و
تلیاکی دۆزەخیترین عەشق بوو
شەوێنیترین باران و
باراناویترین بەفر و
بەفراویترین
پردی راهیبە بەفراویەکانی کلّێسە و
کلّێساویترین دارسێوە بێبەینەتەکانی یەزدان بوو
ئەی شەواویترین دارستان و

جەحیماویترین گوڵزاری حاڵەتەکانی من:
لە پشت ڕەحمی دەنووکی ڕەحمەت و
ئەودیوی بارانە وشکەبوو
و
ناو نسیب و
قەدەر و
قیامەت
یەك ئێوارە وەرە..
ئێوارەیەك ئەو چرکەساتەی
کە مانگەکان نیگاکانیان لە پاپۆڕە نغرۆبووەکانی
قامکیان نقووم دەکەن.
ئێوارەیەك..
ئەو چرکەساتەی زەریاکان
لە گلێنەکانی پیرەمێردەکە دەژاکێن و
بە ناکامی دێنەوە..
ئێوارەیەك..
ئەو چرکەساتەی
کە پەنجە شووشەییەکانی عەشق
نغرۆی زەڵکاوی کۆچە و
بۆ هامشۆی گزنگی ڕۆحت دەبروسکێنێ
ئێوارەیەك ئەی خودا تەنیا ئێوارەیەك

ئەو چرکەساتەی..
بمبورە
ئەو ئێوارەی بەر لە موخبیریم مەبەستە
ئێوارەیەك..
لەسەر وردە ڕۆحی شلەژاوی
گلێنە برۆنزیەکان
گوناهێك خیانەتی ڕۆحانیت
بۆ دەنووسمەوە
خیانەتێك گوناحی زیکرت فێردەکەم
زیکرێك پەیڤی مەرگت پێشکەش دەکەم.
ئێوارەیەك..
ئەی بادەیترین هەمیشەیی
مێزێك هەڵەمووت و
گلاَسێك گوناح و
سەد ستران مزگەوتی وەرینت بۆ جێدێڵم.
ئەی موقەدەسیترین میحرابی دڵی ـ با ـ و
ئۆرکسترای گوڵ و
سەمای هێواشی ـ ئاو ـ و
مایسترۆی قەسیدەی من:
دەڕۆم و بەو غروبە
کەرنەڤاڵی گومانەکانی گەلاَیێك جێدێڵم

دەڕۆم و بەو غروبە

ئەو کاولە ئیرەمە و هەیڤێك

ئا تۆی شەوەزەنگترین تاڤهەیڤ و

نووتەکیترین کاژێر جێدێڵم

ئیدی پەرییەکان بدە دەم تراویلکەی مەرگ

دۆزەخی حاڵەتەکان

بخە نێو سیمای ئەو پەریانە

ئا.. ئەو پەریانەی فریوی خیانەتیان داین

ئەو پەریانەی موخبیریان لێکردی

ئەو پەریانەی دوای سەفەرە ئۆرشەلیمییەکان

خۆیان دەکوژن..

ئەی دۆزەخیترین سەهۆڵبەند و

سەهۆڵبەندیترین باز

لەو ترۆپکی قەدەرە

ماسییە پولەکە وەریوەکەی نێو دیوانی دڵت

ئەو مەلەك تاووسانەیە

بمبورە.. ئەو تاووسە گوناهبارانەیە

بمبورە.. ئەو گوناهبارە خواییانەیە

بمبورە.. ئەو خوداوەندە بێبەینەتانەیە

بمبورە.. بمبورە.. بمبورە...

**ئەی بادەی ئاڵئاڵی لە مەمك لەدایكبوو**

**ئێستا من ئەو فریشتە یەزداناویانەم**

**كە لە ئادەم فێربووم**

**ئۆپەرێتی مەرگ فێری ڕۆحم كەم.**

**لێمان زوویربە و**

**بە پلیكانەی گوڵستانێك حەسرەت**

**لە فیردەوسی چاوە فریودەرەكانی یەزدانان دابەزە**

**لە نوێژی ئەو قەشانەیش خۆت حەشاردە**

**كە قورئانی عەشقت پێدەڵێن.**

**منیش لەوێ**

**لەوێ لە بەهەشتەكانی جەهل و ئافات**

**بەسەر سینگی یەهوزا و باهۆزو ڕەشەبا هاتوومە و**

**چڕستانێ ئاوزینگت بەدیاری بۆ دێنم.**

**لە ڕەقسی ئەو ئاوانەم هەڵكێشە**

**ئەی شەوێنیترین بێهودەیی**

**بەو ساحیرە بڕۆنزییە**

**لە نەوای لەسەرخۆی**

**ئەو سكاڵانەم هەڵكێشە**

**ئەی ڕووباریترین نوور**

دەمانێك، بوراقی عاتیفەمان
چەن نازدار
موحەڕەماتی لاكێشەكانی ـ با ـ ی جێدێڵاٚ
ئەودەم لەناو بوریای ئەو ڕۆحانە
چەند جددی
بە هێرۆگلۆفی عیشق
پاكیزەییمان هەڵدەكۆڵی؟
ئەودەم گلێنەكانت دەكوشیم و
بەو شاڕێیە
دەچووینە شانەدەر
ئەودەم باڵات دەكوشیم و
بەو ڕەهێڵەیە دەچووینە جیزە
ئەودەم ڕۆحت دەكوشیم و
بە فاكسێك دەچووینە نیادرتال
ئەودەم ئایندەت دەكوشیم و
خیانەتت دەفرۆشت و
پێكڕا دەچووینەوە لای خوا.

ئەودەم.. ئای ئەودەم

هەوەسی تێکچڕژاوی بۆشاییەکان

شەماڵێ خیانەت بوو لە ستۆم ئالآ

ئەی بەلەنگازیترین بەختەوەری:

ئێستا بۆ کوێ دەچن

ئەو گلێنانەی

نیگایان دەکردە کەشتی و

ئەو کەشتیانەش

کە نیگایان دەکردە خیانەت؟

بۆ کوێ دەچن ئەو پێغەمبەرانەی

کە بە ڕەنگی گوللە تۆپەکان

باربۆی چاوە برۆنزیەکانی باران دەکەن؟

بۆ کوێ دەڕۆن

پاکیزەیی ئەو گوناهانەیش

کە ئاویەتی شەیتانە ئاوییەکان دەسڕنەوە؟

بـــۆ کـــوێ دەڕۆن ..؟

بۆ کوێ دەڕۆن ..؟

بۆ کوێ

دەڕ

ۆن

؟

له گوناهم خۆشبه

ئەی پەلکەزێڕینەترین فیردەوسی

دوێنێی عاتیفەم:

له گوناهم خۆشبه.

من مەملەکەتێکم لە گەنجە بێئاگاکانی

کەهف و

خاچ و

گوناح

له گوناهم خۆشبه.

من بە شوێن ئەو تۆبە خواییانەدا دەگەڕێم

کە فریوی یەزدانیان پێدەدەم

له گوناحم خۆشبه.

خۆڵەمێشی مەزاری جەستەی قلێشاوی

ڕۆحی ئەو ڕۆشنایەیش

بەسەر بەژنی ئەسرینی

ماسییە وردەکانی دیجلەدا ببەشەوە.

عەلقەمەکان بکە کاشانێك قژی کارێ و

لە باسکتی بئالێنە

هەڵچوو، ببە تارمایی و زریان و

ئاوزینگ و مەرگ.

فڕێمدە..
ئەی برووسکەیترین پێشهاتی
حاڵەتەکانی خۆکوشتنم.. فڕێمدە.
با ئەو ئاسکە
بە سارای عەقڵی شوانەکانی
ئەو چڕستانەم بسپێرێ..
با ئەو ئاسکە
سروودێکی تژی لە شیر و تیر
بکاتە گوڵێك و
لە سینگمی هەڵواسێ؟
با ئەو شوانەیش
بمخاتە سەر تەختەکانی سوڵتان.
فڕێمدە..
ئەی ترازاویترین ئەستێرەی خۆم
فڕێمدە..
دە تۆش بدرەوشێ
ئەی مەجەڕی گوناهکاری ڕۆحی خۆم
دە تۆش بکوژێوە ئەی درەوشاوەیترین
سەمای برژانگی عەقڵی من
دە تۆش با خەو بتباتەوە
ئەی کەونی من.

من زانیم لێره به دواوه

ئێمه ئاویترین

بوونەوەرین.

من زانیم لێره به دواوه

ئێمەخائینیترین

بازنەی ترازانین.

من زانیم لێره به دواوه

خۆم ئەنانیترین

سەیادی مەمکە ئاوییەکانم.

بمبورن..

ئەی نێچیری سپی و ماسی ڕەش و

گەلاّ گەلاّی ئۆقیانۆسی قامکەکانم

بمبورن..

بمبورن کە دەتاندەمە دەم ژیلەمۆی

ئەو نەفسانەی ناویان هیجرانە

بمبورن کە دەتانخەمە سەر دەنووکی

ئەو تراویلکەیەی ناوی سڕانەوەیە.

ئەی ئەبەنووسیترین ئایندەی دڵی

ئەو بەهەشتە مەمك لە خاچدراوە:

تۆ هێورییت لە قامکە ئەسمەرە ئەرژەنگەکانی

قەدەرەوە دابەزی.

تۆ بووی بە زناك و

لەوێش بەرەو

مەملەکەتی ئەو تاڤانەی کە ناخوێندرێنەوە.

با نەڕوا

ئەو بەڕووانەی لە بەیاندا

دەڤەرێك

ڕۆحیان داکووتا.

با نەڕوا

ئەو بارانەی لە سەحەر

باخچەیەك گەڕانەوەیان داکووتا.

با نەڕوا

ئەو مێزە خوێناویانەی لە ڕوئیاوە

لەززەتێك پێشهاتیان داکووتا.

با نەڕوا

ئەو دۆزەخانەی لای کڵێسە کە فیردەوسێ

جەهل و شەونم و لیمۆ و شیعرمان

تێدا هەڵکۆڵی.

ئێستا ئەی جودایترین سەفەر و

ئەی موسافیریترین پێشهاتی جیٚمان

هێوریت چۆتە نێو

ژیلەمۆی ڕیشی نامورادی.

منیش لێرە بە دواوە
دەڕۆمە
نیشتیمانی سەقەم و دووکەڵ
بۆ ئەوەی فێری گەڕانەوە بم.
منیش لێرە بە دواوە
بڕوام بە پێڕەوی خاڵی و
نێوخۆیی قەرەجان هەیە.
منیش لێرە بە دواوە دەبمە ـ با ـ یێکی کوژراو.
منیش لێرە بە دواوە دەچمەوە ناو داستان.
منیش لێرە بە دواوە دەبمە قەرەج.
منیش لێرە بە دواوە پشکوتنی سینەی هەوەس ئالأمە
منیش لێرە بە دواوە دەستی ئێوەش دەگرم و
بە یەکەوە دەچینەوە لای خوا.
ئەی داستانی ئەفسونایی وجود و
سەفاحیترین سێوێکی ئالووالا:
من لە نێوانی ئەقسا و
ناکامیی گوڵێکی پەژمووردەدا
من لە نێوانی مەڵبەندێك بەرائەت و
ـ با ـ یێکی بێگوناهیتردا
من لە نێوانی خاڵە جەهەننەمیەکان و
دونیایێ پەرژینی برۆنزیتردا

من له نێوانی پێشهاتێکی ناپێشهات و
سەحەرێکی چاوەڕوانیکراویتردا
من له نێوانی ئێوەدا
ئەی کلۆڵیترین کژەبارانەی ڕۆحەکان
پارچەیەکم لەو شەماڵانەی
بە پڕووکانی دۆزەخەکانی خەون
دەحەسێمەوە
کەرتێکم لەو جەننەتانەی زریانەکان
له تەزینیان بێزار نابن.
کۆڕێك پرسەم
بۆ " تاوسە مونەزیرەکانی خودا"
ئاهـ.. خوداوەندی ئێستەتیك و ئێستەتیکی خوداوەند:
بریا ئێستا له ئۆرشەلیم بوومایە
ڕووبار و ڕووبارانە
هێور هێور
لەسەر ڕۆحە سەلێبیەکان
پێکێ ئەنگرە و جگەریێ شکار و
مەزەیێ عەبەسمان داگیرساندبوایە
ئۆوهـ پەپوولە قەشەنگەکانی ڕۆحی من:
بریا ئێستا له ـ سینا ـ بوومایە
گوارەیەك خۆڵم بخواردایە و

ماچێکی سەوز سەوزم
لەو ژوانە نارنجیە بهێنابووایە .
من ئێستا
لە نێوانی ئەو ـ با ـ یە و
ـ با ـ یێکی جێماویتردا
تەرزەیەك سەفەر و
عاشقێکی ترازاوی سینەی بەفر و
هێڵێك سنووری تەكعیب و
تنۆکێك
بیرەوەریم.
ئاخ ڕۆحە نازدارەکانی خۆم چیبکەم؟
نەدەکرا نەرگزە نامۆکانی
ئەو فەزایە یەکبوونایە؟
سیانی کوێ بکەمە
تاجی خۆرە زێڕاوییەکانی تاج؟
ئاخر نەدەکرا بچینە ناو حەرف؟
ئاه .. ئینجانە دووڕاویەکانی
ئەو سۆفیە خۆویستە
ئەوشەوە چەند سەراسیمەیە لە پرسیار؟
ئەو ڕۆژە چەند یەقینە لە ڕاڕایی؟
ئاخر نەدەبوو بەژنی دۆڵەکان

بکرابوونایە دنکێك لە دۆژ؟

من لە نێوانی ئەو بولێڵ و

ئاسۆیە ناوەختەدا

درەختێکم لە بەفرو زەنگیانە

هەمدیس سەفەرێکم لە سەراب و باران.

عاشێقێکی کلێبە ئاساش

بۆ خیانەتە ئاڵتوناوییەکان.

ئەی سۆفیترین وەنەوز و

شەوێنیترین هاوڕێیانی کەوێڵی

بەرتەسکی ئاوەزی من:

نەدەبوو لەگەڵ ئەو خاڵانەدا

بە سەفەرە کراوەکانی قفڵدا ڕەتبووباین؟

لەگەڵ گلێنە برۆنزیە قفڵدراوەکانیش

ئافەریدەی زەمەنێکمان کردبووایە؟

ئێستە (کڵاوی جسرەکان)

بەردە نوێژمە و

سوژدە بۆ ئاوییەتی

ئەو سوڵتانە ئەنانیانە دەبەم

کە مەرحەبای مامزێکیان لاگرانەو

دواتریش لەو خاپورانەی ڕووکەشی دەچنەوە

من لە نێوانی شەفافییەتی

کۆتەڵە دەسەڵاتدارەکان و
ژێردەستەیی ڕووبارێکی سەرسامیتردا
بتلێك ڕامان و ڕوئیای لە ڤۆدگام
لای بازاڕی نەشمیلەی ڕۆحت هێنا
کەونێك سفریش لای ئەو وەزیرانەی
ئایندەی جوگرافیای مەمکەکانتیان بەدەستە.
خۆرێکی سەیاد
قەت بە بازگەی ڕەشبەڵەکی خاڵەکان و
ئەو دڕدونگی و ئەسرینانەی
سیاسیە دۆگماکان هێنایان تێپەڕ نەبووە
خۆرێکی نێچیر لە نێوانی ئێوەدا
دەبێتە زەماوەندی نامورادی دڵی خۆڵەمێش و
شەماڵە پیرۆزەکانی چاوی سەفەر.
باڵندەیەکی زاناش لەو تەنیاییە سەرخۆش و پڕەدا
بەدوای دۆزینەوەی دڵی خاڵ و
هێورییە پیرۆزەکانی چاوی شەماڵ و
سینگی ئاونگیی برۆنزیەتدا دەگەڕێ
من پێم وایە: شەو ناتوانێ قەت وا بە سانایی
بەسەر کێشەکانی دڵی گوڵدا ڕەتبێ و
- فەزان - یش بەسەر قافیە پەرژینئامێزەکانی
چاوی ئێوە ..

ئەی چاوە سیحراوییەکانی ئەسمەریترین مانگ و
سەرابیترین گەڕیدە بەدوای سەراب:
دێم و لە لێڕستانی ئەو مەمکە ئاڵتوناویانەدا
بە زێدەوە بەشی هەمووتان دەکەم.
لەو دەمەدا ئیدی ـ ئاو ـ دەبێتە
پێناسی چاوە ڕۆشن و ترێیەکانی ئاونگ و
لەگەڵ ئیزدیواجیەتی ئەو مانگە دەستکردە وەریوانەیش
جەنگێکی شپڕێ و
لەسەر ئەو خاکانەی ساتی فەنا دەنەخشێنێ.
دێم و لەو شەوەدا
دێم و لەو مارکێتە مۆدێرنەی مەمکەدا
دێم و لەو ئاگردانی لێستنەوەی مەمکی ئەوین و
کوشین و مەرگەدا
زۆر بە سانایی
بەشی هەمووتان دەکەم.
دە تۆش وەرە
ئەی دیرۆکاویترین دڵۆپ دڵۆپی بارانی من و
گوناهباریترین
ئەستێرەی چاوی خودا
من لە نێوانی گۆڕستان و
ئەو مەملەکەتە عاقڵانەی

پێش هاتنیان چوونەوە دەربازکە

ئیتر چوار ستێر و هەندێ باز و

یەك دنیا پڵپڵە و سڵسڵە دەخەمە سەر شانەکانم

دەرگا ئاوەڵابووەکانی گوڵستان دادەخەم

جەنەڕاڵە سێکسیەکانی کەنار سنووری هەرێمی ـ با ـ و

گلێنەی ئەو ئاوانەی لێیان بێزارم

بەدوای خۆم دەدەم

لە سەنگەرە سامدارەکانی چارەنووس و

لەو خۆڵستانە داخراوانەی خوا

بەدوای داخرانێکی مەست و

بازنەیەکی مەستتر

وەك مەستیەتی سپێدانی سۆمای ﴿S﴾و

شەوستانی ژێر دەوارەکانی ماچی ﴿N﴾و

پێدەشتە سۆرپۆشەکانی سینەی یاخیبووی ﴿M﴾و

ڕۆحی زایەندئامێز و

شەپۆلی نەواداری ئاژێرەکانی قوڕگی ﴿B﴾و

سەما هێواشەکانی

شەقامی لێوە جەننەتاویەکانی ﴿R﴾و

قاقا چەواشەکارەکانی دووشی بەر هەناسەی ﴿H﴾و

بە جیاش گەورەیی ئەو خاڵانەی

قەدەر ناوی قافی لێنا.. جیهاد دەکەم.

جیهاد دەکەم لە پێناوی ئەو گوڵانەی
گیابەندی قەدپاڵی بزەیەکن.
یان گوڵدانێك باران و
درێژترین ئامبازی خاڵەکانی
سەر دوندەکەی دەستی منن.
بۆ سەهەندە بێڕەحمەکانی ئەو خاڵانە
بەکێش بووم
کە ئافەریدەی بە تراویلکەبوون دەکەن.
سەیرکە
ئەو لێڕە کەنارگیرە
فێری گوڵپرژێنی ئاوەدانیمان دەکەن
فێر نەبووین لەو وشانەی شەڕ دەفرۆشن و
لەو شەڕانەیش
بەدوای تەقینەوەی چرکەساتەکانمان دەبەن
ئاخر دەبوو ژوورەکانی زەمەن ئاوەژوو بکەین و
لەو دەمانە بهاتمایە، کە قەیرە ژنەکان
بازنی لەززەتیان لە باسکبووایە و
لە گۆڕینەوەی عەقڵەکانمان
لە سۆفییەتی سەفەرەکان بگەیشتبوونیایە
لە نێوانی تێگەیشتنەکانمان
من ئەو سفرانەم کە لە ئەزلیەتی خیانەت ناگەم.

بڕوانە ئەو زەماوەندی لەبەینچوون و
وێکهاتنەوەی حاڵەتەکانی من
توخوا باڵای ئەو ژوورانەیش
بە پێوانگەی تۆڕەوانێك داگیرسێنە
کە دوێنێ لە مەنفاکانی بەزینەوە هاتبوون
تۆی شکان و نەبەزین و بەزین و زەریاو زەماوەند
میزاج خۆی کرد بە باڵاتا
ئیتر تۆش لەو جسرەوە ڕامانت لای ئاو هێنا
ئێستا تۆش لە ئاو و هێمنیدا دەژیت
ئامار ناگرێ ئەو عەشقەی بۆ بیرەوەری
ئەو یادانەی کە دووڕیانێك ژەهر و
قەڵەمێك تلیاك و
تلیاکێك دووکەڵیان بۆ ڕەنیوهێنام
لە پڕ ئاماری ئەو ئەوینەی دوێنێ چەند دژوارە؟
بە جیاش لەو دەمانەی
کە من لەگەڵ ئاوەکان تەریب بووم.
ئاخر ئەو کات
هەڵەیەکی زۆر ڕاست و
حەقیقەتێکی گەلەك راستری دۆگمابوو
ئەی نەسیمیترین نەوای ئەو دەرفەتانەی
گەڕان بەدوای پرسیارەکانی یەقین و

وردترین پەنهانی لای ڕاڕاییەکان

وا هاتووم و

بە ئاوەزی ئەو کوڕانە دەفکرم

کە دوێنێ لە تارمایی ژێر پردەکانی

شۆڕش و کاملیەوە هاتبوون

خودا...خودای مێرووولە شینەکان

عەشق بوو لە سێبەری ئەو دارکاژ و

گوڵاڵە سپییەکانی ئەو کەژانەی داگیرساندم

ئاخر ئەی عەشقی ئەو پێدەشتی نەهاتنەوە و

چوون بەدوای ئەو بازرگانی حەز و

ئەو پێشهاتی نامەی بارانە

بێئاگابووم

خودا لە پڕ پشکوتنی خاڵەکانی کردە

بونیادی بەدەنە لە قاڵبدراوەکانی ڕووبار

بێئاگابووم

پۆلا و ڕەووەزایەتی بوو

لە دڵی سەفەرو

سەفەربوو

لە دەڤەری قەدەری هەڵایساندم

ئاخر ئەی ناوێزەییترین تاووس

لەو مەملەکەتەی ئیلتیزام و

**عەبەسەدا**
**من نەمدەزانی**
**تابلۆ ڕیالیزمیەکانی**
**ئەو خالآنەی خۆشمدەوێن**
**دەمکەن بە فوجائیترین پرسیارو دیراسە.**

**گولاویترین خۆر لە باخچەکانی بەرەبەیان:**
**ئەوەی لە ئەزەلیەتی لەززەت و**
**ژوورەکانی فرمێسك تێبگا**
**با بڕوا سەفەرێك شێتیەتی بکاتە جەنتا و**
**باوەشێك جەنتاش**
**بە گوناحە نەپچڕاوەکانی بەڕەلایی**
**لەبەر دەوارێك گەڕانەوە و**
**سەفەرێك ژیاری**
**بە دلگوشراوی داگیرساوم**
**نە تۆ و**
**نە تۆ و**
**نە تۆ**
**لە نامورادی کرانەوەی سکلّ و**
**نە باوکەکانیشمان**
**لەو گێژنە داخراوانەی خوا و**

موجازەفەی ئەو مایسترۆیانەی

داخوازی مەرگ و سەفەری لۆمبۆم لێدەکەن.. تێدەگەن!

وا هاتووم و

بازنێك دیرۆك و بتلێك پێشهاتی محەلیم

لای ئەشکەوتە نووتەکەکانی خود هێنا

بڕیاریشە هەر دەبێ ئەو شەوە

بەدوای بە یاتریسەکانی بەفر و

ئەو کەنارە ئەفلاتونیانەدا بگەڕێم

کە ئەوێڕۆژەێ

خوا بۆ ئێوەی هێنایە ئافەریدە

بڕیارەو لە خنخنۆکەی گلێنەی قەدەرەوە

بۆم هات

هەر دەبێ ئەو شەوە

لەگەڵ ئەو خلودانە

ڕەوتی ڕووەو پاقژگە بگرم و

لەگەڵ ئەو برا مەسیحیانەش

تێر تێر لە ژێر سەهەندی

ئەو دار پرتەقالآنەی خاڵدا بحەسێینەوە

کە دواتر هزرەکان لە شەپۆل و

شەپۆڵەکانیش لە نوێژیان هەڵدەکێشن

دەبێ پەیمان بەو گەورانەیەیش بدەم

**که گوڵە مێخەکەکان لە ئایەت و**

**ئایەتەکانیش لە پاکیزەیی و**

**پاکیزە راهیباویەکانیش لە تەورات**

**دەنوسێنەوە.**

**بڕیارێکەو لە برژانگی دیرۆکەوە بۆم هات**

**ئیدی دەبێ بازی حەقیقەتیش وەك دڵیمن**

**لەو شەوە نارنجیەدا**

**لەگەڵ واری ڕەوە ڕاستیە سپیەکان**

**جوتمکا.**

**وەختی هات بۆ ئەو خاڵانە**

**دەمارە مەستەکانی ڕۆحم جێبێڵم.**

**بۆ قەلەقی هەلاڵەیی ئەو ناسۆریانەیش**

**کوپێك گومان.**

**بڵێ چیت بۆ جێبێڵم؟**

**لە زاتێکی عاشق بەو لاوە زیاتر؟**

**لە ڕۆحێکی شینی لە خاچدراو زێتر بەولاوە؟**

**کاتی ئەوە هاتووە ڕەوە کەشتی عەشق**

**وەك گولاوی سەر پێی ئەو نازدارە**

**بە سارای ئەو ئاسمانی خودایە پەرشببێ.**

**چیت بۆ جێبێڵم؟**

**لە ڕۆحی غەجەریانەی شاعیرێکی غەجەر زێتر بەولاوە؟**

**ئیدی منیش دەڕۆم و یەقینم**

**لەو (تاووسە موننەزیرەی) ڕاڕایی**

**ئیدی منیش دەڕۆم و ماڵئاوا**

**لەو خەتیبە گەورەی دڕدونگی.**

**منیش دەڕۆم و ماڵئاوا**

**ئەی باڵدارترین بوراقی مولتەزیم.**

**دە تۆش**

**ئەو دڵە کریستالاّوییەی خۆتم بدێ**

**با نیشتیمانی پیاوێکی قەرەجی تیا حەشاردەم.**

**لە نێوانی نیشتیمان و دڵی زێڕینی تۆدا**

**من بووم**

**بە ئەندازیاری**

**ژەنەڕاڵەکانی ژێردەستەیی غوربەت.**

**ئاااخ.. ئەی تاکو تەراترین ئەسپ**

**لە نێو ئارانەکانی ڕۆحی خۆم:**

**نەدەکرا دوێنێ لەو شانۆیانەدا**

**خۆمان بە بەژنی ئەو زنجیرانە بسپاردایە**

**کە لە کازیوەکانی دۆزەخ**

**مەلۆتکە تاوانبارەکانی خود بۆیان هەناردین؟**

**ئاخر ئەی تاووسی عەشق و بەفرو زەماوەندی زریان**

**چۆن سەراسیمەیی ناخەنە نێو**

ئەو هێلکاریانەی
عاقڵەکان شێتانە بۆیان کێشاین؟
چۆنیش ئەو هەرزەکارە عاقڵانە
لە کەمفامیەوە بەرەو دارەبازەکانی فەلسەفە
بە کێشمان ناکەن؟
ئاخر ئێمە لەسەر ئەو پردە عەباسییانەی پرسیار
چۆن وا لە پڕ دەگەینە ئەمستردامەکانی وەڵام؟
ئەی کورخانیترین بەفری ڕۆحی من:
لە ئۆخژنیتدا فێری هاژە هاژ و
مەملەکەتێك عاقڵی و
ئیمپراتۆرییێك ڕاڕایی بووم
لە ئێستەتیکاشت گوڵدانێك عەشق.

ئەی ئۆرستوکراتیترین گۆڤەندی ئەستێرەیی خۆم:
ئەز لەو دەڤەرانەی ڕووکەشی
زەبوورێك بزە و
تەوراتێك نیگا و
ئینجیلێك وشە و
قورئانێك ماچ و
مەسحەفێك ئیرۆتیك و
هەولێرێك فیردەوس و

بارتەقای سینەی ئەو ئاسمان و خودایەش
بڕۆنزیەتی گلێنەکانمت لەگەڵ ئەو مەلانەی ڕۆحم
بە بازی خەیاڵی
ئەو ئۆرشەلیمانەی نەماندیون بۆ دەنێرم.
ماڵئاوا تۆ و بیرەوەری و
ئەو هەولێرانەیش کە فێرنابن
بۆ تەنیا جارێکیش
پشکۆکان بپڕووکێنن و
گڵۆپە نامۆکانی سەما داگیرسێنن
ماڵئاوا.. ئەی ئەو لەحزانەی تا دەمرم
توێکڵی عاتیفەمن.

لێرەوە ئا لێرەوە، دەخیلتم
ئەی بەیاتریسی گەردن
بەفر و
ئاورینگ و
چنار..
ڕامینێ
چەند لە توڕەیی عەقڵی ئاویی
ئەو لافاوە دووفاقیانە توڕەم!؟
من درەوشاوەییترین شارێم

**لەو شەقامە لووسە شیعریانەی ئایندەی دەبیست**
**ئاخر بە لەهی بوونی ئەو دوندانەیش گوناحێکە**
**دەرهەق بە پەپوولەکانی حەشر**
**لافاو**
**لافـــــاو**
**لافـــــــــاو**
**چەند سەختن**
**ئەو تارماییە ئەزەلیانەی مەرگ ؟**
**چیم لەدەست دێ ؟**
**جگە لە ناردنی ئەو ئامێزە کۆترە**
**باڵتیژانەی کەشتییەکەم نەبێ؟**

**لە دووری دوورەوە**
**چاوەڕێم**
**زەیتونی لێوی کۆترێکی ئینسافدۆستم بۆ بێ**
**زەیتونی لێوی ئەو کۆترانەی پێشتر**
**قەقنەسی نێو پشکۆکانیان ساردکردەوە.**
**چاوەڕێم وشکییەتی لافاوەکان تەڕبکا و**
**تەڕیەتیش خۆی بکا**
**بە بەژنی پەژموردەیی گوڵە قەڵسەکانی**
**ئەو کەژانە و**

دواتریش سێسەد و پەنجا ساڵ
دوای ئەو لافاوە بژین و
بەشەرییەت تێکدەینەوە.

ئەبەد لەو دیمەنە غەریبیتر دانەگیرساوە
لێرە بە سەڕاحەتی گەردەن و
سەڕاحەتی ئەو سڕی جوانیەی پەرچەمت
ڕۆ
دە
چم.
کا بڵێ: چی هەیە
لە بەرپەڕی ئەو پەرتووکە حەفرم بکا؟
ئەم کۆمبوون لەگەڵ
ئەو پۆلە ئاسکانەی ئاوەز سازدەکەین
کە لە چەمکی کاردانەوە ناڕوانن..

سوڕانەوە ڕووەو سەدرپیانەکانی ئێرەم دەهێنێ
لە مابەینی ئێرەو ئەوێ
شوێنێك نییە دارستانی هزرو
گۆڕستانی ساتەکانمی تیا حەشاردەم..!
بەژنم دەخەمە نێو فنجانی قاوەی

فالّچیەکانی ئەو دەربەندی غەریبیە

بەڵكو ئێ دنیایە

نمە نمەی چرایێ هەڵبکا و

کابوسی دڵی ئەو دەیجورەی

لە ئافاتەوە دروست بوو رۆشن بکا..

بەڵکو ئێ دنیایە

چەتری چارەنووس

لەو مەتەرێزی قەدەرە هەڵمبگرێ و

بە سینەی ئاوەڵابووی

ئەو تەختە زیوینیانەم بسپێرێ.

ئێمە لەو کافتریانەی چارەنووس

پێ

لەسەر

پێ و

جگەرەی ڕاڕایش بە لالێو

لەو دووکەڵ و هاشوهوشەی زەمەن

زریان دەڕفێنین و

لەو ترازانەیش

جەننەتێك ئەوین و یەقین.

هەوەسمە شەوپرژێنی

ئەو چڕستانە تەڵبەندئامێزەی خود بکەم
ئیدی ڕەوە نێرگزی سووری قەدەر
لە ئۆقیانۆسی جەنگی هێڤی
غەرقمان دەکا.
ئیدی منیش سۆما لەسەر بژانگ و
برژانگ لەسەر ئاقارە فانییەکانی زاکیرە و
دڵیش لە نێو لەپی کورسییە سەقەتەکانی مەزندە
نازانم .. ئەی نازانمیترین فێردەوس
لە چاوەڕوانییێکی کەمئەندام
چیم زێتر بەولاوە؟

ئەی مەوسیمێك لە ئەوین و
گەڵای نەسیمی
مووڵووڵەکانی حاڵەتی یەئس:
بەو گەردەنە شووشەییە، شیعرییەت
پایزی ئەو نیلانەی چاوەڕوانی
زوێڵ
زوێڵکە.
باوەکو ئەو
مێگەلە ئاوەزە بێ ئاوەزەی دواشت
بەشێکی دانەبڕاوی جەستەت بن

وەرە بڕوانە
لەو سارایە
لم لە تێنویەتیدا سەوز دەبێ.
ئەی گەردەن کریستاڵ و بەفرو تاووس:
قامکی سەوز سەوزت
بە دڵی ئەو گابەردانە ببەخشە و
پەلکەزێڕینەیێ ـ ئاو ـ یش
لەو هەناسە ساردانەی بێدەرفەتیی بیناکە
هەڵوەشاندنەوەی ئەو تەونە
سەڕاحەتی دەوێ.. مەرگیش.
چێکردنی فیڕدەوس
سەڕاحەتی دەوێ.. مەرگیش.
بچۆ لە ترۆپکی ئەو تووڕانەی
بۆ قەناعەت هەڵایسێنران
بەبەر ئاپۆرەی
ئەو هزرە بنێسانەی فێری خیانەت بوون
بستێکی کەرنەڤاڵی ڕۆحتیان نیشاندە.
ئەی دەیانەی ئۆرشەلیمی گیانم:
نازانم نا
ئەوەیان بارانی پڕووکانی
عاتیفەی حەرفەکان بوو

یا قەدەراویترین پرسیاری
گەڕان و گومان و مەرگ ؟
نازانم
ئەوەیان چاوەکانی
ئەرژەنگیترین پێشهات و
چاترین ئایندەیە
یا ناکاویترین تۆفان؟
هەرچیەك بێ
ئیدی من کاتم نەما
لە کڵێسەو باخچەکانی شەڕ بتدۆزمەوە
ئیدی من کاتم نەما
لە کڵێسەو باخچەکانی شەڕ بتدۆزمەوە
ئیدی من کاتم نەما
لە زەماوەندی یاخیبوون و گۆشەگیری و
ڕامان بتدۆزمەوە.
ئیدی من چرکەم نەما
لە ئامێزی ئەو پەپوولەیە خانەدان و
ئەو کاولە فلۆرەنسایەدا بتدۆزمەوە.
من هیچ هیچم نەما ئیدی ناتوانم
لەناو تۆڕی ماسییە خنکاوەکان و
لەناو بازنەی ژوان و موجازەفەدا بتبینمەوە.

ساتەکان بە یاڵ و
جەهەننەمی سیمام هەڵدەشاخێن
هۆ گوڵە شینەکەی
دڵی ـ با ـ و تراویلکە و حەقیقەت
وا دەهزرن
تۆ سەفەری مانەوەت پێدەوێت و
حەسانەوەیش لە لۆکەی
ئەو مەلەکەتانەی تەجرید!؟

ئەو دەروێشانەی سینەی بازی پاقژگە و
پەیژە ئەستەنگەکانی بیرەوەری غروب و
دەڤەرێك گەواڵ گەواڵی ئاونگە مۆمیاکراوەکانیش
بخە بەر دەفتەرە بەلەنگازەکانی فەنابوون.
کێ لە ﴿من﴾ شیاوترە کێ؟
لەو دەربەندی دەربەدەری و نادادوەرییەدا
لەناو لماوی ئەو بیابانەدا
پەنجەکانت بڕفێنێ و
سەمای چاو و
گەردەنەکان بسازێنێ و
لە گێژاوە قەشەنگەکانی گەردەلوولدا
هەڵتبگرێ و

لەو هەڕەمانەیش
کە دەبن بە جەنتایێ
گوناح و مەرگ
مۆمیات بکا؟

ئەی مونەزیریترین قەقنەس و
ڕاهیباویترین زەمەنی ئازمایشی من:
زووکە..
لە چڕترین ژاوەی ئەو جەنگەڵی ڕۆح و
ئەو حاڵەتانەی تۆفان دەربازمانکە
زووکە زوو..
ئەو ڕیشە چناراوییە زەیتونگرتوەت
لە بەژنم بئاڵێنە و
بەو ڕۆندك ڕۆندكی خوناوەیش
سیمامان لەت و پەتکە و دەربازمانکە.
دەربازمانکە ئەی کاتۆی مونەزیری من
دەربازمانکە.
ئێستا چەنێ ژیلەمۆ
بۆ ئەو چرکانەی لە گوڵدانی خاك
دەڕسکێنرێن
هەڵدەلووشم!؟

تێربوون لە ڕەتی ئەستێرە و مەرکان.. مەحاڵە
تێربوون لە کوشتنی حەرف و یاخیبوون.. مەحاڵە
تێربوون لە کوشتنەوەی خۆم و تاووس.. مەحاڵە
پێشوازیکردنیش لە تۆفان
سەحەرێکە لە ڕەحمەت.
هیچ هیچ هیچم نەما
لە گەڕان بەدوای لە چاڵنانی
ئەو گۆشەگیریانەی بۆخۆم کردم.
هیچم نەما
لەوە زێتر
بۆ خۆم بڵێم:
سەفەر بەرەو ئۆرشەلیم و
لەوێندەرانێش
سەفەرە پیرۆزەکانی ئۆرشەلیم .

ئەوەتانێ شەقام شەقام
لە پەنجەرە ڕۆشنەکانی تەخەیول
ر.. ێــ .. گــــــ ... ااااا ... د.. ە ... بــــڕم.

**دەبێ ئێستا لە کوێ بی؟**

**تۆ**

**ئەی ئەسپە مولتەزیمەکەی**

**نێو پێدەشتی کۆمەڵگای خاچ.**

**من وا دێم و**

**خۆم دەخەمە نێو ئەو زێیانەی بادەی سەبا**

**زۆر ترساوم لە شەوی ڕابرد**

**تۆفان ئەو ئیستەمبۆلانەی گرتبێتەوە**

**کە پێرێ لە ژێر کوڕژنی**

**یادەوەریتا دەیانبڕووسکاند**

**ئیستا نێوانمان کیشوەرێکە لە ڕەهێڵە**

**نێوانمان زەمەنێکە نزیکتر لە هەناسە، نزیکتر لە ئاو**

**نێوانمان تاڵەموویێکە زۆر بێزارتر لە خۆم.**

**من لە نێوانی ئەم تەمتومانی غوربەت حاڵینەبوونەدام**

**ئیدی لەو پێودانگانەی بریتین لە لێڕەوار و**

**حەڵقە سامدارەکانی نۆ**

**هەمئاهەنگیی لەگەڵ ئەو هزرانەی وا مەزنبوون**

**بە وجودیبوونەوەی دوای عەدەمە**

**پەیڤین لەگەڵ ئەو گەنجە جوانانەی**

**لە ڕەوتی چوون بەرەو چێژ سەردەنێنەوە**

**هەڵگوردیترین خەتەر و خەتەریترین ڕابردووە.**

منیش لەرزۆکیترین جەنگاوەرم
لەو سەنگەری خەراباتە
منیش ڕەفزکراوەییترین باڵندەم
لەو ئاسمانە قاوەییە
منیش کەمفامیترین ئەو چرکانەی جوێ بوونەوەم
لەو ئۆرشەلیمانەی غروب
بکارم دەرگای ئەو هۆڵە دەیجورانەی
سێبەرو دارستان
تێر تێر قفلێ دەدەم.
لەو ئوتێلە قولاْنەی تێفکرینیش
پەردە هەناریەکان دادەخەم.
ئیتر ئەو پەنجەرە دژوونانەی خەیاڵ ناسڕێتەوە
کە شەپۆلە جوانەکان
بۆ ئێرەیی و لاف دەیاننەخشاند.
لەو شاڕێی شارانەی هزر
قاسپەی سپێدەیەکی هەڵاڵەیی
لەو تاوەرە چۆلانەی ڕوو بە ڕوو بۆندەکەم
لە دەنگە دەنگی ئەو ماشێنە تەمیزانەی تەئەمول
ئەو کۆچانە دەبیستم
کە سێوە جاهیل و

جاروبار

چرپە چرپی

خـــودیـــــش

فێریـان کـــردم

تا ئەمــئێرەیـــەی

لە جوانییدا ڕۆمانێك پرسیارە

پەنجەکانم بە بێ ماسك، مەلە لە نێو

دڕکە خەفەتئامێزەکانی مەککە دەکــــەن.

لەو منارە وردانەی بەیانی گوڵەکانی کەنار پەنجەمن

ئاقڵی دەخوازم.... لەو ڕیش درێژانەی مەرقەسەکانی

کونزەینیش... بڕوا هێنان بەو ئایەتانەی

لە گۆشەگیری و دیراسە

یەکترمان ناسکرد.

تەوراتی تەوێڵ و

ئەو کەنارە ئاپۆرانەی یاخیبوون..

سەمایە مەشخەڵاوییەکانی ئایندەو چارەنووس..

کۆچیترین هاتنەوەو هاتنەوەیترین هیجران..

سەفەر بەرەو ئۆرشەلیمەکانی خوا..

مەرگ لە عوزلە و

ئینعیزال لە مەرگ.

شەڕ لەگەڵ ئەو پەرتووکانەی نەمبیستون..

خۆشویستنی گوڵێکی پشکتوی بۆرژوا..
ئەوانە هەمووی جوزئێکن
لەو قورئانانەی زەمەن
بە قامکە زیوینیەکانی بۆی ڕۆچواندم
ئەوانە هەمووی جزوێکن
لەو ڕۆمانانەی قەدەر لە دەفتەرە مسوەدەکانی خوا
بۆی حەفرکردووم.
ئەوانە هەمووی
ئێستای ئەو قەڵبەزەیە سەراسیمەیەن
کە خۆشی نازانێ کەی دەگاتە
شارەکانی بینین و وەڵام.
ئیدی لەو دەمەوە ئێرەییم
بە ماچ و مووچی ئێوارانی ئەو پارکانە و
ئێرەییم بە هێوری ئەو کەوە کحولخۆرانە دێ.
ئاخر ئەوانە کەی مانشێتی عونفیان
لەو رۆژنامانەی گوزەران خوێندۆتەوە
کە ئێمە ڕۆژانە خۆمان لە ڕۆژژمێری مەرگ
هێڵی پیادا دەکێشن؟

ئاخر ئەی جوانیترین جەرائەتی ئەو دەرچوونانە
تۆ بەر لە هاتنت لەو پارکانەدا هەڵدەکەیت
کە تاووسە سینگ ئاوییەکانی وەك تۆ
مەلەی مەرگ و لەززەتی
تیا دەسازێنن.
تۆ بەر لەهاتنت لەو مێرگی ئاسمانی ژیارییە ئارامگرتەی
کە حۆری ڕۆخ کەنارەکانی دڵی یەزدان
تێیدا سەمای گوناھ دەخوێننەوە
ئەی پەریترین دیمەن و ڕەسم
لەم وێستگەی ماچ و
ئەتاکێت و
خیانەتە:
هەمدیس ماسییە پولەکە وەریو و زەردەهەڵاتووەکان
بەسەر لوولەی زریپۆشە حەسرەتاویەکانی
ئەو چەرخی جەننەت و عەشقە
قەشنگیترین تابان
لەو دەڤەرە زێڕاویانە و
لەو ڕەنگە خۆڵەمێشیانە دەڕفێنن.
منیش هاتوم و لەو دەرفەتەی بێدەرفەتییە
بەژنی باتە و
سینگ و مەمکی "کزڵای"دێنمە تەماشا.

تۆ "ڕژان"یترین ئەڵماسێکی
بەسەر سینگی باڕووت و قەوان و
زریپۆشە حەسرەتاویەکانی تەمتومان
لەو مەوسیمانە هەڵدەکەی
هیچ مەترسە و ملوانکەی چاوەڕوانیی
بمبورە.. پێکی چاوەڕوانی داگیرسێنە.
بارانەکەی قەدپاڵ، لەگەڵ ئەو کەش و کانییەدا
کانییەکەی نێو لەپیشم
لەگەڵ شەرابی وەریوی ئەو خەیاڵانەدا
بارانبڕەکانی قەدەر و قەلەقی
لە لێڵاتی مەنفاکانی ڕۆحەوە بۆ هێنای.
پووشی یەقینی و جێگیریان پێیە.
ئەوەتانێ درەخت وارێك لە ویساڵ بینادەکەن
مەتارێك ڕەویش
لە هاتنەوە بۆ نێو فرۆکەی خاڵەکان.
بڕەوەم، تا لای ئەو ئەقسایانەی نایانگەمێ
هەر بەرەو فیردەوسی دارماوی ئامێزت دێمەوە
تێنوم.. زۆر زۆریش
تێنوی دەنگی جەمی فرمێسك و
تێنوی چرکە چرکی بالأی  قەوان و
تێنوی دەنگی برسییەتی ئەو گەنجانەم کە نازانن بژین

برەوم تالآی ئەو خوایەش کە ئێستە نایگەمێ
هـەر بـەرەو کەنـدەلآن و زەلکـاو و سـیمای قلێشـاوی ڕۆحـت
دێـمـەوە.
هەر بەرەو گۆڕستانەکانی کەنار مەرگ و
گەلەرییە پەڕپوتەکانی لێوار نیگای یۆتۆپیات دێمەوە
دێمەوە ئامێزت
ئەی ئەو دەنکە گوفەکە ئالتوناوییانەی لەگەلت ژیام
دێمەوە لات ئەی ئەو پارکانەی سپێدە ئۆرشەلیم و
پەیوەندییەکانی غەیب و پەنهانی ئەشکەوتەکانمن
بەلێ، ئەو ئەشکەوتانەی نەخوێندەوارەکان تێیدا
بوون بەو دارستانانەی هەنوکە ناویان دارەبازە.
داخوازی بووردن بۆ ئەو لەحزانەی نکارای
لە ڕۆمانسیترین کەناردا
بەسەر گلآسی حوبر و غرور و خیانەت هەلآژییێین
نە بەو فرۆکە مۆدێرنانەی لاف و
نە بەو پەیژە ئەلکترۆنیا نامۆیانەیش ناسپێردرێ
بە هیچ یەك لەو گەنجەلی پارك و
کافتریا پلاستیکیانەش ڕەوانە ناکرێ .

ئەوەتانێ پۆل پۆلی پەڕسێلکەی
ژێر کاریتەی کەلاوەکان هاتوونە و
جەردەیی مەحەبەتم بۆ دەکەن
پلیکانە دارەکان و ئەو جوگرافیایەش
موسافیریترین دوندم بۆ هەلگەڕان و وەرگۆڕان پێدەخشن
داخوازی بووردن بۆ ئەو لەحزانەی نکاراین
لەو کەشتییە ژیلەمۆییەی نێو
بەفر و
زریان
ڕەقسی ڕۆح و ڕۆمانسیەت بنەخشێنین.
داخوازی بووردن بۆ ئەو لەحزانەی نکاراین
بەدەم مژینی شەپۆلی نەواداری شیعر و
چڕینی موزیکی بۆنی خوناو و
هەورێك ناقوصی بەختەوەریی بژەنین
داخوازی بووردن بۆ ئەو لەحزانەی نکاراین
بە وازیکردن لەگەڵ
ئەو ماسییە سەد ڕەنگانەی ئاوی ڕۆچوون
باغی سەنگەرێك بهاڕێنین
داخوازی بووردن بۆ ئەو لەحزانەی نکاراین
بەو گۆڤەندی بینینە
لەو دارستانە پەپوولەییانەی

ئەم ئێرەمی باغ و باڕووت و حەسادەتە
هەرنا سوراحییێك سێوی هێرۆ و
هەناری یاد و
زەیتونی عەشق بخۆێنەوە
داخوازی بووردن بۆ ئەو لەحزانەی نکاراین
لانەی هەموو کۆترە سپییەکانی ئەڤین و گوناح و یاد
لە ڕشتە بەڕشتەی سینگ و
منارەی شادمانیش
بۆ لەقلەقەکانی ئەو سەرابانە
لە دەربەندی فەنابونیش بێ بونیاد بنێین.
دروشمە پایزیەکانی کەم تەرخەمی و
لاپەڕە ئەزەلییەکانی ڕێساکان و یاساغ
لەو لافیتەو ڕۆژنامانەی
تێنویەتی و سەراب و زەیتوون
دەمنووسنەوە
چرکەساتەکانی مردووانیش شەڕانگێزن
بانگی پیرانی ژیار دەکەن
تا بە ڕیش و بسکی سپییانەوە
بەردی جوان و دیمەنی جوان و
پەشیمانی جوانم بۆ بێنن
پیرەژنێکی چاو سەوز و پاکیزە لە کوێ بێنم

به گەسکی ئاوەزو ئارامی
دژوونی ئەو خیابانی کەرنەڤاڵ و دووکەڵە
تەمیز بکا؟

ئاهـ .. کۆترە جگەرەکێش و
ماسییە وێسکی خۆرەکانی ئەم دەفتەری تێکچڕژانە
لەو خەرەندی سەوزی و
لە مەنفاکانی ئەتاکێت و ئەوین و خودەوەش
خۆم و سەبەتە سەوزەکانی عاتیفە و نامورادی
ڕووەو باغی جەننەتی یاد ڕێگا دەبڕین
تا سەبەتەی لە خۆر پڕ دەبێ
لە گلێنەو ماچ و باران.
لە بن سێبەری
ئەو ڕەجعیەتی فیردەوس و
مەدەنییەتی ئەوینە
بە خەیاڵ لەگەڵ
ئەو دوو وشانە زیندان دەگۆڕینەوە
بەو ڕەوە ڕەوەی ئاسکانەیش
ئەندێشە فەوتاوەکانی هەنگتان بۆ ڕەوان دەکەین
ئەی ئەسپیترین ئەستێرە
لەو پێدەشتی باووبۆران و زریان و جەننەتە

غەریبن ئەو مەلە ڕووتانەی لەوپەڕ
دوندی ئاسمانەوە
ڕەنگاڵەی شەمپانیا و کۆلا و مەرگمان
لای یەزدان بۆ دێنن
غەریبن ئەو حۆرییە جگەرەگێڕانەی
لەو تەنکە ڕێیەی بەهەشت
فیراق دەخەنە نێو
دەفتەری ئاشنا و ماڵی ئاشنا و سپێدانی ئاشنا
ئێرە شوێنی ڕامانی ئەو شەیتانانەیە
کە ئەبەد نازانن هاوڕێیەتی
حەرف و خۆشەویستی
لەگەڵ ئەو پەریانەی دەبن بە کۆیلە، سازبدەن
ئێرە شوێنی ماچی ئەو لەحزانەیە
کە دایك و خێڵەکانمان لێیان بێبەشن
ئێرە شوێنی ئەو پەنجەو
خەندەو سالأوانەیە
کە پەریزادەکان ئێرەیی پێدەبەن

هاتمەوە

بە باڵی هەناسە و خەیاڵی بەرجەستەی

ماسییە بێشەرمەکان

هاتمەوە

بە بوێری ئەو تیشکانەی لەگەڵی ژیام

هاتمەوە و دەشگەڕێمەوە

دابڕانم ترسانە لەو درەختانەی

پیاسەیێ ڕامان و پێشهاتی تیا دەلەنگێنم

دابڕانم نقومبوونی فۆنیمە

لەو بەرپەڕانەی مەحەبەت

دابڕانم گەڕانە بەدوای بەدبەختی و

بەدبەختیشە بەدوای شیعر!

دابڕانم گەڕانە بەدوای

چێکردنی ئەو شەوانەی

بۆ ئاوەکان هەڵایسێنران.

لەناو جانتاکەتم نێو

بەرەو سندوقی پۆستی

ئەو دەوارانەی مناسا پۆڵێنمکە

بمکە زەمینێك لەو مەنفای پێخواسی و

مەستیی و

سەرسامییەدا

با منیش بە ورشە ورشی ئارامیی بێم و
لەو نیشتیمانانە دابگیرسێم
با ئەو بەفر و گوڵانەیش
فێری سەمای گوناح و پێخواسی و
سەرخۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆشی بن ..
با ئەو نامۆیانەیش
فێری راکشان لە پاکیزەیی و
ئاوەدانی بن..
ئەو ڕاقیاتیەم تەڵبەند دەکەم
با چیتر فیردەوس و خوناو و
پێدەشت نەیەنە ژووریٚ..
ئای کە من بە تەنیا بۆ تۆ و
ئەوانیتریش هاتم و تەواو..
چیتر ناتوانم
پێشوازی لە ڕەیحان و
ئەو نەمامانەیش بکەم
کە ڕیزبەندانن و داوای هاوەڵیم لێدەخوازن
ئای کە خۆم و تۆ و ئەوانیتریشم خۆشدەویٚ
گوناحی من نییە
چیتر ناتوانم
لەگەڵ ژاوە ژاوی ئەو بەشەریەتە هەڵبکەم.

که دنك دنكی باهۆز و
سەفەر سەفەری ڕوئیام بۆ بانگەشتە دەکەن
که من بۆ تۆ و ئەوانیتریش هاتم بمبورە
خەتای من نییە!
ئەی یەزدانی ڕەنگاوڕەنگی من:
چیتر ناتوانم، لەو لەشکری
ژەنەڕاڵانەی بەختەوەریی سەرگەڤاربم
من بە ژێردەستەیی ـ ئاو ـ و دێر و گۆشەگیری
نەرسیسێکیترم لە کەناری ئەو ڕووباری بەشەریەتە.
بمبورن گوناهی من نییە
که من بۆ هەمووتان هاتم و
جارێکیتر تەوا .

سیمفۆنیای ئەو مۆرفیمانەی لە ڕۆحت چرۆ دەکەن
دیالێکتی نزای دایکمن
لەو مەوسیمەی دڵیمن
لێرەش بە دووربیت: دەتهێنم و دەتکەم
بە ئەناناسێك و
بە سینەی خاچی یەکێ لە پەیکەرەکانی
ئەو کلێسە مۆمیاکراوانەی
تەك "ڕاین"ت دەسپێرم

ئااااااااه ئەو کۆترانە چۆن کۆترێکی داڵدەدەرن
نوێژی عەتر و باخوسیەتت
لەو مەنفایانەی خودا بۆ دەهێنن
تۆ بە "شتراسن بان"ەکانی کەڵواز و
ستێر و سەقەم و هەڵەمووت
رێگای "بانهۆف"ەکانی یەقینی و چاوەڕوانیت گرت
ئێستا منیش ئەو موسافیرە جێگیرانەم و
چاوەڕوانی هیجرانی ئەو تیشکە مونەزیرانەم
کە هەولێر جێدێڵن
هەولێر ئێستا کزە مۆمێکە
لە ژێر برووسکەی هەوری بولێڵ
هەولێر ئێستا مۆناتێك گلاسی کۆنیاکە
هەولێر ئێستا ژنێکە لە دایکم دەچێ
هەولێر ئێستا تۆیە تۆ
ئەی ئەو فەزانەی نێو باخچەکانی
ئەو پەلکەزێڕینەی زێرابەدا
من بۆ ئەوە نەهاتووم
لەگەڵ ئەو میوانانەی ئێستەتیکدا
فێری بزەی برژانگ و قاقای قامك و
پێکەنینی لێوەکانم بم
من بۆ تۆ و دۆژەن و مەرگ هاتم و جارێکیتر عاشقتم

ده لەو کەشکەڵانی ئەوینە ڕۆچوو
لە چڕییەتی ئەو مەجەڕانەیش
کە لەوبەر
ڕەونەقی وەفا و سەوزییەتی دەبەخشن
بەو دڕکبەند و کڵێسەبەند و شەوبەندەیش
تێرم هەڵنەمژی
داوای بوردن لەو کارمەندانە دەخوازم
من ڕەنگە پۆڵابەند و تاوێرڕێزانی ڕۆحمم لا مەزنبێ
ئای بۆ ئەو دەقیقانەی
کە خۆمم خۆشناوێ و
لەو جسرانەیش دەبمە خەلاٌتی ئەو نەهەنگانە
بەڵێ ئەو نەهەنگانەی
بۆ "نەینەوا"کانی یونس و دیجلە و حەدبام دەبەن
ئای کە من بەدەستی نامۆیی عەشق و ئەتاکێتەوە پڕووکاوم
من بۆ ئەو ئایندانەیش هەڵپڕووکاوم
کە سێبەرە سپییەکان لێی دوورە پەرێزن
ڤیراقە و ڤیراق.. ئەی ڤێلەیترین نمونە و تەلار
لەو جەنتای سەوزی و باغی مەرکانەدا
پسا تاڵ تاڵی ویساڵی نێوان
ئەو کەوە خۆشڕەوانەی ئەوڕۆ
لە پانتایی مەمکی مانگ و

کەناری کلکی تاووسە موفەکیرەکان
تەڕاتێنی نەبەزین
لەو مەراسیمی غوربەتە دەسازێنن.

ئەی غەریبیترین درەخت
لەو هەولێرانەی ئاتەش و دارستان و باڕێزەیەدا:
بێتۆیی کردمی بەو خامە رەنیوهێنەرانەی نێو
کارگەکانی ئیلهام و
مانگەشەویشی فێری بەرهەم و نەگیرسانکرد
بێتۆیی کردمی بە مەرگ و تەواو.
ئێستا لەو دووریەدا
قەڵات و هەولێرم کردە
لەپکەیەکی ئاسمانیی و لە سینگتم هەڵواسی.
سەرچنارم کردە کڵێسەیەك و
تێیدا زەماوەندی غروب بسازێنە.
بابەگوڕگوڕم کردە ئەزەلیەتی پشکۆی
جگەرەیەك ئەوین بە لالێوتەوە.
ئەو جسرانەی عەباسیش
بە دوو حەڵقە لەو ملوانکەی گەردەنت.
ئێستا تۆ ناوێزەیترین وڵاتی
لە تۆ نەبێ نەبێ ئەی گیانی من حەسانەوەم مەحاڵە.

**من چەند لەو ئاوێنەیەدا خۆشحاڵ و دۆشداماوم !؟**

**چەند لەو ئاوانەیش**

**کە شەڕی غەواس و نەهەنگەکانی تێدا ڕێکدەهێخسترێ**

**ئەی ئەو مەردومە سەیرانەی بۆ هەتایی**

**وەك ئەو پیرە مونعەزیل و تاقانەیە**

**فێری پێویستی ناپێویست دەبن :**

**ئێوە لەو باڵۆنانەی کۆتایی دەخوێنرێنەوە**

**کە دواتر بە گوللەی پیاوچاك و**

**مۆسیقای ڕۆحی ڕەبەنەکانی شەڕ**

**بە سینگ و مەمکی تەڤیندا هەڵدەگەڕێن**

**من هەڵزنان و ناشادیم پێدەوێ بۆ شیعر**

**من فەوتانم پێدەوێ بۆ خاتری**

**خوێندنەوەی نەخوێندراوەکانی خوێندەواری**

**من هیچم پێناوێ بۆ پێکی تەمەن**

**ڕۆخێکم هەڵبژارد جوانتر لەوەی**

**جریوەی مانگێکی ڕووت**

**لەبەر بارانی حەرفی دابڕانی ئەو خاڵانە**

**زەماوەندی غرور لەو مەغریبانە داگیرسێنێ**

**کەنارێك هەڵدەبژێرم**

**رۆمانسیتر لەو بەیاتریسانەی**

**بۆ ئەو چرستانە سوورەی من هێنران.**

ئاخ.. چۆن گۆشەیەکت لەوبەر
کەناری مەمکی تاووس و
لەو ئارانە گەورانەی گۆنای خۆریش بۆ دەهێنم؟
ئێستا منیش
لە گۆشەیەکی نووتەکی ڕۆخێکی "شام"دام
بۆ خاتری خوێناویترین کراس
ترۆپکێکم لە ئەشك دامەزراند
لە کەناری دوورترین گۆشەیەکی غوربەتدام
چیبکەم؟ کاژێرێکم لە زام خولقاند
ببوورن، گەر بڵێم: بێهودەم
چونکە ئێرەش هەر سەرزەمینە!
ئێمە لەسەر ڕاکشان و
ڕاکشان لەسەر باڵای
ئەو خوێن سپییانەی ڕقیان لێمانە
فەنابوونی مەرکان و خۆری حەقیقەتە ناحەقیقیەکانە

قەت هەنگوینییەتی
ئەو ڕەوە ئەسپە سپیانەی
غارغارانێی عەشق و مەعریفە
لەسەر دەریاکانی سەراب دەجەنگێنن
لێوارێکی ئەو خاڵانەی قامکی ڕۆحی من و

ئەو باڵۆنە بەرزەفڕانەی یادی من خاپور ناکا
قەت پڕشنگی
ئەو نەهەنگانەی فێری وازیی مەحەبەت بوون
سۆمای گەورەی گوڵ و
مەزناتی نازانمەکانی خود.. وێران ناکا
نەمدیت من هێندە لای شیعر گەورەبم
نەمدیت من هێندە
پەپوولە حەسودەکان لە لەپیانم بئالێنن
نەمدیت من هێندە
کۆترە کێویەکان شەڕی نەفس و ڕۆح و خودام بکەن
نەمدیت من هێندە.. نا نا نەمدیت
لەگەڵ تابووت و شلۆقە و زریان و مەرگ هاوەڵبم.
ئاخر ئەو چرۆی ڕووبار و تاڤگە و مەزندەیە
زۆر بەرزترە لەو عاقلانەی
ئەوینیان دۆزییەوە
زۆر بەرزترە
لەو بێئاوەزانەی ژیرن
زۆر بەرزترە لەو ژیرانەی مەدەنیەتیان هاورد
زۆر زۆر بەرزتریشە لەو وجودیانەی مولتەزیمن
ئەی ئێوەکانی وشکییەتی
چیتان پێیە بۆ وجود؟

ئێستا بەشەرییەت پێویستی بە شیعرە

منیش پێویستیم بە ئێوەیە

هۆ ئەو باخچانەی

تێیدا فێری شەڕی مەحەبەت بووم

هۆ ئەو گلێنانەی تێیدا فێری ڕەسمی سەلێب و

نۆتە پیرۆزەکانی دەنگی ئۆرشەلیم بووم

هۆ ئەو تاووسانەیش

لەناو قژەکانتانا

مەلەی پاکیزەییم دەفرۆشت

ئاخر من نەمدیوە.. نە

وەك ئەو پیرە مونعەزیلە

فێری پێویستیە ناپێویستەکان بین!

منی موتەشەڕید لەو کەرنەڤڵی فیردەوس و

یاقوت و زامەدا

منی خلیسکاو

لە حەشری ئەو ئینجلانەی ئاوەدانی

منی هەڵچوو

بۆ ئەو بانهۆفانەی

سەراب و

ڕامان و

عەبەس

سوپایێك چۆلەكەی هەڵلەرزیوی بەزیوم

لەو حەربی نەبەزینەدا

بارانێك گلاسی سامالٚ و سترانیش بۆ خەزان

ئاخ، بۆ ئەو ئێستایانەی

كە خۆشم نازانم چۆن فێربووم

باهۆزیترین زەمەنە

ئەو یوسفە غەریبەی نێو درەختان

یوسفیترین غەریبییە

هیجرانی زەمەن و

ئەو ئۆپەرێتی درەخت و باهۆزانەی

یوسف و درەخت و باهۆز

لەو زەمەنی تێهەڵدانە كۆ دەكاتەوە

ئاخ بۆ من و ئەو ئێستایانەی

كە خۆشم نازانم چۆن فێربووم

موسافیربم بە دوای خوێندنەوەی خۆم!

من نازانم چۆن خۆم لەو دولفینانە بخوێنمەوە

كە دواتر دەبن بە گۆڕستانیترین چڕییەتی و

بە دنیاترین دارستان

من ئێستا پێویستیم بەو وەلأمانە هەیە

كە ئەو سوكراتانەی ڕامان و وەستیان

ڕدێنە بەفراویەکانیان تێدا هەڵوەراند
من لە تۆ زێتر
ئەبەد خۆم لە قەرەی هیچ بارانێکی تر نادەم
ئەو پرسیارانە دەیان بارانی فێری مەرگ کرد
ئاخر من لە هەموو شتێ گوێم لە دەنگی جوانیتە
وا خولقام لە تۆش
ئەی ئەو زێرابانەی ئافات دبێژن
ئەورۆ جۆرێك لە جۆرەکانی ئێستەتیکت بۆ هێنام
ئەو بەردانەیش شێوازێك پەپوولەییان
لەبەر دەروازەی ماڵەکانی کانیاو و
ئەو ئاسکانەیش
غەڵبە غەڵبەڵیك لە غروبیان
لەسەر جێژوانی ـ ئاو ـ و بەفر و هێمنی ڕسکاند
چریکانی ناکامییەکانی منداڵیم مەسیح ڕفاندی
برووسکاندنی زامەکانی عومریش.. کۆتر
دەیلێمەوە:
ئەو ئێوارەی کە بۆ تۆ و خوا دەژیم
لە ڕەهێڵە و غرور و تۆڵە و ناکامیشدا جوانی دەبیستم
دەپرسم: ئەو باڵندە دەنووك ڕەشانە بۆ هێنران؟
بۆ ئێوەیش ئەو دوو زنجیرە
پچڕاوەی ئاوێتەبوون، بۆچی هەتایی نەژیان؟

مادەم ئەی ئاوێتەیترین
نوێژ و میحنەت و میحراب
بریا ئەو رەیحانە مەسیحییانە بووای
کە قەدەر و خواو ئێوەکان نایوەستێنێ
خارپرژێنی ئایندەمان بنووسەوە
بریا بە حەرف و گوڵ و
ناقوسی سپێدانی ئەو "عەینکاوا"نەی نکاراین تێیدا
زەمەن لە دیواری کڵێسەکان بکۆڵین
بمشۆریبایی و
فایلێك خۆڵم بە تەنەبوء بخواردبووایە.
کەوابێ من منداڵیترین گەورەییم
لەو ئاقاری گەردەلوولەیەدا
بەفرییەتی ئەستێرەی هەموو ئاسمان
بکشێتە نێو دەمارەکانی ڕەشییەتی پرچم
هەر بە چاوی منداڵیی لێم دەڕوانی
بۆیە من هەمدیس
گەورەیترین منداڵیم
لەو پەژستانی گێژەلووکەدا
تێنووم بۆتان.. زۆریش
تێنووی دەنگی چەمی فرمێسك و
دەنگی بالأی گوللە و

**تێنووی سیمفۆنیای ڕۆحی ئەو گەنجانەم**

**کە هێشتا لە کتێبی تەمەن**

**دەرسیان نەگەیشتۆتە بابەتی ژیان.**

**ئەی فەزانیترین سەحەر و سەحەریترین تاووس:**

**لە دوورەوە**

**لەو مەنفای پێشکەوتنی کەمفامی ڕۆحەدا**

**کۆنیاکیترین گیان، لەو خەراباتی بوونەدا**

**ئا مەبەستم ئەو گیانە مەرهونەیە کە دوێنێ**

**لەنێو لەپەکانت بەژنی بۆ گەورایەتیت داگیرساند**

**ئێستا ئاوازێکی سەوزی پڕ لە شانازییە لای تۆ**

**دە تووخوا**

**بۆ تۆڵە لەو باڵندانە و**

**دواتریش بۆ بانکەکانی یەقینی بنێرە**

**با دۆلاری عەشق ومالئاوایی و حەقیقەتت بۆ بێنن.**

**ئەو نایەتەوە یادی کە پەیمانی**

**لەگەڵ سەفەرێك لە روئیا مۆرکردبێ.**

**لەگەڵ ئەو قیبلانەیش کە دەواریان**

**لەو پێدەشتانەی جەنگ هەڵدابێ**

**ئەو ئەوێکە بۆ خۆی**

**بەڵام نازانم..**

**کەی لە قەلآتی سیمای زریان**

**بەرەو سینگ و مەمکی "باتە"کانی بەفر ڕێگادەگرێ..؟**

**کەی ئەو منارانەی شەویش**

**ڕووەو ئاسمانی بۆرەتار ڕێگادەبڕێ..؟**

**ئەو ئەوێکە بۆ خۆیی و تۆ و بەس.**

**سەحەران لەگەڵ کوڕێکی سیما تێکچڕژاوی یەزدانی**

**لەگەڵ مەلێکی سەراسیمە و مۆدێرنی خوا لێڕفێنراو**

**هەڵکوت هەڵکوتیانە و**

**دواتریش دەبنە چەپکێ سالآو و**

**لەنێو بزڕکاویترین مەرکاندا**

**بە قاقاوە دادەگیرسێن.**

**دواتر ڕادەمینێم**

**ئاخ غروری ئەو ماسییانە**

**چەند لە ڕووخساری حەقێکی شۆخ دەچێ..؟**

**کە ئەو بارانە لە ئەرشیفی تەوێڵی دایمەزرێنێ**

**هەڵکورمانی ئەو ئاسۆی تەماشایە**

**چۆن خۆراویترین حەقێکە..؟**

**کە ئەو دڵە دەرسی پێبفرۆشێ**

**فلوت و فیغانی سیما، دوو تیۆری گەورەن و**

**ئەو گوڵستانانەیش موننەزیر.**

منیش لەو دارستانە قەتیسماوانەی پێڵوەکانم
باڵندەیەکی بیستەر و
تاووسێکی جاهیل و
ڕووبارێکی وشکەبووی شەختەبەندم.
هێندەم پرسی:
لەو درەختە بەرزانەی ژیاری و
مەمکی ئەو گوڵانەی ڕۆمانسییەت
تا تەنزیراتی ئەو دوندە غرورەم بۆ ڕاڤەکەن
هێندەم پرسی لەو شەهێنانەی مەزناتی دەبەشنەوە
خۆپارێزی مولتەزیم بوون
لەبەردەم ئەو مامزە شووشەییانەی عەشقیان ناوە
لە غارغارانێی ئەو باخچانەی ئێستەتیك
دیوانێك بەرپەڕی سواخدراو
بە مۆرفیمە بێئاگاکانی نەست هاتە بوون و
سینتاکسی ڕستەی عاتیفەیان بۆ کردم.
تۆ ئەی سکڵاڵاویترین دەینونە:
ئەوە حیکایەتی ئەو پارکانەیە
کە حەزمە تێیدا پۆلاّبەندی
ڕۆح و تەماشا و زاتم
لەو لۆتۆی قەدەرە بۆ بچۆڕێنرێ.

**بشمرم قەرارە هەر دەبێ**

**ئێستا بێمە حزوری ڕامووسانی ئەو مەرقەدانە**

**مەلێکی خرخاڵ پایزیی لەوسەر**

**نزمە دەنگێك**

**دەخاتە نێو دووکەڵی ئەشکەوتی ئەو دەرکراوە**

**ئەویش ئاژاشکەیێ**

**دەکاتە زینو**

**دەیهاوێتە نێو جەستەی ئەو دەغرانەی**

**کە پرسیاری باڵندەکانیان کرد**

**دووریت مەرگی سەحەرانم و**

**سەقەمی ئێوارانمە**

**کوشتمی.. ئەشکی ئەو دێرانەیش کە فێری**

**ئەشکیان کردم**

**چاوەڕێبە**

**ئەوشەو درەنگانێ**

**تاڵی مووی باسکم پەڕەمووچەیە و**

**ئەو درەختانەیش پلیکانەیەك ویساڵ**

**چاوەڕێبە**

**ئەوشەو درەنگانێ**

**بەنێو موولوولەی گۆپکەی مەمکی**

**حەرفە هەناسە سوارەکان و**

دەنگە دەنگی چوارپەلەی ڕەوە ماینەژنی دێرەکان
لەگەڵ دەریا
یەکتر لە ئامێز دەکەین و
ڕەهێڵەیەك ڕۆندك و بەینەتت بۆ پۆست دەکەین.
هاوارێك وەڵام و جریوەیەك ژیانیش
یەك ئیمپراتۆریەت کەشتی وەفا و
دوو خەیاڵستان ئەڵماسیش.

ئەو جارەیش
زڕەیەك زەنگی پیاڵە مرواریيەکانی
کۆنفرانسێکم بیست
چی خاری تێهەڵدراوی کەون هەبوو
تێیدا ماڵئاواییان لە عەبەس کرد
کۆمبونێکم بیست
چی بێتۆیی هەبوو
سەفەری بە ئەندامبوونیان کردە بڕیار
ئەو ئێوارەی دادێ
دێن و سکاڵای وجودی منیان پێیە
ئەو ئێوارەی دادێ
دێن و فەرقانیان بۆ کەوتنی برژانگی من پێیە
ئەو ئێوارەی دادێ

دێن و

نۆبلێترین حەرفیان

بۆحیکایەتی باڵای فیردەوس پێیە

ئەو ئێوارەی دادێ

دێن و قەراری مەرگی منیان پێیە

گوڵێك هات و

بازێکیش لەگەڵ هیجرانی بەستن جووتبوو

قەقنەسێك لە پشکۆی جێمانا گڕ نایگرێ و

ـ ئاو ـ لە خنکانا تەڕییەتی نایورژێنێ و

کۆترێك لە ملوانکەی کۆترێکی دیکە ڕادەمینێ و

پارچەیەك فرمێسکیش دەبێ بە بەرد

منیش دەبم بە سەفەر

لەگەڵ ئەو چۆڵەکانەی ڕقیان لێمە

ڕووەو ئۆرشەلیمەکانی شەو

عاشقتانم ئەی ئەو بێزاریانەی سبەی

لە دەستنووسەکانی زەریا ناسم دەکەن

بۆچی دەبێ عەشق دەسگیرانی

ئەو گوڵە بارگرژانە بێ

کە ئازیزان هەڕەتەی دواکەوتوویی مەدەنیەت دەکەن؟

لەو لاڕێی نەفامیە چاوم کەوت
بەو ژیارییەی نیوەی نەمامی ڕۆحمی خنکاند
دوێنێ لەگەڵ بڕۆنزییەتدا
بە ئاوەدانی کەوتمە ڕێ
من کۆتەڵێك بووم
لە مەزاهیب و
بە گۆچانی ئایدۆلۆژیا
ئەو توولەڕێیەی نەستم دەخواردەوە
دەشێ من بارگەم ڕووەو نێو دارستانی
ئەو ژمارانە تێکنێم؟
دەشێ من ئاوێزانی پژووپۆی
ئەو سارایانەی سفربم و
هەنگاوەکانم ڕووەو وەستاندنی زەمەن دەسپێکەم؟
بۆ ناشێ.. ئەی سەوزترین پەناهەندەی چاوەڕێ و
تاووسی برژانگ شۆڕەبی:
من و تۆ و زەریا هاوزەمەن بین
من و تۆ و زەمەنیش هاوقەدەر بین
من و تۆ و قەدەریش هاومەرگ بین..؟
سکاڵای مانگی قەترانیی گلێنەکانت
بە ئەبرۆی کام دوندێك هەڵدەواسی..؟
تەنکایی بینینت دەفرۆشیتە قوڕگی کام لێو؟

**لۆکەی قژت دەخەیتە نێو مۆمی لەپی کامە ڕەوەز؟**

**بۆکوێت ڕاپێچ دەکەن..؟**

**بەشەرییەت بەربەستە..**

**منیش ئەو زنجیرە موقەدەرەم**

**کە خوا بۆ تۆی ناردم و بەس.**

**تۆیش ئەو شیعرە بێدوماهییەی**

**کە ئەو بێهودانە هەمدەم مەرجانی تێدا دەلەنگێنن.**

**دنك دنك دنك ئەبەدییەتت**

**لە قەراغی جۆگەی ئەو برژانگانەم داگیرساند**

**دنك دنك دنك هاژەت بۆ**

**لە ژێر مزگێنیەکانی مەحەببەتدا کۆکردمەوە .**

**دنك دنك دنك ئاژێری بێزاریش**

**لە سینگی ئەو ناقوسانەی پچڕان.**

**ئاخ گەڕانەوە بۆ تۆ**

**چزوو کردمیە چرۆ و**

**لەو پایزەی داهاتووش**

**لە بێتۆیی کردمییە پایزێکی هەڵوەریو.**

موشتاقم .... زۆریش

فێرمکە لە سارای بێتۆییدا نەخنکێم

سبەی حسمکرد، نەخشەییێکم کەس نەیبیستووم

هەستمکرد وەك ئێستا

زەمەن بوو بە وجودێك لە عەدەم

من بووم بە ئاوازێك تاریکیی

ڕووەو قوڕگی کلارنێتی ئافات

شیکاری ئەو ساتانە چین

کە خۆم و کەون دادەبەزینە ژێر ژمارەی سفر؟

شیکاری ئەو ساتانە چین

کە شەوبۆکان

جانتایێ خوناوی باڕووت و

فڕۆکەیێ بۆنی باڕووت و

فڕۆکەخانەیەك جوانییەکانی تەمتومانی باڕووت

دەکەنە بەیداخی گلێنەی ناخ و

لەسەر ترۆپکی لێوەکانمی پەرش دەکەن؟

**ئەی ئەو**

**چەقی گەردوونە**

**ها ئێستا**

**لێرەش دەڕۆم**

**لەگەڵ تەنیایی، غەمبارانی**

**ویساڵ دەکەم.. / هـــا ئێســتا**

**لێرەش دەڕۆم و / دەرسی نەهاتنەوەیەکی**

**ئەبەدیم بۆ بلێوە.. / چۆن سەریحێکم ....؟**

**ئەوەی گوتم: پارچەیەکی لەو ویژدانەم هێنایەوە**

**ئا بەڵی ، لەو ویژدانانەی کە بەرەو ئەو**

**ئەو مەلەکەتانەی کەلاوەو ترس**

**ملی ڕێیان گرت.**

**من هەموو فەزام**

**لەسەر بلۆکی ترس و**

**زەمینی ترس و**

**حیکایەتی ترس بنیات نا.**

**ئەی خۆمیترین خۆم:**

**من چیت بۆ بلێم؟**

**ئەی پێتم نەبێژی**

**ئەوەی کردم**

**فێڵ و گەمە و حەقیقەتە لەگەڵ زات**

**ئەوەی لە پێناوت دەبێ بە دێر**

**چەواشەکردنی خۆمە**

**ئەوەی بە هەر شێوەزارێك دەیڵێم**

**خیانەتە**

**ئەوەش کە دەیکەم کوفرە.**

هەمدیس

بۆ جـــاری

هەزار و نۆسەد و

حەفتا و شەشەمین جار

چـێـــژبـارانــی ویــسالـّم کە

خۆشمدەوێی و خۆشمدەوێی و خۆشمدەوێی

ئەوشەو ڕێگابگرە و پرسیاری پەنجەکانم

لە دەریا و دارستان و گەڵای وەریوی

ساتەکانم بسێنە

ئافات لێدە:

موشتاقم و

مـــوشتاقــم و

مـــوشـتاقـــــم و

فرمێسکەکانت بە "ڕاین"بسپێرە

پەلکەزێڕینەی ئەو مێوە زەردهەڵگەڕاوانەی فیکر

لەناو گلاّسێکی ئاویی قایمکە و

کانییێك شەرابی وەرینم

بەسەردا بپرژێنە.

بۆ تاهەتایش ئەدرێسی ڕۆحم

لای ئەو پەریزادانە دەست دەکەوێ

کە گەززەی لەززەتیان بەخشیە ئەو لێوە لەتوپەتەم.

بێزارم .. زۆۆۆریش

وەك ئەو مەرجانانەی لە بێزاریـــدا بوون بە ئۆزۆ

بێزارم .. زۆۆۆریش

وەك ناوقەدی زێڕینی ئەو گەڵایانەی

لە بێزاریدا بوون بە ئاسكێك تلیـــاك

بێـزارم و بێــزارم و بـێـزارم و بـــێزارم و

ئەی ئەو ئاسكە شووشەییەی تا ئەو ڕۆژە

فێری گەورەیی عەشقت نەكردم.

ئێستا لە نێو بەژنی ئەو درەختە بەرزانەی ئاوێتە

ئێستا لەناو گەردەنی ئەو پەلكە بەفرانەی جێژوان

میـــلیــشیای غـــوربــەت

دەستی خستۆتە نێو پەنجەكانی ئەو

زریپۆشە زریزەییانەی جودایی

لەگەڵ ئەو لەشكری ژینەژان و

تەنهایی و ترسەیشدا

بەو مەغریبە ڕەوتی كەنار

زەریایانگرتوە و

ئەو ئێوارەیەش كە دادێ ..

دێن و تەمایان وایە

شارۆچكەی بیلبیلە بكەن بە كاروانسەرا

تەپ و تۆز و گەردەلوولی ژێر پێی

ئەو ئەسپە سپیانەی گوزارشت

لە نێو ئەو تونێلاّنەی ـ با ـ م هەڵدەخەن و

ڕاپێچی تەنیایترین بێتۆییم دەکەن

کە زایەڵە لێوی ڕۆشنایی شەوەزەنگی برد و

پەنجەکانی بەفری ڕفاند

بۆ شیعر و ئێستەتیك نییە

بڵێن: بەرەو

کوێ ؟

کە هەڵمەتی هەڵۆینی گوڵ و ئاسك و سپێدە و

کەنار شەراب.. کەوتنەڕێ و..

لە مەخەری زەمەنە شەکەتەکانیان لادا

وشەکان بۆیان نییە بڵێن:

بەرەو کوێ..؟

کە هەولێریش بارگەی خستە سەر سینگی

کەحێڵی زریان

ئەشکی سوڵتانانەی دایکم ناڵێ: بەرەو کوێ.

پەیامی من ئافەریدەکردنی درێغایە

لە هەناری ئێستەتیك

پەیامی من بونیادی گوڵدانە لە ئاتەشگای بێتۆیی.

بمبورن، پەیامی من ئافــەریدەکردنی ئێستەتیکــە
لە هەناری بێتۆیی / پەیامی من بەشیـــنــەوەی
لێشاو لێشاوی عاتیفە و / جەحیم جەحیمی
زریانە بۆ خۆم / پەیامی من قیامەت
قیامەت و حەشربارانی خۆمە
ئێستا ڕابووم / پرسیاری
چاوە فەوتاوەکانم
فرۆشتە شەو.
شەو
خستمیە نێو مەمکی ئەو بێتەلاّنە و ڕاپێچی قەراغ
چۆڵەوانی کردم / سارا هات و تەنـــهــایی گــۆتەوە
داری
شەکران هات و
موحازەری بێکەسی
کردە ئاژێر / خوا هات و
حیکایەتی غوربەت و ترازان و
مەرگی بێژی / تەنــهــام لەو ڕەوە
ڕۆندکانەی خودی خۆشـــم تـــــەنهاتر
نەزیفم لە بەڕەلاّکردنی پــێشەنگی گوڵ و
لە ڕاوەدووی شەو .. نەزیفتر لە حاڵەتی خەلاّتدان

نـەزیـفتر لـە پـەیـمانی نێو تارمایی حاڵەتی دابڕان
دە ئێـــوەش هەڵـــوەرن وەك هەڵوەرینی قژی ئــەو
مـونـحـەریفــە
دە ئـــێـــوەش
با مێـــوانـــی
ئەو هێوریە سامدارە بن و
مــالــّتــان ئاوا.. / ســەرزەمــین
مانی ماسك و مەرگ و زامی گرتە ژێر باڵ
سەرزەمین قولابی دەرەز و قــڵــیــشانی خستە
گەرووی ئاوەزەکانی ئاسمانی باڵندەکانــی پێدەژیا
سەرزەمین خوناوێك بوو سەد و دە رۆژە ڕێك
ڕەشەبا وازی و دیلان لەگەڵ پەڕەمووچەی
کلکی تاووسینی بە توڕەیی دەنووسێتەوە
سەرزەمین.. زەخرەفەیەك بوو
سەد و دە رۆژە
ڕێـــــــــك
بــە شـــــەست
مـــــەتــــری
ڕووەو ئاوەسو ڕشتە دەخوێنێتەوە / سەرزەمین
سەد و دە رۆژە ڕێك، دەبـــا روخـــــاویترین بێ.

**من**

**لەوێ**

**لە نێــو**

**حــەرفــە**

**جێ لەقبووەکانی**

**زەمەنێکی دابەزیو هاتم و**

**گوتم: بەڵکو ئەو دەستکێــشەی**

**باوبۆران دادەکەنم./ گوتم: بەڵکو**

**خۆڵ و ئاو و تەنهایم لە قــاوغی سیما**

**لوولدراوەکانی ئەبەدیەتی عەدەم دەئاخنم**

**مــن لەوێ لەنــێو ئــەو کاســێتە هەڵکراوانەی تارمایی و**

**قووڵایی برینەوە هاتم / گوتم: بەڵکو مامزی کوێستانی**

**لە بێکەنارەکان بەرەو لێوارێکی لە سیحرەوە هات و بە کێش**

**دەکەم .**

**من لەوێ لە ئەوین و پڕووکانەوە هاتم و گوتم:**

**بەڵکو ئەو ڕێگایە دەبڕێتەوە**

**کە بڕانەوەی مەحاڵە.**

چووم

له پەنجەرەکانی پەیڤ و

له ئەشکەوتە مۆدێرنەکانی گولاڵە

نەختێ ڕۆژنامەی سکوت و کامەرانی

لەو جەنجاڵیەدا بخوێنمەوە

شێفی له دۆژەن و تەوێڵ تێکچڕژاو هات و وەدەری نام

ئەگەر بلوێ ئێستایش دەچم

بەسە ئیتر

نەختێ کتێبی سووتان

لەو تەیرە باڵ و قژ وەریوە ڕەنگاوڕەنگانە

وەردەگرم و

هەر لەوێش

لەسەر سککەی ژێر پردەکانی خوا دەیخوێنمەوە

چارەنووسە و دەبێ سەفەر بکەم

چونکە شەوێنی ئەو بۆرەتارە

ژوانم لەگەڵ دەیانە و

لێزمە لێزمی شەپۆلی غوربەت و

گەواڵ گەواڵی پرسیارەکانی ئادەم هەیە..

دە تۆش ئەی قەشەنگیترین جوانەماینی بێپەرە:
ڕەوکە.. بە نێو گەردوگۆڵی ئەو خەزێمانە
بەنێو تەمتومانی سپێدانی ئەوروپا و
لێلاٚتی ئەو مەغریبانەی ئاتەش
ڕەوکە و ببە هانا .. ئەی تۆی مونەزیر
لاڕێی شەختەبەندی "ئاوتۆبان"ی لێوەکانت چراخانێکە
جلدێکی لە سیحر و
جگەرەیەکیشی لە فەنتازیا هەڵکێشاوە
تەبایی ناتەباییەکانی ئەو بۆرەتارانەی
نەغمەی کەمانی حوزن و
تەڵی هەناسەی فلوتێکی فیکر و
باخچەکانی پیاسە و ڕامانمە
کۆکیی ئەو ناکۆکیانەی
تیشکەکانی چوونەتە سەر
بیابانی لماوی پەنجەکانم
خۆیان لە خۆیاندا
لای چەپی کۆترە سینگ وەریوەکانی سیمامن
خۆیان لە خۆیاندا
ناوەندی کتێبی غروری عاتیفە منن
خۆیان لە خۆیاندا
لای ڕاستی ئێوارانی دەریاکانی دەریای تەبایمن.

ئەو شەوەی دادێ

لە خەوما باخچەیێك هێوریم خستە

نێو کەزی ئاوەزەکانی

کە دواتر بوون بە پەڕ و باڵی عاتیفە

دوێنێ لە خەوما

گەلاْ گەلاْی

کوڵمی فەلەك هات و

بوو بە پەناهەندە و

لە وڵاتی پرچم لجوئی خواست.

پێرێ لە خەوما

هەڵۆییێکی مونحەریف هات و

حەفتا و شەش سەبەتەی

لە قژی سەرح و گوڵ و بزە و

تەئەمول بۆ هێنام.

ئەوێڕۆژێ لە خەوما

ئیرەمێك هات و ئیدیۆمێك هیجرانی بۆهێنام

ئێستا و ئێستەیش لە خەوما

سروودێك هات و

تۆ هاتی و

من هاتم و

باڵندەیەکیش بۆ دەمی فەنا.

پەشیمان نیم
جانتاکەم خستە سەر کۆڵی حەزارەت و بڕیارمدا
دوای ئەو خەونە
خۆم و سەفەرەکانی ئۆرشەلیم
بەڕێکەوین و
سەرێك لە ئۆرشەلیمی سەفەرەکان بدەین.
ئێوە ئەی سەفەریترین ئۆرشەلیم
من گوناحبار نیم
لەوەی دوێنێ
دوێنێ من بۆ ئێوە
لەو دەریای "هێرفۆردەرە"
دەستنوێژی ئەو مەلەیە ئەنتیکەم هەڵوەشاندەوە.
ئێوەش وەکو یەکێك لە ئارمەکان
بە یەخەمەوە نووساون
ئەی سەفەرەکانی ئۆرشەلیم..
ئێستا خۆمم لە کۆڵە و بەڕێکەوتم
بمبورە ڕۆحی خۆم
لە بێتۆییدا گەڕامەوە
ئێستا مەودای نێوانمان ئێوارەیەکە
پڕ لە ئینزارەکانی حەربی چاخی منداڵیم.

دووری لێم ........

هێندەی دووریی نێوان تاریکیی تۆفان و

ڕووناکی دەمارەکانی ڕۆحی پەڕەسێلکەیەك.

دوور

دووریش بی

قــەیـنا / عـەتـری

گـــەردەنت

لای قژ و

مـــەمکی

ئەو ڕەوە

ماینە ڕووتانە

دەستدەکەوێ کە ئەو شەو دەچنە ژێر زریان ..............

دوور دووور دوووور دووووووریش بی قەینا ..............

ئەدرێسی ئەبەنووسیی قژت لای کلکی ئەو ..............

تاووسانە دەستدەکەوێ کە ئەو شەو..............

بە ئارامی دەچنە ژێر تۆفان............

دووری لێم دوور ............

ئەو شەو ئەوروپا بوو بە پەرجوو.
دووری لێم دوور دوور..
ئەو شەو ئەوروپا بوو بە شیعر
دووری لێم دوور دوور دوور
ئەو شەو ئەوروپا خەزانگرتی
دووری لێم دوور دوور دوور دوور
ئەو شەو دەبا بڕوخێ مۆدێرنیەت.

مەراسیمێك ترازان و ئاوەزم لە دیدگای
جێمانەوە خوێندەوە
ژیانم خستە نێو لەپی بارانێك و
لە وردترین شانەكانی رامام.

تۆ

ئەی خۆم:

ناوێرم خـۆم

له قەراغی خۆم بدەم

ئەو پەرێشانیەشم با هەر

له بازنەی ڕۆحی خۆم گرێبدەم

لەو زامانەیش بێزارم، لەبەر تۆ نا  ئەی خۆم

قەت ناوێرم خۆم له قەرەی دەریاچەکانی خۆم بدەم و

پارچە زەمینێکی پاییزیش له پایزدا بژیێنم

ئەو ئێستایانە بە قژی پشکۆ

هەڵزنـــام و

تا تێربووم

له شەرابی

کـــفـــن و

دێری عاتیفه و

له کتێبی قیامەتم کێشا.

تاعون هات و
لەو ئێوارە بزڕکاوانەی نێو موولوولەکانی ئاوەز
بۆتە شیرازەی بەردینی
ئەو مێرووولانەی بیری سەفا دەکەنەوە.
کەژی ویژدان و
عەقڵ و
فرمێسك و
بەفریەتیم دارما..

هەوەس دێ و کۆترەکانم ڕاودەنێ
شەهوەت دێ و گۆرانییەکانی
خۆکوشتن دەچڕێ
مەرگ دێ و
هەوەس
دەبەخشێ ..
فەنا دێ و مەدالیای
خلود دەکاتە ملی شەهیدێکی ئیرۆتیك
پەپوولە دێ و دەبێتە ئەو سێوە سوورانەی
کە هەستەکان لە بازن و ستێری
سەر سینگ و مەمکی کابووسەکانی
هەزار ساڵەی وڵاتم دەئاخنی

ئەوەتانێ ڕەنگاڵەی ئەشکم پڕووکا
سەیرکە ئەو باڵدارانەیش تیژڕەو تیژڕەو
بە نێو مانگەکانی فەنا و غوربەت و نەست تێپەڕ دەبن.
چیدەکەین لەو شەوانەی کە ئێمەی جێهێشت و
خۆشیکرد
بە ئەسپێکی عاشق بۆ باوبۆران؟
چیدەکەین لەوکۆترانەی سەفەر
کە ئێستا بوون بە بورکان؟
تێهەڵدراین تا تاجی قژمان
بوو بە ئاژن و دڕك و زام.. تێهەڵدراین.
تێهەڵدراین
تا هەموو گلاَسەکانی ڕووناکی خاڵیبوون
تێهەڵدراین.
بێبەشبووم
لە ڕامانی گۆڕستانە فیردەوساوییەکان و
لە هەموو گوڵستانەکانی جەنگ و جێژوان و
لە پیاسەی سەر هەموو شەقامەکانی
خودی خۆشم بێبەش بووم

ئەی خـــودا مــــن چـــەند بێبەش بووم؟
زۆر بێبەش بووم زۆر زۆر زۆر بێبـــــەش
زۆر بێبەشبووم
ئەی ئێوەکانــی
گەردەلوول و خەرەند و لم
من لە بێبەشیا / ئەشکەنجەیترین
سێوێکی چەلاکم و بەس
بۆ خۆم خانەقایێکم لە گەلیی
خـــود هـێــنـایــە وجود
دابەزیم و ساپساپانێی کەنارگیری
بە قامکەکانم وەردەسوڕێنم
قژی سووری خەڵوەتبازە
مەشروبخۆرەکانی بەدەنت
وەبەر پەلـــکە گـــــڕی
سەهۆڵبەندانی تەنهایــم
دەدەم ... دەستی لەرزۆکی پێڵوەکانیش بە تـیـشکی
ئاڵتوناوی گزنگانی شۆڕش و مزگەوتە سپیەکـــــان
دەسپێرمەوە.

ڕەنوو بە دەم                    باڵای قەڵبەزەوە

بەڕێکەوتن و/غوربەتێک        نـەیگوت مــــەرحـــەبا

میـدیاییـێك گلاّسی "نەخلە" بە ورشــە ورشــی هـەناسەی

خوناو، خۆی نمایشدا و سەحەرێك پڕ بە چاوانی نەیگوت

مەرحەبا / ڕێچکە ڕێچکەی بێتۆیش لەگەڵ نەسیمی

ئــەو مـەوسیــمــە ڕاکــە ڕاکــە ڕێــگایــنگرت

بۆیە ئاباد قەت و قەت نەیگوت : مەرحەبا

چــریـکـەیـەکم بیست دەیـنـاڵانـد

ئەوین هەنگاوێکە بەرەو

سڕانەوە و سەراب.

فیراق

سەفەرێکە بەرەو فەنا .. کۆچ سروودێکە ڕووەو مـــــەرگ
سـەفــەر کۆڵێك خیــانەتە .. کاتێك دەفتەری تەوێڵم
ئــاوەڵاکـــرد و نیشانی چاوە مەراقاوییەکانی ئاژێـــرمدا
لێی هەڵکۆڵرابوو : تۆ ئەو پەرژینە موقەدەرەی کـە بــۆ
گەڕەکی حەرف و شاری دێرە قورسەکان و نـیـشـتـیـمانی
کارێ هاتیی و ماڵت ئاوا.

گەڕام و قامکم بخەمە ژێر باڵی پارچە خۆڵێ

لەو حەشاماتی سەرزەمینە

لەپی پێچرا کردی بە هەنگامە

زەردیەتی گیانی ئەو کەرنەڤاڵی کلارنێتانەیش

بە یەك دەنگ وتیان : نەء

**مه**

**زراكان**

**سینگیان**

**هەڵزڕاند و**

**ڕەقسیان بۆ**

**ژینەژانی ئەو**

**قەسری "خاروان" و**

**چڕستانەیش**

**داگیرساند.**

**كە سەرم بۆ مەنزڵگای**

**پێیە شەكەتەكانم**

**دابەزاند .. بینیم**

**سەرزەمین پارچەیەكە**

**لە زریان و تەزین.**

**جەنازەم خرایە سەر**

**دارەبازەی دەنووكی ئەو پاساریانەی پێغەمبەرن.....**

**ئاه.. چەند بەختەوەرم؟ ئێوە ئەی جەننەتیەكانی ڕۆحم بۆ ناشادن؟ ئەوەتانێ دایكم لەو ئۆرشەلیمانە چاوەڕێیە.... كفنی لە زەیتون و خۆڵی لە چرۆ و وەلامی لە بەفر و كێڵی لە خلود و مۆمیای لە شیعرو ئەلحەدیشی لە ئێستەتیك بۆ داناوم.**

ئەوەیان مەراسیمی کۆچی ئەبەدیمە

فلوت داگیرسێنن

ئەی ئێوەکانی جەننەت بۆچی هێندە ناشادن؟

بمبورن کە دەڵێم: ماڵئاوا

بەڵام چیبکەم ؟ بڕیارە و هەر دەبێ بڕۆم

چونکە ئەو شەوە ژوانــم لەگەڵ بەیاتریس و ڤەرجیل و

مەسیح لە حزوری خــودا دایە .. خــۆمان و نــمە نمەی

مەحەببەتی قەتیسماوی لێوەکانمان چووین و بڕیارماندا

فــیــراق پڕۆتۆکۆڵێــکە لەگەڵ شێنەیی مەرگێکـــی

بە عەزاب.. ئاهههە جــیــّهـێشتنی جەســەد

چەنــد رەهـــایە..! ئــێـوارەیەکە درەنگ

من لەبەر دەرگای ئەو کڵێسانەدا لەگەڵ

دوو ئەسپی قــژ بڕاوی پشت کوتراو

تابلۆی شەپۆلی ڕماو و تارمـــایی

سینە / تابوت لە پێشکەوتندا

لەسەر ئەو مـــەرمـــەڕە

ئاوێنەییانەی درۆ و حەقیقەت و شە و

بێدەنگی و خۆکوشتن و دەمی پچڕان هەڵدەکۆڵم

نیوڕانەیەك دێ درەنگ من لەناو ئاپۆرەی باژێڕە

رەنگاوڕەنگەکانی ئەورووپا دەسڕێ ڕادەخەم و یەك هەیف

بۆ دەرۆزەی دیدار کەمانی یاد دەشەکێنمەوە..
سپێـــدەییێکیش دێ
زوو زوو من دەستدەکەم بە بڕینی "کۆنتۆ"کانی
بەشەریــــــەت و
گلێنەکانی هەولێری پێڕادەکێشم
ئاخر چیبکەم..؟
ئێســـتا من و شیعر و گوڵخەندەرانی بژۆڵ وەریو
ڕێدەگرین و دەڕۆین
تا لەو کەناری بەحری خەندەقەی بۆ خۆم
بانگەشتەی شینایی ئاسمان دەکەین و تا تێر دەخۆینەوە
ڕیشەی بەدبەختی خۆمان تێهەڵدەدەین.

تا تێر دەبـــیـــن

لە خاچە لوولدراوەکانی

نـــەسیـــم هەڵدەلـــووشین

ئاە .. من پەڕەسێلکەیەکی

چەند بێدەمـــــاغ و

کونزەینم لە

ئیرۆتیك

ئاە، من پەپوولە و باخچەیەکی چەند جێماو و ڕەجعیم

لە ئەڤین ... ؟ ئاە من خۆشم نازانم چەند موحیبم بۆ

باڵندە و بۆ سەفەر و بۆ مەرگ؟ ئاخر چۆن ڕاوەدووی

ئەو وشانەیش نەنێم کە ئەلف و بێی تارماییان فێری

خوداوەندە دوورەکانی دورگەی ـ با ـ و مەڵبەندە

خولگەییەکانی نزماتی کرد ... ؟ ئەی تارماییە

جوانەکانی وجود لە بۆ تێمناگەن .. ها ..؟

ئەو ئێوارە قژ خاوە دووجار تەمەننا

لەگەڵ سیمام هاتە دوان

جارێك تەمەنناى ڕیزبەندانی

ئەو کەوە سیاسیانەی ویستیان

بە جگەرلاەی لالێو و

دەربەدەری حەسرەت

نەسیماویترین پێوەندی عەشق ئیدعا بکەن

جارێکیتریش تەمەنناى ئەو تاریکیانەی
بۆ تەمەننا هاتن
سەفەر ناکەن باڵی ئەو کابوسانەی
کە خودا
بە عەکسی چاوەکانی ئیزابیلی هێنان
ئەی چاوی تارماییە جوانەکان:
بۆ تێمناگەن؟
دە بەیارمەتی ئەو شەوە وەکو ئادەم
شۆڕبنەوە
ڕووەو سەفەر
ڕووەو ئاو
بەرەو سەراب
بۆ دواین جاریش بەرەو نێو دەروازەی
پرچی هەورە ڕووکەشەکانی
سینگی یەزدان.
بەڵێ.. ئەی فرمێسکە باڵسوتاوەکانی
هەڵۆی ئیحساس..
بەڵێ ئەوەتانێ چڕنووکم خستۆتە
مەمکی قەدەر و
نمایشی
ئایندەی لێدەڕفێنم.

به پەیژەی لێوەکانی سیحر و
دڵەکانی ئەفسوون
لە زیندەخەوی نێو بەزمگای دەوەن و بەفر
پرسیارێك هات و بوو بە پرسیاری
زەمینە فەوتاوەکانی دوێنێی ئاوێزان و
پرسیاری ئاڵقە سوتاوەکانی نوێژی عەدەم و
پرسیاری بە چەرخبوونی تەمەن و
فەوتان لە مەراق
بوو بە پرسیاری ئێستا
ئێستای ناکاو
لە گەیشتن بە وێستگەی مەلەفەکانی تەوێڵ.
لە بەنێچیربوونی تنۆك تنۆکی
ئەستێرە بەدبەختەکانی دوسبەی
لە بە کەنداوبوونی دڵۆپە دەستکردەکانی مەریەم
لە بە هەڤاڵبوونی خیانەت و زەمزەم
ئۆۆۆه یەزدانی خۆم:
تۆ بۆچ ئەو دەڤەرە ناناسی
کە ڕەیحانی ڕەش و چرۆی ڕەش و
فرمێسکی ڕەشی تێدا گەش گەش دەگەشێتەوە؟
ئا تۆ.. زۆرم لا سەیرە
کە دەڵێی من ئەو نیشتیمانە هەناراوییە ناناسم

که خاچ تێیدا گوڵ پەروەردە دەکا و
ئەفسوونیش تێیدا خەزان..!
ئا.. بەڕاست
سەفەر ناکەی لەگەڵم بۆ ئەو زەمینەی
کە ئیمارات ئیماراتی درەختە سەوزەکان و
حکومەت حکومەتی بەهارەکانیان
لەبەر ڕەهێڵەی داڵان نغرۆ دەبن و
پرتەقاڵی نارنجی نارنجی بریقەداری شادمانی
بنێس دەکەن..
دە بە ناسکی بمسوتێنە و لەگەڵم وەرە
بۆ ئەو بەهەشتەی شەڕ و خیانەت تێیدا سوڵتانن
دەی لەگەڵم وەرە
بۆ نێو زیخی ئەو زێیانەی
مرواری پێناسیان
بە دووکەڵی هەناسەی
ئەو بەتریقانەی دڵمیان دایە بەر حەپەی سەگ و
دەوی دۆڵێك تەواو ژاکا..
ئێستا هێزی گوزارشت و
حوکمی شەپۆلی زەریای ناڵین تەواو ژاکا.
پەرژینی تابلۆی تیمار ژاکا
سێوی سووری حەوشەی جەسەد و

لیمۆی ترشی ماڵە هێمنەکانی چاوت ژاکا..

ئـــا.. خۆمان و خۆرهەڵاتیش

باشە پێم ناڵێی کام ئاشنا نایەتە گۆڕان؟

من بۆ ئەوە موسافیربووم

صەڵیبێ بخەمە باسکی ڕاست و

بازنێ ئاوەز لە دەستی چەپ و

ئێوارانیش دەگەڵ حۆری و مەرجانان پێکڕا

گەشتێك بۆ نێو بەلەدە سەوزەکانی

دێران بخوێنمەوە

من بۆ ئەوە موهاجیر بووم

حەڵقەیێ بخەمە گوێ و دەگەڵ

سیناریۆی ئاوازداری سواڵکاران

نەختێ ڕۆنیشین و هێدی هێدی

فەل و حەشیشی ڕامان

بۆ تەخەییولی سەحەرێکی فیردەوس

هەڵمژین

ئاهـ

حەسرەتی دوور و درێژی سیەکانم

ڕۆژ هەلأت فێرنەبوو

بەرد بخاتە دەستی تارمایو

خوازبێنی ئاسۆ و تریفە و شەراب بکا

ئاهـ بورکان: هۆزاکی کانگای ئارامیم

گەردوون و جیهان و ڕۆژهەڵات

نیشتیمان و هەولێر و شۆڕش

ماڵمان و دایکم و

دواتریش خۆم

فێرنەبووین تەڵاق بفرۆشینە دووڕویی

زەمەن و

شاڵاوی ڕەشەبا

فـێریـش

نــابـــیـــن

پتـرۆڵـی گزنگـ و

تـــرووســکەی

مـەرگی ئەشـکـەنجـە

لـەو زەمـیـنـە هەڵـکـرێـنــیــن.

زایەڵەی دۆزی بەهەشتە بڵندەکانی سەنتەر

دونیای تێگەیاندو خواش نەهات بەهانامان؟

ئێمەین ئەو کـرۆکـە پڕوکـاوانـەین لەواگـایـی

داڵدە و چاوەڕێ

بێبەشین

بێـــ

بە

ش

ئێمەین ئەو زەمینە لێدراوانەی مژدەیەك

بۆمان نایەتە بەر دەرگا و

خۆرێکیش دەستی ناخاتە سەر برژانگەکانی

هەڵوییێك پەنجەرەی

خولیاکان ئاوەڵا ناکاو

شەوێك دەسەسڕی نەست و

خەرابات دانابارێنێ
ئێمەین ئەو قاسپە نازسوتاوانەی
مۆری گەردانەی سۆزمان وەریو
تۆ نەهاتی
بە ملوانکەیێ، ستۆی دالێ ئارایشەکەی
پەرییێك نەهات بە بزەیێ ڕووخساری دالێ ئارایشکا
پێغەمبەرێك نەهات بە ئایەتێ
نەغمەی دالێ ئارایشکا
خواییێك نەهات
بە ئینجیلێ
ڕۆحی پڕ لەتاوانی دالێ بە لێبوردن ئارایشکا
ئێمەین وا هاتوین و بێدیالۆگ
چارەنووسە و
هەردەبێ لەو پێستە تێهەڵدرێین
دەی شەنگیترین تاقانەی ژێر کلێسەکانی گومان
لە شابازی هەنگاو و
هەڵفڕینی ئاگایی
پشت گۆڕەپانی نمایش بە دووربە
هەڵوەستەیش لەسەر کەشتی وشەکانم مەکە
ڕابردوو.. شارێکە تەفروتونا
ئەوەی هاتە بوون

**موئامەرەنیە لە خۆم و بڵندایی سەرنج**

**ئەوەی هاتە بوون**

**توانەوەی ئەرشیفی لاولاوە هەڵچوەکانی**

**ڕەوشت نییە**

**ئەوەی هاتە بوون**

**بوومەلەرزەی دوندی دەنوکی بۆیەکانی عەشق نییە**

**ئەو برووسکەی هاتە بوون و**

**ئەو پێتەختە ناشرینەی جوانیش کە دێتە بوون**

**ئەی خۆمی نێو دوورگەکانی گومان**

**لە کانییەتی عەشق بەو لاوە**

**هیچ هەورێکی بەهاشوهوشیتر نییە**

**ئیتر توخوا پەڕوباڵ و گۆنا و نۆکەندی سینەت**

**ئاوەڵاکە**

**ڕێدان بەڕەتبوونی پاپۆڕەکانی چێژ و**

**گەرداوی شەرابە تێنوەکانی لێو**

**بەوجودیکردنەوەی ئەو بەهەشتانەیە**

**کە نەتدیون**

**دە لێگەڕێ با بۆ دەمێ میترۆی پەنجە ناکامەکان**

**بە هێڵە بێکۆتایەکانی بەدەنت وەسوڕێ و دواتر**

**لە وێسگە سەراباوییەکانی لێوت ئۆقرە بگرێ**

بۆچ چین چین میحرابی گرێت هاورد؟
تۆ ئێستە لەو کەناری بەحری
گریێ و گومان و پرسیارە هەڵدەکەی
منیش لە نێو ئەو چۆڵەوانیانەی
ڕوو لە کێودان
منیش لەنێو ئەو تەمتومانەی
بەیانیانی هاتنی تابووت
منیش لەنێو ئەسرینی نەواداری ڕۆحی
پەژموردە گرتووی گلێنەی یەزدان
دەبا تەمەن پیاڵەیەکبێ
لە ئاوی خەست و شەرابی سەخت و حەقیقەتی مەست و
هێرش هێرشی بومەلەرزە سەوزەکانی قاچەکانم
شەوێکبوو درەنگ لە قوژبنی چاخانەیەکی خەون و
ترۆپکی تاوەرێکی تراویلکەییدا
خۆمان بە هەوری ترازان و
شەقامە ملیارمیلەکانی سێوکێشان ئاشناکرد
با تەمەن کۆنترۆلی شاشەکانی ئامبازیش بێ
پاش مەغریبێك بوو درەنگ
وەختێ سێ کتێبخانەی حەرف وەریو و
گڤە گڤی سەلاوی ڕووبار
گشت بەدەنی چاوەکانیان کرد بە ئیلهام

من ئەودەم لە ڕۆشنایی قولای ڕۆحەوە ترازام
ئەویش خۆی بۆ نەگیرا و ماڵئاوایی لە بەفر کرد
ئێمەیش چووین
لە سەحەریترین تەقسێکی ئەو هۆرتنانەی شادمانی
ئا.. دە وەرە و واز لەو ڕەقسانە بێنە
کە دەفی ئایدۆلۆژیا
فێری جوانەکانی فیردەوسیکرد
وەرە لەگەڵ سیما و
ڕەشییەتی داو داوی پرچی ئەو بەختەوەرییە بلەرزە و
قاقا بفرۆشە دیوانی هەلزڕاوی باوکەکانمان و
ماچیش بۆ ئەو پەنهانییەی
لە ڕووبارەوە بوو بە تێنویەتی
وەرە و لەسەر کورسی ئێوارە ڕۆنیشە و
گلاسێ کۆلای کریستاڵ و
دەستەیەك چەنگاڵی یاد و
گلۆپێك ئایسی ئایندەش هەڵبواسە
چەپکێ سترانی بەختەوەریش
بخە نێو ئەو مەزهەریانەی
سەرمێزەکانی تەنهایم
خۆزگە بۆ تاوێ دەهاتی و
لە بازنەی ئەو دەرزیانە

بۆ چۆڵەوانی سێنترۆمەکانی

ئەو کەلاوانە تەئەمولت دەکرد

خۆزگە بۆ تاوێ دەهاتی و لە باڵکۆنی

سینەی ئەو بازانەی ئاوزینگی ئادەم

بۆ تاوێ بە بارانی تەنها و سەقەمی تەنها و

سوتانی تەنها و ئەوڕوپای تەنها و یەزدانی تەنها ڕادەمای و

منی ئاپۆرەییترین تەنهاشت

دەکردە سوڵتان.

خۆزگەم بەو شەوانەی لەسەر

لێوی پیاڵەی ـ ئاو ـ و سفر و مێرگ و وەسفدا کازیوەمان

دەکردەوەو چرۆ چرۆی دەسگوشینی خەڵاتە

هەڵکورماوەکانی خوا بە پەیژەی قامکەکان ڕووەو

سیمای یاخیبووی ئەو کوکوختی و ڕەشۆڵە بێگوناهانەی

بەر لەبوون نەفرەتیان بەرکەوت هەڵدەزنا..

خۆزگەم بە پەلك پەلکی بەژنی ئەو چرکانەی

من ئێوارەیەك بووم لە داڵدە و سەهەند و

گوناح بۆ ئەو سەفەرە جێگیرانەی

منیانکرد بە خەندەقێ لە فرمێسکی وشك و

لە پێدەشتی وشك و لە بیبانێکی بێحدودی وشك

لێره: له پازپازانێی پەیکەری شازاده مەستەکانی
دوێنێی گەزافو ئارایشی مەسیره تێنوەکان ورد ورد
مەبەوه
بەخێربێن ئەی ماڵئاواییه پیرۆزەکانی عەشق
بەخێربێن ئەی ڕۆژژمێری چرکەی کاتژمێری مەرگ
ئەو زەڵکاوانەیش
که بۆ یەقین و ئینتیقام و چەواشه هاتن
گەیشتن
سوپاس بۆ ئێوه و خوا
له دەفتەری وەفا ناوەکان بسڕنەوه
ئەوەیان بۆ دزینی باڵای ئەسپێك بوو
که ئاینده
کامەرانیی نیگای
لەو دیوو پەنجەرەکانی ئەمەك وەك لێشاوی هاتنی
کاروانی عەشق چەند شەوێك له دەرگای گلاسێکی
کریستاڵی
بریسك
بریسك
ئەو ڕۆژنامه تراژیدیەی گلێنەکان دەبریسکێن
ویستمه له لەوحەی مزگەوتەکانی بەدبەختی
شێوەی بزەیێ بارزکەم

**لە ئاستەنگی جۆگەلەی خوێن ڕامکرد**

**بە فرمێسکەکانتان ڕامهەژێنن**

**دەبا لانکی قەدەرە قاوەییەکانی قەدەرم بسڕێتەوە**

**لەگەڵ بروسکــەی ـ با ـ ی باڵی هەڵۆی وەداع**

**شکۆفە قفڵدرا.. تراویلکەیەکی سوور سوور هاتو**

**زوڵفی ئافتابوو ئاسۆی نەفسی ڕماند**

**سەحـــەر ڕمــا**

**شـــەو ڕمـــا**

**ئاسودەییش**

**تێلگرامێکم پێگەیــی لە مەسیحەوە**

**دوا هەواڵی لێزمەی ڕمانی لێنوسرابوو**

**ئەمڕۆ دەقەیەك پێش لە دایکبوونم لە هەولێر**

**پشکوتن ڕما**

**دوێنێ چەرخێك پێش زایین.. لە خود**

**پێشبینیەکانی مەلەکی تاووس ڕما**

**خوێندەنەوەکانی تاووسێ مەلەك هەڵوەرا**

**عەقڵی مانگ و چاوی ئەیوب و**

**سینگی یەزدانیش.**

**کچێ ئەی**

**قاقاکانی**

**دڵی ڤینۆسو پاکیزەیی باسکی نەسیــم:**

ئێمـه کەی توانیمانه بۆ تا ئەبـەد
لە وڵاتی درەختە سەوزەکان و
بەفر و مێرگ و کوێـستان هەڵبـکەین ..؟
ئێمه کەی توانیمان بۆ تا ئەبەد
ڕۆژباش لە دەستە دەستەی گۆرانی ڕۆحانی
خواوەندە بەختەوەرەکانی ڕەزی گوڵاڵاڵن بکەین ؟
ئێمه کەی توانیمانه کەی .... بۆ تا ئەبەد
تەمەنناى مەرگدۆستی
سەرابیکەین..؟
لە ئاوزینگم و ڕووەو ڕۆحی دارستان و گۆڕ هەنگاوم نا
لە کوێ دەمدۆزنەوە..؟
بەرەو کفنی شەهێنە چاوتۆکمەکانی یەزدان
ڕۆیشتم
کەی دەمدۆزنەوە..؟
ئەی لەپکە جوانەکان:
مەگەر شەوانی پێشمەرگ
لە فرمێسکی وشەکانتانەوە ڕابن و
لە دڵی یەکە یەکەی زامەکانم ڕۆچن
ئاه کە فێرنابین سێوی شەفەق
لە قژی ڕەنگاوڕەنگی
ئـەو دارانــەی سـەرزەمیـن هەڵکرێنین

**ها لەکوێ هاتیت..؟**

**لە سێبەری دارە تاریکەکانی خودێك هەڵقولاویت**

**یا تەقینی ناکۆکییەکانی گزنگ و تارمایی؟**

**ها لە کوێ هاتیت..؟**

**تۆ باوەڕت نییە**

**بە بوونی کۆترێك لە بەفر**

**لە ئەشکەنجەی فەزای عەقڵت**

**کەڕاهیەتی تاوانە ئاوریشمەیەکان بەڕێوەن**

**خۆت نەخەیتە ڕیزی شۆڕشی هێزە دەسکردەکانی ئاو**

**بڕۆ بڕۆ بڕۆ بۆ ناو تاریکایی حەقیقەت**

**بڕۆ بڕۆ بڕۆ بۆ ناو ڕووناکییەکانی درۆ**

**بڕۆ بڕۆ بڕۆ بۆ ناو چڕستانی گوناح**

**خۆت لە بروسکەی شەڕانگێزی**

**تەجاهول بڕەڤێنە**

**لەودیو برژانگەکانی حوبر**

**دوا بڕیاری بازە دۆڕاوەکان بەفەلەك بڵێ**

**بە بێدەنگی هاوارێك سەلاو**

**بە بەژنی مەلی ئارامیی هەڵگەڕێنە**

**لەسەرخۆ ئازارمدە و**

**شالاوی زامبارانی**

دەمی فیراق بسوتێنە
ئەی خودایمن: واز لەو خاکە سام لێنیشتوانە بێنە
زنجیری ئەو زەمەنە داگەنە
کە هێرۆینی فیغانی
خستە قامکت
چیتر مەرحەبای سێوفرۆشەکانی بەهەشت مەکە
بڕۆ بڕۆ بڕۆ خۆت لە تەنیاییە پڕەکان ئینتیحارکە و بزانە
چۆن... چۆن لەگەڵ بازنەکانی
دڵی ئایندە هەڵدەکەی؟
ئەمڕۆ ڕۆندکی سەرمەستی بانگکە و
زوو زوو دەگەڵ هەوری تەنهایی وەڕێکەوە
ئەی خودایمن:
واز لە تارمایی دڵی ئەشکەوت بێنە
بەو مەغریبە لەجێیە
لەو مەخەرانە
لەو ئاهەنگی
شارەکانی ڕووخساری گوڵ
با بەتەنهایی خۆمان و گلاسی بیرە و
جگەرەی لاڕۆحی ئەو ماسییە چاو سەوزانەی ژێر باران
خۆمان لە جوانییدا بکوژین و
سەما بکەین و سەما بکەین و سەما..

تا قافڵەی زەمەنە شێتەکان شەکەتمان دەکا و
لە زیندانێکی باوکسالار شەتەکماندەدا
ئەی چڕیترین وێسگەی دارستان:
خۆم و تۆ و خود
زۆر جاران درەنگانێ
دەفتەری عەشق دەگۆڕینەوە و
ڕازی سینگە تێکقژقژاو و مەمکە وەریوەکانمان
دەخەینە دەستی چارەنووس
لەگەڵ ـ با ـ و
ئەشك و گەڵا و زەمەن دەدوێین
من بە دوای کورسیەکانی هوتێلی قەدەر و
تۆش وەڵامی گاڵتە و گەپی زەمەن
تۆش بە دوای تێگەیشتن
لە فەلسەفەی ئەزموزنەکانی
تەمەن
کێ دێرێکی ئایندەمی دەسدەکەوێ..؟
تا دەستنوێژێکی تا هەتایی
لە کاتی پاکیزەیی
بۆ هەڵگرم
دەگەڕێمەوە بۆ ناو خۆرهەڵاتی برینەکانم
ئەفسوس.. بۆ مەرگی تابلۆی پرچە نەرمەکانی ئەوین

**ماڵئاوا**

**ئەی پێکڤەبوونە**

**ئەڵماساویەکانی دەمی مەحەببەت**

**بەخێر برۆن ئەی ڕەوە کۆنووسی حاڵەتی تەجەنون**

**هۆ ناسکیترین فرمێسکی مانی هاواریمن:**

**من غەریبیترین حاڵەتی حەڵقەی غوربەتم**

**هەندەران مەدالیای زوڵمی خست گوێ**

**وازیهێنا لە هەڵخستنی تەنافی داڵدە**

**بۆ پۆشاکی پیتە ڕووت و ناسکەکانی هەورەمان**

**تۆ وتت: هەندەران.. هەندەران..**

**ئەی هەندەرانی دوور**

**نەکەن ئازاری ئەو کۆترە سەرسامەی**

**ڕۆحم بدەن**

**کەچی ئەمرۆ جوگرافیا ئەفسوناوییەکان**

**مەرگیان کرد بە پێناسی جوانەکان**

**مەنفا سڕینەوەیکرد**

**بە تاریفی حەقیقەت**

**مەنفا دەرگای جەنگەڵ و ڕۆحی هیلاکمی**

**بە قفڵ سواخدا**

**ئەی مەنفای دوور هێشوو هێشووی**

**مەودا ئەزەلییەکانی تەمەنم**

وەگەڵ ڕاکردووەکانی ڕۆخ نیل بدە

تەلیسمی پێشبینییەکان لە باغەڵی خودا دزرا

ئیدی من چۆن ئاوەدانی لای ئارامییەکان

بدرکێنم

باسکی خەفەتە ئاورینگییەکانم

بە ئاهێکی ژەنگگرتوو

بپەڕێنە..

تەونی تەمەنم

بە فووی گوناحە

شەهوەت ئامێزەکان هەڵوەرێنە

پەیڤە ژیلەمۆییەکانی پەنا دەوارێك

بەدرۆ خرایەوە

ڕەشماڵ منەتیکرد

بەسەر قەرەجەکانی لێوار بەهەشت

ئەی سیحری سەرم:

توانام نەما

ئیتر

ئێمەیش ڕووەو عەدەم ڕێگامانگرت

خوانی تەبایی بنووسن

پەڕەمووچەی جەسەد

بە ڕاهیبێ بۆ سەمای زیل بنێرن

خۆڵەمێش و

سیما مەڕمەڕین و

لۆچخواردووەکان

بدەنە دەستی دالی

بە ڕووت ڕووتی ڕابن بۆ ژێر برووسکەی تۆفان

ئەی حەشاماتی نهێنییە پەنگخواردوەکانی سینەم

بەسە ئیتر شوورەی ئەو عەقلە وێرانەم جێبێڵن

جریوە جریوی کازێوەی دڵوەستانێ

لە باکووری

زەمینە وێرانەکانی باڵام سەریدەکرد

سەرەتاتکێی

کۆڵمی

ڕووبار

ڕاینەپێچام

باڵیۆزی حەسرەتە

ڕامیارییەکانی نامورادی

بوو بە سێبەری سەرانی کۆماری عەقڵم

داخ.. وازبێنە ئەی ئەزموونی شکستخواردووی

دووڕیانی دەریا .. ڕاستە ڕاستە دیوارەکان هاوئاوستن

بەڵام ئەوێ مەزاری گردبوونەوەی

مانگە ڕاکردووەکانی ژێر هەوری هەتوانە

**باڵندەی کاروانە بزرەکانی سبەی**

**لە هێلانەی سەرسوڕمانی جوانی دابەزێنە**

**پرسیاری ڕحلەی دووەمی سەفەرت**

**لە کاشانی قژی نەفست**

**بنووسە**

**نسیب وایگوت**

**قودس... قودس ئەی قودسی دوور دووور**

**دەپێم بڵێ:**

**چەند بۆ ناکامی جوانەکانت لە شیوەنی..؟**

**بێئاگا**

**من و کۆکتێلی ئاهە موگناتیزیەکان**

**بووین بە باڵی گەڵایێکی جیوەیی لە ئاوی ناخم**

**تا ئێستەیش جوێبوونەوە**

**لە بازنە زیوینییەکانی ئاسمان مەحاڵە**

**زەمەن.. زەمەن ئەی زەمەنی دوور دووور**

**دە بە یارمەتی**

**بمگەڕێنەوە گزنگی زاین**

**ئۆرشەلیم.. ئۆرشەلیم ئەی دوورترین ئۆرشەلیم**

**بمبەخشە ئەگەر دەڵێم:**

**لە فڕۆکەخانەی سینگتم دابەزێنە**

**لە دابەزین دەنوکی قەلی شەڕ**

مەمکی درەختی مێشکم دەڕزێنێ
بۆیە کاتی هات بڵێم: ئەی ئاسمانی دوور
ئەوەیان سەرەتای کۆتاییەکانە.
دەستم برد
بۆ داگیرساندنی گڵۆپی سەوز و سووری کۆتاییەکان
لە قووڵایی دەماری سینەکانم پەیامێ ڕابوو
تۆ ئەی کۆچیترین دەستەواژە:
خاسییەتەکانت بڕیاریان هاورد
تا دووری دوور ئیقامەی ئەوێت پێنادەن
سەفەر دەکەم
بەرەو کەناری بوحەیرەی پرسیار
بە سەرسامی دەستی زەمین دەگرم و لەگەڵ ستێری
شەوە نامۆکان دێمە دوان
سەفەردەکەم.. سەفەردەکەم
بەرەو ئاوەدانییەکانی شاری گومان
لەگەڵ هەوری یاخیبووی باڵکۆنی سەرم دوان
من مەملەکەتی نەحەساوەی کچە جێماوەکانم
خستە سەر هێڵەکانی دەفتەری چارەنووس
بڕیارمدا حەڵقەی گوناحێکی ئەبەدیت بخەمە قامك
بمبورە
لە ختوبەی فیراق

ملوانکەیێکی وەنەوشەیی
وەك ملوانکەی تاوانی چاوە بڕۆنزییەکان
وەك ملوانکەی وەستان لە باڵکۆنی
پەلکی گوڵە وەریوەکان
ئا.. بمبورە
لە خوتبەی فیراق
ملوانکەیەکی وەنەوشەیت بۆ دێنم
نازانم لە کوێ هاتیت و دەشزانم بەرەو
کام پەریخانەی ناکامەکان جەنتای داماویت
کردۆتە کۆڵ
لە کەشکۆڵی بێزاریتم هەڵبواسە
من بڕیارم داوە هەر ئەمجارە
لە ئاهەنگی ترازانا
زەماوەندی فیغانت
بۆ دەگێڕم
ئەنگوستەکانت توند دەگرم توند توند
نەختێ پازپازانێت بەسەر پەلکەزێرینەی
جنس و عاتیفەو بیرەوەری پێدەکەم
باسکم لە پرچت لوول دەدەم لووول لووول
لە وەهمی ڕامانم
بەرەو یەکەم دەڤەری چوون بۆ لای

حەقیقەتت دەبەم

بە شۆخییەتی ڕەگە ئاوێتەکانی

دەو زەریاییێکت دەسپێرم

تۆش خوێنی هەناسەم

بخە سەر دەنووکی فلّچە و

بوقعە

بوقعە

لە جوگرافیای پەڕی شەو دابەشمکە

عاشقی مۆری گەردانەی گەردەنتم

تا هەتا هەتایش قەرەجانە خۆشمدەوێی

**تۆ بۆ من:**

_1_

**سەوزێکی کاڵبووی و**

**بە پانتتایی تێکقژقژانی ڕەنگەکانم**

**پە .. رش**

**کر .. د**

**ی**

**.**

_2_

**نەهاتن تۆی هێنا و بەرەو ئەوێش گەڕایتەوە.**

_3_

**تۆ سەفەرت نوسی و**

**سەفەریش بەرەو پێشبوونی بردیت.**

_4_

**چوویتە سەر دلگوشراوی خەرمانی گوناح.**

_5_

به كێشمە كێشمى ديوارى ئازادى

ديرۆكو ئەزمون

هەڵ

وا .. سراى

و

ئەبەدييەتت پێدرا.

_6_

چاوت كەوت بە ڕەنگێگ بە ناوى زەيتونى

دواتريش مەرحەباى

سەنگەر و

ئاستەنگ و

سەرابتكرد.

_7_

مۆبيلى تاوەرێكت دانا بۆ ئەوين.

_8_

کۆمبونی وشەکان لە دەستی

حاڵەتی مەشخەڵی ڕۆح و

زەمەنی شوێنەکانە.

_9_

شتەکانی شتێك، شتێکیان هێنا کە نوسرابوو.

_10_

ببین بە بەربەستی بارینی تاعون و

شەڕیش بە ناڕەحەتی ئۆقیانۆس دەفرۆشین.

_11_

هەموو کۆتاییەکان ئاسۆییێکی نوژەن دەدەن.

_12_

بە تەنها دوو ئایەت بووین

لە باڵی ئەبرۆ و زمانی ڕەنگەکان ئالأین.

_13_

زۆرجاران لە دەستەبەربوونی خەونی زەیتونی

کۆترەکانیش ناڕازیم.

_14_

یەک حاڵەتی شیعری بڕیاری ژیانیدا و

زنجیرێك ڕوداویش ترازان.

_15_

ئێستە ڕقت لە عەشقە و

فێریش بوویت کڕنۆش بۆ چارەنووس ببەیت

منیش

ئاڵۆزییەکان ڕەوتی ئایندەم نیشاندەدەن

خولیا دەمدەمییەکانی میعراج

چرای شك و ئەسرین و چریکانی نارد

بە خاچی دۆڵی مەمکەکانت خۆم هەڵدەواسم

لە یاداشتی تەشەنەی ئەعصابی ئەشکتمنیٚ

بمخە نێو ئەلبوومی یادگاری حاڵەتی

چوڕانی

لەززەت و

لای ماسییەکانی دەستە خوشکت باسمبکە

پۆستکاری لەحزەی مەرگی جۆگەڵەییٚ

له دیواری قەلأتی دڵی زەریا هەڵبواسە

چاوی بەحر زۆر زۆۆر فراوانە

لە رەحمی ئارامی خۆتمان هەڵکێشە

ئەی هێزداریترین سیحری زەمەن

بڕوام نەما

ئیتر هاوکێشە موتڵەقەکانم لا رەتە

بێبڕوام یەك و یەك دەکاتە نۆسەد و نەود و شەش

با بمرم

ئێستە پڕ بە ئاوەزم رقم لێتە

رقم لێتە

رقم لێـ

تە

دەبا بمرم و رقم لێتە ئەی ژیان

لە سەری سەرەوە بۆ ژێریترین لوتکەی

ئاسمان دەڕوانم

لە قولأیترین

ژێری

روانینم

لەسەر بەرزایی

وردبونەوەی  گاڵ و گیڤەی

گوندی کاولبووی خود رادەوەستم

له کاڵبوونی شتە جوانەکان

ئەزموونم وەرگرت

ئەزموون حیکایەتی

شەڕ و بەرخودان و گوڵیدا پێم

ئەوانەیش خەلیە خەلیەی خاڵی

عەقلیمان بە ئینتیزار

کاشانڕێزانکرد

لە ئینتیزارێکەوە بۆ ئینتیزارێکی نوێتر

لە بڕیارێکەوە بۆ بڕیارێکی زۆر نوێتر

فێری دژوێنکردنی باخچەکانی

خاڵخاڵۆکەو رەیحان و

ئاونگ بووم

لە پیسکردنی باخچە بێگوناحەکانی نێو لەپم

دەستم خستە ملی سەرسوڕمانی

لاپەڕەکانی دوێنێ

ڕەنگەکانی ئالأی

عەزاب و هۆشمەندی و

پەنگرم شەکاندەوە

لە تێکەڵکردن و

تێکشکانی

دیواری زەریاکان

ژێرزەمینی سەراسەری
بەدەنم بوو بەنەوەد و شەش زامی
سارێژ بووی مەسیح
غوربەت خواردنەوەی حەرف و
جەمی عەرەقمی تاڵکرد
دەبا برینە ئاورینگییە راییینەکان
غوربەت بژێنبکرێن
وازم لێبێنن
ئەی شەقامە
رەنگاورەنگەکانی زیندان
وازم لێبێنن
ئەی
ئەو کیشوەرانەی پڕن لە کۆتری دەستەمۆ و
ساحیری دەستەمۆ و
چرای دەستەمۆ و
بە چەرخی بەختەوەرییتان
وێران لە کاغەزی نەفسم وەردەن و
پێستی کنایپەی سییەکانم
هەپڕوون بە هەپڕوونکەن
لە دوماهی
جەنگێکی باریکەڵەی چیڕدام

کایەی چڕی ڕۆشنایی
جەنگەڵ
جەنگەڵ
ئاگیراویان بە کێشکرد
من لە ئاوەدانییەکی تاریك راوەستاوم
پێشبینی سووتانی کەلاوە سەوزەکان دەکەم
ئەندێشەم جڵەوی ڕۆحمی خستە
ژێر سەقفی رەحمەتی
دوو، سێ، ئاوی شەفافی
تەونڕێژ
سەیرە من لەسەر
خاکە نەرمە زیبوینییەکان
سیراعم وەرگرت
رومکردۆتە دوڕیانی مەلەوانگە
سیحراویەکانی بەفرستان
پرسیارەکانم بە وەڵام دەگۆڕمەوە و
وڵەاٌمەکانیش دەخەمە
دەستی داهاتوو
خوێندەوەم نییە
بۆ
بازنەی رەشەبا

ڕەنگی وێنەکانمان
لە ئەلبومی
حەسرەتە ڕەنگاڵەییەکانی سیاسەت
لەکەدار بوو
لە گوشران و
کەساسی
نەزانی هەناسەم تێناگەم
ژانی حەزینترین چرکەی ئاوەزم ..
یەخە دادڕانی
ئۆخژن و
وەفا و
لێو و
دەسگوشینی دەمی
ترا
زا
نم
دەخاتەوە یاد
بەخێر بڕۆی
ئەی خەونی پاڵپڕووکاوی
ئاسمانە زێڕ ئامێزە کانی ئەوێندەر
بیرتدەکەم ئەی ناونیشانی بێوڵەتی

ئاڵۆوالاّی سترانی تاڤگە
بیرت دەکەم دوور و درێژیترین تاڤگەی نێو برژانگەکانم
بیرتدەکەم ئەی درشتیترین
برژانگی چاوە کزبووەکانی تەمموز.

زەنگی کاژێری
سۆزی غوربەت و
ساتە خرخاڵییەکان
کاسم دەکا
کاس
خەندەی نەرم و
ئیلقای بەنازونوزی تریفەی کانیش
لێرە دڵم بە رفاندنی هوتی رەشی
ئەفسوناوی کوردە ئەڵمانەکانیش ناکرێتەوە!
ئاهـ چەند بە ئاشنایەتیم شەپۆلی
هەڵچووی مەمکەکانیان ئارامدەگرێ و
چەند
غەجەریانەش
حەزیان بە ڕاکردنە
بۆ کوێستانی ڕۆشناییەکان!

بریسکەی ئاپارتمانی باژێرێکی
هەزار رەنگ و
کاتژمێرێکی هەڵواسراوی چەقی سێنترۆمە
رەونەقدارەکان و
وازی و ئامبازی باڵای هەرزەکارە چاو پڕ نازەکان
لەو ڕووناکایە تاریکییدا
دەبێتە خیابانی هاتوچۆی ڕامان
هەڵوەستە لەسەر
ڕاکردن لە قوڕگی ئیشکالیەت و
میتۆدی خۆڵ
یا بە جێژوانکرنی بەردەمی مەگدۆناڵدزەکان؟
چوون بۆ ئاهەنگی ئافاتی کۆڵین
یا مەرگ لە ناو پرچی
نیگرۆی بە باقوبرقی
لەززززەت؟
گەمەکردن لەگەڵ بازنی باسکی ژیان و
ئایسی نەستی کێشان
یا حەڵقە لەدەستکردنی
خەرەند و
دۆڵ و
حەرب؟

لە ڕەوەزی تیشکە ئاسۆییەکان

کەپرێکی پولەکەداری زیبوینم بۆ بێنە خولقان

ئەی مەسیحی ساواقی ڕووخسارم

بەری رابونت

رەند رابە و شەفەق بارانمکە

تۆش پڕ پڕ

هێندەی بارستایی و قەبارەی کۆمەڵەی خۆر

دووش و باران و دەریاچەم خەڵاتکە؟

هەلهەلەی شەیتانە گوێزانییەکانی

کە کۆتایی بوون بە موحیب

دواین تەڵاقنامەی بەفر و

کارێ و

نەیزەکەم

پێدەنوسێ!

دە پەرچەمت هەڵدەوە و بە نازونوزی غرور

برووسك پژێنمکە

با منیش ڕۆمانی زەیتونێکی

ئەبرۆ هەڵوەریت لە کەویڵێکی نووتەك

لای چارەنووس بۆ بێنم

ڕۆحەکەم بەفرشادیی کەوتە
لای
حاڵەت!
من نەمدیوە
شەوقی میزاج
لە لیمۆی نارنجی سینەی
دار هەنجیری
دەست و پەنجەی
لەیلام
بڵندتربێ.
لە سێرکی سەری ساڵان
تۆ دەبیت بە خیاباتی پیاسەی ڕێبواران
خۆت دەکەی بە قژی ڕۆحەکانمان
لە ئاهەنگی جەرائەت
تۆ دەبیت
بە نیشانی
چەقۆی چاوی ئۆرستۆقراتییەکان
خۆت دەگری بە مووی سینگی
ئالیهەی چەرخ
هەمووومان
عاشقتبووین

به شیعری ئاو رازینابیت

دێی و من دەکەی بە سوڵتانی

نێو پێشبڕکێی هەنگامەکان

دەڕۆین بۆ نێو سەوزایی سەرچیا..

ماچەکانمان

ئا.. ماچەکانمان دەگۆڕینەوە

بەسەماتی لێوەکانمان

لە ڕوومەتی گوڵاڵەیی

دڵەکان

بارز دەکرێ

دێینەوە نێو ئەسپایی شتە ئاساییەکان

سەهۆڵبەندان دەبم..

لە عەشقی شێتانەی

گەنجە قەرەجەکانی دەستگیرانت

تەنها سەفەرم پێدەبڕێ

دواتر لەگەڵ زەبونیی

برا خاینەکانمان

خۆم لە چەقی گەردەلوولی موحیبەکان

دەدۆزمەوە.

ناوەستم
تا
گوڵستانی هوتێلی ڕاستیی نەخەمە
گیرفانەکانم
لێرەوە لە خەیاڵی هەموو پیاوە
حەسوودەکانی گەردوونم
ڕفاندی
دیسان
برا بێئەقڵەکانمان
لە دڕندەیی هەوری گەزافێگی گەوج
دادەبەزن و پشکۆی نەهامەتی دەرخواردی
باخچەکان دەدەن
من هەمدیس دەبم بە دەنوکی ناکۆکییەکان
خۆکوشتنی سەرمم
لە چراخانی دیواری
گەشبینییەکان
دادەگیرسێنم
من لەمێژە دەزانم
تاوانە جوانە ئینتیحارییەکان ئەنجامبدەم
دە وەرە بە تێکسمڕاوی دەستەکانت
دوو پێك وێسکی لێوەکانتم بۆ بخە سەما

وا یەکترمان ناسکرد

لە سەد و هەشتا ڕۆژدا

کەماسی خاسییەتە

ئاوێنییەکان بۆتەیان شکاند و

لە ولاتی وشکانییەکان

پڕخۆش پڕخۆش

هاتنە خنکان

من لە زەڵەوزەنای

تاریکییە سپییەکان گۆڕستانم دیت

پێکەنینم بە دیاری ئەو فرمێسکانە دێ

کە هۆن هۆن ڕەدووی ـ با ـ و

مەیتخانە پڕەکانی

ئەودیو دەرگای

هاتنەوە

دەکەون

چاوەکانی دەستی یەزدانی نمرە دوو

دەرەزیبرد

منیش لە گۆڕینەوەی دێرەکانمان

ئەی پاساری خەونە

مردووەکانی

چارەنووس بێتاقەت بووم

نازانم چیبو، له هەڵپە هەڵپی

زەمەنە مەستەکان نەجاتیدام

مادەم وابێ ئەی مرواریە جوانەکانی

کەنارەکانی وەفا، ئیحتیکارکەن

منیش بەرەو قولاّیی خۆر و

باوەشی شەپۆلەکانی ماتیی

هەنگاوەکانم

دادەگیرسێنم

بەیانمکرد

پێشکێشە سووتاوەکانیش

دەخەمە نێو قۆڵی هەتاوی مۆزەخانە

بەناوبانگەکانی سەرم

شوێن نەما

لە مەیدانی هەناسەکانم

تا ورتە ورتی شەماڵی

زوڵمی تێبچێنم

ئەمساڵ من و شێتییەتی

لە نێوانی جووت جووتی جووتە مەمکی

پڕ شەهوەتی ئەورووپادا

جووتێ کۆتری

سپی گوناهباری عاشقبووین

لەبەر
سەرما و سۆڵەی رمانی رۆشنایی
ئەستێرەکان هەڵدەلەرزین
بە دوو پەنجە
کوڵمی
خەونە سپییە خەفەتبارەکانم دەلەرزێنمەوە
من و خەونە تاریك و سەوزەکانی من
ترسمان هەیە لە چرکەساتی دڵدانەوە
دوورکەوتنم
ئاوازێکی بێزاری جریوە جریو هەڵوەریوە
بەسەر زەردەڵوی هەناسەی
ڕەقەڵاتووی
درەختە ڕەنگ پەڕوەریوەکانی مێشکم
وەرەوە پڕ بە قوڕگ و
زایەڵەی
ئارامیی
کەلاوەکانی دوای جەنگ
بحیلێنە و هەلهەلەی ساتی
گەیشتنی جەنازەم بۆ بچڕە
خۆمم لە گۆشەیەکی تاریکییەکانی دوای
ناڵە ناڵی برووسکی گەردەنی مەراق مەلاس داوە

ئێستەش پەنجەی عەشق

لە بیر و خەونە ئاڵۆزەکانم هەڵبواسی

سبەینەیەك دێ

سەفەرێك دێ

وەڵامە

پڕ یادگارییەکانی ڕۆژگاریش دێن

دەمرفێنن بەرەو باڵی سەنگەری

ئەو هەڵۆیانەی

حەبیبەی نیشتمانی

تەلیسم و قەڵغانی سینەتن

لە سەردانی ئەندێشەی وڵاتە سووتاوەکانی

داربەفر

بومەتە میوانی

ماسییە شومە ڕەنگاوڕەنگەکانی بەدەنم

ئاە دارمێوی لە پایزبوویی

گۆڕەپانی جەسەد

چەند دڵم بۆ پەرپوتیی نیسان و نسێ و

دارسنەوبەری

نیشتمانە شێوێنراوەکانی ڕۆحم دەسوتێ

لە هەڵپەرکێی خەیاڵم

کۆرپەی

**شوێنەوارەکانی بەهاری ڕووخاوم بانگکرد**

**دانیشتم و باغی ڕەزامەندی**

**ڕۆحەکانی ئاوەدانیتم کۆکردەوە**

**خودم بووکی بازنەی ئاوەدانییەکانە**

**دیداری شتە دژەکانی سەرزەمین**

**کەی لەژێر دار سێبەری دارسێبەری**

**پەنجەرەی ئاسۆدا ئارامدەگریٚ؟**

**شیشەی گلۆپە ئاساییەکان داخرانەوە**

**ئیتر من و خود و خوا و چارەنووس**

**لەو کۆڕەدا جێماین**

**ویستمان**

**گۆڤەندێکی ڕزوکەش ڕووکەش بسازێنین**

**کلاٚوڕۆژنەیەکم بۆ زیندانی پرچی ئاوەزم**

**ئاوەلاٚکرد و**

**ئیختیتافم کردی**

**ڕۆیشتین بۆ قەراغ دەریاچە نارنجییەکان**

**لە ناو ژیلەمۆی مۆمی کوخێکدا**

**پرچی پەپوولەیی ئارەزووە متبوەکانمان**

**دایە بەر هەناسەی گەرمی شەپۆلەکان**

**زووتر لێم لە رقراچووی**

**لە جیاتی**

**هەلاڵەو تابلۆی برینداری گلێنەکانمان**

**ئەو گوللە و**

**چارەنووس و**

**رەهێڵەیەم دایە دەستت**

**کە تۆم لە ختوبەی تۆڵە پێیڕاند**

**دەستت ناگرێ زریانم دەرخوارددەی**

**خاسیەتە شێتانییەکانی**

**شەپۆل ئارامت پێدەگرێ.. ئارام**

**ئەی ئارامیترین عاشقی موستەحیل**

**لە گۆشەیەکی کوخەکەدا شیعرمان نوسی و**

**زامی باسکە بریندارەکانم هێدی هێدی**

**دەبونە حەقیقەت**

**ورێنەکانیشم**

**بە ئەڤین**

**تا ئاستی ئیلهام..**

خوا، سکالآی بۆ عەشق هەڵواسی و
بە قەدەرمان رازی نەبوو
سکالآ، عەشقی بۆ خودا هەڵواسی و
بە ئاوەدانیمان ڕازی نەبوو
عەشق، خوا و سکالآ و زامی هەڵواسی و
بە نامورادیمان ڕازی نەبوو.

ڕەوتی گڵۆپە ڕەنگاوڕەنگەکانی ساتم مراند
ئێستا هەموو تاریکییە بێژەرەکان و
سیما پێچخواردوەکانی
ئەستێرە ئەستێرەی
نێو سەبەتەی سەرم
لا قارامانە
من تاریکییەکانم
بۆ دڵدانەوەی پەڕەسێلکەی ویژدانە.

**بۆ کێ بدوێم**

**ئا**

**تۆم خۆشدەوێ..!**

**کە هێشتا بۆ تەنیا جارێکیش**

**لە باوەشی میناى چارەنووس و**

**شەمەندەفەرى ئێکسپرێسی زەمەن نەپەیڤیوین**

**تۆم دەوێ..!**

**هۆترووسکایی ئەمەل**

**من نازانم کەی**

**دەستی برژانگەکانمان پێکدەگەن**

**زۆر جاران بە کافێی ئاوەزم**

**نامەی پڕ لە نێرگز و عاتیفە و هێوری**

**دەبەخشمە دایکەکانتان**

**لەگەڵ پارچەیەك زێڕ و پەرى و**

**کارغەزال**

**ئەشکەکانمان بە ئاهی دیدار دەگۆڕینەوە.**

**زرینگە و شەوقی تەلەفۆنە ڕەنگ سپییەکان**

**لێکدابڕانی مەغریبانی کۆڵانەکانە**

**بێبەش نیم لە بۆن و برینگی غاری**

**گروپێکی گەورەی کۆترەکان**

بەس سێبەرم نییە
تا مێگەلی
پیتە ناسکە گینگڵدراوەکانی
سینەکانمی لە ژێردانێم

بمناسە و
لە قەدپاڵی فرمێسکی ئەو دیالۆگە ئارامبگرە
بەسەر سینگت ڕاکشێ و دەستەکانت بخە
ژێر چەناگە
لە غەرقبوونی نێو دێرە قورس و
پڕ لەززەتەکانی بودلێر
خۆت دەربازکە
بەیانی پێکرا
بە دوو قۆڵی
لە دوورگەیەك
ئا لەوێ لە قەراغی دەریاچەیەك لە بزە و گومان
هەر لەوێ
لەنێو بێستانی
پەلکەزێڕینە و حەقیقەت
تا دەمرین گوێ بۆ شیعری ماسییەکان هەڵدەخەین
تا دەمرین سرووشت دەخەینە سەرزەمینی خەونەکان

تا دەمرین خەونەکانمان
نێودەوڵەتیتر دەبێ
تا دەمرین ئاسمانەکانمان
بێ پەرژینتر دەبێ
تا دەمرین یەکە یەکەی
پەرژینەکانمان بێئاسمانیتر دەبێ
تا دەمرین گوناح دەکەین و
تاوانی کچە قەرەجەکانمان بەملدادێ
ئامادەبە و بەهار مەوسیمی
پشکوتنی بەختەکانە
ئامادەبە و بەخت سوڵتانی
شتە کپوەکانی نێو گڵاسی تەمەنتە.

هەرچەند غەریزەی گڕوگاڵی
چرا و ئەرخەوان و سیمفۆنیای
دارسەروی ئێوارانم زێتر دەبێ
ئەوەتانێ دێسێمبەر کاڵترم دەکا
ئێستە بەفر
عاشقێکی گەورەی سەرزەمینە

**گیرفانی کەنغرە مەزنەکانی نیشتمانی**

**چارەنووسم داخرانەوە**

**کەی دێ منیش لە خۆری بێتاقەتیتان**

**دەسبکەم بە کۆتاییێکی پڕ لەسەرەتا**

**دەرممێنن من**

**لە ئامێزی کپی ئەشکەوتی**

**پەپوولەی وشەکانم پاڵکەوتوم**

**واگاممێنن من**

**لە نێو سینگی هەتاوی**

**زیندانەکان ڕاکشاوم**

**بمگرن و لە ژووری تەسکو تریسکی**

**پرژانگەکانتان حوکمم بدەن**

**نەبا باوبۆرانی سۆزی مەمکەکانتان**

**ڕووەو دەروونی کۆمەڵێ**

**کورخانی ڕاڕایی**

**ڕاپێچمکا.**

لەشکرێك لافاوی نارنجی و

شالاٌویێك بازی سیاچارە

غروبێکی تاساو و

زەنای زریانێکی ئارام

ملپێچی هاوڕێیەتیان دەخستە ملی

کاهینێك و فێنکی هەناسەی

شەونم و بارانان و یەقینییان پێدەپچڕاند

ملپێچی ئەبەنوسییان

دەخستە ملی باڵندەیەکی قەرەج و

خۆیان لەکەپکی چارەنووسێکی بالاٌڕۆشەنی وون

شەختە بەند دەکرد

دواتر (نەحب) یان دەکرد

وەنەوشە و خوناوی (لانەی کۆترەکانیان)

پێدەهەژاند...

(نەحب) یان دەکرد

ئەو سوارچاکانەی لە مەیدانی (نەحب) و

نامورادی جوانە مەرگبوون

(نەحب) یان دەکردو بێدەنگیت بۆ وەلاٌمی

کاهینە سەرمەستەکان.

ئەی ئیلاهیمن
پرچی ئالیهه و
مەمکی ویژدانی سبەینەکانیان
له پەرسگەی پرسین و سەهۆڵبەندان هەڵدەوەران
(نەحب) یان دەکرد و کەرنەڤالی ئافات
زەمبیلەی شەراب ڕەنگی
پڕ له شیوەنی
دادەگیر
ساند.

سەد هەزار جاره بڵێم: عینادانه منت هەڵبژارد
سەد هەزار جاره بڵێم: عینادانه لێوه تەنکه
برۆنزیەکانت له زناکی ملوانەکەی سینگی تەرزەیی
چارەنووسم دادەگیرساند.
ئەو کات سولاوکەی سەما ڕێچکەی دەگرتو
ئێواران:
چەپکێ سیمای ئاڵووالای بەرهەتاوی
ئارامی و بێمورادی
ئامادەی گەشتی
ژێردارگوێزەکانی سەرمەستی و
مەلەی نێو پرچی راستییەکان دەبوون.

**دوو دوو.. سێ سێ.. سەد سەد**

**پەیکەری باڵندە چاوکزەکانی ئایندەمان**

**دەبوون بە دووکەڵ و ئێمەیش بە ناکامی و**

**چاو نزمییەوە**

**سینگی کریستاڵی عەزارمان جێهێشت و**

**ئا ئێستەیش لای زڕدایك و دایەنە**

**ناز هەڵنەگرەکانمان**

**بە منەتە مەزنەکانی ئاو ڕازیدەبین و**

**تا شەکەت دەبین**

**گوڵەبەرۆژەی تاریکیی و**

**جگەرەی**

**غەریبیمان**

**پێدەفرۆشن!**

ئاخ خۆرهەڵات.. کێبوون ئەوانەی
بە زەردەخەنەی شەوانی ژێر داستانی
بەفرینی پێکە نارنجی نارنجەکانمان
قایل نەبوون و سێوی سوورتاریکی
سپێدانیان هەڵدەوەران!؟
ئاخ خۆرهەڵات.. کێبوون ئەوانەی
بە بەختیاریی هێشوو هێشووی ترێیە
سەوزەکانی چارەنووسمان ڕازی نەبوون و
ئامێزی
شووشەیی
زەهرایان
هەڵدەوەراند؟

لانەمان بە پووشی حەرف و سەرخۆشی و پێستی
مامزە ڕازاوەکان ڕادەخست.. شەوێك دەهات
مەرجانی گەردەنی پڕ لە سیحری حەوای
پێدەپچڕاند..
خۆمان لە کەنارێکی یەخەی مۆرییە شینەکانی
چاوی زەنوبیا حەشاردەدا.

ئیمپراتۆرێکی ڕەش بە ئیرادەیەکی بەزیو
بەرەو دڵی هەناسەکانمان ڕێگای دەپێوا
دەسرازەی لانەکانمان
کرانە پژی ئەسپە شەکەتەکانی غوربەت
ئێمەیش بووین بە مارکۆییێکی یەتیم و
بە دوای دایکە کۆر و سترانبێژەکانمان
قەرەجێکی گەورەین..
لە ریگادا چاومان دەکەوێ
بە عاسیفەکان و حیلەی لافاوێکی نوێ
عاشقمان دەبێ و
کەحێڵە سپییە ماندوەکانیشمان
هیلاك هیلاك پولەکەی تارمای و تراویلکە
دادەڕێژن..
هیلاك هیلاك سروودی بەزینێکی هێورمان بۆ دەچڕن
دە ئێوەش هیلاك هیلاك گوێبگرن
ئەی باڵە ئاوییەکانی پەڕەسێلکە و
کلکی پەلکەزێڕینەیی فەزانە فەزاوییەکان و
چاوی کارئاسکە ئاورینگییەکان و
نەغمەی شمشاڵی ئینتەرناسیونالی
ڕۆحی تاریك و رۆشەنی من..
دە هیلاك هیلاك گوێبگرن

**ئێستە کاتی گێڕانەوەی حیکایەتی تراژیدی**
**گوڵەگەنمی پرچی سەردار و دۆڕاو و**
**شەهێنە ئاوەز تیژە بێئەقڵەکانە..!**
**بۆتان دەپەیڤم.. ئەی سەراسەری**
**ڕۆحی شەقبووی باڵندە قەلەق و**
**شەوە جوانە ئەفسوناوییە ئافاتگرتوەکانی ڕۆحی خۆم**
**بۆ ئەوەی لە کاتی واگابوون**
**فرمێسکی پەنهانییەکانی**
**ئەو سوڵتانە سەر لێشواوە ماچ بکەن و**
**لە عەشقی عینادانەی**
**ئەو ڕووبارە قەرەجە تێبگەن.**
**بۆ ئەوەی کاتێ واگادێن**
**برژانگی دوور و درێژی سەر**
**بازنەی سەوز سەوزی چاوی ڕۆمانە لێڵەکانی**
**نامۆیی هەڵدەنەوە**
**لە ڕۆژژمێری مەرگە قورسەکانم تێبگەن.**
**دە رابن و تەحەددای مەرگ بکەن**
**من بۆ ئێوە دەپەیڤم**
**دە رابن و سینگی دەفتەرە بەهەشتاوییە**
**نوسراوەکان جێبێڵن**

من بۆ ئێوە دەقاسپێنم.. ئەی شانە شانەی
مردووی لەززەت و زام وکامەرانی و
زراڤیترین بەلەنگازی قاسپاندن
دە رابە ئەی خودیمن
بۆ ئەوەی لەگەڵ رابوونت چی گوڵ و
فرمێسك و وەفا و سامی نێو ئەو دۆزەخە هەیە
رابن و دانس و گۆڤەند و بەختەوەریی بسازێنن و
رۆحی وشکەبووی دارتووی باڵای زەردهەڵاتووم
گەش گەش.. بگەشێنن.

غوربەت گەورەترین نەخۆشخانەی
گەردوونە و خودم تێیکەوت
خودم سەرمەستیترین حاڵەتی بوونە و
شیعر تێیکەوت
شیعر گەورەترین دەروازەی
ڕۆحی خەونە و عەقڵم تێیکەوت
عەقڵیشم پارچەیەکە لە دڵی سەرزەمین
سەرزەمین دەڤەرێکە لە سێکس و
سوڵتانێکە لە تاریکیی
جنس و تاریکییش نازناوی لەحزەساتی
تێگەیشتنمن.

ئۆوه لەتێگەیشتنەکان چەند هەرزەکارم
فەرمانبدە ئەی راقیستانی پڕ لە کەیلی
جوانییە وونەکان
فەرمانبدە، ئەوەتانێ دوو ژەنەڕاڵی دۆڕاوی عاشق
لە ئینارەی هەورێکی گومانئامێز
دادەبەزن و پڕووسك لە کۆڵان و مەیدان و گەڕەك و
سەر شەقامە نامۆکانی حەژمەت دەکرن.

بەیانیت شاد و پڕ لە نەفرەت ئەی تەنهاییم
فەرمانبدە
فەرمانی وێرانبوونی سەدە سورپالییەکانی
خەون و فەرمانی دابڕانی کودەتای
سەدە سەخت و عاسێکانی بێخەونیی و
فەرمانی لە خەو رابوونی سەدە نازدارەکانی ئۆرشەلیم
شەوەکانت پڕ لە عەشق و ئەشکەنجەی
قوڕس قوڕس ئەی بێزاریم فەرمانبدە
فەرمانی دەربەدەربوونی بووکە
بەرگ سووتاوەکانی سەدەی مناڵیم و
فەرمانی سەرمەستی سکالاٚ سینگ زەیتونییەکانی
ڕۆژژمێری مردن لە جوانی و
خوێندنەوەی مێژووی دارستان.

ده ئەمرکە ئەی چارەنووسی وون
وەك ئەو زەمەنە
پڕ لە کۆڤان و برین و ئەوینەی ئێستە
لە شیعر وشە و
نەسیم و سەرخۆشیدا
بە ئاسمانی دارهەنار و کێلگەی پڕ لە بارانی
شەراب و خەندە و باقوبریقی تەڵ تەڵی
قامچی ماینە لیتوانیەکان و
ژاکاویی دەست و پەنجەی
ناکامی کۆترە سپییە چاو قاوەییەکانی
خۆمان هەڵموەرێنە..
هەزار جار بە دەوری گلێنە رەشەکانتدا
وەردەسورێم و
تەراویحی دووسەد سەدەی ڕێکت
بۆ ئەنجام دەدەم
وەرەوە ئامێزم ئەی ئەو شەوە ئێستەتیکیانەی
گەڕانەوەیان موستەحیلە موستەحیل..
دەبا پێڵوەکانت شکۆفە بکەن و ئاسمانی
گەمە زەحمەتەکانی یاد
لە گۆرەپانی شەڕی حۆرییەکان
دەسپێبکەنەوە..

شەڕ.. شەڕ.. شەڕ.. ئەو شەڕانەی
لە بەرژەوەندی کاهینێکی زانا و
بازرگانێکی لات و
سەرابێکی گەنجی سرووشت بە ساڵاچوو دابوون
ئاە کە کەیفم بە جەنجاڵیی و گەورەبوونی
ئەو جۆرە شەڕانە دەهات
شەڕی دوو سەراب بۆ نزیك بوونەوە لە وەهم
شەڕی دوو نەیزەکی خەفەتبار
بۆ گەیشتن بە ئۆقیانوسی ئامباز و مەرگ
شەڕی دوو ئەسرینی قژ بە زێڕ و پوولەکەی خەون
کە بۆ ئاینده دەمرن..
شەڕی دوو عاشقی ئەفسانەیی یاخیبوو
کە روناهی نیگای شەڕێکیتری پڕ لە مەرگ و
خەرابات شێتی کردبوون
ئاهـ کە کەیفم بە جەنجاڵبوون و گەورەبوونی
شەڕی یەکەمیان دەهات
ئێستە نەشەڕ ماوە و نە هاواری کەمانیش
لە هەلهەلەی ئەسرینی جەنگاوەراندا
تەنیاو تەنیا دیمەنی ئەو سەرکردە
جل بە قەڵغانانە نەبێ کە دوای
سەرکەوتنەکان بە شاری یادم وەردەبن و

هەر یەکە بۆ خۆی سەر سینگ و مەمکی
بەفرینی توووند تووندی حۆری خەونەکانم
دەکاتە کەونێك لە زەردەخەنە و تا هیلاکی
شەڕیان دەرەوێنێتەوە بە سوراحییێکی زییوینی
پڕ لە نەخش، سەر مەمکە خرپنەکان
بە شەرابی پڕ لە بەهای سەرکردە دۆڕاوەکان
ئاو دەدەن..
نەمامی ناسك ناسك لە پانتایی باڵای
سینگەکان هەڵدەچوێنن
ژێر خێوەت و پەنا دارسنەوبەر و داربی و
ناو پووش و پەلاّشی تەویلەی ئەسپە ماندووەکان و
هەتا ناو کلێسەش
گەمەی جنس و سووتانی عاتیفە و
بیرەوەریەکانی منی لێدەکرێ.
چاوم لێیە کاهین و راهیبە چاو مۆنەکان
ئەوانەی لە شالاّوی شێت و وێتی غوربەت و
تەنهایی و مەرگی قورسی مەنفا نەجاتیان دەدام
ئەوانەی ئامێزەکانیان بۆم کردبوو بە پرچی
پاکیزە و تەڵی مووی برژانگەکانیشیان
بە تەنافی پۆشاکەکانم..

چاوم لێیە راهیب و کاهینە چاومۆنەکان
ئەوانەی گژەبارانەی ڕەحمەتبوون و
ئەزموونی ئەیوبیان ئەزبەربوو
چاوم لێیە کاهین و ڕاهیبە چاومۆنەکان
دەروازەی کڵێسەیان داخستوە و ژێر پەیکەرە
پیرۆزەکەی مەریەم و یوسفیان کردۆتە جێژوان.

دەگەڕێم و دەگەڕێم تا لەژێر سێبەری سارای
بێتاقەتی خودم دەحەسێمەوە
لە تۆ زێتر بەولاوە کێم هەیە؟
لە تۆ زێتر بەولاوە کێم هەیە
لەو سەرزەمینە پانوپۆڕە تێمبگا دە پێمبڵێ پێ..؟
کێم هەیە لە تۆ زێتر بەولاوە؟
دەمدوێنیت و چی بێزاری بارگرانی مەملەکەتی
ئاوەسووبووی سەرم هەیە
لەبەر شنەی رۆمانسی حەرفەکان دادەوەشێنی
دەمدوێنیت و کچۆڵە بیژییە فرێدراوەکانی
سەردەمە بێڕەحمەکان دەکەیت بە ویژدان
رێنادەیت مەلۆتکە بێگوناهەکان
لە لێوە بەلیکەکانی ڕووباری پڕ لە تاوان بئاخنم

**منیش ئەو کاتانەی خۆمم خۆشدەوێ، خۆشمدەوێی**
**منیش ئەو کاتانەی ڕکم لەخۆمە، خۆشمدەوێی**
**منیش ئەو کاتانەی بێ دایك و هاورێم**
**لە ناو ئاپۆرە و گەورەیی**
**ئەو گەردوونە گەورەیەدا خۆشمدەوێی.**

**دە بۆم بدوێ من لە چاوی خود و ماڵئاوایی**
**ئەو خۆرەی نایبینم و پرچی زێڕاوی مەغریب و**
**کامەرانی کۆترە لە دەسچوەکان و**
**ڕۆحی ئاوارەبووی خودم بێزارم**
**دە ئێوارەت پڕ لە شادی و خەفەتی قوڕس قوڕس**
**ئەی بێزاریم فەرمانێ بۆ جەنگاوەرە ماندووەکان دەرکە**
**بەسە با بڕۆنەوە ناو باخچە نووتەکە سامدارەکان و**
**لەوێندەرانێ جەنگی عەشق و ئارەزوو دامەزرێنن**
**بڵێ بە جەنگاوەرەکان تا بەر نەفرەتی نەگریسی**
**سەراب و دژوونی ئەپریل نەکەوتون با سەنگەری**
**بارانە فەوتاوەکان جێبێڵن.**

چێژوانتان چۆڵ چۆڵە
هەر بە تەنیا ئەو خەونە سووتاوانەی لێیە
کە نینۆکی بیرەوەرییەکانتان سوورتر دەکا و
هێدی هێدیش بۆ خەونە پڕووکاوەکانی ئێوە
پرچی ناکامی خۆی هەڵدەپچڕێ
شمشێرەکانتان بدەنە دەستی دارستان
با قەڵغانەکانیش ڕوومەتی مانگ داپۆشێ
لێیانگەڕێن با وتاربێژە وێسکیخۆرەکان
خۆیان بڕۆن بۆ مەتەرێز
لێیانگەڕێن با سوڵتانە هەڵۆییەکان
خۆیان بڕۆن لە دارستانی جەنگ
هەنار و لالنگی و سێو و
مۆزی سەرکەوتن
بۆ دەستگیرانە سینگ ڕووتەکانیان بێننەوە
سەنگەرەکان چۆڵ و هۆڵکەن
قەڵغانەکانتان بکەنە شەبەقەیێ بۆ پرچی حەوا و
شمشێرەکانیشتان بدەنە
دەستی یەزدان
نەبادا
وەك ئێمە لە پەنجەرەی پشکۆوە ڕووەو دەرگاکانی
سکڵی دەیجووری هەناسەکانتان سەفەر داگیرسێنن

ئاه .. کە ژوورێکی نەفەسبڕە
دەبا ئەو پەنجەرەیە ئاوەڵاکەم و
بازنەیەیێ لەو سەقفە بنووسمەوە
ئاه.. کە بینینی ئەو دیمەنەیش ئازارمدەدا
چاوەکانم پڕبوون لە پەلاشی ئەو ڕەشەبایانەی
لە پایتەختە گەورەکانی ڕۆمانسیەتەوە دێن
گیاکەی زەنووبیا لە نێو خوێنم
پیاسەی ماڵئاوایی دەبەشێتەوە
شیرینیشم بەینەت دەخاتە سەر
ڕۆحی بالاخانە بڵندەکانی چاوەڕوانی
پەنجەرەی تەواوی ئەنواکە وازی دەکەم و
ناتوانم سلاو لە نەفەسە مردووەکانم بکەم
تەنیا و تەنیا لە بێریتەیی شەوە بەڕەلاکاندا
گوارەی زیوینی گوێچکەی تەنهایم دەزرینگێنەوە
ڕەزمی شەوە برووسکەدارەکانم بۆ دەخوێنێتەوە
ئا ئەو شەوانە تۆم دەکرد بەدەست و قامك و
بەژنی ئەو دارئەستێرانەی کە تازە بناغەی
مەمکەکانیان لە سارا شەپۆلاوییەکان دادەڕشت
تۆم دەکرد بە دیمەنی بزۆزی و وەستان و پرسیارە
دژوونەکانی مەرگ لە پرسیار..

تۆم دەکرد
بە خۆم و هەردوو هەناری مێخۆشی
ڕەزی پڕ لە پەرژینی سییەکانیشت
بە کارێزی حەرف و ئاسارەی ساتی ناڕەحەتیم
دەزانم ئاوێتەیی ڕەنگەکان ئازارتدەدا
دەزانم کە بە چاوی مامزینی سۆزە ماندوەکان
لە پەنجەرەی ڕەنگە تێکەڵەکان دەڕوانی
منت خۆشدەوێ و دەزانم کە دەمناسیت و گەردەلوولی
ئاگر ئامێزی دێرە قورسە سادەکان
ئەزبەردەکەیت و ڕقت لێمە
منت خۆشدەوێ و دەزانم کە ڕۆیشتیشم
دێیتە نێو نوای شەهەوەت و
لە بەفری بێتاقەتی و گومان و لەززەت و بیرەوەری
دەخنکێیت و منت خۆشدەوێ.
ئەوەیان گزنگی باوەڕە و
لە شەوەزەنگی شاهانەی ڕۆحمەوە دێ.

ئەی نیگاری تەونە ئاڵۆزەکانی پەنجەی وەریوم
هەردوو لیمۆی ترش ترشی بێستانی فڕۆکەخانە
ئاسماناوییەکانت پڕ بە پانتایی
میحرابی لێوەکانم هەڵدەگەزم

قۆپچە و ڕیبات و پەنجەرەی پۆلاینی
سەر هەردوو نەخشەی شین شینی دونیاکانت هەڵزرێنە و
دەستت بخە نێو قامکی یەقین و
تا ئەو گێژاوەی جەفەنگی حەشر حەقیقەتم بدێ
بۆ ناڕوانیە نیگارکێشە پیربووەکان..؟
ئەوانەی عەشقی تۆ بوو بە پەرچەمی نیگارەکانیان و
ئێستەیش ڕووبارێکن لە ڕەنگ و ڕاپەرین و
سوراحییێکیش لە گۆرانییە پڕ لە ژانەکان.

دەڕۆم بە دوای داندانی نەورەسی نێو کەنار
دەریاچە ئاڵۆزکاوەکانی چاوی وەریم
لە تەك نافورەیەکی نامۆی شارستانی دادەبەزم
فەنەری مارکێتە سامگرتوەکانی یەڵدا
لە سنەوبەرە گەنجەکانی شەوانی شکانی شووشەی
شامپانیەکان هەڵدەواسم
ئەی سیستەمی باژێڕی بەدەنم
دەبا ڕووخاویترین بێ سەرزەمینی شادمانیم.

تەرمی نەمانم خستە گیانی
نەهەنگە ئاڵتوناوییەکانی سەما
سەماش دەخەمە نێو
دەربەندی دەمە پڕ لە ئارامییەکانی گیان
ئارامیی من: لە ئاوێزانی جەستەی نیگارکێشەکان و
هەڵوەرینی ئەبرۆی ئاوەدانیەکانە.
ئارامیی من: عاشقێکە و
باوکە زۆردارەکان قژی ئاوریشمی هەڵدەپچڕن
ئارامیی من: ونبوونی یوسف و گریانە
بۆ بەرگە خوێناوییەکان
ئارامیی من: غەریبێکە لە نێوانی ستیانی مەریەم و
خۆراوای هەردوو چاوە سەوزەکانی ـ ڤالیما ـ
ئارامیی من: هەموو شەوێ دێت و بە زەنایێکی ئارام
جارێ کڕنووشی بە ئارامییەکان دەبا.

ئەی ڕەوەزو باغی میکیاجکردووی
نێو دۆڵی مەمکە ئارامەکانی خودا
زانیوتە زەمەن ئەتڵەسی بەر ڕەشەبای کەشتییەکانە
ئاە: لە نووکی ڕم و بەژنی ئالاّ و لاچاوی ئەو کاپتنانە
ئەی زانیوتە زەمەن ڕەشەبای نێو ئەتڵەسی
ئاهەنگی کەشتییەکانە؟

ئاه لە کەساسی تەمەن
ڕۆژێك لە ڕۆژان کارنەوەرەسێکی بەختەوەربوو
بە نزاری سەدەییێکی سەرمەست
گوناهەکانتان دەگۆڕیپەوە و
چیتر تاجی پیرەژنە حەددییەکانتان
دەکرد بە خانەقایێ لە دەفی سێکس و
والآکردنی سەری پیلسی بە کەفوکوفی یاساغییەکان
چی هەیە لەوە تاوانتر..؟
بێچووە شازادەکان تەخت بە شەهوەت بگۆڕنەوە و
تەلیسمی تاجەکانیان
ملوانەکەی وەرزێرە لاتەکانبێ
بناغەی سکێکم بە تەمەنی ڕەشوڕوت دانا
چاوەڕوانی لەدایکبوونی حۆرییەکانبووم
بۆ ئەوەی بیانخەمە سەر شانی لێوەکانم و
تێر کەنارە ڕۆحییەکانی زەریای نائومێدیمی
پێ ئارامکەم ..
ئەو کات ئێوارەیەك بوو
گەلآکانی بەینەت
گولآلە و لالنگی باسکی ڕووباریان
جوانیپژێن دەکرد
من لە دەڤەری گومانە گەورەکان

**بە پردی ئەوینەوە تا پەرچەمی شۆڕەبی ڕاستییەکان**
**ئەو کات گوێم بۆ شیعرە حەقیقیەکان ڕادەگرت و**
**خەون خەون خەونم لە سەرابەکەی بەردەمم**
**بۆن دەکرد**
**عەتری رەیحان و**
**دەستنوێژە جوانەکانی خودم**
**لە بەژنی نەرمە نازی دەستگێراندارەکان دەنووسییەوە.**

**دە ئەمڕۆ ڕێبدە ئەی سەرداری مەملەکەتی**
**شێوێنراوی هەناسەکانم**
**دە ئەمڕۆ ڕێبدە با سیحری بزرکاوی**
**چەند هەزار ساڵەم**
**لە مێژووی عەشقە ناکاوەکان باڵاّبگرێ**
**من لە باڵگرتنی خەونە شێتەکانی سەرم تێناگەم**
**من لە گریانی پرچی هەناسەم و**
**پەرچەمی سەرح سەرحی ئەستێرەکان تێناگەم**
**کەی دێ من لە ویژدانی پرتەقاڵە سوورەکانی ڕۆحت**
**حەرفی رۆمانسی و جوتبوونی رۆمانسی و**
**گوڵخەندەرانی رۆمانسی و خەفەتی رۆمانسی هەڵبکۆڵم..؟**

لێم بڕوانە و تەواو تەواو
پەنجەی پڕ لە ئەنگوستیلەی چاوەکانت
لە ئۆقیانوسی ئەندێشە و
حەژمەت و ژینەژانم هەڵچوێنە
سوێند بەحەقی ئالیهە
ئەمشەو ڕەوتی ڕووبەڕووبونەوەی
شۆڕشی برژانگەکان و
شەپۆلی راپەرینی زرینگانەوەی گوارەکانت بگرم
سوێندم بە حەقی برژانگ و
کلۆڵی چاوە ڕەنگاڵەییەکانی بەفر
ئەمشەو بە هۆزان و تارای گوڵە سیحراوییەکان
تاراج و تەختی کۆشکی شاهانەی عاتیفەت هەڵبوەرێنم
سوێندم بە حەقی ئێستەتیکی هەڵوەرین
ئەمشەو خۆم و زەریا و
کەناری ئەم شەوە خاپوورە
تەواوی ئەشکەنجەی سامالی پەنجەکانت بپڕووکێنم.
ئەی ئیلاهیمن: سوێندبێ بە حەقی تۆ
بەحەقی ئۆخژنی نێو دەماری مەمکەکانت
ئەمشەو ولاتی هەوەس و خەونەکانت تەفروتناکەم.

زۆر هیلاکم.. ئا تۆ

ئەی وەرزی نەهاتنەوەی هەڵلەرزینی جەستەی ماسییەکان

زۆر هیلاکم بە دوای ئەو هێڵە دوور و درێژانە

ئا هێڵی ئەو شەمەندەفەرانەی کە دواخاڵیان بەهەشتە و

لەوێندەرانێ

سەرزەمینەکان

تاعون و بوومەلەرزەی میهەرەبانی هەڵدەمژن

زۆر هیلاکم بەدوای ئەو هێڵە دوورو درێژانە

ئا هێڵی ئەو مێژووە ڕەنگاوڕەنگانەی

دیمەنی سرووشتی ڕەنگاوڕەنگی ئایندە دەدەن..

زۆر زۆر بەدوای ئەو کوپە زیوانەی

لە یەزدانەوە بۆم بە جێمان، سەرگەردانم..

ئێستە دوای مەلەکی تاووس

خۆمم سەرداری تاقیگەی

هەورە ئازمایشدارەکان

ئێستە دوای ئەزمونەکانی نێو دەریا

خۆمم دەڕۆم بۆ لای ئەشکەوتی نەهەنگەکان

ئێستە دوای ڕژانی تنۆك تنۆکی

خوێنی نینۆکە سوورەکانی قامکی مانگ

خۆمم وەریسی زامەکانی ئەو

ئێستە دوای کووشتنی پیاوە خائینەکان خۆمم دەبم
بە باوکی ئەستێرە تێهەڵدراوەکانی چارەنووسم
ئێستە چۆن دەستت گرتی
بەم شەوە پڕ لە برووسکەیە
بەرەو فەنا تێمان هەڵدەی..؟

چەند دڵۆپە دووکەڵێك لە یادەوەری
مەرکانێکی پڕووکاو
(بە بۆنەی بیرکەوتنەوەی ـ با ـ و
رێزنان لە هەڵمەتی شەپۆل)

ـ 1 ـ
لێرە لەنێو ئەو چاوە ژاکاو و شکاوانەی
دڵۆپی دووکەڵ و
زەخرەفەی شڵەژاوی سیمای تاریکی مەرکانێك
با خۆری قەسیدەیێکی سکالاْ ئامێزی بێگوناح
بکەینە دەریاوانی ئەڵماسە لەتبووەکانی
بوحەیرەی بەختمان
لێرەوە ئا لێرە، لەم خاڵی دەرچوون و ڕۆچوونە
با پەنجەرەی فرمێسکە داخراوەکان
لە بالاْی گەردەلوولی

داستانە ڕەشەکان
بخەینە سەر پشت و
بەسەر خاچی گوناهە ئەبەدییەکانی ئێوەیش
دەرگای دەربەندی برینەکانمان ئاوەڵا بکەین
لێرەوە ئا لە گۆشەیەکی پڕ ئەزموونی
ئەم کەوێلە نووتەکەدا
دەبا لەسەر کایە و شەونم و لاپاڵی داستانی کلۆڵیمان
حیکایەتی دوور و درێژی دووکەڵ بنووسینەوە.

-2-
(کازیوەی حیکایەتی ئەو شەوانەی
تۆفان و ئەستێرەکان گۆرانی دەڵێن)

کاڵییەتی ئەستێرەی بەیانی و ئاسمانی بلۆندی هەناسە و
زوڵفی پەرێشانی حەرفە دۆشداماوەکانت.. نم نم
لە چرپەتی دڵی ئارامیی و بێ نەفەسی چاوی عەرد و
دەستە
دەستەیش
ڕۆندك و ئازمایشی بەفرە رووناك و ڕەنگینەکان
لەسەر تەریقەتی ـ با ـ سەما دەکەن و ستران دەچڕن
ئای لەو گوڵە هێر و شیلان و بەیبوونە وەریوانەی تەمەنم

ئەوەیان فەرهەنگی بەیانییێکی درەنگکاتی
چەند پڕ لە شەوەزەنگی چڕستان ئامێزە بۆ سەحەر؟
ڕووباری پیلزی کوڵەکان و
ڤاینی فیردەوسینی سەر کێوی مەمکە حەزینەکانت
بخە سەر ئاوەدانی لەپەکانم
ئەی خامۆشیترین ڕەهێڵەی دوورگە تەنهاکانی عەدەم
ئاخ .. لەو گوڵە پەژموردانەی تەمەنم جارێکیتر
لەو لافاوانەیش کە دەمپروکێنن و
چەپکێ گوڵاو و شووشەییێك شەونم نابەخشنە گۆڕەکەم
گۆڕیمن میحراب و زۆزانی نیشتمانی کنایپەییێکە
شەوانە دەیان و سەدان فریشتەی ڕاقیسەچی و
سەدان و سەدان شەیتانی سەرخۆش و
سەدان و هەزاران پێغەمبەری کاپیتاڵ
دێن و لە ئاگر و
لە خاچ و
لە شەهوەتی بەزمەساتی خۆیان هەڵمدەکێشن.

تۆ ئەی پاڤلینی بەنازونووزی ئێمە
ئەوەیە سزای ئەو کفریانەی
کە بۆ (چیمەن) و کە بۆ (فورات)ت دەهێنایە خولقان
ئاهـ کە سەحەرێکی بێویژدان و دەرەنگکاتی
چەند بێئیرەم و عەرد و خوایە بۆ ئەڤین و
مەرقەسێکی چەند بێشەرابیش
بۆ سەما لەو ئاگری ڕامووسانە؟
سەرهەڵبڕە و بڕوانە دووکەڵ و
تەمتومانی ئەو دەڤەری کاولبوونە و
ئەو وێسگە وێرانبوانەی یەقین
سەرهەڵبڕەو هەڤپەیڤینی بوومەلەرزە بکە و بڵێ:
بە قژی بڕۆنزی
پر لە باقوبریقی خوداوەندی
جەنگ و
جەنگ و
جەنگ و
بە بنی شەقیوی ملوانکەی
پڕ لە دۆزەخی دەربەندی کەحێڵە گریاوەکان و
بە شمشاڵی گەردەنی (فورات)
پێیانبڵێ:
فاکسی لە کاروان جێماوی کاژێرەکانی نێو گلێنەتم پێگەیی

سەرهەڵبڕەو دیمانەی ئەو ئەو بینایی نادیارییە بنووسەوە
کە سەرزەمینی پرسیارەکان هەڵدەکۆڵن
سەرهەڵبڕەو بڕوانە دووکەڵی ماڵی کاولبویی
ئەو وێستگانەی گومان
سەرهەڵبڕە
ئیتر ڕۆحێکی تاریك و تاریك و
سپێدەییێکی نووتەك نووتەکی بێ پرسیاری درەنگکاتی
پڕ لە ڕەنگی هەورە بۆ ئەوین
سەرهەڵبڕە و شێتانە بڕوانە ماڵی کاولبوویی
ئەو وێسگە تاریکانەی گومان
سەرهەڵبڕە و
بڕوانە ئەو دارنەهەنگانەی
لە ئەرخەوانی وێسگەکان چرۆ دەکەن
سەرهەڵبڕەو بڕوانە
خەرەندێکی چەند تاریك و
بەیانییێکی چەند بێهەوارە لە شیعر
تەماشاکە و بڕوانە ئەسپی شەکەتی ماڵی دۆڵەکان
منیش وەك ئەوان.. ئێواران
هەورێکی بەغاری نەرمونیانی ڕەشپێست دەکرم
لە تنۆك تنۆکی گۆی مەمکی ـ ڕاین ـ و
شەفەقی بەفری بالآی ـ ئەلپ ـ و

خەفەت و مەراقی خەونەکانی تەك
ـ دارستانی ڕەش ـ غەرق دەبم
تۆ هەر بەسەر بالآی فێنکی داری بەختت ڕاکشاوی
لە لێواری چاوی ڕەنگاوڕەنگی
کۆتری ڕەشئەسمەری چاوەکانت ڕادەبم
تۆ هەر بەسەر یالی بالی مەمکی مەملەکەتی
هێرۆین بارانکراوی فەنتازیاکانت ڕاکشاوی
ئێستە ئێوارە بارانێکی زۆر چڕترە
بلاجکتۆری سەفا و سروشت و سروشی خۆشبەختی
وشەی ئاوەدانی کەزەبم هەڵوەری..
تۆ هەر بەسەری پێدەشتی پڕ لە کوریك و قەنەفری
سینگی مانگی هیجرانت بە ڕووتی ڕاکشاوی
تۆی هەر بەسەر پێدەشتی پڕ لە کوریك و قەنەفری
سینگی مانگی هیجرانت بە ڕووتی ڕاکشاوی
تۆیش هەر بەسەر پێدەشتی پڕ لە کوریك و قەنەفری
سینگی مانگی هیجرانت بە ڕووتی ڕاکشاوی.
ئێستە یەڵدابارانێکی زۆر چڕترە
حوسنی شناپس و شامپانیای
سەرمێزی دەرگاوانی یادەکان
بوون بەو ڕەوە پاپۆڕەی کە لە زەریای تواوەی عاتیفە
پەنجەرەی کەنارەکانیان داخراوە.

ئا.. چڕپڕترین ماسك وترووسكەی بومەلەرزەییێکی
بازنەیی بارانە ئەمشەو
تۆش هەر بەسەر باڵی باڵی مەمکی مەملەکەتی
ئەستێرەبارانکراوی خەونەکانت ڕاکشاوی
دەرکەوە ئەی ئیشراقی گوڵزاری مێژووی ئاورینگ و
سەرداری مەعبەدە پڕ لە خاڵخاڵۆکە و
مەرجانە گیان خەوتوەکانی دەڤەری شەرابەکان دەرکەوە
دەرکەوە
دەرکەوە
دەرکەوە
با باغ و دەوەن و کریستاڵی نیشتمانی
زوحەلە سووتاوەکانی
سەر خەرمانی سینگم
هەزاران جاریتر گەوهەر و ڕۆبینی شەو بنۆشنەوە
تۆ ڕاکشاوی و
تۆ ڕاکشاوی و
تۆ ڕاکشاوی
بە ڕاکشاوی
گوناحەکانم لە لانکی مەمکەکانت دەسرازەکە و
بمهەژێنە و
خەونی خەوی بەختەوەریم فێرکە

مەمكەكانت لە لانكی خەونەكانم دەسرازەكە و
بمپرووكێنە و دەرسی گوناحم فێركە
ئەوەتانێ ئەو كەشتییە
زەیتون هەڵگرانەی
لە دەریایی ناوەڕاستەوە دێن
وەك غاری بەر بارانی كەحێڵێ
لە تەمتومانی سارای ئایەتەكان
بارانێ لە دووری دوورەوە
بەرەو گوڵەگەنمە وشكەڵاتوەكانی
كێڵگەی تەنهایم دێ
ئەوەتانێ بە هاتنی ئەو پاپۆرە نامە هەڵگرانەی
لە مینا پانوپۆڕەكانی هامبۆرگەوە دێن
وەك تێهزرینی پڕ لەدێوەزمەی ئاسكێ
كە لە چنگی شەهوەتی لێوەكانی پڵنگێ رادەكا
بارانێ لەوێ لە ئاگری زەماوەند و
لە تاریكایی زریان و
لە گلەییەكانی دڵی خوا و
لە ئەشكی لەت لەتبووی بەردەرگای
ماڵە جەهەننەمییەكانەوە.. دێ
ماڵە جەهەننەمییەكانەوە.. دێ
ماڵە جەهەننەمییەكانەوە.. دێ

**پاداشتی ژانەکانم لێت ناوێ**

**تۆ ئەی سیحری پەرچەمە هیلاك و**

**گلۆپە پڕ لە زەیتونەکانی باران**

**ئەوەتانێ لە نۆژەنەوە**

**ڕێمدایە سەرابە نزیکەکان**

**دەستبخەنەوە باوەشی کەشتی**

**سزای مەراقەکانم لێت ناوێ ئەی خودی تۆ**

**بەڵام دڵنیابە، لەشکری سەرابم پڕ چەککردوە**

**ئێستەیش وان**

**خۆیان و شمشێری ترازان و**

**لافیتەی پڕ لە دروشمی خەزان**

**ڕەوتی دەریای دڵی**

**سەرچنار و**

**سەرچنار و**

**سەرچناریان**

**داگیرساند.**

**ئەوەتانێ**

**ئێوارەیە و**

**زۆر بە هێوری**

**ڕێمدایە سەرابە نزیکەکان**

**دەستبخەنەوە باوەشی کەش.**

- 3 -

(ئەو دۆزەخانەی ملوانکەییێکن بۆ گومان و
بازنەیەکیشن بۆ بەختەوەرییەکانی نەسیم)

- یەکەمین دۆزەخ -

کاپتنی ئەو کەشتییانەی نێرگز و نەسیم و ڕۆناهی و
ڕەیحانیان لای حۆرییەکان دەهێنا.. ڕادەکەن
ئەوانەیش
ئەوانەیش
کە نەخشەی ئۆقیانووس دەڕفێنن
پۆل پۆل دێن و
ئالأی شادمانی سەرکەوتن لەسەر
شەقامی شەپۆلەکان دەنەخشێنن

- دۆزەخی دووەم -

تۆ بڕیارتدا
لە سکڵ و لە گۆڤەندی بیابانی پشکۆ و
لە نائارامی خۆڵ و
لە هەقیقەتی تێنەگەیشتنەکانا تێبگەی

ڕێتدا ڕەقیبە دۆڕاوەکان
مەیدانی گەلاَی درەختەکانی چاوت بکەن بە پەیژە
پەیژەیش تەمەنتی دایە نێو
خولگەی هەلاَلە مردوەکان.

- سێیەمین دۆزەخ -

جارێکیتر دۆزەخە،
خۆلاَوی هەتاو دەداتە دەم
ڕۆنییەتی رووباری نەفەست و
بیری دارئەرخەوانی چاوە بڕۆنزییەکان
شێلوترین دەکا.

- دۆزەخی چوارەمین -

ئەوجارەیش سەردەمی بەختەوەرییت شاد
ئەی جەنجالێترین سەردەمی دۆزەخ.

## - پێنجەمین دۆزەخ -

قوببەی شەونم شەونمی شەوانی دەربەندی بەختم
سەفەرت خۆش
پەلکەزێڕینەی دەربەندی دارسەرو و
سەرمەستی چرا و جەننەت و
ئەو دەوارانەیش
کە ڕێبوارانی وڵاتی حۆرییەکان
جەنگی ئەوینیان تێدا دەسازاند
سەفەرت خۆش
تۆیش
بڕەقسە و
بەسەر سککەی تونێڵی وێستگەکانی جەحیم پاڵکەوە
بڕۆ بۆ نێو پڕشەنگ و
پەلکەزێرینەی مەملەکەتی وشە
وازبێنە لە لافی ئەو دارئاواتانەی
لە قودسییەتی نوێژی گوناح تێناگەن
قەدەحنۆشبە و
لەگەڵ هەیڤ ژوانێك
لە ناوەڕاستی زەریایی ئارامدا بسازێنە
لەگەڵ منیش لەبەردەم (فورات)

لەگەڵ منیش لەبەردەم (قەڵات)

لەگەڵ منیش لەبەردەم (خوا) و

لە بەردەم دۆزەخ و لەبەردەم (نەمریی)

ئەی بەرد بە بەردی سەوزاتی مورادو

مۆری و مەرجانە رووخاوەکانی

فرمێسکی شکاوت هەڵمژم

ژیانپۆشبە و

دەبا جارێکیتر جەنتاکانمان بەرەو فەتارەتی

بەختەوەریی تێکنێین.

ـ 4 ـ

بە ملپێچبوونی جەنگ و ڕێگا بازنەییەکان

بۆ پێشبینی چەوتی خەونە ئاواژوەکان دیارییە

ـ جەنگ ـ

دارەوانێکی سینگ بە هەلهەلەی

شێت و سەرسامە

لە دارستانی ئەستێریەکی تاریك و

لە مەملەکەتێکی پڕ لە گەڵای زەردهەڵاتوو

لە گۆشەیەکی زێدە ئەفسوناوی هەڵدەکا.

- جەنگ -

به تەور و شەو و گەرد و درەخت و

ڕەهێڵە ڕهێڵەی ئەو گەردوونی لێڕەوارە ئاشنایە و

بە ئاقاری سینە و شاخیەتی گلێنەکانیشی

لای شاژنی ئۆفیسەر و سوڵتانەکان بەناوبانگە

(بەختەوەریی) کۆیلەی ڕەشپێستی جەنگ

سەدبارە لە نیوەڕۆی شاژنەکانی دەربەندی شەڕ ترسی هەیە

لە مانگی ئارەزووی ژنی سوڵتانەکانی شەڕ ترسی هەیە

لە بوم و لە هەڵۆ و لە غەزەبی غەمناکی

چاوی ئۆفیسەرە پەککەوتوەکان ترسی هەیە.

- 5 -

ژوانی زاتە ترازاوەکان جارێکیتر

لە واری حەرف هالاّوی تراویلکەیی یەکبوونمان..

سەقەمێکی تینووە

ئاخ بینایم.. بۆچ سەوڵ و پەڕەمووچەی هەڵواسراوی

دێوانەیی سەرم، مەلۆتکەی سرووشتی ئاوەدانیمە؟

بۆنی هالاّوی تێکەڵبوونمان خوداوەندێکی یاخییە

ئاخ بینایم.. بۆچی تۆیش لێواری لێواری

سرووشکی مەلەوانگەی بورکانەنی؟

لەنێو لمی ئەو کەنار زەریایە بەڕووتی
بەرەو ڕووگە سەرمەستەکانی ئاو غلۆربەوە و
غلۆربەوە
ئەی کۆنفراسی گۆڕستانەکانی
نێو جەنگی خۆراوای خەیاڵم
جلەوی ڕووبارەکانی ڕۆحت بەردە و
ئاوەدانیم تەنهاکە
جلەوی شیعری چاوەکانت
ئا.. ئەو چاوانەی لە کەناری ئۆقیانوسی قەرەباڵغی
ڕۆنیشتون و قەسیدەی تێکەڵبوون دەفرۆشنە زەریا
پەنجەرەی شیعری ئەزموونت ئاوەڵاکە و تەنهایم ئاوەدانکە.
ئاوەدانیم تەنهاکە و خۆڵمێشی جەستەم
لە شووشەیەکی ڤاین بنووسەوە و بە زەریام دادە
ئاگاداربە، لە نێو لمی ئەو لێوار زەریایە
ڕۆشناییەکان و تاریکی دەخەمە نێو
جامێکی زیوینی پڕ لە زەخرەفە
لێدەگەڕێم قفڵەکانیش هەناسەم بڕفێنن و
بە ئۆخژنی لە ڕۆحی شەیتان و
لە ڕۆحی باران و لە ڕۆحی خودادا ئارام بگرن.
لێدەگەڕێم قفڵەکانیش بۆ تاهەتایی
لە ڕۆحی دۆزەخ گرێبدەن.

**هالأوی بۆنی گەردەنمان میهرە و**

**لە کێڵگە و مەملەکەتی ئەو کژە باران و**

**ئەو حکومەتی نیسانە دەڕوێتەوە .**

**ئاگاداربە...**

**کەشش دەکەین ویساڵی**

**کۆمبوونی ئاوێتەیی بڵێسەکان.**

**زەمەنەکان کەشش دەکەین و**

**دەسبەندی سەفەری تێکەڵبوونمان دەبین**

**من و تۆ بە قوڕسی تێکەڵ دەبین**

**من و ئەو لەکافور بە قوڕسی تێکەڵ دەبین**

**من و ئێمە بەقوڕسی لە مەلەوانگەی**

**کافوری ڕۆح تێکەڵ دەبین.**

**من و ئێوە لە گیانی دەڤەری کافور**

**ئەمڕۆ بەقوڕسیترین خەستی تێکەڵ دەبین**

**من و ئەوان لە دەڤەری کافوری ڕۆح ئەمڕۆ ئێوارە**

**بە خەستیترین شێتی تێکەڵ دەبین.**

**من و خۆم هەرئێستە لە ڕۆحی دەڤەری خەرابات**

**دوور لە مەمکی کافوری دڵی دڵی یەزدان شێت دەبین و**

**تێکەڵ دەبین .. تێکەڵ دەبین و دەبینەوە بیرەوەری.**

.6 ـ

**داستانی بەفر و پەڵەی ڕوانی دووکەڵێك**

**بە بۆنەی ساڵڕۆژی لەدایكبوونی فیردەوس**

**بە دۆزەخ پێشكەشە**

**لێگەڕێ با پۆشاكەكانت ڕووگەی ئۆقیانوس**

**بیـ**

**ڕفێـ**

**نێ**

**بڕۆ لەدەریاچەی خاڵی گیانت**

**بە ڕەنگی شەو بڕەقسە و**

**بە پەیژەی فنجانێك لە دووكەڵ**

**بەرەو دەمی هەڵچوونی هەور هەڵزنێ**

**دەرگای دەربەندی نامەی مەمكەكانت داخە و**

**لە پۆستخانەی سەفا**

**بۆ كارئاسكی نارنجی چاوی كۆترێكی سەماكاری**

**بەر دەروازەی كڵێسەكان**

**بۆ نیانیی گلێنەی سووری گڕكانەكانی پۆستكە**

**بێ شەپۆلدان لە ئەستێرەی شەقیوی ڕۆحت بڕوانە**

**بۆ لافاوی دوورگەی پەنجەكانیشت سەرمەستبە و**

**تنۆكە حەرفی شەیتانی چاوەكانت دەربازكە.**

پێڵوەکانت بەبێ چرپە داگرە و
بانگی ئەو چیرۆکانەیش سازدە
کە لە دوماهی فیلمی رۆمانسی عەشقی لێدەبێتەوە
تۆ بە ڕەحەتی چاوت زەمەن دەکڕیت و
لەوێش دەبیت بە رۆماننوسێك
هەر بەتەنها ئەو سپێدانە دەخوێنیتەوە
کە لە دەستی کچە سێکسییەکان زناکدراون
خۆت سەرمەستکە و بە ڕووتی
جەستەت بنوسێنە بە جوگرافیای کەڤرێك
بڕواتبێ بەو دوورگانەی کە دوای هەژدە ساڵ جارێك
دەبێتەوە کاروانسەرای کەشتییەکان.
بۆ ڕحلەی ئەمجارە مەهێڵە
ئەو پاپۆڕە گوێی
لە نەغمەی دووکەڵی پشکۆکانتان بێ
بڕۆوە بەرەو خاڵیبوون
خاڵیبونێك ئەی مەرگ
تەنانەت لە ڕۆحیش
خاڵیبە و داستانی
ڕۆحانیی ڕووخانی بەفر بێژە و
پەڵەی ڕوانی دووکەڵیش مەبە

لێگەرێ با پۆشاکەکانت ئۆقیانوس بیڕفێنێ و
لە گۆڕستانی بەستەڵەکی ئامێزیشت
هەرەمی ڕۆحت بڕووخێنە
ئیڤلی بێکەسیت وێرانکە و
تۆی وا بەژێر
سێبەری گزنگە ڕووتاوەکانی پەڵە و
دۆشدامانی درەختی ئیمپڕاتۆریەکی هیجرەت نامەیەك
ڕا .. کشا..وی
چاوی ئەو هەورە پێخەڤە
لە بەفری نامورادی کێڵگە زەردەکانی
تۆفان بخەوە
لەو بورکانە ڕووناکە بەرەو فەتارەتی حاڵیبوون
لەو سەهەندی زریانە بەڕێکەوە
پشتت بخە باوەشی قەدەر و
هێدی هێدی کەزی زەنگیانەیی
پڕ لە ئاگراوی بۆ بنەخشێنە

باوەشت بخە پشتی قەدەر و
بە مسك و شەونم و خوا چەوری بكە
لێگەرێ با پۆشاكەكانت زەمەن بیڕفێنێ و
منیش
منیش
حیكایەتی بەفرت بۆ دەكەم
لێگەڕێ با پۆشاكەكانت ڕەهێڵە بیڕفێنێ و
منیش
منیش
ڕۆمانی پەناهەندەبوونی ڕووبارت بۆ دەكەم
لێگەڕێ با پۆشاكەكانت خوا بیڕفێنێ و
منیش
منیش
قورئانی پڕ لە گەوهەری ژوانەكانت بۆ دەكەم
لێگەرێ و لێگەڕێ با بەم ئێوارەیە
پۆشاكەكانت خوا بیڕفێنێ و
ئێمەیش
بەڕووتی لە دۆزەخی ئەو زەمزەمە
بانگەشەی مەلەی تێكەڵبوونمان
لەو میحرابە كاولبووە جەنجاڵەدا
بدەینە دەم شنەی بەدبەختیمان.

**ئێمە گەڕاین**

**بۆ ئەوەی ڕۆژێ لە نهێنییەکانی**

**عاتیفەی بەدبەختی تێبگەین**

**ئێمە ئەستێرەکانمان خستە نێو لەپەکانمان**

**بۆ ئەوەی لە تەمتومانی سپێدانی**

**دۆڵی دووکەڵ تێبگەین**

**من هەڵسام و گوتم:**

**بە هێنانی مانگ دەتوانم**

**لە تاریکایی ئەو قەیرە لافاوانە تێبگەم**

**کە ڕووباریان لە خاچی پەلکەزێرینەی شیعر هەڵواسی**

**ئەودەم بەفر دەخزایە دەم مەمکی ڕووبار و**

**بە سەوڵی یەقین**

**پیتەکانی دەخستە نێو گەنجینەی**

**شاعیرە شاهێدەکانی ڕۆمانسیەت.**

**ئاخ لە هێواشیی ئەو دۆزەخی توانەوەیەدا تێناگەم**

**دەژیێ و شێتیەتی بە قەسیدەیێ**

**بۆ ئەستێرەکان ڕادەگەینێ**

**دەژیێ و سوڵتانییەت بە ئەستێرەیەك**

**بۆ بەرومەمکی**

**مەریەم ڕادەگەیەنێ**

**دەژیێ و بە یەزدانبوون**

**بە هەردوو گۆپکەی مەمکی مەریەمێک**

**بە سادەیی سەرزەمین ڕادەگەینێ**

**دەژیێ و بە تاریکایی**

**چاوی شەوێ دەڵێ: عاشقی دەربەندی تاریکیتم**

**دە ڕوناهی بەخشبە.**

# سەفای تەم

(ئێرەمێك نوێژ بۆ ماڵئاوی سورەتی تەم)

## سەفای تەم

کێ بە قەدەر من عەرەقی زێ و
کارێزی فیردەوسی عەتفتی هەڵمژیوە ؟
تۆ دیوانێکی لە کافور و
مانگێکی لە یاقوت و
ڕووبارێکی لە دوڕ و
تۆ ڕۆژژمێرێکیش بووی
پڕ لە ئەستێرەو میحراب و مرواری
دە پێم بڵێ ئەی کارێزی نێو گڕکانی
دەمی کێشانی تۆفان
کێ بە قەدەر من
لەو بێستانی تەنهاییەت
هێندە مۆز و لالنگی عەتفی هەڵکرۆژیوە؟
تۆ کە دەمی غروب
بە سەرخۆشی لە نوێژی حوزن و
لە حوزنگای تەم دەگەڕایتەوە
مانگ نەیدەتوانی تەنافی عەتفت بکێشێ و
باران نەیدەزانی وەسفی عەتفت بنوسێ و

خواش لە زەماوەندی دۆزەخیی بێکەسی
جێیدەهێشتین و
لە باسی سیحری سۆزی هەناسەکانیشت
هەر بە تەنها لە نهێنی حیکایەتی باخچەکانت دەدوا

دە پێمبڵێ ئەی خۆریمن..
کێ بە قەدەر من
لەو ڕووبەری ڕووباری دەروونە ستێراوییەت
وا دلگەش دلگەش وەك حوت ئاو دەژەنی ؟
تۆ ئاسمانێکی هێندە نزیکی لێم
کە ئەستێرەکانت هەموو شەو
تنۆك تنۆك تنۆك تنۆك تنۆك
تنۆك تنۆك تنۆك تنۆك تنۆك
دەڕژێنە نێو ئەفسانەی داستانی تەنهایی و
لە هەرەمی عاتیفەم
زەخرەفەی ئەڤین مۆمیا دەکەن
دە بڵێ خۆری سەر دەریا و دەوەنی غەریبی من
کێ بە قەدەر من
لەو ئێزدیستانە وێرانەدا
واهێندە لە ڕۆحەوە
لە باوەشی گروپی گوڵە نارنجییەکان

**لە ناو ئاو**

**لە پەلکەزێڕینە و**

**لە ناو – خوناوی بە دەن – خەزنت دەکا؟**

**دە بڵێ کێ بە قەدەر من هێندە بە مەستی**

**لەو ئێزدیستانە تۆفانگرتوەدا**

**خەڵوەتی ماچ و ئەشك و یادت بۆ دەکا؟**

**دە وەرەوە نێو سیحر و فەنتازیای پێڵوەکانم**

**تۆ دیوارێکی هەمیشە قفڵدرای ئەو برژانگانەمی.**

**دە بڵێ..**

**کێ بە قەدەر من**

**لەو لماوی ئێزیدییەتە**

**سەمای سەفای ماچت بۆ دەنوسێ**

**دە تەماشاکە**

**ئەی وردە کریستاڵ و هێرۆینی نێو گیان**

**من هێشتا هەر ئەو دڵۆپ دڵۆپ**

**دڵۆپ دڵۆپ دڵۆپ دڵۆپ**

**دڵۆپ دڵۆپ دڵۆپ دڵۆپ**

**دڵۆپ دڵۆپ ئاوەی جارانم**

**کە- با - ی رەحمی تۆ دەمهێنێ و**

**کە- با - ی ڕەحمی تۆ دەبێ بەفووی یەزدان و**

**دەبێت بە ئافەریدەی**

**چیرۆکی مەسیحێکی نۆژەن.**

**دەبڵێ...**

**کێ بەقەدەر من**

**لە ڕاڤەی ڕووباری ڕۆحت هێندە شیعر هەڵدەکڕێنێ؟**

**تۆ ئەی نهێنیترین ساحیری**

**سەرمەستی حەرفەکانم**

**ئەگەرچی دووری نێوانمان**

**دووری نێوانی هەناسەم و**

**سەحەری سەفا بێت...**

**ئەگەرچی دووری نێوانمان**

**دووری نێوانی من و**

**فیردەوسی باران بێت**

**تۆ هەمیشە لەمەرگ لێم نزیکتری و**

**هەمدەم**

**لە نێو تنۆك تنۆکی حوزنگەی**

**ئەو دڵە لەتوپەتەم سوڵتانی**

**تۆ حەرفی لە نێو هاژەی بە سامی بیرەوەریم**

**هاژەی لە نێو تروسکانەوەی مانگی عاتیفە و**

**سۆزێکی شێتی لەچرکە ساتی عاقڵێم..**

دە بڵێ..
کێ بەقەدەر من
هێندە بە غەریبی
غەمباری غەمی ژانی غەمەکانتە
تۆ ئاوەدانیی بۆ تەنهایی ئەو فرمێسکانە و
گۆشەگیریشی بۆ دەمی سەرخۆشیم و
جارێکی دیکە
تۆ ئاوەدانیی بۆ حاڵەتی خۆکووشتن و
دەبیتەوە گۆشەیەك
بۆ ئەوەی خۆم نەکووژم و
تا دەشمرم حەرف بنووسم.

ئەی ئیرەمی تەمەن
تۆ بوویت بە دۆلفینێك
بۆ ئەوەی بمبەیتەوە لای حەدبا و
بۆ ئەوەی لەو قەراغ ڕووبارە سەرخۆشەدا
تا شێت دەبم بە
ڕووت ڕووت ڕووت
ڕووت ڕووت ڕووت ڕووت
ڕووت ڕووت ڕووت
ڕووووتیی ڕابکشێم.

**دوێنێ شەو**

**بتلێك عەرەقی لە بەفرتدا**

**بە سەفای نێوانی من و مانگ**

**گروپێك لیمۆی ئاوەدانیتدا**

**بە سەمای نێوانی من و – با –**

**شەو و — با — یێکتدا**

**بۆ ئەوەی لەو**

**دووووورستانی سەرابەدا**

**(خەزێم و — دووکەڵ و — عەقڵ و —**

**پۆڕ و — شانە و**

**تەم و — لێو و— سۆز و —**

**کورد و — سۆران و — وێسکی و —**

**شەفەقانی بانهۆف و — کرمانج و — ئیسلام و —**

**بیلەفێلد و — ئێزدیەت)**

**بە یەکەوە بخۆمەوە.**

**دوێنێ ئێوارە**

**سەفاییێکدا بە ئاتەشی نێوانی**

**من و هەناسەم**

**بۆ ئەوەی بچمە سەر مێزی خوا و**

**لەوێ پێ لە سەر پێ**

جگەرەیەکی پڕ لە حەشیش

بۆ چارەنووسی سووتاوی کچە هەولێرییە

چارەنووس سووتاوەکان بکێشم و

پێکێ کحولی ناکامیش

بۆ سبەینێی

کچە گریکییە

تەلاّقدراوەکانی ستانی – بابانیەت –.

ماڵئاوا ئەی ڕەیحانی ستانی – بابانیەت –.

هەر دوێنێ ئێوارە

ڕیزێك ئەنگوستیلەت خستە

ڕێزی ئەنگوستەکانم

بۆ ئەوەی سیحری ئەوینیان پێبکەم و

فاڵی سێکسیان پێبنووسم و

تەونی خەونەکانی پێ پۆستکەم و

بە هێوریش لەوێندەر

حەرف و کحول و حەشیشیان پێببێنم.

ئەی کارێزی ئێستە تەقیوی فەزای سۆزم و
ئەی سۆزاویترین دڵۆپە خوێنی
نێو دەمارە شەقبووەکانم
دوێنێ کاتی عەسربوو
کە ڕۆژنامەفرۆش و
کتێبفرۆش و عەرەقفرۆش و
ئاوەدانیفرۆش و
مۆدێلفرۆشەکانت تەنگاو دەکرد
بۆ ئەوەی لە مەعبەدی هەورە تاریکەکان
ئیلهامێکی سەرخۆشی کاپیتال
بخەنە نێو پۆستی ماڵی زەمەنم و
نێو عەرەقی سیحراوی جەمەی شەوانم
دوێنێ لە دەمی نیوەڕۆ
تۆ هاتیت و چی زەمەن هەیە
لەو سەرزەمینە وێرانەدا
کردت بە کوخێك و
چی تەمەن هەیە لەو گەردوونە بێڕەحمەدا
کردت بە سێوێك
بۆ ئەوەی بە کوخەکە
خۆم لەسەرزەمین حەشاردەم و
سێیوەکەش لە جەستەی

**کەوە بێستیانەکان هەڵخلیسکێنم**

**هەر دوێنێ بەڵام دەمی سەحەر**

**بڕیارتدا**

**من بکەیت بە سەفای نێو شەرابێك**

**بۆ ئەوەی مامزەکان**

**فێری سەرخۆشی بکەیت و**

**خۆشم**

**تا دەمرم هەر بە سڕی بڕەقسم**

**هەر ئەو سەحرەی دوێنێ**

**بەڵام بەری گزنگ**

**بەو سەد تاك بازنەی**

**کە لە دەستی چەپی ڕۆحمت چەقاند و**

**بەو حەڵقەڕێزانەی**

**نێو زنجیری حەرفاوی سۆزی شەکەتم**

**گروپێك تاوست فێرکرد بە گەزەی لێوەکانیان**

**سینگم لەتو پەتکەن و**

**گروپێكماینیشت فێرکرد**

**وەکو رۆح بەجەستەی پڕ لە دۆزەخم ڕابێن**

دەبڵێ..

کێ بەقەدەر من هێندە

یادی زەمینی پڕ لە نهێنی و

ئاسمانی پڕ لە نهێنی و

شەو و دەریا و

خۆری پڕ لە نهێنی دەروونت دەکا..؟

تۆ ئێستە لەو شەوستانی غوربەتە

ئاشکراترین ئیمپراتۆری

هەموو پەنهانییە تەماوییەکانی ڕۆحی منی

ئەی ئەفسانەیترین و ئاڵتوناویترین

ئەشکەوتی

ئەو تاراوگەی گۆشەگیرییە

تۆ مەنزڵگای ئەو دووکەڵەی

کە لە ڕووباری ڕۆحمەوە دێ

وەرە و بەنزمی دیالۆگی

خۆرێك لەتەم بسازێنەو

بە زەناش لەو سارای سەفای تاریکییە

سەمای زریان و ئەبەنوس داگیرسێنە

فیگۆری هەناسەت
هێوریترین عاشقی هەللەرزیوی
نێو بازنەی حوکمەتی تەمە
مەتەرێزی گروپێك تاووسی
پرچ ڕەنگاڵەی گریکییە
کە ڕۆژانێکە لە هەوری تەم و
گومان و تەجرید
کلارنێتی کۆچ دەبێژێ
ئەی بە هاشوهوشیترین لافاوی حکومەتی تەم
نازانم مۆرفیمگای نیگات قەسەرگای تەمە
بۆ شاردنەوەی شمشێری گروپیماینەکان
یا سۆزی ئۆفسیرێکی ڕۆم؟
چێنترۆمی هەورە بۆ شەفکردنی پۆلی باڵندەکان و
دارستانی نێو سورەتی چارەنووس
یانیش پاپۆڕێکی پڕ لە حەرف و ئاماژە؟

بڕۆوە ناو تۆفانی نافورەیەك
لە ئاگراو و بڕەقسە
ئەو حەرفە شەقبوانەت خوێندەوە
کە لە چڕستانی گیان دەدوێن؟

**ئێرە دواترەمین بازگەی سنووری**

**مەملەکەتە دوورەکانی دۆزەخە**

**بۆ ونکردنەوەی ئەو مەمکانەی زوو ونمانکرن**

**دە ورد ورد بڕوانە**

**ئێرەش وەك ئەوێ گوارەیەك ئەڵماسە لە تەم**

**ئێرەش وەك ئەوێ ملوانکەیەك یاقوتە لە هەڵم**

**ئێرەش وەك ئەوێ خرخاڵێك کریستاڵە لە دووکەڵ**

**ئێرەش وەك ئەوێ بازنێك زێڕە لە خۆڵ**

**ئێرەش وەك ئەوێ ئێزدیستانێکە**

**پڕ لە ئیلهام و**

**گەمە و دۆزەخ.**

**دە ورد ورد بڕوانە**

**ئێرەش وەك ئەوێندەر هەر سەرزەمینە.**

**بڕۆوە ژێر لافاوێك لە ئاورینگ و سەما بکە**

**بڕۆوە ناو ئەو حەرفانەی**

**کە لە تەمی گیانت تێدەگەن**

**بڕۆوە خێرا بڕۆوە**

**بەرەو نێو دارستانی ڤالآی خەونەکانت**

بەرەو نێو کەرنەڤاڵی
کەناری مانگی سوورهەڵگەڕاوی
ئەو ئاسمانی نامورادیە
بڕۆوە ناو حیکایەتی چارەنووس
بڕۆوە نێو پەژستانی چڕی پەژمودەیی و
ناو مەلحەمەی ـ با ـ و
نێو ڕۆمانی ـ بەرد ـ و
ناو چیرۆکی ـ لم ـ و
نێو قەسیدەی دوورو درێژی ـ تەم ..

بێهودەتربە
سورەتی خەونێکی تەماویتر
تەماویتر بە فیگۆری ڕۆحت
لەو مزگەوتی پرسیارە بە بەرزی بچڕە و
گۆرانی پەشێویی ئایەتێکیش
بۆ ئەو بەفر و ڕووبارانەی زەمین بنووسەوە
کە جوانییەکانی بەرەو
مەملەکەتی ـ فەنا ـ تێهەڵدا.

**ده بڕۆوه نێو پەرستگەی تەم**

**نێو خرخاڵی زیوینی گەردەنی مێژوو**

**نێو دیلانی عەدەم و**

**نێو سەهۆڵبەندانی زەمەن**

**بڕۆوه بەرەو سورەتی دیلانێکی بێکەنار له تەم**

**بەرەو ئیمپراتۆریەتێك له حەشیش**

**بۆ ئەوەی لەوێوه**

**وەڵامی خیتابی سووتانی تەمەن بدەینەوه.**

**ئەی بەژنی بە هاشوهوشی ڕووبار**

**تۆ ئەوەندە بە کاتەسترۆفە ڕاهاتووی**

**گەر لەناو نهێنییەکانی کحولیش بیت**

**هەر بیری دۆزەخ دەکەیتەوە**

**گەر بڕۆیتە ناو قەڵبەزەی زیبا و**

**ناو مەعبەدی ئاڵتون**

**گەر بڕۆیتە ناو میحرابی ـ سێکس ـ**

**هەر بیری دۆزەخ دەکەیتەوە**

**تۆ ئەوەندە بە کاتەسترۆفە ڕاهاتوی**

**گەر – با – ببێتە بەرد و**

**له واری مەمکەکانیشت ماڵ داکوتێ**

**هەر بیری دۆزەخ دەکەیتەوە**

کێ لەو دۆزەخە ئەبەدییەی ڕۆحت تێدەگا؟
خۆ لەنێو پەلکەڕەنگینەش
کوخێك بڕفێنیت و
پەریبێك بڕفێنیت و
دوو ماسیش لە سێکس
هەر بیری تۆفان دەکەیتەوە

ڕۆحی شیرینم
دوێنێ کە هێشتا نەهاتبویتەوە
نێو دەخلی
دەغری
سەفا و باران و
خۆر و خۆڵ
دوێنێ کە هێشتا
بە لانەی جگەرە حەشیشاوییەکان و
ماڵی وێرانی پەپوولە کریستالۆوییەکان ڕانەهاتبووی
دوێنێ ئەو کاتەی کە هێشتا هەر
بە ئاڵتونگەری حروفەوە سەرمەستبووی
دوێنێ ئەو کاتەی
کە – با – یێکی سەرخۆش
لەرزگرتەی ترسگای خیانەتەکانت بوو

**تێگەیشتن**

لەو جوگرافیای خیانەتە چەند قوڕسبوو؟

ئەی غوربهێنەری تەواوی سپێدان

تۆ دوێنێ

کە هێشتا هەر لەنێو گیانی مەستبووی – ئاو –

بارانت ماچ دەکردو سەحەرت  دەبردە سەر

قەروێلەی برووسك و کحول و گیتار

هەر بیری تۆفانت دەکردەوە

تۆ ئێستە گەر لە دڵی هەموو مەمکەکانی

ئەو گەردوونەش بە سەرمەستی نوا بکەیت

هەر بیری تۆفان دەکەیتەوە

دەڕۆیتەوە سەر شەقامی تەم

بەسەر پاپۆڕێك لە شەیتان رۆدەنیشیت و

بەرەو نهێنییەکانی کۆتایی / ڕێگا دەگری

ڕوو لە ئاسمان

شەپۆل بەرەو پەیامی تەم راپێچت دەکا

بەرەو نهێنیترین دورگەیەك لە – لم –

تۆ بۆ ئەوەندە بە هاوهیجرەتی – با – راهاتوی ؟

دەڕۆی و ناوەستی

چونکە تۆ هەر بە تەنها بە کاتەستڕۆفە

ڕاهاتوی.

وەکو کحول سەرمەستە
ئەو سەرابخانەی گۆشەگیرییە
وەکو – با – قەرەجە
ئەو – مەسحەفی – نادیارییە
وەکو تەمی ئەو غوربەتەش پڕ لە تێستە
چارەنووسی ڕووبار
دە با ڕەوکەین بەرەو ئیرەمگای ئەوە ئێزدییەتە
دە با ڕەوکەین بەرەو – لالش –
بەرەو کریستالگەی – مەلەکی یاقوت –
دەبا ڕەوکەین و
ڕەوکەین و
ڕەوکەین
بۆ ئەوەی بە قامکی تاووس
لە پێستی قەدەر
بەحوبری سێکس ئەڤین بارزکەین.
دە با ڕەوکەین و
ڕەوکەین و
ڕەوکەین
بەرەو دۆزەخستانی ئەو دیلانی ئێزدییەتە

ئەی زەماوەندی کۆچ
خەناوکەکەت هەڵدە نێو ئەرشیفی یادەوەریی و
پرچت بە ژووره داخراوەکەم پەخشانترکە
وەکو جاران تا دەمرین لە لەززەتدا مەساجمکە
ئەو هۆڵە ئەرشیفی تەڵی دوورودرێژی پرچی بلۆندیتە
ئەرشیفی هەناسەی تێکەڵبوون
ئەرشیفی فیراق
ئەرشیفی سیحری زێڕاوی بانگی تەلەفۆن و
قورئانی ژوان و میحرابی ئیرۆتیك و سێکس
ئەو هۆڵە ئەرشیفی تەڵی دوورودرێژی پرچی بلۆندیتە
ئەرشیفی لێستنەوەی بێدوماهی
خاڵ
لێو
مەمك
مۆزەیۆمی مرواری
ئەو هۆڵە تەمستانی مەرجانە
ئەرشیفی تەڵی دوورودرێژی پرچی بلۆندیتە
سەرابخانەی هێڤی کێشان و
کارێزگەی خەونە
ئەو ژووره.. دە هەڵمگرە بەرەو سێدارەخانەی پرچت
بەرەو ئیلحادخانەی ئێزدییەت.

**بۆ دەبێ هەر بە تەنها**

**ئاگر مەعبەدی ڕەیحان ڕاموسێ و**

**هەر بە تەنها**

**باسکەکانی سەقەم**

**ڕۆناهی مانگ بڕفێنێ و**

**هەر بەتەنها**

**پایز بەسەر کەناری خەون بخەوێ ؟**

**بۆ دەبێ هەر بە تەنها تاوی برووسك**

**پەرستگەی مانگ ڕاموسێ و**

**هەر بە تەنها دڵی ڕووبار**

**دیلان**

**دیلان**

**دیلان**

**دیلانی گڕ بسازێنێ و**

**هەر بە تەنها من پارچەیەك بم لە سەرخۆشی**

**لە – لم – و لە بەرد و لە فرمێسك**

**ئاخ ..**

**کە من لەم دونیای نامورادییە**

**بە عەشقی تەمەوە ڕاهاتوم.**

من تێناگەم بۆ هێندە نامورادم؟
بۆ هێندە کات لام دەبێ
بە بوحەیرەی هەڵم و
بۆ هێندە گوڵ
گەمەی جادوو دەسازێنێ و
منەت بەسەر تەم و لم و ڕووباردا دەکات؟

ئەی چاو ئەستێرەی پرچ تۆفان
گەمەی زێتر بکە
بە تاوەری وێرانی ئیحساسم
گەمەی زێتر بکە
بەخەناوکە ئاڵتوناوییەکەی گەردەنم
بە گۆپکەی مەمکەکانی رووبار
بە وەحشیەتی جەمی سێکساندن
بە ئایندەم
دە گەمە بکە بە تەم و لم و ڕووبارو تۆفان
گەمە بکە بە ڕۆح
لەو ستانە مۆدێرنەی ئێزدییەت
ئەی زریانی پێکە جوانەکانی تەنهایم

ده گەمە بکە

گەمەی زێتر بکە بە ئیحساسم

من قەدەرمە

دیوانێکی مێژوو بم لەکریستاڵی نێو برین

ده گەمەی خەتەرتر بکە بە ئایندەم

من قەدەرمە بۆ تا ئەبەد

لەو نیشتیمانی لافاوە

ڕەگەزنامەی سەرابم لابێ.

تۆ شەوستانێکیتری لە نامورادیم

ئەی پرچ ڕەنگاڵە

گەمە بکە بە عاتیفەی ئاو

بە ستانی باڵشکاوی ئیسلامییەت و

بە مەیخانەی زەمەن و بەزمگەی تەمەن

منیش ئەوەتەم

بەرەو دەوارگەی تەم و

ئەو سەرابخانەی خەونە بەڕێوەم

شەپۆلی کات دەمبا بەرەو

مەعبەدێك لە — با —

بەرەو کوژانەوەیەکی بێدوماهی

من کات دەکوژێنمەوە

من هەموو کاتەکانی سەرزەمین دەکوژێنمەوە

بۆ خۆم لە تارمایی کاتە کوژراوەکانی سەرزەمین

بە ڕووتی ڕۆدەنیشم

من بەسەرمەستی و ڤۆدگا بە دەستییەوە

هەموو کاتەکانی دنیا دەکوژێنمەوە

کاتیش بالاَم

ئێمە

من و کات

باران و خۆمان و بەرد دەکوژێنینەوە

ئیتر هیجرەت بەرەو خۆڵ دەکەین و

دەبینەوە بە سەرزەمینێکی دیکەی پڕ لە بورکان.

ئێمەین خاچی قەدەری خۆمان لایە و

بەرەو دارستانی – مۆمیا – و

مەهجەری مێژوو بەڕێوەین

ئێمەین خاچی زیبای یەزدانی زەمەنی

ئەو تەمەنەی خۆمان لایە و

بەرەو هەرێمی حەرفەوە بەڕێوەین

ئێمەین لە تەفسیری ڕەیحان تێنەگەیشتین و

بە درەوشانەوەی درەوشاوەکان نەگەشایەنەوە

ئێمەین ....

دە بدرەوشێوە ئەی تەنهایی پیاو

جگە لە سواربوون

دەبێ ژن

چ مەتریالێکیتری ئەو زەمینە وێرانەبێ؟

جگە لە خاچبەسەرشانێکی کەمفامی

لادەری تەسەوفی شیعر

منیش تەنێکیتر نیم.

لێرەوە
برۆ دونیای فیزیا و بەرد و زریان
بۆ ئەوەی فێری ئەتۆمی بێسۆزی بیت و
جارێکیتریش
نەڕۆیتە نێو فیردەوسی دۆزەخاوی مەحەبەت.

ئەمڕۆ دەمی شەفەق
تەنیا بووم وەکو تەنیایی
لە چاوەڕوانی پۆستی سەراب هەڵدەلەرزیم
بەناو باخچەیەك لە هەناری حوزن
بە ڕووتی ڕاوەستابووم
ئەمڕۆ دەمی شەفەق
چاوەڕوانی – با – یێکی نۆژەن بووم
کە تەرزە بێنێ و
چاوەڕوانی سەرابێکی کۆن بووم
کە شەوستانێکیتر بێنێ و
چاوەڕانی نێرگزبووم کە دوورتر
لەگەڵ – باهۆز – بڕوا و
ئیتر سەرزەمین بچێتە شووشەو
بە ئەڵماس
حەرف لە سینگی حەفر بکا

ئەمڕۆ دەمی شەفەق

من لە گۆشەیەکی پاقژگە

بە ڕووتی ڕاوەستا بووم

چاوەڕوان نەبووم گروپی ڕۆحە سەرخۆشەکان

دەوارەکانیان هەڵدەنەوە

چاوەڕوان نەبووم ئیتر

کۆترەکانی وجود

بگەڕێنەوە باوەشی باڵکۆنەکەم

شەفەقی ئەمڕۆ

کە بەسەر قەرویڵەی ئاو

لە کەنارێکی — لم —

بە ڕووتی و چاوی بەخەونەوە ڕاوەستابووم

من چاوەڕوانی ئەو پەپوولانەم نەدەکرد

کە بە پێکی حەشیشیان ڕاهێنام

من هەرگیز بیری

چاوەڕوانیم نەبوو لە نێو ئەو بەردە

تا چاوم بکەوێ بە وەفدی

ئەو ماسییانەی لای خواوە هاتبوون

من وتارم لانەبوو

تا جارێکیتر لای خەون بیخوێنمەوە و

**من بارانم لانەبوو**

**تا جارێکیتر**

**بچمە لای لم و بڕەقسم**

**تۆ هاتیت و لەگەڵ شەفەق**

**بێزەنگ**

**لە دەرگای ماڵی ئاو نەوەستای**

**لەگەڵ شەونمی**

**حاڵەتێك لە شیعر حیکایەتتکرد**

**چویتە سەر قەنەفەی ماڵی دووکەڵ**

**چاوەکانت دایە لێوی**

**گەمەی کۆترێکی لەرزۆك و**

**پرچیشت وەکو گزنگ**

**بە حەقلی ژوورەکەم هەڵۆاسی..**

**شەفەقی ئەمڕۆ**

**ئاگری پێغەمبەرەکان فێنك هەڵگەڕا و**

**سوپاییێك لە پەڕەسێلکە گەیشت**

**ئیتر تاووسێ مەلەك تەنیا نەڕۆیشت و**

**مەسحەفی ڕەشیش**

**بێ خوێنەر نەمایەوە**

**شەفەقی ئەمڕۆ چەند جوانی؟**

ئاخ موسی مەوسیمی هەڵزڕانی هەناسەکەم
شەق
شەق
شەقیکە ئەو ژوانگەی کۆکاینە
من لە دووکەڵی مێژووی – با –
حاڵەت دەژمێرم
من هەر بۆ گۆشەگیری ئەو ئێوارانەیە
لە – مۆرفیم – دەگەم و
من هەر بۆ خاتری هالاۆی ئایندیە
بە تۆفان ڕاهاتوم
ئاخ موسی مەوسیمی هەڵزڕانی هەناسەکەم
ئێواران
کە دەڕۆمە نێو هالاۆی
ئەو دۆزەخی بەفر و تەزینە
چەند جگارەیەکی سەرخۆش
پڕ دەکەم لە چاوەڕوانی و
وەکو ئاو
لە بەردەمی وێستگەی پاسەکان
هەڵدەرزم
ئێواران کە لە کوخی سەهۆڵ
چاوەڕوانی خەلۆزە غەجەرییەکان دەکەم

من خۆم دەبم بە دووکەڵ و

من خۆم دەبم بە شەیتانێکی لاواز

بۆ سیراعی – ئاو –.

دە واز لە ماڵی شەختە بێنە

ئیتر وێستگەی پاسەکان جێبێڵە

ئاخ موسی مەوسیمی

هەڵزڕانی هەناسەکەم

ئێواران کە بە سەرخۆشی

دەڕۆمە ناو ئەو تەمستانی پرسیارە

قوڕگم لە جگەرە / وەڵامی شەونمی نابێ و

چاوم لە خوێن / فێری فیراق نابێ و

ڕۆحیشم ئەبەد بە جێهێڵان ڕانایێ

ئاخ موسی مەوسیمی هەڵزڕانی هەناسەکانم

ئێواران تا دەمرم

وەکو پایز

هەر چاوەڕوانی – با – دەکەم

بۆ ئەوەی وەکو کحول بمسوتێنێ و

بەرەو پۆستی ماڵی لمێکیتر بەڕێمکا.

ئەی ڕووباری حەرف و ڕۆح و ڕۆمانسیەت
شەهادەی ئاینی وشە بێنەوە و
جارێکی دیکە
بگەڕێوە
ناو بەرماڵی گەمە جوانەکانی نامورادی
خوێنی چاوت بکە خەڵاتی بەردێك چاکترە
ئەو جگەرانەیش کە بەقەڵەمی حەشیش
زەخرەفە کراون
بۆ سەرابێکی هەڵمژە
کە سبەی لجوئی نێو لەپەکانتی پێدەبەخشی
لەرزینی دڵت بکە دیاری حەرف
ئەی ئاسمانێك لە بارانو عەردێك لە تەم
ئەو – با – یەی کە حوزنت پێدەدا
هەر بە تەنها مەدالیای سواربوونی پێبدە
وازبێنە
ئیتر
مەڕۆوە نێو هالاوی ئەو دۆزەخەی بەفر و تەزینە
دوێنێ کە قەڵەمەکەم ترازن ڕفاندی
من خواستم لە نێو دەفتەری عاتیفەم بنووسم

خوێنی غەریبیم خوازیاری دووکەڵە
نزیکەی سەرجەمی دووکەڵەکان
دووکەڵی قەوانە برۆنزییە گرانبەهاکان
دووکەڵی تەنیایی پڕ لە حەشیش و
دووکەڵی قەرەباڵغی پڕ لە هێرۆین و
دووکەڵی ویساڵی پڕ لە کۆکاین و
دووکەڵی ڕۆژانی بیستی مێرچ و
دووکەڵی سوتاندنی گوفەك و
دووکەڵی ئێوارانی شیعر و
دووکەڵی نێو زەمەنە جیا جیاکانی نێو تەمەن
ئاه
کە ڕۆحم
خوازیاری دووکەڵە ڕەشە پاکپۆشەکانە
دوکەڵێك کە لە — تەم — بێ و
لە —ئاو — بێ و
بکرێتە
پرچی دوورو درێژی عاتیفەشم.

تۆ ناتوانی جەنتاکەت بخەیتە ملی — با — و
ئیتر بڕۆیتە تەمەوە
سەفەری تۆ
لەو قەسری حەرف و
فیردەوسی سێکس و
باغی پڕ لە مەرجانی ئەڤینی من/ مەحاڵە
تۆ ناتوانی جەنتاکەت بخەیتە ملی ڕووبار و
ئیتر بڕۆیتە دووکەڵەوە
تۆ قەدەرتە بگەڕێیتەوە نێو دارستانی
نێوانی مەمکەکانم و
تۆ قەدەرتە
من ئایەت لە قورئانی پشتت زەخرەفە بکەم و
ئیمپراتۆریەتێك پیتی ڕۆمانسیش
لە ڕۆحت هەڵبکەنم
تۆ قەدەرتە بگەڕێیتەوە
نێو قەرویڵەی بەرد و
نێو جگەرەی هەورو نێو پایتەختی شەونم
ئەی پرچ پایز
تۆ ناتوانیت جەنتاکەت بخەیتە ملی تۆفان و
ئیتر نەگەڕێیتەوە..

**کاتێ کە گوێم دەگرت لە حەرفی**

**پارچە شەیتانەکانی نێوانمان/ ناحەق نەبووم**

**لە دامانم**

**بەرەو وێستگەی دابڕان بەڕێوە بووم/ ناحەق نەبووم**

**کە دەڕۆیشتم بۆ ئەوەی فێربم**

**دوای هەر سەحەرێك**

**غروبێکی تاڵ بەڕێوەیە/ ناحەق نەبووم**

**کە هاتی**

**کافێی عەشقت خەڵات کردم و**

**ئایس کافێی ماچت بۆ خوێندمەوە و**

**حیکایەتی دوورو درێژی**

**کورد و سێکس و تۆفانت بۆ نووسیم و**

**لە تەنها قەروێڵەیەك**

**هەزار شەفەقمان کردەوە و**

**لە تەنها گلاّسێك**

**ملیۆنەها**

**قومی کۆلا و شەراب و ماچمان خواردەوە و**

**خۆشمویستی/ ناحەق نەبووم.**

کێ بە قەدەر تۆ و دایکم
لەم گەردوونە گەورەیەدا
لە چاوەڕوانیمدا ژیاون؟
چاوەڕوانییەکانت
بخە دەفتەری مۆمیاوە
ناکرێ ئەو بوقعانەش لە یاد بکەی
کە بە لێوەکانت لە سینگمت هەڵدەکەنی
چۆن دەکرێ
لە یادکەی ئەی بەژن زریان
کە تۆفانم ڕووخاند و
تەمم خستە گلاّسی دووکەڵەوە
ئەو کاتە بە نینۆکەکانت
بەرەو ناخی عاتیفەم هەڵدەزەنای و
ترسی لافاوت نەبوو..
ترسی تاووسێ مەلەکت نەبوو
کە لە نزیکڕا
بە ڕووخسارێکی گرژ
خیتابی بەخیلی دەدا
تۆ بە نینۆکەکانت
نینۆکە سپییەکانت
بەرەو ناخی ڕۆحی عاتیفەی سپیم هەڵدەزنای

دەهاتیە ژێر سیحری پەنجەکانم
بۆ (مەسحەفی ڕەش) دەکەوتمە نوێژ..
ئەوە چ ئێزدیستانێك بوو لە سێکس؟
تۆ/ ئەستێرەکانی زەمەنت
لە نێو باوەشی – با – ڕاکشاون و
تیشکی گزنگاوی هەناسەکانیشت
بوونەتە مەلحەمەیەك لە حەشیش
لێرە باڵات قەروێڵەیەکە
لە نێوانی
گەردەلوول و
بەهەشت و تەزرە راکشاوە..
لێرە
زێتر تەم مانگ وندەکا و
هیجرەتی مانگیش
بەرەو کەناری ئاگر بەڕێویە.
ئەو تەمستانی نامورادیەت
کەی دەڕەوێتەوە؟
تۆ/ هەردەم
لە پرچی سەرابە بێڕەحمەکان
کۆنکانی عەشقت سازدەکەی
سەما دەکەی لە تۆفان

عەشقدەکەیت و عەشقدەکەیت و

عەشقدەکەیت و عەشقدەکەیت

تۆ لە بەژنی تۆفانە گەرمەکان

گەمەی پڕ لە زریان و حەشیش و کحولی

عەشقی خۆت سازدەکەی

تۆ بێکۆتای دیلان بۆ مەرگی خۆت سازدەکەی

تۆ ئەستێرەکانی تەمەنت

لەناو – بەرد – ڕاکشاون و

تیشکی ئاورینگاوی گلێنەکانیشت

بوونەتە دارستانێك لە چاوەڕوانیی

تۆ هەموو ئەڵقەکانی سیلسیلەی

نێوەندی نێوانی لێو و زمانی عەتفمی

ڕێبگرە

لە بەردەمی ڕووخانی نیشتیمانی

بەیبوونە جوانەکان

ڕۆحت ببەخشە بە گەمەی نێوانی

بەرد و - با - و  رووباری نامورادیم

تۆ هەموو ئەڵقەکانی سیلسیلەی

نێوەندی نێوانی من و زمانی عەتفمی

بڕۆوە ناو كارێزی مێژوو

تۆ خۆری نێو مەزرای سەوزو سوری

سەرزەمینی كریستاڵی

فێربووی مەمكەكانت

مەمكە ئەسمەرە سیحراوییەكانت

فێری دەربەندی پڕ لە ئیلحادی

لە پەكانم بكەیت و

بمبەیتە بەردەم باخچەیەك

كە پڕ بێت لە شەیتانی خوایی و

كە پڕبێ لە خواوەندی مولحید

دەبڕۆوە

با من لە حەرفی

تاووسینی گۆشەگیریی بگەم و

چیرۆكی هەزار ساڵەی مەمكەكانت

بۆ باران و

بۆ دارستان و

بۆ ئێوارانی

ژێر هەورە دووكەڵاویەكانی دڵی ئەوروپا بچڕم و

جارێكیتر شەیتانمان خۆشبوێ.

دە تۆیش وازبێنەو بڕۆوە ئەسفەهان
ئەی ناکامیترین قەدەر
لای ئەو ڕووبارەی فێری وشکبوون نابێ
دەمانێك لەگەڵ تەم
بەسەر برووسکە پرسیاری
قوڕس
قوڕس
ڕادەکشاین و
بۆ هەمیشەیی لە ڕاڤەی
زیبایی ئەڤین دەدواین و
باسی ئایەتی چارەنووس و
کزبینی چاوی ئایندەمان دەکرد
لە گەڵ پرچی درەختەکان دەپەیڤین و
ماچی تاریکایی شەومان دەکرد
چی ئەستێرە هەبوو دەمانژمارد و
سێکسمان بەهەموو تەنیاییەکان دەفرۆشت
چەند لەزەتداربوو کە دەبووم بەشەراب و
دەچوومە ڕۆحی تەمەوە
هێدی هێدی بە سەرخۆشی
برژانگەکانی
چاوی خوامان دانە دەژمارد و

باسکی ڕۆمانسی درەختەکانمان

دەکردە کوخێك

دەهاتیە سەر سینگم و دەچووینە تۆفانەوە

تۆ هەر لە بڕۆنزییەتی چاوی ئەسفەهان و

لوسییەتی نێوەندی نێوانی

مەمکەکانی ئەسفەهان و

ژیاری هەزار ساڵەی خوێن دەدوایت

دەمنادەمێك

بۆ شەوی هاتنە خوارەوەی

ئەستێرەکانی ئەسفەهان

دەگریایت و

مۆمی سێ ساڵەی تلانی فیردەوست

دادەگیرساند و

منیش ناچار

باسی مەرگی سەفا و

باسی بارینی تاعونم دەکرد

منیش ناچار

باسی لافاوی قوڕ و سکڵم دەکرد

لەو کاتە

عاسیفەیەکی نەرم نەرم

وەکو مەمکەکانت نەرم

خۆی دەکرد بە خوداوەندی
ئەو تیاتەیەی
کە فاڵ و درەخت و مەرگ
بۆیان دەسازاندی
ناچار دەگەڕاینەوە ژێر ئاسمانی ئەو کوخەی
کە زەخرەفەی پرچی درەختەکان
بۆیان کێشابووین
لە نوێوە لەسەر ڕانەکانمەوە دەتپرسی:
دەزانی خیانەت چیە؟
دەمهێنایتەوە نێو گەردەلوولی سینەم
- نەخێر
من و ئەو دەڤەرە لە خیانەت تێناگەین
بە چاوەکانت سیحرت دەکردو دەتگوت:
_خیانەت ئەو ماچانەن کە لە
ئەسڵی ئەڤینەوە نین.
دە وازبێنە و
بڕۆوە ئەسفەهان
ئەی ناکامترین قەدەر
لای ئەو ڕووبارەیکە گزنگی عەدەم ناناسێ.

بیلەفێلد 1998

# غوباری عەدەم

چارەنووسی نەمانە ئەی خودا

قەینا

با باڵای (پالاس) و سەماتان

لە بەژنی زیبوینی تاوەر و سەماش سەفیناویتربێ

قەینا

با باسکی تاووسەکانتان

لە مەمکە بەفراوییەکانی بەهەشت و

لە درامای ناموڕادی ئێمە ئاسماناویتربێ

قەینا

با لێرە

پەرسگەکانی ئاو

سارا بخەسێنێ و

با ئاتەشگەی شەراب ژیلەمۆییتربێ

با سەفای ستیانەکانتان باخوسیتربێ

قەینا

با بۆ دەمێ بە ناچاریی

لەگەڵ هانکەی بەرد بخەویت و

با دیوانی تەمیش جەمێ بکەیتە خۆڵەمێش

دە بڵێ
ئەی عاشقیترین و خەملاوێترین
فەرهەنگی وجود
کوانێ
زناکاویترین
چرکەی گەمەکردن بە تنۆك و
کوانێ تنۆکاویترین سەمای عاتیفە؟
کوا هەڵچوناویترین
چرکە زناکاوییە پاکیزاوەییەکانی
ویژدانی دەریا
کوا هێوریترین بارانی بەخشینی
زریزەی مەرجاناویترین
زەخرەفەکانی سەحەر؟
کوا سەدای دەفی ماچ و
کوا عاتیفەی بەخشینی
ئەنگوستیلە زییوینەکانی بەفر؟
کوا سەمای نەوای مۆدێرنیزمیترین
حەیرانژەنە کافوراوییەکانی تاوەر؟
ئەی لە کوێن
ئەو بەحرانەی کە بۆ نەغمەی دەفی حروف
دەبوون بە ئاورینگی پڕ لە نازونووزی باران؟

**ئاه خودایمن**

**ئێمەین لەحزەکانی وجودمان خۆشدەوێ و**

**ئێمەین برووسکەو تریسکەی چاوە خواییەکانی**

**ئەو خووشکانەی خۆمان خۆشدەوێ**

**کە بە عەشقی برا خائینەکانیان ڕاهاتوون**

**من لەو غوباری غوربەت و**

**من لەو غوباری عەدەمە**

**گوناهباریترین قەرەجم بۆ خود**

**ئەی خودی مەست**

**بگەڕێوە جەم تاوەر و**

**جارێکیتر**

**حروفە شینە ئاسماناوییەکان**

**هەڵدە نێو پرچی نارنجی**

**برادەرە نارنجییەکانی وجود.**

**دەزانم**

**هەر ئەوێندەرە**

**پایتەختی دەف و کەوێڵی چاوی ئیلهام**

**ئێستە**

**ئێرە مەملەکەتێکە**

**لە وشەی تێکەڵی ئاگر و**

**جوانیترین کورخانێکە بۆ پسانی تەڵی تەسبیحەکان**

**دوێنێ کە جارێکی دیکە**

**جەنتاکەم کردەوە کۆڵ**

**شەراب بوو بە مەتریال و**

**بەرد بوو بە شەراب و**

**تۆفانیش بە سەرزەمینێکی کاولتر**

**ئاخ برادەرە ئەسمەرە تۆزاوییەکان**

**قەینا، با بەدوای ڕوانی سەرابیترین خەندەش**

**سەرگەردان بین**

**با بالآی "پالآس" و سەمای ئەوانیش لە بەژنی تاوەرو**

**سەمای ئێمە بەرزتربێ**

**با باسکی تاووسینی تاووسەکانیان**

**لە ستیانی بەهەشت و**

**درامای عەشقی ئێمە ڕوونتربێ**

**بەلآم ئێمە پووشی کوخی وجودمان لە عەشقە**

**ئەی برادەرە ئەسمەرە تۆزاویەکانی تەمەن .**

**ئەنکەری** 1999

# ئیلهامی ئاو

نوێژێك بۆ قاسپە قاسپی دیلانی
ئەو کەرنەڤاڵی نیکۆتینە سازدە و
لەو کەناری ڕووباری کحولە و
لەو دارستانی حەشیشە
بەسەرکەشی ڕاکشێ
با دنکە خەون و
دڵۆپە نێرگزی تراویلکە و
تنۆکە خوناوی سێو داتپۆشێ
لەو مێرگی زەمەنە باراناوییەدا
گوڵاڵە و هەڵاڵەی قەدەر بچێنە
با ڕەیحانی حەرف و
با لێزمەی تەرزەی زریان و
با ئاگری فێنکی شەماڵ داتپۆشێ
دە ڕاکشێ و
ڕاکشێ و
ڕاکشێ

لەنێو بریسکەی بەختی
ئەو وەنەوشە سوورە سەرمەدیانەی سەما و باوەشی
ئەو ڕاقیسەچیە غەجەریانەی خومار ڕاکشێ و
پۆشاکە مەعریفییەکانت
هەڵدە نێو زەماوەندی جنون
ئەی خودا/ پۆستەچییە ڕەنگالآویەکانی پەپوولە
بەپێی خواسەوە ژێر بارانی وڕێنەدا
بە فلوتی بەفر و
بە کلارنێتی ئەستێرە
کۆنسێرتی خاچیان سازدا
هەموو ستیانەکان
گۆڕستانی هەموو ستیانەکانی بەرباران
بە چەرخی چرکە هەڵزڕێنە و
گۆپکەی لێوی مانگ لە توپەتکە و
واز لە عەقلآنییەتی سارا بێنە
دوور دوور لەگەڵ پەپوولە بڕۆ
بۆ ئەوەی لەو شارستانییەتی شەونم و نێرگزە
لجوئی عەشق وەرگریت و
ئیتر لەو مەلەوانگەی تاووسەدا
سورەتی تنۆك بنوسیت.

بیلەفێلد ـ یونی 1999

# مۆمیا

ئەی ئەستێرە کریستاڵاوییەکەی نێو شاڵاوی تەم
تۆ خۆت لە زەڵەوزەنای تەرزەی زریانەوە هاتووی
تۆ لە فنجامی ڕەشەبا و ڕەهێڵەوە دیرۆکت خوێندەوە
هەر کەس بێگومانە
کە ترسی گەڕانەوەی نێو تۆفانت نییە
ئەی ئەڵماساویترین شاخی نێو تاریکایی دووکەڵ
تۆ خۆت لە مەلحەمەی برین و تۆفانەوە لە دایکبووی
بە دەسرازەی یەقین بەستراى و
بە پێکی باهۆز ئاوداری و
هەر کەس بێگومانە
کە ترسی گەڕانەوەی نێو خاچت نییە
ئاخ و ئاخ
ئەی برینداریترین مانگی نێو ئاسمانی خاچ
تۆ خۆت
کە پێڵوەکانت ترازاند
یەکڕاست سەراب و دووکەڵ و بورکانت دیت
هەرکەس بێگومانە
کە ترسی گەڕانەوەی نێو مەملەکەتی خەونت نییە

خەون بۆ تۆ

ئۆقیانۆسێکە لە نەهەنگ و مرواری

بیابانێکە لە لم و باران

هەر کەس بێگومانە

کە ترسی گەڕانەوەی نێو گەردەلوولت نییە

تۆ بە تەرجەمەکردنی هەور و خەون بەناوبانگی

حەرف حەرفی هەورت وەرگێڕایە

سەر نمەی باران و

حەرف حەرفی خەونیشت وەرگێڕایە

سەر شێوەزاری حەقیقەت

جا کێ ترسی ئەوەی هەیە

کە تۆ نەڕۆیتە مۆمیاوە

ئەی مەسیحی سەدە

ئێستە مێژوو دەرگاکانی ئاوەڵان

مێژوو وەفدێکی نارده لای ـ جیزه ـ

مێژوو کەشتییەکانی نارده جەم

چاوەکانی ئیستەنبۆڵ

کە مێژوو ئەورۆ دەگەڕێتەوە ماڵ

ئەستێرەیەکی مەسیحی میوانیەتی

سەرشانەکانی بە نیشتیمانێکی کاول زەخرەفە کراون

چاوەکانی بە خەون ڕەنگڕێژ و

**باڵاشی بە هەور داپۆشراوە**

**مێژوو کە ئەورۆ دەگەڕێتەوە ماڵ**

**مەسیحێك میوانیەتی**

**سەرشانەکانی بە مەملەکەتێکی بێزار**

**زەخرەفە کراون**

**بێگومان**

**ئەمڕۆ مێژوو**

**دەتخاتە نێو هەرەمی مۆمیاوە**

**ئەی ئەستێرە کریستاڵاوییەکەی**

**نێو هاژەو بورکانی تەم.**

**بەرلین ـ مێرچی** 1999

# سەڵاو، پڕوکاویترین نەورەس

کورسییەکانی سەڵتەنەت لە ئەبەنووسی غروب
بۆ چەسپاندین و
بە زێڕاوی تراویلکەش
زەخرەفەی حیرمانت بۆ نەخشاندین
فەرمانبوو ئاوی ڕژاوی لم بخەینە نێو گلاسی وجود
بۆ ئەوەی چارەنووس سەفادۆستبێ
فەرمانبوو بەسەر پەلکەزێرینە ئاوابین
بۆ ئەوەی لەگەڵ هەتاو ڕاموسێین و
گەڵا گەڵای باراناوی ڕۆحی شەراب ببێتە پۆشاکمان
فەرمانبوو فەرمان بەبەر سیمای قەدەر مەرگ ڕاگرین
بۆ ئەوەی پلانی هەڵکۆڵراوی تەوێڵمان بگۆڕین
تاوەرت لە حیرمان بۆ هەڵچوواندین
سێو لە غوبار
مار لە گومان
گوڵەگەنم لە سووتان و
دەرسی گەڵا وەریوەکانیشتدا
کە ئێمە لە ئاوی ئەوێین و
چارەنووسە دەبێ بە ئاتەشگەی ئەوێش
زەمەنمان بخوێنینەوە.

# مەوسیمی لم

ئەی مەوسیمی کەرنەڤاڵێك خۆڵ و
برۆنزیترین پاییزی بە فەنا کێڵدراو
هەمدیس جلی پڕ لە هەژانی هەورت
هەڵکێشایەوە و
سیمای خۆراویت
بە ماسکی عەدەم ڕەنگرێژکرد
خاچێکت لە برووسك ڕفاند و
جریوەی تیشکت هەڵڕماند و
بەسۆز سوێندت داین
ئیتر ئێمە جێنیشینی دەواری پاییز بین و
هەر وەریسی سامانی لمیش بین
زنجیرەی زەماوەندی ڕۆحمان پچڕا و
جارێکی دیکە
گرووپی پەڕەسێلکە پیرۆزەکان نەگەیشتن و
پەلکەڕەنگینەی دەنووکی کۆترەکان نەگەیشتن و
بڕیارتدا
خوداوەندی بەختمان هەر لە ئاگراودا هەڵبکا
- یولی - ئەی گوناهباریترین زایزۆنی زەمەن
شەقامەکانی گەردوون

بە عەبەسییەتی شەونم ئاو دەدەیت و
کۆشکی خۆرەتاوی ئێمەیش بە سەمای تاریکیی
گۆڕستانەکانی نامورادی ئێمەیش
بە مەرگی خۆرەتاو
دە بڵێ
کێ لە لۆژیکی ئەو شانۆنامەی ماتماتیکە
نێرگزی دەسدەکەوێ؟
ئەی زایزۆنی درەوشاوەی مانگی بەخت
کوا لەززەتی ئێستاتیکای وجود کوا؟

# گومانی بەرد

بە هەڵمژینی نەغمەی هەلاڵەیی
ئەو ئەستێرە سەرخۆشانە ڕاهاتبووین
کە لە بانیۆی ئیرۆتیکی دووکەڵەوە
گزنگیان دەدایە خوماری کلۆڵێمان
ئەی وجودی مەست
بە لێواری زیوالً زیواڵی چارەنووس
لە تەواف داین و
بە لێواری سووتاوی قەدەر
مەرگ دەنێژین و
هەر لە نێوانی گومانی سەدای سەرابداین
لە لێواری شەماڵ و کەون و وجود
فرمێسکەکانمان دەخوێنمەوە و
کەنار زەریا دەنووسم و
مانگ دەنووسم و
خوا دەنووسم و
هەر لەنێو قومارخانەی گومان
ئایەتی چاوەکانم دەبینمەوە

دەڕوانمە هاژە هاژی سیراتێك لە گومان

دەڕوانمەناڵە ناڵی کانییێك لەتەم

دەڕوانمە دڵۆپ دڵۆپی ئاسمانی بیابانێك لە تیشك

دەڕوانمە مێژووی ناتۆر و گومان دەکەم لە مێژوو

ئەی وجودی عەبەس

بێزارتر لە شەراب

دە وەرە با هەردووکمان

خۆمان لەنێو تەنیایی مەرگدا جێبێڵین و

سەفەرمان خۆش.

پاریس - یۆلیۆ 1999

# هەڵدانی هەڵمە زیوینییەکان

زناکی خاچێکی ئەبەدی
خاچێك لە لم و
خاچێك لە هەڵم
بەسەر دەرگای ئەو بلیاردخانەی قەدەرە
هەڵبواسە و
فەرمانبدە..
فەرمانبدە جگەرەیەکی مەست
بەسەر داربازەیەکی مەسیحیانە ڕابکشێ و
پۆشاکە کاهیناویە ئەسمەرەکانیشت
هەڵدە نێو پرچی پڕووکان
ئیدی لێرەوە
یەکەمین وشەی تەوراتی سێکساندن
بۆ ئەو وجودە سەرخۆشە بنەخشێنە
بتلێك دووکەڵ و
بیابانێك مەمکیش
با بەدەستی چەپتەوەبێ
بە مەستی لە لم و ئاودا ڕاکشێ
دەزانم ئەی دراما سەردەمییە سەرخۆشەکە
دەستی ڕاستت لە هەلاڵەو بەیبون و بارانە

گۆڕێك هەڵكەنە بەو دەستانەت
با كفنی لە شیعر و كێڵی لە پەپوولە و
گۆڕێك هەڵكەنە
ئێوارانی لە خۆری خەون و
ئالآی لە هەتاو بێ
گۆڕێك بەو دەستە جوانانەت هەڵكەنە
ئەی شازادی مەرگ
هەر بە پێوانەی ئەوە بێ
شوێنیە كەونی لێببێتەوە .

ڤینیسیا ـ دیسەمبەری 1999

# کە(لالش) دەبێتە میحراب

ئەی سەفاگەی سەراب و خەون و
هەلاڵە و سەقەم
کێ چرا سەرمەستەکانی
نێو کنایپەی زەمەن دادەگیرسێنێ؟
جگە لە قامکی کارئاسکێك
کە بە گولاوی ڕەیحان هەڵچووبێ و
بە خوناوی سێو ئاودرابێ
کێ نەیزەکی ئاسمانێك لە دووکەڵ
دەکاتە خوداوەندی هەموو ئاسمانە
سووتاوەکانی زەمەن؟
جگە لە تاووسێك
کە بە حەرفی مەسحەف شورابێ و
پەلکەڕەنگینە ڕەنگیکردبێ و
بێدوماهی شەرابدۆستبێ
ئەی وێرانترین چارەنووس
من لە ناو ئەو دارستانی تاریکییەدا
مەستم بە شەرابی داستانی تەم
هەتاوی وجود بەڕێوەیە

لەو سارای نەورەسانەدا

هەر مەستم بە چاوی فیغانی دەف

لە بازنەیەکی سەرمەدی هەڵم ئامێز

دەڕوانمە نەخشەی ڕاڕایم

کەی دێ وجود

لەو سەڵتەنەتی سەمایە هەڵمانچوێنێ؟

# ئاخیرەتی گزنگ

چارەنووسە ئەی ئاخیرەت
هەناری سینەی والأمان
بە زریان داپۆشرێ و
سیمای پرچ کوژراوی حەقیقەت
تراویلکە پژێنیترێ
چارەنووسە ئەی ئاخیرەت چارەنووس
بە هەڕەشەی شەپۆلی - با - ڕابێین و
ئیتر تاج بخەینە سەر پرچی عەدەمەوە
بێزار بووم لە هەلاتنی بەر ڕەهێڵە
بە هەور ڕاهاتم و
دەروازەی مێژووی ئاوم ئاوەلاکرد
لە ژێر برووسك ڕاکشام و
شەوەهای شەو
ئاوێزانی ڕۆحی خۆڵ بووم
بۆ دیدەنی خەون سیحرم دەکرد و
بۆ کەزیەکانی مانگیش تەواف
بۆ خۆشم
بانگەشتەی سپێدەیەکی گزنگ نەکوژراو

**ئەی سەماگەی ڕۆح**

**بوومەلەرزەی کەزیەکانت درەوشاوەترکە**

**لافاوی پەیکەری بەژنت بڵندتر**

**درامای شانۆی چاوت درێژتر**

**چارەنووسە ئەی ئاخیرەت چارەنووس**

**بۆ ناشێ تاڤگە بارانمانکەیت و ماڵمانئاوا.**

# ناموړادی بخوور

ئەی پەناگەی شەونمی عەتف و
باران و
سەمای حوزن
ئێستە مەرگ قورسترین لێشاوی ئەڤینە
لە سورەتی یاد و
زەمەن لافاوێکە بۆ خورانی برژانگەکانی عومر
کێ لە چەمکی فێردەوسینی مەرگ دەگا؟
کێ لە پەنهانییەکانی ونبوون سەما دەناسێ و
کێ دەتوانێ تەلیسمی کۆچی ـ با ـ بخوێنێتەوە و
کێ ئەدرێسی قومارخانەی ڕۆحی لا دەسدەکەوێ ؟
ئاخ .. ئەی لانەی
باران و
عەتف و سەمای ناموڕادی
بزانە سنەوبەرەکانی وجود پەژمووردە دەبن و
پرسیشمان ناکەن
تۆ تەماشای ئەو دیرۆکستانی خەیاڵەت بدە
کاتێ ئەو بۆت ڕووبارێك مانگ بوو
وەك کاروانی وجود
بە لێواری شەختەبەندی یاڵی تاریکت هەڵدەزنا و

دەبوو بە مۆمێ کریستاڵ

لەو پانتاییە پڕووکاوەی ئیماراتی منداڵییت

ئەو زەمەنە جگە لە خەون لە چی دەچوو؟

کاتێك گەمەت دەکرد بە ئەستێرە و

ئەو سەردەمە جگە لە شەراب لە چی دەچوو؟

کاتێك ئەو ئاسمانێکی کێڵدراوبوو

بۆ ئەوەی ئەستێرەکانی سەفات

بفڕێنیتە نێو عەردی تەماوی مێژووتەوە

ئاخ ئەی هاوجەمی شەراب و ڕووبار و

بارانی عەتف

ئەو دەم

ئەو  نوای دەمی گڕکانی برووسکی دیرۆك و

ئەو سەدای کلارنێتی نێو زەڵەوزەنای

بوومەلەرزەی چارەنووس و

ئەو بۆت نەورەسێکی باڵا مراوی باراناوی بوو

ئەی پێکاویترین برادەری عومر

مێژوو ڕووبارە

بە خەرەندەکانی وجود دەگوزەرێنێ

تۆ تەماشای ئەو مێژووە بدە و

کتێبی ئەو کارەساتە بخوێنەوە

بڕۆ نێو نهێنییەکانی سیحری ئەوین و

نێو دووکەڵۆی ئاتەش و ڕووبار و

بڕۆ نێو مەستبوون

مەرگ سەفا و چرکە و سەما و

مەرگ ڕۆژێکی ڕۆژژمێری تەمەنە و

مەرگ تاقانەییترین خوداوەندی

بەشەرییەتە.

# لانەتان کێڵگەی حەشیشە

2001

ئاسمان هەورین دەبێ ، ئێـــمەش بە غـەمگینی دەڵێین:

ئەی خودا چ بکەین لەژێر ئەم کاولەی کەس تیا نەماو!؟

"نالی"

**دارستانی ئۆرگازموز و**

**باران .. باران .. باران**

**باران .. باران**

**باران**

**با**

نم

نم

شەوپڕژێن و

نوێژ و

دوڕباران و

بارانبارده‌کرێت

لەو مەوسیمی یاسەمین و

غوبار و غیلمان و

گەرداوەدا

گەلاٚ گەلاٚی جەستە تێنووە لماوییەکان و

گوڵشەنی گۆڕەکانی سەرابیبوونمان

نم

نم

نم نم نم نم نم

نم

نم

نم

ڤاینی سەر پەسیرەی مەمکە ئەرستۆکراتیەکان

دەنۆشین و / گوێ بۆ سەرخۆشیی

گوتاری لێوی ژنە ئەشرافەکان

هەڵدەخین و هەڵدە

خەین وهەڵدە

خەین و

و

ئاھ و ئاھ و ئاھ و

ئاھ و ئاھ و

بۆ سەدای شەهێندۆستی ئەو بورکانی هانکەیە

جارێکیتر

نم

نم نم

نم نم نم

نم نم نم نم

نم نم نم نم نم

سینەی مسین و ئەڵماسیاری فریشتەکان

دادەبارن

لەو سەر زەمینی نەبارینەدا

نەبادا هەتاوی مەمك

بگاتە چاوی ئاسمان و

ئیتر بۆ تا ئەبەد ڕۆژ بسرێتەوە

دوو مەرکانی غەزەلزادەی لە وەنەوز

لە نێو لماوی گەڵاڕێزانی عومر و

چرۆی باڕێزە و

خێوەتی نەسیم

لەسەر لۆکەی گەڵا و خاك و باران ڕاکشاون

بە پەلکەزێرینەی گوناح دادەپۆشرێن و

دەڕۆنە باوەشی جەنگی شەهوەتەوە.

دوو پێکی بێمیحنەتی مولحید لە دارستان

دوو پێکی دیندار بە تەوراتی ئێستەتیك

دەبن بە ئاگرێکی تاقانەی ڕووت

لەو ساکەوە

خوناوی خۆر و دۆزەخی خەون خەوتوو

لەو ساکەوە

خولانەوەی ئەستێرەی جەستەی زەنا و بارانیش

مەیتەری ئەسپی لاولاوەکانن.

ئاه

ئاه و ئاه و

ئاه

ئاه

لەو فیردەوسی چرۆ و عەتر و شەراب و ستیانەدا

چەندین جار

لە نێو ئەو زریانی

سووتان و

مەرگ و

ئۆرگازموزەدا

بە مردوویەتی ژیاوین ؟

# نهێنییەکانی هەڵاتن

تاوان

A ـ لە کێندەر دێی؟

نە خوداوەندێکی ڕیش سپی..

(غەواسی توحەف)

نە گۆشەگیرییەکانی

مانگێکی دووکەڵڕەنگی نێو ئاوەدانیی مێژوو

نە ڕووبارێکی ماتماتیك و

نە فەنەری دەستی ساماڵ

هیچیان

نە ئەو قوتییانەی ڕۆشنایش

کە لە باخچەکانی فاڵ

لە پێناوی نوسینەوەی فنجانێ شەراب فڕ دەکرێن

هیچیان

نهێنییەکانی ئافریدەبوونی ڕۆحێکیان لا نییە!

تاوان

B ـ دەتخاتە دڵی تیشکی کاتژمێری – با –

ناچاریشی پەنجەکانت

بە نینۆکی وەفا و

بە پێستی حەریر بنەخشێنێ.

تاوان

C ـ کە بتڵێ داڵدە و مەراق

دەخەیتە گلاّسی تێهزرین

پێویستە سەرخۆشیت بکەیتە ئەشك.

تاوان

D ـ کەس لە هاتنت تێناگا .. تەوراتیش.

تاوان

E ـ گەر بتەوێ حەقی خۆت لە تاوانبار بسەنی

دەبێ سود لە (لە جەژنی قوربان) وەرگریت.

**تاوان**

**F ـ هیچ شتێك نادۆزیتەوە**

**ئەو كاروانی تەئویلە**

**لە خیابانی ئاوەز بپچڕێنێ.**

**تاوان**

**G ـ ئەگەر قەرەجێكی ناسینی**

**گەردوونی لە دایكبوون بیت**

**لە كۆتایدا دۆڕاویت.**

H ـ تاوان

بچیتە نێو موولولەی هەموو دیرۆك

هاوکێشەکە هەر بەو شێوەیە:

غەدر

ــــــــ = وەفا.

پرسیار

غەدر

ــــــــ = عەشق .

تۆڵە

کەواتە سزای لە دایکبوون بەخشینی رۆحە!

# باخچەکانی دۆزەخ

. 1 .

کە بادەیەکی پڕووکاوی عەرەق و سۆزان و حیرەت
لە حەرەمی هۆبە هۆبەی خەزەڵی
پرچی ڕەوەزێکی بەلەنگاز و
لە ئارایشگەی پڕ لە مەرکانی
هزری نوستووی لافاوێکەوە
لێوی پڕ لە عیبادەتی
بۆ پۆل پۆلی ئاسکەکانی گزنگ کرۆشت
ئەوان لە پێناوی پیاسەی بەخت
بە ڕۆحی بە فرمێسکەوە
لە تاوەری بەفرینی خەندانەوە
هەلخزانە نێو ستیی شەقیوی پرچی برین .

لە حەرەمی ساباتی دوو دەستی بڕاو
لە تەوافی ڕەنگاوڕەنگی خاچێکی برین
لە گوڵدانی وارێکی سیحر و ئیرۆتیک
کە بادەیەکی هیرۆین
پێڵوی بۆ گروپێك مەمکی باڵدار ڕاخست
ئەوان لە نێوان میحنەتی چێژ

لە سەقفی سەحەرەوە ڕۆچوون و
لە سەنتەری لەپەکانی گەرداوێکەوە
دا
بە
زی
ن
.

لە حەرەمی زەخرەفەکانی ئەشکەوتێکی ئەڵماس
لە نیگاری وشەکانی
پێشەنگاییێکی شیعر و کۆکاین
کە بادەیەکی مەرگ
پەنجەکانی دایە مەمکی ئەزموون
کاروانێکی فریشتە و حۆری
هەر لە پێناوی حیکایەتی پشکوتنی زام
بەهەشتیان جێهێشت و
لە کەرنەڤاڵی عاتیفەی
تەنیایترین
ڕەنگاڵەیەکی ئەشك گێرسانەوە و
گێرسانەوە و
گێرسانەوە.

لەو ڕۆژەوە
ڕەنگێکی ئاویی
عەتراوی بە گوڵەستێرەی عەقڵ و
میحنەتبار بە جگەرەی تراویلکە
بە دوای ئاوییکردنی کەڤاڵی حیرمان و
بەدوای نووسینەوەی
سیمای خۆرێکە لە دووکەڵ
لەو ڕۆژەوە
لە کۆڵانێکی ڕەساسی پڕ لە ڕاهیبە لە دۆزەخ
مانگ دیارییەکانی
لە پاکێتی وەفا دەپێچایەوە و
ئاسمان بە سککەی لەقەترانی ترازان
هەڵیدەدایە نێو ڕووباری ترانسپۆرتەوە
مانگ بەردەرگای ئەشکەوتێکی هێڤی
بە تاڵ تاڵی قژی تەوندەکرد
گۆمی خۆین و ئەسپێکی ڕەشتاڵەی پرسیار
نەخشەی تونێلێکی مۆدێرنی
بۆ ترامەوای ڕووپەڕی بەفراوی پەنجەکانی
دەنەخشاند.
مانگ بەتیغی ئەکادیمی چاوانی
بە ئۆینی سەحەری مسینی مەمکەکانی

تۆوی ڕەزێکی دەبەخشیە دووباڵی بڕاو
ئەوان بە زەرفی وەرین و خیانەت
پایزێکی تریان بۆ سالاْو پۆست دەکرد
لەو ڕۆژەوە
ڕەنگێکی ئاویی
عەتراوی بە گوڵەستێرەی — با — و
بە ئاوی سوراحی ئاونگ سەرخۆش
تەسبیحێك هێلکەی وەفای
لە نێو سیاسەتی لەپەکانی دەنەخشاند
بە داو داوی پرچی
یەقینی بێکەسیی دەدایە ئەشکەوت
ئیتر لەو کاتەوە
ئایەتێکی گومان هاتە نێو بیابانی خیانەت
لەو ڕۆژەوە
(ئاسمانی ڕەقسدۆستی — یەرسلاْقڵ — شەوی
ڕواند، تەمی ڕواند — یەرسلاْقڵ — گوڵدانێکە
دەکەوێتە سنووری دارستانی هێڤی و — چەند
کیلۆمەترێك لە باکووری بەهەشتی خەون و..
چەند ملیمێکیش لە خۆرئاوای دەریای مەراقەوە
دوورە).

**لەو ڕۆژەوە**

**لە ناوەڕاستی کوخێکی مەراقیاری گومان و**

**لە باشووری وێستگەی پێدەشتێك لە دۆزەخ**

**گۆمێك لە هەناسە و ئەکادیمیای گوڵەبەڕۆژە**

**گۆمێك تژی لە شەفەقی ڕاڕایی عەقڵ**

**مانگێکی یەقینی ڕفاند!**

**دەراوێکی نامۆ**

**لێوانلێو لە کەڤەر و ڕەوەز**

**ملوانکەیەکی تری خیانەت و هەڵمی**

**هەڵدایە ئاسمانی گەردەنی ئەستێرەیەکی موسافیر**

**دەریاچەیەکی تیموکراتی**

**لێوانلێو لە گرفەی تاوان**

**دروشمی زەمزەمی نەست و**

**مانشێتی نێسکە نێسك و ڕەوی ئەسپەکانی**

**لە قوببەی مەمکی مانگێك هەڵدا**

**ڕووبارێکی ئاورینگ**

**لێوانلێو لە نێڵەنێڵی غروب**

**ئێمێلی نهێنی خەیاڵی ماهێکی لە خوا دزی**

**دەریاییێکی تۆف و سەراب**

**پڕاو پڕ لە شەهوەتی خولیا و سێکس**

**توانی سایکۆلۆژییەتی بەفر**

**لە دەستخەتی ڕێککەوت هەڵکرێنێ**

**ئۆقیانوسێکی گراس و نیکۆتینیش**

**زمانی عەشقی دایە**

**زمانی هێستری گوڵێکی زێرینی هیجرو**

**هەر بۆ بەتاڵکردنی دەستنوێژی شەو**

**تاوێ لای چڵی درەختی سەفەر و حەسایەوە**

**لەو ڕۆژەوە**

**دوو نەورەسی باڵشینی لە ڕاکی حیرەت**

**یەکێکیان**

**خەڵکی مزگەوتێکی قورئان سوتێنراوی**

**پەلکە زێرینە و**

**ئەویتریان**

**هی بەردەم مارکێتێکی خەونفرۆشی بوو**

**لەو ڕۆژەوە**

**دوو کۆتری باڵشینی لە نوێژ و حیرەت**

**چونە نێو جۆگەڵەی ڕەزێکی هێوری ڕەنگ و**

**بە داو داوی پرچی کەڤاڵێکی پەیف**

**ڕوو لە خوداوەندی ئاوێزان ڕێگایانگرت**

**لە کوخێکی زیکر و ئاسۆ**

**بە کەشکۆڵێ پرسیارەوە**

**چوونە نێو ڕووباری تەسەوفی سێکسەوە**

لەو ڕۆژەوە
لە کڵێسەیەکی شەختە و
لە ئینجیلێکی سەهۆڵەوە
بە سولاوکەی سەحەر و وەنەوشە و میکیاج
هەڵخزانە نێو تاوەری زەمەنێك لە خەو
هەڵخزانە نێو پارکی تەمەنێك لە لەززەت و
هەڵخزانە نێو تەوراتی مێژوویێك لە مەرگ
خودایمن
ئەی خوداوەندی سەما و ستیان
چیبوو ئەو بەلاغەتی هەڵخزانە؟

-2-

دوو کەوی باڵشینی لێو ئاونگ
چەنەگە کوتراو
بە حەرفی خەنە و خاڵ و خەندان
چاو ڕەنگکراو بە قەڵەمی تاووس و
مەمك هەڵچو بە کیمیای تیشکی
سوێند و گومان
لە باوەشی قەروێڵەی قەدەرەوە
ڕۆمانسییەت دەنووسنەوە
سەرینی زەمەنیان

خستۆتە ژێر سەری
قاسپە قاسپی کەوی تەمەن و
لە کۆتایش
سەرچەفی مێژوویان
بە حیکایەتی ژیانی هەڵمەوە بەستراوە.

ئەی خودا، خودایمن، ئیلاهی تێکئالأن
چییە ئەو سیحری دابارین و
ئەو دابارینی ئەستێرەی بەختە؟

-3.

**(نمونەیەك لە مەلحەمەی تێكئالأنی مێوەكان)**

**كاتژمێر:** 23 .55

**مێژوو:** 2000 .12 .31

**سەدە:** 20

**هەزارە:** 2

**شوێن:**

**ئاسمانێكی گولگولێنی زەخرەفەكراو**

**بە ئینارەی ئاگر و**

**ئاسارەی ئاوەدانی**

**ئاسمانێكی نەخشێنراو**

**بە پەیكەری باڵی ماچی فڕیو**

**عەردێك/ پۆڵێنكرا و بەسەر ڕووبارێ كۆنیاك و**

**تاوەرێ عەرەق و**

**شادەماری شاخێكی سەرخۆش**

**لەو دەمەوە**

**دوو پشكۆی سوراحدۆستی مەست مەست**

**یەكێكیان: هی دوورگەی ئینجیلێكی بێحەرفی**

**ئەمەك و**

ئەویتر: هی بیابانێکی ناکۆکییەکانی نێوانی
لۆگۆس و عاتیفەبوو
لەو دەمەوە
دوو ژیلەمۆی دوای غەمزەی ڕووناهی کەوتووی
مەست مەست
سوتاو بە شەرابی حەز و لافاوی بەخت
نای پەنجەکانیان بوو بە مێو و
تەڵی گیاری پرچی خاویان بوو بە مێو
کلارنێتی باڵی ڕەنگینیان بوو بە مێو
قوببەی مەمکە زیپوینیەکان بوو بە مێو
ماری زمانی موشتاقیان بوو بە مێو
هەتا نەوای ڕۆحیشیان هەر بوو بە مێو
ئەی خوداوەندی تۆفان
چیبوو ئەو بەلاغەتەی تێکئالأنە؟

کاتێ دوو دڵۆپە شەونمی سووتاوی لە ئاگر
دوو دڵۆپە مەرجانی
تێکئالأوی سەرخۆش سەرخۆش
بە تامی ماچ و عەتری عەرەق
لەو نوێژی ئاوێزانی ڕۆحە ڕابوون

کاتژمێر: 10. 0

مێژوو: 01 . 01 . 2001

سەدە: 21

هەزارە: 3

شوێن: هەمان ئاسمان

بەڵام ڕووخاو بە سیمای هەوری جەللادی زەمەن

هەمان عەرد بەڵام کوژراو بە شووشەی شکاوی

بتڵی – با –.

-4-

بەرەو نواییێکی پڕ لە راهیبەی مەست و

مۆدێرن لە دۆزەخ

بە پەیژەی سینگ و زوهم و مەساج

دوو باسکی برسی سەرکەوتن.

بەرەو دوورگەی ئاوێکی ئەکادیمی لە دۆزەخ

بە پەیژەی هەڵم و ڕاو

وەك نەهەنگێکی تێنوو

وەك پەڕەسێلکەیەکی ماندوو سەرکەوتن .

ئەی خودا، چیبوو ئەو ئیلهامی سەرکەوتنە؟

بەرەو نواییێکی پڕ لە ڕاهیبەی مەست و

مۆدێرن لە دۆزەخ

بەرەو دوورگەی ئاوێکی ئەکادیمی لە ئاگر

پۆلێ قامك لای مەرقەدی برین

خۆیان بە کەسکی وشە پڕکرد

لە مەعریفەی مەراق و

دوو باسکیش

لە مەزاری شمشاڵ

خۆیان بە بەراتی شیعر سواخدا.

برژانگەکانیان کرد بە بخوور و

زمانیش بە چاکێتێکی کۆکاین

بەژنی گیانی داپۆشی.

کە ڕەوەزی بەردەمی

کوخێکی کریستاڵی لە دۆزەخ لادرا

کە دەروازەی لە ساجی

هێلانەی دکتۆرێکی حەشیشفرۆش لە ئاگر

ئاوەڵا کرا

بەو نیوە شەوە

ئەوەی لە بەفرستانی پڕووکان و هێڤی ڕابوو

هەر بە تەنیا

فەیلەسوفێکی کایەکانی ئۆرگازموز نەبوو

ئەو سەدای سەرخۆشی ڕۆحێکی ئەوینیش بوو

بەو نیوە شەوە
ئەوەی لە دوورگەکانی فرمێسك رابوو
هەر بە تەنیا پێغەمبەرێ نەبوو
زمانی تاووس بزانێ
ئەو مامزێکی نێو کتێبی خانەقای بەفر و
سامالێش بوو
بەو نیوەشەوە
ئەوەی لە حیکمەتی مەمکەکانی مەحەببەتەوە رابوو
هەر بە تەنیا ڕنینی سێو نەبوو لە بەهەشت
ئەو بڕینی سەری تاقانەیەکیش بوو.

لە میحرابی کلێسەی ڕاهیبەیەکی
مەستی مۆدێرن
لە بەهەشت
لە مەیدانی تەسەوفی کاهینێکی گوناحدۆست
کە بورکانی گیان چوو
دوو باسکی برسی و
نەهەنگێکی تێنوو
لە خوا ڕامان
دیاربوو ئەودەم
کەڤالی ئاسمان کلۆی بەفری لە پێکی ڕاکی دەچوو .

# تلین

ئیدی لێرە بە دواوە

کێ هەیە بتوانێ بە لەهجەی پەپوولە و

بەزمانی ئاونگ

بە خەندەی هەنگ و

بە ئاوازی باران

هەموو بەیانییەك بەچرپەوە ڕامچەڵەکێنێ و

پێمبڵێ: خۆشمدەوێی.

ئیدی لێرە بە دواوە

کێ هەیە بتوانێ بە هەناسەی وەنەوشە و

بەدەنگی عەتردۆستی کانی و

بە ڕەنگی وەفایاری ماچ

هەموو بەیانیەك بە چرپەوە ڕامچەڵکێنێ و

پێمبڵێ : خۆشمدەوێی .

21.06.2001

# هەڵم و
# ئەزموزنەکانی ـ ئاو ـ

هاژە هاژو هەژانی
ئاگرێکی بێ ئامانی سەرخۆش
تیری برژانگەکانمی ترازاند و
عەرشی بە مسك سواخدراوی بەهەشتیش
لە ژێر هەوری جەستەی مەستم پێدەکەنی
ناڵە ناڵ و
زەڵەوزەنای
نەورەسێکی ئاگرینی
سینە بە شەراب داپۆشراوی شێت
کۆترە کوژراوەکانی زاکیرەی هەڵمی دەخستە
نێو باسك و بەرامەی گەردەنم
ئاهمان دەچۆڕایە نێو بەفر و خومار
مەرگ دەخزایە نێو پێکی سوریال
عەبەس دەخزایە نێو یاقووتی جەستە
خومار بۆ نێو سیحری مێژوو
مێژوو دەبوو بە هانکە هانك و هەناسەی فەنا
سەرخۆش بووم بە عەتری ستیان و گەردەنی
کۆترە کێوییەکانی ڕۆخ ڕووباری دۆزەخ و

سەفەری دوماهی

ماسییە پەرچەم سەرحەکانی بەهەشت
کێ بوون
ئاوازی باڵ و قیژەی ڕۆحی
هەنگە چاو برۆنزییەکانی چاومیان ڕفاند؟
فیغانی ئاگرێکی فێنك فێنك دەیدوانم
بۆ کوێ دەچم
خەرمانی پڕووشك و لافاو و هەورە لە سینە
قەڵاتێك خەزان
منارەیەك ـ با ـ
یەك هەولێر ئەشك و ئاوێزان و عەشق لەنامورادی
بەسەرخۆشی تێکدەئاڵاین
لەگەڵماندا
جریوە جریوی قەروێڵە و هەتاو تێکدەئاڵان
ئێمە بە مەستی لەگەڵ چەمێك
لە بەرد و لەززەت تێکدەئاڵاین.
هەڵم دەبوو بە حەقیقەت و دەڕۆیشتە خۆڵەوە
ئازمایش دەبوو بە لم و دەڕۆیشتە ڕووبارەوە
مێژوو دەبوو بە هەڵم و دەڕۆیشتە بارانەوە
من دەبووم بە باران و دەڕۆیشتمە حەرفەوە

لەوێوە
ڕەنگە دارستان بزانێ
من بۆچی هێندە ژوان لەگەڵ ـ با ـ دا دەکەم
ڕەنگە هەڵمیش بزانێ من بۆچی ئەوەندە
بە خوێندنەوەی سووتانەوە خەریکم
ڕەنگە من خۆشم بزانم
بۆچی ئەوەندە
ڕۆحم بە
گراس و مەرگ
ئاو دەدەم.

بمکوژە و عەتفبارانی لێزمە لێزمەی فرمێسك و
لێشاو لێشاوی خوێناوی عەتفم بنووسەوە.
نیوەڕۆبوو
زەمەن کەندەلانێکی عاسێ و ئەشکم تۆفان
زەمەن بوومەلەرزەیەکی نزیك و چاوم هەور
نیوەڕۆ بوو نیوەڕۆ
سەفەر هەور و
دۆزەخ هێلانەی بالآگرتووی بلبل و ڕووبار
ئاگر ئەشکەوتی کۆتر و گۆڕیش فیردەوسی باز.

کحوول بمرێ، کێ داڵدەی دڵی سەرخۆشە؟
من بمرم کێ داڵدەی دڵی دایکمە؟
تۆش
بە زیندویەتی بمری
کێ دەتوانێ مەرگی بەردێك بوەستێنێ؟

کوا چوونەدەرەوە؟
کوا چوونەدەرەوە لە خرخاڵی هەڵم؟
کوا چوونەدەرەوە لە بازنەی زێڕینی ئاگر؟
کوا چوونەدەرەوە؟
کوا چوونە
دەرە
وە ؟

من بەندەی بۆتەی حەڵقە حەڵقەی
ملوانکەی گەردەنی بەدبەختییم
هەموو لاکان بە دیواری هەڵم بارێنراوە
نوام ڕما
ڕۆحیش ڕما
ئێمە هەمووومان بە ناکامی
لە هەڵمێکی هێوردا دەڕمێین.

## ماڵی ژمارە ـ 9 ـ

بە هەڵکورمانێکی بەلەنگازەوە
لە پەنجەرەی ئاپارتمانێکی شاری تاوسان،
چەند عەرەقدۆستە
ئەو شابازە بەدبەختە ڕاهاتووی
باخچەکانی زوڵم؟
چاو کەژاڵیترین پارچەیەکی فیردەوس دێت و تێدەپەڕێ
نیوەی خەونێکی هەیڤزاد دێت و تێدەپەڕێ
نێچیرێکی مەمك ڕۆمانسی پەنجە دێت و تێدەپەڕێ
ساندرا خۆی و چاوە حەشیشاویەکانی دێت و تێدەپەڕێ
مەرسیدسێك، کابریۆ، دەوەستێ و
ماکەوێك هەندێ
دەست لە ڕانەکانی
لە مەمکەکانی
دەنەخشێنێ و تێدەپەڕێ
لێرە هەموو شتێك دێت و تێدەپەڕێ
هەموو شتێك لێرە هەتا ئەو کارمامزانەیش
کە بە کانی لێوی مێرگێکی ماچ
فێری خواردنەوەی زەمزەمەی لەززەت بوون
دێن و تێدەپەڕن..

لە پەنجەرەی ئاپارتمانێکی شاری تاوسان
ڕاکی دۆستێك
بە هێوری گلاَسی مەراق خاڵی دەکا و
لەو ماتماتیکی ئەو خیابانە بێ لۆژیکە
دەڕوانێ و
خۆیشی لە نێو جێمانا
بە نێو شەقامەکانی تێنەگەیشتندا
تێدەپەڕێ.

## ئەی کاهینی کڵێسە و
## داستانی حرووف

لەهجەی گوڵخەندەرانی
باغێکی نەسیم و شنە و پەلکەزێڕینە
ئێوارە کافێی پڕ لە تەئموڵی
پەنجە مەستەکانی مانگێکی حوزن و
فنجانێکی خەون و
مەرکانێکی تیشك و خوداوەند ڕەیحانە
بەیبوون سێرابی چاوانی پڕ لە قورئان و
بازێکی مەمکبازی پڕ لە نازی ئاتەشی حرووفەوە
شەهێن پێی وایە:
ئەو بازە گوناحدۆستە موسافیرە
سەیادی سیلسیلەی مەمکە ئاوییەکانی
نێو دەراوێکی
تلان و شەراب و مەراقە
ئەی میهرەبانیترین
کاهینی مزگەوتەکانی میهر
ئەی حەرفاویترین
سۆفی کڵێسەکانی تەئویل

ئەی عەقلانیترین

مانگی کۆلانەکانی شەو

دوێنێ دەریاش لای خۆر بە نهێنی درکاندی

دوێنێ خۆریش لای خوا بە نهێنی درکاندی

ئەو مانگە مەستە موسافیرە

باسکەکانی

لای گۆشەیەکی حوجرەکەی میهرە و

پەنجەکانیشی

لای کۆمبوونی

مەمکە غەجەرییەکانی وجوود.

ئاخ و

ئاخ و

ئاخ

ئەی شکاری ئاسکی ئاگرینی مۆرفیم و

زاکیرە و

ئەوین

درەنگانێ

لە لێواری فیردەوساوی ئیلهامگەیەکی

پڕ لە نەورەس و

لە کەناری دۆزەخئاسای منارەیەکی

بە زەمزەم و ڤۆدگا ڕشێندراو

وەکو یەکەمین ئێوارەی ناسینی باران
وەکو یەکەمین ئێوارەی موژدەی
لە دایکبوونی زەیتوون
وەکو یەکەمین ئێوارەی خزانە ڕۆحی زناك و
ئیکسیر و ڕووبار
وەکو یەکەمین ئێوارەی هەڵزنان ڕووەو
گوڵاوخانەی – سینا –
وەکو یەکەمین – میحراجی – میهر و مەسیح
ئەو بازی برین و سەفەر و هیجرانە
سینەی پڕ دەکا لە گزنگ و مەمك.
نیگار و حیکایەتی ئاورینگ و هەتاو
لە باسکی ڕاستەی دەنەخشێنێ و
حەڵقەیەکی شەونم و عەرەقیش
لە گۆپکەی پڕ لە مێژووی خەیاڵ
گلێنە برۆنزییە وەحشییەکانی
بە ئاه و عەرەق و ئەمەك دەنووسێتەوە
دەمی گەیشتنی پۆستی
کۆترەکانی وەفا و ئاگریش
شەربەتی فۆنیم و
کەوسەری چرۆیان لێدەنەخشێنێ
ئەی قاسیدی خوا/ لە نێوانی حەرف و نەشئە

ئەی حەڵقەکانی چاوی باز/ لە نێوانی زان و شیعر

ئەو

موسافیرترین

بازی پێدەشتی مەمك و مەرجانە.

لە خۆرهەڵاتی کەعبەیەکی یاسەمین و سەفا

لە خۆرئاوای میحرابێکی بەفر و مەراق

بەسەر پوولەکەی مەمکی لەززەتئامێزی

ماسییەکانی قەدەرەوە هەڵیکەنیوە:

ئەی تاوسزادە و

بەهەشتزادە و

پەڕەسێلکە و پەپوولەی عاقڵیش

شایەنی ڕاهیبی پڕووکاون.

دە تۆش

ئەی هەورینترین ئاسمانی

سەر ئەو بێستانی غرووبە

بە سەدا و نازونوزی برووسکی عەتف

زمانی فیراق وەکو ـ ئاو ـ هەڵمێنکە

مێژوو

جارێکی دیکە مێژوو

ئەو بازی خەون و هەرێمی سەرابەی دایە تۆفان

و

**لەو ئیماراتە بەرداوییەی ستیانەدا**

**ئیقامەی ئیرۆتیکی پێداوە.**

**سوپاس بۆ ئێوە**

**ئەی میهرەبانیترین خوداوەندی کێوی غوبار**

**ئەی سوڵتانی ئەو سەڵتەنەتی لافاوە**

**بۆ ئەو بەهەشتی سوتانە.**

**بیلەفیڵد ـ** 2000

# Globalisierung

**چەندە پێم خۆش بوو زوبانی حاڵی دەیوت نالیا**
**هەردوو حەیوانین ئەتۆ گوێ کورت و ئەمن گوێ درێژ**
**(( نالی ))**

**ئەی شەرابخانەی**
**حۆریدۆستی ڕۆحی خودا**
**توو سەری منارە**
**رێگا بدە هەموو شتێ**
**بێ ناسنامە**
**لە قەلاّتەوە ماڵداکوتێ**
**بەلاّم نەکەی ڕۆژی لە ڕۆژان**
**دەرگای سینگت بۆ (( thyssen ))**
**ئاوەلاّکەی.**

24 . 07 . 2001

# ئاوزینگی ئاوابوون

بازرەقەیەك بە گلاسی ئاوزینگ و
نقاری هیجر هەڵدەمژیت و
میهری گەشاوەی تاجی بەخت و
خەرمانی خۆرینی پڕ لە تاراجی زەمەن و
قەمسەڵەی قەترانیی بادەیەك كەوسەر و
شەبقەی درەوشاوەی
مانگ و عەرەق و ساڵ و برین
لوولدەدەیت و
لوول
لوول
لوولدەدەیت و
لە پڕ
سەلامی نوێژی
ئەفسون و وەهم و ئەفسانەی
ئەو تۆڕو كەمینە جەهەننەمیانە دەدەیتەوە
كە بۆ هالاوی لێوی
كۆترە خواییەكانی كۆشكی خەیاڵت چاندبوو
لەو چركەی

هەرەس و هەراسان و

ئاوزینگ و بازرەقەیدا

هەڵمێن بوون

دەتخاتە نێو دیموکراتیەتی

مەحشەری دلۆڤانی خۆڵەوە.

هەنسکێك

بە بتڵی ئۆزۆی ئاوزینگ و تلان و سوان

دەخەیتە نێو فلوتی شیوەندۆستی قوڕگتەوە

پێڵو و بیلبیلەی خونچەی سەفا بیرێك دەیبا

برۆ و بژوڵی باخی ژاکاوی بزە

یوسفی هیجر

ئاوەزی باڵندە سەرخۆشەکانی قەدەر

لای خیابانێکی ڕۆخ – نیل –

دەدەیتەوە حوبری قەڵەمی خوا

پرچی گوڵەستێرەی میهرەبانی حەرفەکان

بۆ هەرەمی یاد

زمانی خەون و کەڵکەڵە و وەفاش

دەخەیتە گیرفانی پڕ لە مۆمیای فیرعەونەوە

هەنگێك

بە ڕەنگی زیلاوی – با – و دوا ئاوزینگ

کاژەڵەی بڕوای عومر – قاهیرە – دەیبا

لەو چرکەی
کۆچی بوراق و
ئاوزینگ و بازرەقەیدا
هەڵمێن بوون
دەتخاتە نێو دیموکراتییەتی
مەحشەری دلۆڤانی خۆڵەوە.
غوسلێکە بە ئاوی زوهمی عاتیفە و
غوسلێکە بە ڕووباری مسك و وەفا
باسکەکانی دووکەڵی هەڵاڵەی لاف دەدەیتەوە
مەلەفی لە خاچدراوی ئاشوور
سۆمەر
پێیەکانی درەختی موراد
لای مۆزەیۆمی مرواری و توانەوە هەڵدەواسێ
سینەی سەحراوی تەمەن
لە دیجلە ڕادەکشێ و
فوراتیش — دڵ — ی فیغان
بە فرمێسکی بولێڵ دەنووسێتەوە
غوسلێکە بە ئاوی زوهمی عاتیفە و
غوسلێکە بە ڕووباری بخوورو عەنبەر و بەینەت
غوسلێکە و دوا غوسل
جەستەی شەهیدی عومر ـ کەربەلا ـ دەیبا

لەو چرکەی کوژرانی خەون و
لەت لەتبوونی عەشق و بازرەقەیەدا
هەڵمێن بوون
دەتخاتە نێو دیموکراتییەتی
مەحشەری دلۆڤانی خۆڵەوە.
تافتەیەکە لە ئاگری سەر بڕاوی هیجران و دەهر
کفنێکە لە تافتەی باهۆزو ئاڵتون
ئەی ئەرخەوانیترین ئیمپڕاتۆریەتی وشە و ئەشك
چرکەیەکە و
هەڵەمووتی عاسێی گومان و
خەرەندی بێژێری یەقین و
سەرخۆشی بەرامەی گولگولێنی عەتر و
عاقڵی فەلەکی فرمێسك و
بڵندی بەژنی داری خەردەل و
کورتی دڵی هەلاٚتن،
ئەوانە هەمووی پێکرا شەو دەیبا و
خەو دەیبا و
خوا دەیبا و

باخچە و باغ و مەمك و مەرکانیش
هەر لە شوێن خۆی.

**قوماشێکە دوراو بە حوبری خەزان و**

**قوماشێکە دوراو بە کزرانی ڕۆح**

**لەو چرکەی دورینی غروب و**

**بازرەقەی گیانەدا**

**هەڵمێن بوون**

**دەتخاتە نێو دیموکراتییەتی**

**مەحشەری دلۆڤانی خۆڵەوە .**

**سورەتێکە بە لەهجەی باران و**

**ئایەتێکە بە زمانی – با –**

**ئەی مەرجاناویترین خۆری میرنشینی قامکەکان**

**کاتژمێری هەناسە ڕۆحانییەکان**

**هەڵدەدەیتە نێو سوراحی زێرینی فەنا و**

**کارتەکانی ئەو قومارخانەی زەمەنیش**

**دەدەیتە دەستەکانی سێلاوی هیجر و**

**دەڕۆیتە سەر تاشە بەردەکانی ڕووباری خەوتنەوە**

**سوڕەتێکە بە دەنگی برووسك و**

**ئایەتێکە بە ئاوازی هەور و**

**لێوە ئاڵتونگرە ڕۆشەنبیرەکانی نەست**

**لە کتێبی گۆپکە کحولاوییەکان دەپچڕێت و**

به پێڵوی ئاوەڵاوە
لە پەیژەی سەرخۆشی عەقڵێکی بڵند
دادەبەزیت و
لەو چرکەی خەونبوونی کەڤاڵی دیدەنی و
لەو بازنە کراوەی بازرەقەیەدا
هەڵمێن بوون
دەتخاتە نێو دیموکراتییەتی
مەحشەری دلۆڤانی خۆڵەوە.

نوێژێکە بە دەستنوێژی درود و فرمێسك و هاژە
دیوانی تاوێربوونی
تاڤگەکانی بینین دەخوێنیت و
کەرنەڤاڵی دەنگی شەپۆڵەکانی ئاوێزانیش
کێڵپەرژین دەکەی.
یەك نوێژە بەشێوەزاری زاکیرە
خۆت لە ئاسمانی ڕۆژژمێرێکەوە هەڵدەدەیت و
مەشخەڵی عەرەقی نێو مۆرفیم و
نیکۆتینی گیانی ئیلهامیش جێدێڵیت و
دەڕۆیتە نێو کادینێکی سۆزاوی سڕانەوە
یەك ئایەتە بە قەلەمی عەتف و
دوماهیترین ئایەتی ئاوابوون

**لێرەوە تا کۆتایی**

**هەڵمێن بوون دەتخاتە نێو دیموکراتییەتی**

**مەحشەری دلۆڤانی خۆڵەوە.**

**ئەی خودایمن**

**خوداوەندی بازرەقەیەکی ئەبەدی**

**ئەی برووسکەی ئاڵئاڵی هەڵم و فیراق**

**ئەوە تەنها زناکی شیعرە**

**دوای ئەو سەفەری ئایەتی برینە**

**کاژەڵەی بڕاوی مەراقی دەبێتە – قاهیرە – و**

**جەستەی لەت لەتبووی شەهیدی موراد و**

**فۆنیم و**

**قەدەری**

**بە – کەربەلا –**

**یا وجودیش؟**

# خوشك و دۆگما

خیانەت لە نێو زەرگی هەراسانی هەوەس و
سەمای شەهوەتی برین
مەرگبارانی عاتیفە
دەف
دەف
ئەی خودایمن دەفی برین
گوناح لە نێو شمشێری قەلەقی مەستبوون
ئەهریمەنبارانی گیان

دەف
دەف
ئەی خودایمن دەفێك بۆ باران
دەف
دەف

لە حاڵدا ئیلحاد و پاكیزەبوونی ئاوەز
لە بەفردا تەزین و گەرمبونەوەی پەنجە
لە ئاگردا سوتان و زیبایی تۆبە
دەف

**دەف**

**دەف**

**ئەی خوداوەندی ئاو**

**دەفێك/ بۆ ئەو حاڵەتگەی خیانەتە**

**دەفێك/ بۆ ئەو زەرگستانی گوناحە**

**دەفێك/ بۆ ئەو برینە ئەبەدییەی ئیلحاد**

**دەف**

**دەف**

**دەف دەف دەف دەف**

**دەف دەف دەف دەف دەف دەف**

**دەف دەف دەف دەف دەف دەف**

**دەف دەف دەف دەف دەف دەف دەف**

**دەف دەف دەف دەف دەف دەف دەف**

**دەف دەف دەف دەف دەف دەف**

**دەف دەف دەف دەف دەف**

**دەف**

28 . 07 . 2001

# لانەتان کێڵگەی حەشیشە

پەنجە بەفراوییەکانی
سورەتێکی گوناحدۆستی مونحەریف
گرووپێك شەهێنی تاریك و
پڕ لە حیکمەت بوون
بۆ ڕاوی ماسییە مەستەکانی خۆری ئایندەش
کەندەڵانی مەراق و
زەنگی گزنگیان
وردە
وردە
دا .. دە .. گیر
ساند ..
بەڕێوەبووین وەکو خوێناویترین کراسێکی
فرمێسك و غەدر و مێژوو
حیرمانی چاوە ئەشکاوییەکانی
بەفرینیترین بەفرێکی ژینەژان بڕوێنین و
لە بەزمگەی نادیاری عەقڵ
سەمای وەحشیبوون ناس کەین و
بە ڕووتی بەرەو دارەبازەی
قەدەرێکی نوێ ڕاکەین

له کۆڵانێکی تەسکی تەئەمول
نیوەی گۆپکەی زیوینی پڕ لە سیحری حۆرییەکان
بە گوڵاوی بورکان و
سەمای تۆفانەوە ئاودرابوون و
نیوەکەی تریش هێشتا
هەر لە ژێر ستیانێکی بخووراوی
بە پێکی شەرابی گومانەوە مەستبوون
ئاه .. خودای من
ئەودەم
چەند سەرخۆش و شێت و بەلەنگاز
بە دیار کەرنەڤاڵی ئەو مەمکە ئاورینگییانە
دەسووڕاینەوە
کە لە باکووری ئاسمان و
کە لە باشووری عەردەوە هاتبوون
ئەودەم
چەند مەست و شێت و بێداڵدە
بەدیار نیسانی پرچی ئەو عەترانە دەسووڕاینەوە
کە جارێکی دیکە دەبنەوە یاسەمین و
بەدیار قوببە و گۆپکەی ئەو گوڵانەش
کە جارێك بۆ تا ئەبەد دەبنەوە عەرد

**ئاه .. خودای من**

**هەلهەلە و زەمزەمەی ئەو زەمەنە**

**چەند لە خومار دەچوو**

**هەلهەلە و زەمزەمەی ئەو خومارە**

**چەند لە مێژوو دەچوو**

**هەلهەلە و زەمزەمەی ئەو مێژووە**

**چەند لەبەخت دەچوو**

**هەلهەلە و زەمزەمەی ئەو بەختە**

**چەند لە زام دەچوو**

**هەلهەلە و زەمزەمەی ئەو زامە**

**چەند لە کەرنەڤاڵ دەچوو**

**ئەی خنکاویترین زێ و کارێزی مێژوو**

**لەو ڕەوتی سەرسوڕمانەدا**

**مانگێکی بڕۆنزیتر**

**دەبوو بە ڕۆشنایی سەحەری بەختمان**

**لە ڕێگادا من بەدوای ئاوی قەدەر و**

**من بەدوای بارینی بارانی ئاینده**

**سەبەتەیەك ڕامان و پرسیار**

**لە دارستانی دووکەڵ و**

**گومان و حەشیشەوە دەهۆنمەوە**

**لە رێگادا لە نێوانی خەرمانێك یاقووت و**

پاپۆڕێك بەفر و هەلاڵە و مەمك
دەبێ چی بێ گوتاری بەژنی ڕووبارێکی گوژراو؟
لە نێوانی سەراب و سەرابێکی دیکەدا
لە نێوان زیکر و سامبا
دەبێ چی بێ دوا ئایەتی نووسراوی
تەوێڵی شوانێکی حرووف؟
لە نێوانی سەرخۆشیی بەفر و شەو
من هەردووکیانم لا زەیتوونە
دووەمیان: خەون و تاریکی پڕ دەکا
لە مانگ و حەشیش و
ئیلهام و میعراج
یەکەمیشیان: باخچە و بێستانی بەردێکی یاخی
پڕ دەکا لە گوناح
لە نێوانی تراویلکە و مەرکانێکی بخوریش
خوا دوو خیتابی مێژوو
لە منەسەی چارەنووسەوە هەڵدەدا
ئەی حەشیشگەی خەون و ویساڵ
بمبەخشە نەسیمێك
کە مەمکی پڕ لە شەهوەتی ماچەکانت
بە مۆز و
ڤاینی مەرگ مەساجبارانکا

دوا نوێژی مێژووی بێکەسییت
لای خوا بنووسەوە
دوا تەئەمولی چرکەی ئاوەدانیش لای گۆڕ
ئێستە دەخوازیت
لە نێو قەروێڵەی بەفر و ئاگر و رووبار
پرچت
بە مسك و گزنگ و رۆمانسیەت ئاودەیت
یا هەر لە جەحیمی وەنەوز
پێکی تەمننا بخۆیتەوە؟
برۆ بەرەو درەوشانەوەی بارانێك
بە مۆرفیم و
ماچ و
بخوور و
ئیرۆتیك نەزیف بێ و
لە حەرف و ئاگر، فیردەوس بخواتەوە.

بیلەفێلد - 2000

# مارکێتی زیبا

هەڵەی زیبابوو
یا گوناحی بە ئەنقەستی مێژوو
لە نێو کیمیای ڕەنگەکاندا
فۆنیمێکی ناوتی گۆڕی؟
هەڵەی سەفا بوو
یا پلانی بە ئەنقەستی چارەنووس
لە رێزمانی تەم و سەرابدا
حەرفێکی ناوتی گۆڕی؟
هەڵەی من بوو
یا گەمەی بە ئەنقەستی خوا
لە جوگرافیای زەمەن
نەخشەی ئیمپڕاتۆرییەتی پەلکەزێڕینەی گۆڕی؟

# کیمیای ئایەتەکانی
# بەفرێکی برین

**- 1 -**

**بە پێدەشتێ تراویلکە و**
**خەونی غەوارەی خۆڕسکەوە**
**لە دەروازەی سینگە خەوتووەکانی**
**چارەنووسێکی نەوبەری مولهەم و**
**لە باوەشی دۆزەخێکی تەزیوی**
**ڕێگا دوورەکانی حیرمان و**
**ئاوەدانییێك لە ڕۆژی گومان**
**ئێمە و دەوەنێ لە — لم — ی بێهودە راکشاوین**
**ئێمە و ئاقارێك لە — باران — ی وەنەوشە راکشاوین**
**شەپۆل شەپۆلی زریانی تارماییەکان**
**لە کوپێکی هزر و**
**شنەی ڕۆشناییەکانیش**
**لە جامێکی ئاونگ و بێهۆشی دەنۆشین و**
**گوێ بۆ خیتابی خوای هەور هەڵدەکەین.**

بەرەو مێژوویێکی بێڕەنگ و هەورین بەڕێوەین
قەدەرمان میزاجی _با_و
گزنگمان جارێ سەراب و
گزنگمان جارێ پەلکەزێڕینەیە.

**ـ 2 ـ**

لە کەناری تاڤگەی پەرچەمی سۆرتاریکتدا
خەرەندی هەورمان پڕ کرد لە هەڵم
ئاسمان جەمی ڕووباری پڕکرد لە بیابان
لە ڕۆحیشدا
خوا
مەرحەبای گراسکێشەکانی نێو ترامڤای
دیرۆکی نەخوێندەوە
ڕابە
ئەی مەیترین جولانەوەی بیابان
خێوەتی چاوت بە تارای خوێنینی
شوشە داپۆشە و
شەوانی قامکەکانیشت بە مۆمی
- لم - و تەزین و خەون و خەزان و گوناح.

- 3 -

ڕەوکە ئەی میهرەبانیترین خۆڵی وەفا

ئەی هەلهەلەی فرمێسکی دەمی سڕانەوە

- گراس - غوبارگیرنابێ و

لاولاوەکانی بەژنیشی هەر لە گولاو نابێ.

با تا کاتی ڕژانی ئەستێرەیەکی ڕۆژژمێریش

سەقەمی توانەوە بانگەشتە بکرێ و

با عەشقیش هەر لەسەر کێڵگەکانی — ئاو — دا

بالاّ بگرێ.

ڕەوکە ئەی گەشاوەیترین زەنگیانەی

دەریایێ خەڵوز

بە ژیری پەرتەوازەبە و

با تا کاتی ڕژانی ئەستێرەیەکی ڕۆژژمێریش

دەریاچە دەریاچەی غەدری کاتژمێرێك

بانگەشتە بکرێ و

با عەشقیش هەر خۆی هەڵۆی پێدەشتی

پڕووکانی سەمابێ..

- 4 -

ئاه

لە سەحەری شکانی ئەو فنجانی تەمەنە

دەبێ ئەو کتێبی عەقڵە

لە خۆرهەڵاتی زامەکان

چەند خۆری بیرەوەرییەکانی دابگیرسێنێ ؟

ئاه

لە سەحەری سوتانی ئەو ڕاکشانی گەرداوە

دەبێ چەند سێبەری تاڤگە ڕەشەکانی وجود

هەڵمژێ و

دەبێ چەند تووڕەیی تۆفانی هەناسەکانی

غەریبی داپۆشێ؟

ئاه

دەبێ  ئەو سەحەری سوانە

چەند دلگیرو سەرخۆش و پڕ لە هەولێر بێ؟

.5.

تەماشا..

لەو شانۆنامەی ڕەوەزەدا

شمشاڵی باسکەکانمان

چەند پڕن

لە تریفە و درەوشانەوەی سیحر؟

تەماشا..

پەنجەکانمان چەند پڕن لە حوبر و ئاواز

هەر بۆ ئەوەی

میهری موڕادی پێدەستەمۆکەین.

.6.

لە پاڕکێکی پڕ لە بەفر و دەف

بە لێواری لیمۆینی نەفەسی ئەستێرە دەخولاینەوە و

چەند زەماوەندی سەرشێتی سۆز

ڕێبەری نێو ڕەوتی تروسکانەوە بوون

حیکایەتێك بوون بۆ ئەوەی

شیعرو شەوبۆ و

شەونم وشەراب

زێتر بالاّ بگرن و

بۆ ئەوەی تا ئەبەد

بەردێکی بەهرەمەندی نامۆ

زادەی گوتاری پڕ لە گەرداوی یەزدانبێ

بۆ ئەوی تا ئەبەد نالە نالی _ با _یێکی ترازاو

لە ژێر سوولاوکەی لافاوی برینیش سەمادۆستبی

لە یادمە..

لە چواردەوری جن و کۆلا و ئاوی کانیلەی سپی

دیلان بوو

دەستەکانی ئاتەشێکی قەرەج هەڵدەمژران و

شانی دژوێنی فیراق و جەنتاکەشی — نەفرەت —

لە یادمە..

ئەو شەوانەی لە چواردەوری

زەمزەمی چرکە و مێژوو دیلان بوو

تابووتێك هات و ڕەگی ڕفاند

خوا هات و چرۆی خوانێکی هەڵوەراند

سەفەربوو سەفەر ئەی خوداوەندی ویساڵ

تا لە نێو جەنگەڵی مس و خوران

دەنگی مەمکەکان هەڵبدەین و

تا لە نێو باخچەکانی ژیلەمۆ

گروپێك هالاّو و دیوانێك وەرین بڕوێنین

**سەفەر بوو.. سەفەر بوو.. سەفەر**

**ئەی خودای ترازان**

**بۆ ئەوەی لە ئاگری کوژانەوەیەکدا**

**درەختی تەك کوخێکی ئەشك بگەشێتەوە و**

**بۆ ئەوەی هەرنا**

**لە ڕۆژئاوای بازاڕێکی تیشك و**

**لە ڕۆژئاوای سپێدەیەك لە بینین ماڵ داکوتین**

**لە یادمە و**

**لە یادمە و**

**لە یادمە..**

**لە فنجانێکی گوڵناریی جن و ماچ**

**کورخانی پرچ برژانگ و لێو پژێن دەکران و**

**برین دەبوو بە خەرمانی عەشق**

**ئەودەم.. ئاخ و ئاخ ئەودەم**

**خۆرهەڵیداینە باوەشی دوورگەیەك لە پرسیار**

**خوا ئێمەی بەخشیە دووکەڵ و**

**ڕەحمێ ئەی خودا**

## ـ 7 ـ

هێشتا بەیانی بوو
کە بەسەر قەڵاتی سەڵتەنەتی _با _ وە نوسرا
سەفەرە
دوماهی بەرد بەرەو قوڵایی بیابان.
سەفەرە دوا چارەنووسی نووسراوی _ لم _
بەرەو کایەکانی _ با _.

## ـ 8 ـ

دەبێ ئەو مەراسیمی بارانە
چەند پڕ لە ئاواز و سەدای ڕەهێڵەبێ؟
دەبێ منیش لەو ئەشکەوتی داخرانەدا
چەند بە هێوری بڕۆمە ڕەقسی خەوتنەوە؟
دەبێ منیش لەو داخرانی ڕۆمانی خەوتنەدا
چەند بە سەرخۆشی بڕۆمە نێو
دەریاچەی ماچە هەڵگیراوەکانی
ئەو وەنەوشە ناکامانەی کە ڕۆژانێك پێکرا
لە سامالّ و خۆردا پڕووکاین.

ـ 9 ـ

ڕەنگاڵەیەکی حەرفدۆست
چاوی لە خۆڵستانە
دەخوازێت لە وێندەر
بیۆگرافیای ڕۆح و گوناح بنوسێتەوە .

ـ 10 ـ

ڕۆحمان دەکەین بە خەڵوەتگەی ئاگر و
یەك کەون دۆزەخیش
لە چرکەیەکی کانیبوونمان هەڵدەنۆشین
بۆ ئەوەی بە جورئەتەوە
حەرفەکان بکەینە ملوانکەیەکی تاووسین
بۆ گەردەنی _با_.

ـ 11 ـ

لێوەکانی بەردێکی ئاوەدانی
بە زنجیرێك لە بوومەلەرزە و
بە گوریسی سەقەم قفڵبدە ئەی خودا
نەبادا جارێك بە هەڵە پێکەنێ و ببێ بە نێرگز.

ـ 12 ـ

له هێلان و هەوار و
هاشوهوشی هێڤی دابگیرسێ
بۆ ئەوەی
ئاوپڕژێنی
زیلترین ستیانی
ئەو وجودە عاقلەی پێبکەی.

ـ 13 ـ

لەسەرخۆ
کەڤرێکی تەنها و
زێیەکی نەشکا و لە حوبرو نەوا و
مەمکێك لە عەنبەرو خۆخ و وشە
دەریاییێك لە وردە ماسی و
شارێکی ئاو و خەون و عەرەق تێکەڵدەکەی و
تێکەڵدەکەی و تێکەڵدەکەی تا زۆر بە سانایی
ئەدرێسی خێوەتگەی بەختەوەری بدۆزیتەوەو
بدۆزیتەوە
بدۆزیتەوە.

## ـ 14 ـ

زەنگ..
زەنگی بریندارى کەڵکەڵەی لەززەت لێدە
زەنگ لێدە بۆ سەهۆڵ و بێستان
زەنگ لێدە
ئەی دولفینی نێو تابووتی زەماوەندی زریان
زەنگ لێدە تا ئەوانیش بزانن
قەدیسێکی کەنیسەی شیعر
خەڵکی بازنەی برینە.

## ـ 15 ـ

زەنگ .. زەنگی سوتماکبوونی
شاخی خومار هەڵدە بۆ دارستان
تا نەختێ لە حیکایەتی مەمکەکان
بداتەوە زاکیرەی ڕووبار.

ـ 16 ـ

دەڕۆیتە نێو نەوا خەووتوەکانی یاد
تا نەختێ بیری بەفر و تەزین بکەیتەوە

ـ 17 ـ

گوناحەکانت
گوناحە ڕەنگالأوییەکانی تەمەن
بەتاووسە پەیوەستن
چونکە ئەو نهێنی ڕەنگەکانی نیشانداوی.

ـ 18 ـ

دەبا ڕماویترین بێ
ئیمپراتۆریەتی تاریکیی مانگ
نەبادە چیتر
لێوەکانی ڕۆشنایی
شەڕی دۆڕانمان پێسازدا.

## ـ 19 ـ

به ڕازەکانی زاری گلێنە و ماسکول و بزە
دەستەمۆبوو
لە ئینارەی دووکەڵ و
شەوێکی سەرخۆشی عومر
ئاگری پڕشنگداری شەراب و
دەریاچەیێ سەهۆڵ و تەزین داگیرسا
فیردەوسێ سووتان لە ئاودا چێبوو
شەوانی زۆر
خۆمان لە بانیۆی عەتر دەخوێندەوە
حەزم بە ڕەنگی پرچت نەبوو ئەی زوقم
بەلاّم بمرێ زەمەن
بۆ غیابی زمان.

## ـ 20 ـ

**له نێو نەخشی چارۆگەی بەلەمێك**

**له كۆلانێكی بە ئاو قیرکراوی ئەمستەردامەوە**

**گڕت گرت**

**لەمەودوا**

**له خیابانێکی ئاسنینی/ کارگەیەکی ئاگر**

**به مژینی پەنجەکانی ڕۆحی تاڤگەیەك**

**ئارام دەگری**

**به زەنگێکی هەورین**

**خەونەکانی مانگ دەپچڕێنی**

**حەزم به درەختی بە ژنت نەبوو ئەی _با_**

**بەلام بڕووخێ ڕۆژژمێری ڕووبار**

**بۆ شالاوی فەراغ.**

## ـ 21 ـ

له سیبیریاوه به پەرەمووچەکانی باڵی بەفرێك
هاتیه نێو پۆستی نوای دۆزەخ
قەدەربوو دابباری
قەدەربوو
که له کابینەیەکی قەرەجەوە
موگناتیزی لێوەکانتم هەڵمژی
ئیتر نەکرا جارێکی دیکه
پارکەکانی خرخاڵی سەرابیش
نەکەی به خانەقای یاد
له دیوانی گیان بۆ ساتێ
هەڵمدەگرتی ئەی گوڵی بەفر
بەڵام ئاخ
چارەنووسبوو
بگەڕێیتەوە بەهەشتی شەختە.

## ـ 22 ـ

ڕووگەی ڕووت ڕوو لە کوێ بەو شەوە بەردینە؟

ئێمەیش بۆ ڕاوی فنجان و تاووس

وەکو کێوی

بە زناری تۆڕی پرسیار

هەڵ

دە

زنا

ین.

تەماشا لەو شەقامی چرۆو وەرینە

لەو خەزانخانەی ئەوین و ئەزموونە.

## ـ 23 ـ

له جانتاییێکی پڕ له ماسك و
ئەستێرەی تارانییەوە ڕاچەڵەکیی و
به دووکەڵی جگەرەی
پەپوولەیەکی پرسیار پۆستکرای
تا له گوڵستانی ئاسن و ستیان
سیحری ناسینی ئەستێرەکانی ئازادی بخوێنی
له تیراسەی باڕێکی ئەشك
ڕۆیشتیه نێو باخچەکانی کحولێکی سووتاو
لەو ئاگردانه بچووکه سەهۆڵاوییه فێربووی
به سەماتی لێوەکانی سەرخۆشێکی سەما
له ڕووپەڕی بازنەی گۆپکەکانت بنەخشێنی
لەو کنایپه بچووکەی شەهوەت و
لەو ئیماراته لماوییەی هەڵمەوە فێربووی
تۆوی تەمەننا
له پایزی سەنتەری پەنجه و
له ناونیشانی ڕۆژنامەیەکی ئاوەز بنێژین
خواستت لەو لاکێشەیەدا بمریت
بەلام ئاخ زیبایترین دۆست
لێره سنەوبەر له ڕواندایه.

## ـ 24 ـ

کورتترین ترامواى سوان و
درێژترین سەدەى سەوزبوون و
مارکێتێکى مەمك بووى
دەروازەکانى گەڕەکى بارانت
دادەخەیت و دەڕۆیتە دەریاوە
پەنجەرەکانى دەرچوون
بە رووى روانى باخچەیەکى سەبر دادەخەیت و
بەسەر یالى بالى
قەبرستانى وشە رادەکشێى
بۆ تاوێ
لە نێو قەروێڵەى ئاوازێکى کافر
ئیلحاد دەکەیت و
لاى شەرابخانەى ئەو قامکە کوژراوانە
پۆشاکەکانت هەڵدەدەیت
کە گوێ بۆ گوتارى مەمکەکانت هەڵدەخەن .
دەنووى ئەى کتێبى نەیزەکى گیان
منیش دێم و لەو کەرنەڤالى خەوتنەدا
وەسیەتەکانى مێژوو
لاى شیهابى چاوى چارەنووس جێدێڵم.

## -25-

**له تابووتێكی**

**پرسیارئامێزی نیوەڕۆیانی هاوین ناسمكردی**

**به خەندەیەك له كوڕژنی شلۆڤه و**

**سەهۆڵبەندانی سوورگوڵ و**

**ڕەنگێكی نووساوی كەرنەڤاڵی مەركان باراندرای**

**حەزت به ئاشكراكردنی نهێنییەكانی**

**دووكەڵ و بەفر و**

**حەزت به كەرنەڤاڵی سڕینەوەی**

**دوعا سەختەكانی سەراب بوو**

**هەر له تەمەنی ڕەوی پەیڤ و**

**ئینحرافی برووسكەیەك بووی**

**كه خووت به تەوافی جامخانەیەكی زامەوه گرت**

**دەڕۆیشتیه ژێر ساباتی**

**كەنار سەددەی ماتەمینی ڕامان و**

**حەزت به خوێندنەوەی ئاكامی گوتارەكانی لاف بوو**

**لەو دەمەوه كوخێكی لەبەرد و پایز**

**كێڵی زەخرەفاندبووا**

**له كوێ بوو سەدای هەناسەی عەدەم**

**تاوەرێك گۆڕی بخولقاندبووا؟**

# پەنجەرەیەك لە ئاسمانی

Herbert – hinnendahl str . 9

لەو بڵندابیەوە

جامێك هزر

شەقامێك تارمایی و

زەمبیلەیەك وشەی خەوتوو

ڕۆحیان بۆتە نیشانەی

ڕمی قاسپەی دەنووکی مەمکەکان

لەو بڵندابیەوە

ڕۆژ نییە ملیۆن جار

زێرابێکی خەوتوو

بتڵێك برین و

کاشانێك مەراق

چاوەکانیان نەپێکێندرێ و

بێئومێد بێئومێد

نەکەونە قوڵایی ئاسمانی زەمینەوە.

# ئاوڕێك لە نەغمەی غوبار

هەر لە پێناوی ئەوەی هەڵمدەیتەوە دەو کەناری
چەند دوورگەیەی ڕێککەوتئامێزی زاکیرە
ئەو کۆترە سەرخۆشانەی خومارم پێویستە
کە لە پەنجەرە کراوەکانی فەنتازیاوە لە هێڤیدان
ئەی دوورگە ڕەنگالاویيەکانی خەياڵی غەیب
تیر ببەن بەرەو
بەرەو دەریای ئەو دڵە عاقڵەی بەهەشت
خوێن ببەن بەرەو
بەرەو لافاوی ئەو شارە سوتاوەی سەحەر
برین ببەن بەرەو
بەرەو ئەو دارستانە وێرانەی نەسیم
لەوێ لە تارمایی کارگەیەکی غوبار
لە نزیك ساونەیەکی ساحیر
لە نێو نهێنی پێکێك گلێنەی عاقڵ
بەر لەوەی گوناحەکان بدرێتەوە خاك
بەر لەوەی تنۆك تنۆك فرمێسکی خولیا
لە تەوێڵی بەردەوە داببارێ
هێشتا زوو بوو
بەر لەوەی لە دەریادا ئایەتێك بنووسرێ

بۆ ئەوەی ماسییەکان
لە پەنهانی سەفەرەکانی موسافیرێکی خەون
شەپۆل ناسبکەن
هێشتا زوو بوو
بەر لەوەی ئاو فێری ئەوەبێ باران لەوە
بەر لەوەی سووتان بزانێ
مەراق و خەون
بوقعەیەکی کایەی ئەون
لەوێ لە تاریکیترین تارمایی کارگەییێکی تەم
لەوێ لەتارمایی کارگەیەکی غوبار
لەوێ لەنزیك میحرابێکی مێژوودۆست
کە بەکاشانی مەمك و مافوری پەنجە و
مایکرۆفۆنی سێکس نەخشێنرابوو
دوگوردێکم ڕاخست لە حس و لێو
بۆ ئەوەی نامەکانی لەززەتی تیا ئاشکراکەم
ئەو دەم بەفر
کلوو کلوو کلوو
کلوو کلوو
کلوو
لەودیوی پەنجەرەو تیراسەی عەقڵەوە
بە نەرمی دادەباری

ئەودەم خۆر ترسی نەبوو زەمەن بیڕفێنێ

ـ با ـ بە دۆستایەتی تیشك

شەونمدۆست بوو

منیش بەر لەوەی بمرم

پێڵوەکانم دەبەخشمە دۆزەخ

منیش بەر لەوەی بمرم

بانگەشتەی خواردنەوەی

پێکی پڕ لە هاشوهوشی دۆزەخ دەدەم.

# لاڤه

ئاورینگی یاقوتدۆستی ئاتەشگەی بەفرینە
ئەی خۆر
با زایزۆنی قەدەر پڕووکاوی باران بگەشێتەوە
دڵۆپ دڵۆپ
ڕەیحانی باخچە ئەرژەنگەکانی دووکەڵبە
ئەی خۆر
بۆ ئەوەی لەو نەسیمی ڕووخانەدا
نەوای کلووە بەفرە ئەڵماساوییەکانی
قەدەر بڕسکێ
لاڤە.. لاڤە..
ئەی لاڤەی یاقووتین
مەسیح بەخۆڕسکی هاتەبوون
وجوود ناتۆری چرکەیە و
لەو نووتەکستانی مەرگەدا ئەویندۆستە
خوداوەند بە خۆڕسکی هاتە بوون
ئەی خودا و خۆریمن
باخچەیەکی چەند تاریکە ئەو مێژووەی ئەوینە
خوناوێکی تێنووە ئەو زەمەنی لافاوە
تنۆك تنۆکی خەوتوو

نەسیمێکی تاساو
چ ئەستێرەیەکی نامورادی غەجەرییە چارەنووس؟
غروبێکی سووتاوە قەدەری ڕووبار
گزنگێکی ئەڵماسدۆستیش ئایندەی دووڕ
دەرگا تاریکەکان هەپڕوونکە
نوایەك چێکە لە نێو بالاّی باڵی ڕەیحان
مەنزڵێك چێکە لە سنووری دارستان و
زەیتوون پڕژێنی گوناحکە و
کاشانی چارەنووس بەسەر باڵی ئاوەدانی ڕاخە
خومارمانکە و ئاوی پەڕەسێلکەی
قەدەر ببەخشە
کۆترەکان دەوەرن و کەشتییەکان دەوەرن و
وجوودیش ئاوێزانی چرکەکانی — با — یە و
غەجەر.. غەجەر.. غەجەر
چرکەیەکە و جومگەکان دەبنە شەقەشەقی
پەڕەمووچەکانی فەنا و سەفەرمان خۆش
ئاوێك هات، دڵۆپێك قەدەر بخوێنێتەوە و
گرووپێك تەم ئاودا و
بە بالاّی برژانگەکانی کریستاڵ هەڵژنێ
دەمی گەشانەوەی خۆربە ئەی بەخت
تریسکە تریسکی تیشکی ڕەحمەت

بەسەر پرچی چۆڵەوانی پەخشانکە و
تاووسەکانی گزنگت هەڵدە ئەی خۆر
کوێ وەك فیردەوس سەفا بەخشە؟
دە نەخشەی دڵی گوڵ تەفسیرکە
ئەی ڕەنگاڵەییترین پەپوولە تا سەر چۆڵەوانی ڕۆح.
کوێ بکەم بە هێلانی ڕاڕایی؟
ئەی خودا
ڕۆژێ دێ سەرخۆش سەرخۆش لەشەقامی دووکەڵ
سەرابمان پێڕاو ناکرێ و
لەناو باخچەکانی
سووتان سترانی خەڵۆزبوونی — با — دەچڕین.
کێندەر وەك فیردەوس سەفا بەخشە؟
لاڤە.. لاڤە..
ئەی لاڤەی ڕۆح
ئێمە نوامان لە وەنەوشە و بڕۆنزە
ڕەگەزنامەی سەڵتەنەتی حروفمان لایە و
نەمامێکی هەڵچووی دارستانی مۆرفیمین
ئێمە هەناسەمان
کارێزی مەرجانە

**ئەی لانەی لاولاوەکانی خانەدانیی**

**کێ لە باران مەستترە بۆ دیدەنیی سیحری**

**سیمای ڕۆحت**

**ئەی خۆر ڕووپاکمانکە و**

**سەداپژێنی دەنگی نووساومانکە**

**هەڵماندە نێو خوماری فەوتان و**

**نێو بوحەیرەکانی دووکەڵی فەنا**

**لاڤـــــــە**

**لاڤــــە**

**لاڤــ**

**لا**

شوباتی 2000۔ هەولێر

## خۆر

له (مای) بەولاوه

ئیتر خۆر به تیشێرتی ئێستەتیك و

به چاویلکەیەکی ڕەشپۆشی مەراقەوه

سەرکێش سەرکێش دادەبەزێ

وەکو گۆرین

خوازیاره ئەو ساڵەش

لەو پێشەنگای پۆشاك هەڵدانەدا

ڕەنگی ستیان و

فیگۆری مەمکەکان بپێوێ

ئەوەیان نهێنییەك بوو

فیزیای ئەوروپا لایمن به دزیەوه درکاندی.

# نەوبەر

هێشتا هەر بە مژینی
پەنجە غەریبە دۆزەخاوییەکانی
چارەنووسەوە سەرگەردان بووی
کە ڕۆژێ خۆتکرد
بە حیکمەتی مەلێکی ماچ و
لەژێر تارمایی تاڤگەی قەراغ دووشێك و
لە کەناری دارستانێکی ئەفسانەیی ئاسنین
گەمەی پڕ لە سیحری لێوەکانت و
گەمەی پڕ لە پەنهانی مەمکەکانت کرد
هێشتا هەر لە باغی ئاگر و رواندابووی
کە قوم قوم
لافاوی زمان و
رووبارە تێنوەکانی گوناحت دەخواردەوە و
گولاٚوی هەناسەکانی شەهوەتیشت
دەخستە نێو جەنتای پڕ لە ترسی خەیاڵتەوە
هێشتا هەر کارخەزاڵێکی
دەو کەنار روباری نادیاریی بووی
کە بە جورئەتی سوریالەوە
وەکو تەوار
بە لاولاوەی ئیڤڵی عەبەسەوە هەڵدەزنای

هێشتا هەرخونچەیەك بووی

لە بێستانی بورکان و فرمێسکەوە

کە هەنگی حروفم

سەرمەستی بەرامەی

لەززەتی زمانی فێردەوسینت بوو

ئەی بەهەشتاویترین ڤالیۆمی ئاتەشزادە

کێ فێری

ماچی

کرد

ی

؟

# دیارییەکانی خوا

شەرابێك بۆ کەرنەڤاڵی نەورەس و خاچ و ماچی
ئەو چڕستانە شەهوەت ئامێزەی دڵ و فیڕقەت
بۆ لمستانی ئەو دارستانی ڕۆچوون و غەیبە
شەرابێك بۆ مەیلی پڕ لە بوومەلەرزەی غوبار و
کژەبارانەی سپێدانی ئەپریل
شەرابێك بۆ نوای نەسیمدۆستی
ئەو بەزمگەی چەمەن و سەماو لافاوە
ئەی گریاناویترین ئەتموسفێری چاوی فەنا

گوڵدانێکی قەتیسماوی سەرکێش و
پەژستانێکی پەنگخواردووی
چەند سەرخۆشە دیرۆك؟
جەنگەڵێکی چەند بێوەلامیشە
ئەو قەسیدەی پرسیارە؟
دڵنیام شەوێ دێ
روو لە دیوانی پرچتە ئەی شنەی کازێوە
دڵنیام رۆژێ دێ
لە ئاسمانی هەناسەوە دەڕۆیتە نێو
بێستانی وردە بەردەکانی دۆزەخەوە.

ئێستە جارێ نیشتیمانی رۆح لە شەپۆل
چێدەکەی و
ئێستە جارێ دەڕۆیتە حەڵقەی خەوتووی
ستیانەوە
پشکوتوبە ئەی لانەی باغی ویساڵ
رووبارباڕانی شەرابخانەی عەقڵم بخوێنەوە
ئەی گیانی من
دەبێ کەی بێ لە بانیۆیی ئاگرەوە
دیارییە رەشەسمەرەکانی یەزدانمان پێبگا؟
ئەی خودای من
دەبا چرکەیەك بخەویت و ماڵمانئاوا.

بیلەفێلد 2000

# خۆهەڵواسین

له ژیارگەی مسینی کەمەند و ئاگرەوە
بە کەحێڵی کڕوزان و
بە تەنافی دۆزەخینی ئەڤینەوە عەزابمدە
کێ دەڵێ
لە راوی کەویکردنی گومانەوە
خۆم و کۆڵە پشتێ چارەنووسی راوکراو
ناگەڕێینەوە لای سەفەری دۆڕانەوە؟
گوێبگرە سەراب
ئەگەر شیعر مەلەفی بەرجەستەبوونی لایە
سەیادی دڵ و خوا و زەمین چاوەڕێبە
بەو زووانە
لە — قەڵاتە — وە
لە نێو ئاپۆرەی عەتر و خار و خەندانەوە
بانگەشتەی رۆژی — نەحب — بەرێوەیە
نەحب دەکەین و
نەحب دەکەین و
نەحب دەکەین
یا کۆنتاکتی زیبا
لای شیعرەوە چرۆ دەکا

یانیش ئێوارەیەکی پێنجشەممە

لای گۆڕستانی زاکیرە

مەرحەبای لمی فرمێسك و

غوباری هەناسەی گوناح دەکەین

گوێبگرە

ئەگەر حەزتە لە شیعرەوە — میعراج — ناسکەی

مرواری خوا چاوەڕێبە بەو زوانە لای — منارە —

لە نێو قەرەباڵغی سۆزان و سەما

بانگەشتەی رۆژی — نەحب — بەڕێوەیە

نەحب دەکەین و

نەحب دەکەین و نەحب دەکەین

یا لە نێو مەگدا

فەلەکی گیان

سوڕی زیندەگی دەچڕێ

یانیش بە رۆحەوە

لە نێو پێکەنینی مەرگدا

فیردەوسی وجود دادەگیرسێنێ؟

عەزابمدا

ئەی بەهادارترین تاوس و شیعری خودایی

بەو دەنگە نوورانییەی رارایییەوە

عەزابمدە .

# ترامواى ژمارە یەك

دواى تێربوونى ئاو
بە ڕەنگى تەڕییەتى بەدەنى.
ئاو لە کەنارى ڕێگاییێکى رۆشەنى خەیاڵ و
لە گردێکى تاریکەوە
هەڵکوت هەڵکوت
بەرەو چێشخانەى ئاورینگێکى نوێ
ڕێگا دەگرێ
لەوێندەر، لە ماینێکى مەمك بازنەیى ئیتاڵیەوە
پومسێك دەخوازێ و
تا بەردەمى ئەو وێستگەى رامانە ڕادەکا
کە ترامواى ژمارە (یەك) دێ، ـ ئاو ـ سەردەکەوێ
چەند وێستگەیەك ئەولاتر
لە ترامواى ژمارە (یەکە)ەوە
لەبەردەمى مەحرەقەیەکى رۆحەوە دادەبەزێ
لەوێشەوە بۆ تاوێ
لە نێو سووتانێکى رەساسى ڕەنگ هەڵدەکا
کە هاتە دەرێ ـ ئاو ـ دەپرسێ:
ئەى خوداى من
دەبێ چیبێ ژیار؟

# ليلۆس

مەجلیسێکی چەمەن و بولبول و بەزمی گوڵ و مول
بۆ دوصەد مەدرەسە و دەرس و کیتابی نادەم
" نالی "

نەورەسی نێو بارانی ئارانی رۆح بووی و هاتی
بازێکی جورئەتبازی
سوراحگەی ئاونگ بووی و هاتی
زەریاکانی عەشقت هێنایە زەڵزەڵە و
ئاگراوێکی ئاڵ ئالئاڵی ئەزەلیت بەردایە دڵ!
سەرابێکی خوێندنەوە و بارانی چاوی ـ با ـ
بووی و هاتی
زەنگوڵ .. زەنگوڵ .. زەنگوڵ
دەڕۆی
نە بەفر
نە ئاگر
نە زەمەند
نە عەشق و
نە رۆحی جلیوەداری

**سەڵتەنەتی سەوداکانی ڕەها**

**خەیاڵی نوورانی زەیتونی لێوەکان ناگەڕێننەوە**

**سووتماکی ئاسۆکانی حیرمانی**

**ناسینەوە بووی و هاتی**

**سووتماکی برینەکانی سیحری  ویساڵ بووی و هاتی**

**دە بمانپارێزە و**

**بمانپارێزە و**

**بمانپارێزە/ خوداوەندی لیلۆس**

**شکۆفەی شکەنی نەوشکفتەی**

**شەونمە شەونم/ شەراب**

**نم نم لیلۆس نم نم لیلۆس**

**نم نم لیلۆس نم نم**

**ئەی خودا نم نم لیلۆس و لیلۆس**

**خوماراویترین ڕێحانەکانی ئیرەمی دڵ!**

**فنجاناویترین سەرکۆڵمە**

**لەو گەردوونە شەکەتە پەرش و بڵاوەی**

**هەدەر .. هەدەر .. هەدەرە**

**کێ بەقەدەر خوا**

**تاریفی نازمان دەکێشێ؟**

**کێ بەقەدەر خوا**

**شەمی جەزبە و**

بخووردی کۆنتاکت و میسکی فیراق و شەوبۆی ئەڤینمان
دەسووتێنێ و دەسووتێنێ و دەسووتێنێ
ئەشکبارانە بۆ سەدای فیراق و
گریان گریان رووبارێ یاقووتە
بۆ گزنگدانی رۆحی کریستاڵ
ئێرە پەنهانگەی ئەتروحەکانی ماچی یەزدان و
مەرجانگەی بەینەتە
لێرە عیشق ئاوێزانی ڕەنگەکانی
پەلکەزێرینەی تەمەن و ئاهی خەفەت و
عەتری رۆندك و غەزەلخانەی مورادە موراد
بە کۆیلەمان قبووڵکە
تۆ میهرەبانیترین ئازیز ئەی خودا!
(جن) مان دەبێ بە ڕۆندك و دووکەڵمان بە پڕووکان
چ نیگەرانیستانێکە
شەوە وەنەوشەییەکانی وەجدی وجوود و
لەنجەی نەورەسی لیلۆسی ئاتەشستانی
عیشق.. عیشق.. عیشق
ئەی شەهێنی مەلەکووت

هاشم سەراج – زانا خەلیل
2000/2/21

# ئەڤۆریزم

**_ لە کات و زەمەنی جیا جیا نووسراون_**

کە شەپۆلەکان هەندێ گەڵای زەردیان

لەگەڵ خۆیان هێنایە کەنار دەریا

دەبێ بزانین لە شوێنێک لە شوێنەکاندا پایز هەیە.

•

دڵتان پڕکەن لە راستگۆیی؛

تا کاتێ دەدوێن

با نوور و هەنگوین

لە زارتانەوە دابباریێ.

•

عەشق تەواو وەک ئامێرەکانی مۆسیقا وایە

هەر کەسێك دەتوانێ دەستی لێبدا

بەڵام کەمن ئەوانەی دەتوانن پسپۆڕانە بیژەنن.

•

لە پەنجەرەکەدا دەڕوانیتە دەرەوە

ئاسمان پارچەیەکە لە ئاگر

ئەوە هەمووی بیرەوەرین.

•

جگە لەو پردە، هیچ پردێکی دیکە نییە

بە هۆیەوە لەو ئۆقیانۆسەدا بپەڕینەوە..

پردی عەشق.

•

خۆشەویستی حەددی ئێسقان پڕ لە ئازارە

بەڵام لە خۆشەویستی بە ئازارتر ئەوەیە

مرۆڤ عاشق نەبێ.

•

عەشق گۆرانییێک نییە بۆ جەماوەر و

بەرژەوەندی بگوترێ

عەشق بورکانە لە دڵەوە بۆ دڵ هەڵدەکا.

•

کاتێ خودا دەیەوێ

تۆڵە لە کەسێک بکاتەوە

خۆشەویستەکەی لێدەڕفێنێ.

•

دوو دەرگای هەیە ژیان

یەکەمیان بۆ چوونە ژوورەوە و

دووەمیشیان بۆ هاتنە دەرەوە

هەمووومان دەترسێن

لە گەیشتن بە دەرگای دووەم.

•

تۆ لە ئەفسانەوە هاتوویت و

دەچیتەوە نێو ئەفسانە

هەوڵدە لێرە، داستانێکی جوان تۆمارکە.

•

لەسەر ڕووبارێکی هاوینی پردێک هەیە

ئەسپێک بە مەلە ڕووبارەکە دەبڕێ.

•

ڕووناکی دراوسێکان دەگاتە نێو کۆشت

کەچی هێشتا ژوورەکەت تاریکە.

•

هەتاوی زێڕین جوانە و  تووشی سەرئێشەشت دەکا

هەوڵدە لە ژێر سێبەرێکدا لە هەتاو بڕوانە.

•

ئەو دەمە دەزانین ڕووناکیی خۆشە

کە تاریکیی هەموو ژیانی داگیرکردبین.

•

یەکێکت تا ڕادەی پەرستن خۆشنەوێ

چونکە هەمیشە خوداوەند دەیەوێ

عەبدە خۆشەویستەکەی خۆی لەناو ببات.

•

لە توانای بۆقێک دایە  بۆ تاوێ

جوانیی مانگ لە نێو گۆماوێکدا

لەناو ببا..

•

**کەشتییێک هەیە لە متمانە**

**هەمیشە مرۆڤەکان لە کەنارەکانی ژیانەوە**

**بەرەو کەنارەکانی مەرگ دەگوازێتەوە.**

•

**هەتا ئەو کاتەی ئێمە دەگەینە ئەو باوەڕەی**

**کە ژیان بە یەقینیەوە بەسەر ببەین**

**هەموو تەمەنمان لەناو گوماندا بەڕێکردووە.**

•

**ژیانی مرۆڤ وەکو باڵۆنێک وایە**

**هەوڵدە بە توندی مەیگرە.**

•

ڕاکردن دادی مرۆڤەکان نادا

هەوڵدە بگەڕێیتەوە سەرزەمین

چونکە هیچ دەرگاییێک نییە لێیەوە بچیتەدەر.

•

کاتێ دوو عاشق لەبارەی

کۆتایی هاتنی عەشق دەدوێن

دوو پەپوولە هەڵدەوەرن.

•

بیر لەوە مەکەرەوە

چێژ و ئازار لە یەکتری جیابکەیتەوە

چونکە هەموو شتێکی لەززەتدار

ئازاریشی لەگەڵ دایە.

•

کە عاشق لە دارستانی سووری سێو دەڕوانێ

دڵی خوێناویی خۆی دێتە بەرچاو.

•

هێندەی گوێ لە دڵی عاشقان بگرن

دەریاکان بێزاربوون.

•

مرۆڤی عاشق

هەمیشە لە ئاوەدانییە چڕەکاندا

هەست بە تەنیایی دەکا.

•

بۆقێک خۆی هەڵدەداتە نێو ئۆقیانۆسێک

کەچی کەس دەنگی لەرینەوەی ـ ئاو ـ نابیستێ و

کەسیش شڵەقاندنی ئاو نابینێ.

•

گەردوونی ناوەوەی مرۆڤەکان پڕە لە گەردەلوول

تیشکەکانی خۆر ناتوانن دایانمرکێنەوە

تا کاتی دامرکانەوەیان نەیەت.

•

وەک چۆن ـ با ـ یێکی پایزی دەتوانێ

گەڵاکانی درەختێک بوەرێنێ

هەر ئاواش ناوهێنانی

مەعشوقێ لای عاشقێک لە تواناى دایە

هەموو بەختەوەریی عاشقەکە هەڵوەرێنێ.

•

گومان کردن لە هەموو شتێ

هەوڵدانە بۆ خۆکوشتن

بەڵام بناغەی کەلاوەی ژیان

بۆ هەیشەیی بریتییە لە گومان.

•

ڕووی خۆت لە کەسی خراپ وەرگێڕە

کە بەرەو ڕووت دێ

تۆ لە نێو سەرابدا وندەبیت.

•

خوداوەند وشەیەکە

دەکەوێتە نێوانی باوەڕ و بێ باوەڕیی

بەڵام عەشق وشەیەکە لە نێو باوەڕ لە دایکدەبێ..

•

دنیا و مرۆڤەکانی ناوی وەهمن

ئەوە ئێمە نین کە بۆ یەک دەگرین و

لە ئاوابوونی خۆر دەڕوانین.

•

هیچ پێویست نییە ئەستێرە

باسی درەوشانەوەی خۆی بۆ شەو بکا.

•

ڕۆژی کێشە و ئارێشە بێ ڕێگەچارەکان

ڕۆژانێکن بەم زووانە دەبنە ڕابردوو.

•

تۆ هیچ کەسێک نیت هەمیشە وابزانە

کە وەرین ناوی تۆی دزیوە.

•

شەو دەفتەری مرۆڤەکانە

باشتر وایە

بیرەوەرییە جوانەکانی ڕۆژی

لێ تۆمار بکەن.

•

مرۆڤەکان بۆ هەمیشەیی

پێویستیان بە تەنیا یەک چرکە هەیە

بۆ ئەوەی عاشق بن

بەڵام تەمەنێکی تەواویان پێویستە

بۆ ئەوەی واز لەو عەشقە بهێنن.

•

ماڵێکی بچووک هەیە

جێگای خوداوەند و

هەموو گەردوونیشی لێدەبێتەوە

بە مەرجێ پڕ بێ لە عەشق

ماڵی دڵ.

•

گۆشەگیریی یانی خۆ دەربازکردن

لە بەحری قوڕینی مێگەلدا.

•

دڵت رووناکبێ

کوێریش بی

هەموو جوانییەکانی دنیا دەبینی..

•

هەرگیز تاریکیی نابینین

ئەگەر سەرچاوەی نوور لە ناخماندابێ.

•

ئینسان حەز دەکا یا کۆیلەبێ

یا خاوەن کۆیله..

سەیرە کەس حەز ناکا ئینسانبێ!

•

هیچ شتێکی گەورە لەو دنیایەدا وجودی نییە

رۆژێ دێ هەموو ئازارە گەورەکانت و

هەموو خۆشییە گەورەکانت

لە یەک چرکەدا کۆتایی پێدێ.

•

له زاکیرەی هەمووماندا

زیندانێک هەیە بۆ بیرەوەرییە نهێنییەکانمان.

•

مەعریفە زانیاری نییە

بەڵکو تێگەیشتنە لە زانیاری..

•

ئەگەر زەواج زیندان نییە،

بۆچی زۆرینەی ژن و مێردەکان حەزیان

لە ئازادییە؟

•

زاکیرە لە عەشق ماندوو دەبێ

بەڵام ناتوانێ بیسڕێتەوە.

•

تاکە ئازادییەک لە ژیاندا تەنیاییە

بەڵام ترۆپکی ئازادیی لە مردندایە.

•

تەنیایی ئەوەی جوانە

نە ئەرک بە خەڵک دەسپێری تا مافی پێبدەیت و

نە کەس ئەرکت  پێدەسپێرێ تا مافت پێبدا.

•

نووسین و خوێندنەوە بۆ ئەوەیە:

مرۆڤ بگەیەنێتە قووڵایی پاکیی و

ترۆپکی خۆشەویستیی

نەک قووڵایی پیسیی و ترۆپکی ناشرینی.

•

ئەگەر حەز دەکەی ژیانت ببێتە دۆزەخ

هیچ مەکە، تەنیا بیر بکەوە.

•

هەمیشە گاڵتەم بە دوو شت دێ؛

یەکەمیان: مەرگ و

دووەمیشیان: ژیان و مەرگ.

•

میهرەبانبە و بڕۆ ناو ئاگر

دڵنیابە ئاگریش لەگەڵتدا میهرەبان دەبێ.

•

ژنی خراپ وەک چەوریی نێو دەمار وایە

پاکی نەکەیتەوە دەتکوژێ.

•

گومان ئاگره

له خۆشەویستیی نزیکبێتەوە

دەیسووتێنێ.

•

هەموو دەڵێن:

بارت سوککە ..

بەڵام کەس نازانێ

تۆ لە ژێر چ بارێکی گراندای.

•

حەزم لە تەنیاییێکە

وەک نوقتەی نووکی قەڵەمێک وابێ

لە ئاسمانێکی سپیدا.

•

**جگە لە ئادەم**

**پێغەمبەرەکان هەموویان**

**لە رەحمی ژنەوە هاتوون**

**ئەی بۆچی ژن**

**لە هەموو پێغەمبەرەکان گەورەتر نییە؟**

•

**ئەگەر حەز دەکەیت**

**خەڵک لە خۆت بتۆرێنی**

**راستگۆ و راشکاوبە.**

•

گەورەترین درۆ لە ژیاندا ئەوەیە؛

کاتێ دوو عاشق لەیەک جیا دەبنەوە و

بە یەکتر دەڵێن:

هیوادارم لەگەڵ کەسێکیتر بەختەوەر بژیت.

•

ناچار بکرێم لە نێوان خۆشەویستیی و

ئۆکسجین یەکێکیان هەڵبژێرم

خۆشەویستیی هەڵدەبژێرم.

•

پادشا ئەو کەسەیە

کە لە گۆشەیەکدا

بە هێمنی لەسەر عەرشی خۆشەویستی دانیشێ و

بزانێ وێستگەی کۆتایی نزیکە.

•

سڵاو لەوانەی کە دڵ و عەقڵیان

لەسەر خۆشەویستی ڕێککەوتوون.

•

مرۆڤ تەنیا لە تەنیاییدا ئازادە

بۆیە مردن لوتکەی ئازادییە.

•

مرۆڤ کە دەگاتە لێواری مەرگ

ئینجا دەیەوێ ڕێز لە ژیان بگرێ

بەڵام ژیان هەموو ڕۆژ مەرگی نیشان دەدا

کەچی نایەوێ ڕێزی لێبگرێ.

•

دەبێ خۆشەویستیی

لە ناخی مرۆڤدا بچێندرێ

نەک لە دەرەوە ئاهەنگی بۆ ساز بکرێ.

•

ژیان کۆمێدیایە

سەرچاوەی سیناریۆکەی خەمە.

•

ئەگەر چارت نەما و بڕیارتدا

بکوژیت و ببیتە بکوژ

ئەوە رق و درۆ لە خۆتدا بکوژە، دەحەسێیتەوە.

•

هەر وەک چۆن کەسی سووک

لەناو میللەتی گران غەرق دەبێ

هەر ئاواش کەسی گران

لەناو میللەتی سووک، غەرق دەبێ.

•

هەر رۆژێکی نوێ جەژنێکی نوێیە..

رووناکیی لە ناخت داگیرسێنە و

بە فریشتەکانی رۆحت بڵێ:

ئاهەنگی جەژن سازکەن..

•

ئەگەر دەتەوێ لەززەت لە ژیان نەکەی

هەموو ئەو شتانە بکە کە بۆ سحەتت باشن.

•

ئەگەر زاکیرە

هێزی سڕینەوەی ناخۆشییەکان لە دەستبدا،

من گرێنتیتان دەدەمێ کەس ناتوانێ

عید میلادی پەنجا ساڵەی خۆی بکا.

•

خۆشەویستیی ئۆقیانۆسە

غەرقبە لەناویدا

ناخنکێی

دەبیە مرواری.

•

هەر میللەتێکت دیت بابەتی سەرەکییان

سیاسەت و خواردن بوو، ئەو میللەتە لەبیرکە.

•

هەر کەسێکت دیت زۆری گوت

دڵنیابە هیچ ناڵێ.

•

ئەگەر دەتەوێ بکوژرێی

یا لە وڵات دەربکرێی، حەقیقەت بڵێ.

•

میللەتی دواکەوتوو زۆرینەیان

چاویان شەش لەسەر شەشە کەچی هیچ نابین.

•

مرۆڤ وەک زەوی وایە

هەمیشە بەشێکی رووناکە و بەشێکیشی تاریک.

•

ئینسانی بە ئیحساس پڕە لە برین

برینی مرۆڤی بە ئیحساسیش پڕە لە نوور.

•

بتوانی لەناو بازنەدا

گۆشەیەک بدۆزیتەوە

یانی: بەختەوەریت.

•

ئەگەر حەز دەکەی

لەعنەتت لێبکرێ

راستگۆبە.

•

مرۆڤ درەختێکە لەنێو دڵی شەختەدا

هەرچی بکا دواجار سەرمای مەرگ هەڵیدەوەرێنێ..

•

بەقەد ئۆکسجین

پێویستیمان بە ئاشتەواییە.

•

سڕینەوەی ناخۆشییەکانی رابردوو لە زاکیرەدا

جۆرێکە لە جۆرەکانی ئازادیی.

•

هیچ شتێ لەوە خۆشتر نییە

کۆیلەی خۆشەویستیی بیت.

•

هەمیشە ئەو کەسانە لە زاکیرە دەمێننەوە

کە بێمنەتانە جێماندەهێڵن

نەک ئەوانەی لە بێهێزییەوە لەبەرمان رادەکەن.

•

کەس بەختەوەرییت بۆ دانابارێنێ

بەختەوەریی لە ناخەوە هەڵدەقووڵێ

پێبکەنە و لە ناخت بڕوانە، دەیدۆزیتەوە.

•

ئینسان مادەیەکی کۆنە

تەنیا خۆشەویستی دەتوانێ

نوێی بکاتەوە.

•

کەسێ بەرانبەر رابردوو

چاوەکانی داخا

ناتوانێ ئێستا و ئاینده ببینێ.

•

هیچ کەس ناتوانێ

بە قەد خۆت لە خۆت تێبگا.

•

گەورەترین شەرمەزاریی

لە مێژووی ئینساندا

مێژووی ئینسانە.

•

ئەگەر ناشرینەکانی

رابردووت نەنێژی

ئەوان دەتنێژن.

•

ناشرین بیت و دنیا جوان ببینی

زۆر جوانترە لەوەی

جوان بیت و دنیا ناشرین ببینی.

•

ئەگەر خۆشەویستیی دەوری گرتی

ئەوە بزانە پڕیت لە نوور.

•

راقیترین شێوازی خێرکردن لەنێوان مرۆڤەکاندا

بەخشینی ماچە بە یەکتری.

•

دۆزەخی درۆزن، ڕاستگۆییە.

•

باشترین چەک

بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەرەتانی ڕق

خۆشەویستییە.

•

هیچت نەبێ لە دەستی بدەی

زۆر ئارامتر و قووڵتر دەخەوی.

•

لە پشت هەموو پیاوێکی مەزن

ژنێک هەیە پێیدەڵێ: تۆ هیچ نیت.

•

هەر پیاوێک گوتی:

ماڵێکی ئارامم هەیە

ئەوە بزانە ژنی نییە.

•

پیاو کە عاشقی ژنێک دەبێ

لە راوچییەوە دەبێتە نێچیر..

•

ژیان سادەیە

هەوڵبدە ئەوانە لە ژیانت لادە

کە دەیانەوێ ئاڵۆزی بکەن.

•

ویستت دوور بفڕی

سەیری باڵندە و ئاسمان مەکە

باڵ و ئاسمان لەناو خۆتدایە.

•

کە کەسێکت دیت

ئاو لە چاویدا دێتە خوار

ئەوە یانی دەیەوێ

ئاگری نێو دڵی بکوژێنێتەوە.

•

باشترین داهێنان لە ژیاندا

دۆزینەوەی خۆشەویستییە.

•

زۆر جار ژیانمان

وەک کەسێکی نزیکمان وایە

کە ئیتر حەز ناکەین لەگەڵی بژین.

•

تاکە شتێ

کە بەهەشت و دۆزەخی

لە خۆیدا کۆکردبێتەوە

عەشقە.

•

لە مردن ناخۆشتریش هەیە،

ژێردەستیی.

•

ئەگەر خۆشەویستیی مرۆڤ کوێر بکا

ئەوە رق هەر پێنج هەستەکەی دەکوژێ.

•

هیچ کات بیر لە ئایندە ناکەمەوە

تەنیا ئەو کاتە نەبێ

کە بیر لە منداڵەکانم دەکەمەوە.

•

بەختەوەریی ئەوەیە

بتوانی تا مردنت رێگە نەدەیت

هەموو چرکەیێ بە مردوویەتی بژیت.

•

ئێوە چۆنن ئاوا خۆتان و

جیهان ببینن نەک وەک ئەوەی

کە چۆنتان دەوێ ئاوا بیبینن.

•

لە کوێ عەشق هەبێ

ئەوێ پڕە لە برین.

•

پێچەوانەی پاڵەوانەکانی جەنگ

لە هونەردا قارەمانەکان یەکتر نابەزێنن

بەڵکو دەبنە پەیژە بۆ یەکتر.

•

ئازاری رۆح قووڵترە

لە ئازاری جەستە.

•

دڵت پڕکە لە خۆشەویستیی

عومرت رووناک دەبێ..

•

مرۆڤ عاشقی ژیانە و

مەرگیش عاشقی مرۆڤ

دواجار مەرگ عاشقە راستەقینەکەیە.

•

ئازا نەبی، ئازاد نابی.

•

عەقڵی کراوە کلیلێکە

دەتوانێ زۆرترین

دەرگا داخراوەکانی ژیان بکاتەوە.

•

هەرچی مرۆڤە دەتوانێ ئاسان بە رق بگا

بەڵام رێگای خۆشەویستیی پڕە لە گڕ و سووتان

ژمارەیان زۆر نییە

ئەوانەی دەتوانن ببنە ئاگری خۆشەویستیی.

•

ئەو کەسانە دوو جار دەژین

کە دەتوانن وەک ئێستا

چێژ لە رابردووش ببینن..

•

هیچ کات هێز و پارە نەیانتوانیوە

هیچ کەس تاسەر بپارێزێن

سەرمایەی پڕ لە شکۆی مرۆڤ تەنیا مرۆڤە.

•

جوانترین و

گەورەترین

زیندانی دنیا

منداڵەکانتن..

•

ئازادیی  بە تەنیا هەموو شت نییە

بەڵام بەبێ ئازادیی

هیچ شتێ هیچ نییە.

•

بێ خۆشەویستیی

بەختەوەریی وجودی نییە.

•

ئیرادە لە ئاستەنگ بەهێزترە و

خۆشەویستیش لە رق.

•

ئەو کاتە مرۆڤ جوان دەبێ

کە بتوانێ ناشرینییەکانی خۆی ببینێ.

•

هیچ کات ژن و پیاو کێشەیان نابێ

ئەگەر ژن دەمی داخا و

پیاویش دەمی ژن نەکاتەوە.

•

بۆ وێرانکاری؛ غرور بەهێزترە لە ئەتۆم..

•

عاشقبوون بەهرەیە

کەسێ ئەو بەهرەی نەبێ

ناتوانێ تەنانەت لێشی تێبگا.

•

خۆ بەراورد کردن بە کەسانیتر

یانی کۆتایی بەختەوەریی.

•

لە وڵاتی ئێمەدا

بە مرۆڤی باش دەڵێن فەقیر و

بە خراپەکانیش دەڵێن زیرەک.

•

تەنیا بێعەقڵەکان حەز دەکەن

خۆیان بە پیریی ببینن..

•

سەربەخۆبوونی خۆتت خۆشبوێ

یانی خۆتت خۆشدەوێ.

•

"تونێل" هەر چەندە درێژبێ

کۆتاییەکەی رووناکییە.

•

خاک بخوورە، چەند دووکەڵی زۆرتر بێ

بۆنی خۆشترە..

•

هیچ کەس سەربەخۆ و ئازاد نییە

ئەگەر خۆی  خوداوەندی خۆی نەبێ.

•

دەکرێ کەسێ کێشەی لەگەڵ دەسەڵات هەبێ

بەڵام گەمژەییە دەسەڵات بە نیشتمان تێبگا و

کێشەی لەگەڵ نیشتماندا هەبێ.

•

متمانە

رۆحی

خۆشەویستییە.

•

ژیان پەیژەیەکە

مرۆڤ ناتوانێ

تەنانەت دوو سەدەشی لێ ببڕێ.

•

وەک چۆن سەرچاوەی

سەربەخۆیی ئازایەتییە

هەر ئاواش سەرچاوەی

ئازادیی سەربەخۆییە.

•

ئەگەر کەسێکی هەستیارت بینی

بزانە ئەو کەسە دارستانێکە لە برین..

•

**ناشرینەکان دنیا بەڕێوە دەبەن**

**بۆیە دنیا هەر ناشرینی دەمێنێتەوە.**

•

**شتە گەورەکان لە شتی بچووکەوە دەخولقێن**

**بۆیە هەمیشە شتە بچووکەکان گەورە ببینە.**

•

**مرۆڤی تووڕە**

**دڵی خۆشی**

**بە دوژمن دەزانێ.**

•

کێ خۆی وا نیشانبدا بەرگری لە خوا دەکا و

پرۆگرامی خوا بڵاودەکاتەوە

شکۆی خوا لە خەیاڵی مرۆڤەکاندا دەشکێنێ.

•

ڕۆژێ دێ هەمووومان باڵدەگەرین

هەڵدەفڕین و دەگەینەوە شوێنی خۆمان،

قەبرمان.

•

هەر کەسێ کە لە قوڵایی دڵییەوە

پێبکەنێ و بگریێ

متمانەی پێبکە.

•

مادەم رق تەنیا دەزانێ

مرۆڤەکان وێران بکا

بۆچی مرۆڤەکان وێرانی ناکەن؟

•

ئەو کاتە لە چاکە و خراپە تێدەگەی

کە هەر چرکەیەکی ژیانت لە خوێنتدا

هەست بە هاتن و چوونی مەرگت بکەیت.

•

بەختەوەر ئەو کەسەیە

عەقڵی گارسۆنی دڵی بێ.

•

کەسانێ کە عەقڵیان بچووکە

غروریان کێوە.

•

زۆر گرنگ نییە بزانی تۆ

چیت لە ڕۆژێکی نوێ دەوێ

چونکە هەر ڕۆژێکی نوێ خۆی بۆی داناوی

کە چی لە تۆ دەوێ.

•

هێزی مرۆڤ لەوەدایە بزانێ

کەس تا ئەخیر بەهێز نییە.

•

هەر چەند زیاتر تێبگەین

کەمتر خەون دەبینین.

•

بەهەشتی حەقیقی مرۆڤ لە ژیانیدا

نهێنییەکانیەتی.

•

تەنیا گەمەیەک

کە دۆڕانی تێدا نییە خۆشەویستییە.

•

که بە خوێن و ئێسقان

قسە بۆ بەرانبەرەکەت دەکەیت

یانی ئەو کەسە خۆشەویستتە.

•

ئەو کاتە دەتوانی ئارام بخەوی

کە لە خۆشەویستیدا وەک داری وشک

ئاگرت لێ بەرزبێتەوە.

•

ئایندەش وەک ئێستا و رابردووە.

•

کاتیش ناتوانێ، عیلاجی بێتاقەتیت بکا.

•

بەوانە باوەڕ بکە

کە بە دوای حەقیقەتەوەن

بەڵام لەعنەت لەوانە بکە

کە لایان وایە حەقیقەتن.

•

بۆ مرۆڤ

هیچ شتێ لە ژیان

خۆشەویستر نییە.

•

لەگەڵ برینەکانت جەللادبە

کاتێ بتەوێ بیانوەرێنی.

•

لەوە ناخۆشتر هەیە نەتوانی

لە بیرنەکردن لە بیربکەی؟

•

بەختەوەریی لە ئاسمانەوە دانابەزێ،

دەبێ شەڕ بکەین تا درووستی دەکەین.

•

کە لە رقدا ویستت خۆت و جیهان وێران بکەیت

خەریکی هونەربە، خۆت و رق لە بیر دەکەی .

•

**باشترین کەسەکان ئەوانەن**

**کە خۆیان ئومێدیان نەماوە و هێشتایش**

**خۆری ئومێد دەخەنە ژێر پەراسووی ئەوانیتر.**

•

**لە هەموو شوێنێ جوانیی دەبینییەوە**

**ئەگەر بتەوێ جوانیی ببینی.**

•

**هێزی مرۆڤ لەوەیە:**

**کاتێ دەکەوێ**

**دیسان دەسپێدەکاتەوە.**

•

ژیان ئەو کاتە جوانتر دەبێ

کە تێبگەین مەرگ کابوسێکە لەسەر سینگمان و

دەستی لە گەرووماندایە.

•

قبووڵکردنی رۆتین لە هاوژینیدا یانی:

تەقدیسکردنی ویژدان

بەرانبەر چێژە تایبەتییەکانی خۆت.

•

ویژدان جوانترە لە حەزی دڵ.

•

تا مردنمان وەک منداڵێکی ونبوو واین

کە بە دوای دۆزینەوەی

ماڵی خۆیدا دەگەڕێ و نایدۆزێتەوە.

•

کە گوتت: ژیان هیچ نییە.. یا هیچ نەژیاوی.

یا تاقەتت نەماوە بژی چونکە زۆر ژیاوی.

•

جگەرەیەکی داگیرساو فڕێدە سەرزەمین..

دەسووتێ و دەبێتە دووکەڵ و دواجار دەکوژێتەوە

مرۆڤ جگە لە جگەرەیەکی داگیرساو

کە فڕێ دەدرێتە سەرزەمین و دەسووتێ و

دەبێتە دووکەڵ و دواجاریش دەکوژێتەوە هیچ شتێکیتر نییە.

•

بازنەکە بچووک بکەوە، بچووکتر، بچووکترین

لە دەرەوە وەرە دەرەوە

لە شوێنکاتێ دەبینی هێشتا لە بازنەدای

بەدبەختی مرۆڤەکان لێرەوە دەست پێدەکا.

•

لەززەت بردن لە خۆ ریسواکردن

نزیکت دەکاتەوە لە راستیی.

•

ژیان قومارخانەیەکە بردنەوەی تێدا نییە

هەر یەکە و رێگایەک هەڵدەبژێرێ

بۆ گەیشتن بە دۆڕان.

•

حەقیقەت وشەیەکە مرۆڤ بۆ ئەوە دایهێناوە

تا بە هۆیەوە گەمە بە حەقیقەت بکا.

•

هونەر نەخۆشخانەی دەروونییە.

•

مرۆڤە خراپەکانیش باشییان هەیە

کاتێ خۆیان کۆتایی بە خۆیان دێنن لە ژیانت.

•

کات باشترین عیلاجە

بۆ لەبیرکردن.

•

مرۆڤ بۆ ئەوە درووستبووە درووست بکا

بەڵام تا دەمرێ هەر خەریکی رووخانە.

•

هیچ شتێ گرێنتی نییە لە ژیان

جگە لە مەرگ

بوێرە ژیانت بژیت.

•

هێزی شت لە  نەوعییەتی دایە.

•

ژیانت تەنیا وشەیەکە

جگە لە خۆت  کەس تێیناگا.

•

رابردوو پرۆڤەیە

بۆ دروستکردنی ئاینده.

•

مرۆڤ نازانێ بەختەوەریی چییە

هەمیشە دواتر تێدەگا بەختەوەریی چیبوو.

•

جوانیی ساحیرە

روو لە هەر کوێ بکا

پێشوازی لێ دەکرێ.

•

زۆر جار بێدەنگیی

وەک تەماشاکردنی فڕینی باڵندەکانە

لە ئێوارەکیی بەهارییدا

یا وەک گەیشتنە بە سێبەری درەختێک

لە نیوەڕۆی هاوینێکی گەرمدا

یا کورتتر، بێدەنگیی هەمیشە وەک مۆسیقا وایە..

•

کاتێ دێ هێندە بێئومێد دەبی

هیچ ئومێدێ ناتوانێ ئومێدت پێبدا.

•

تەنیا ئەو کاتانە ژیاوین

کە شتێکمان ویستبێ و بە دەستمان هێنابێ.

•

هەمیشە وامزانیوە ژیان تەنیا سەفەرە

بۆیە هەرگیز ماڵم دانەنا و

قەتیش جانتاکەم قورس ناکەم.

•

گۆرانی ساڵ هیچ نییە

جگە لە پردێک

کە لە ژیانەوە بەرەو مەرگ دەمانپەڕێنێتەوە.

•

عەشق هەمیشە دەکوژرێ

بەڵام هەرگیز نامرێ.

•

کە شتێکت خۆشویست و

خووت پێیەوە گرت

ئەو کاتە تێدەگەیت

راکردن لێی چ ئازایەتییێکی دەوێ.

•

جیاوازی مرۆڤ و حەیوان لەوە دایە

حەیوان کە تێر دەبێ دەکشێتەوە

بەڵام مرۆڤ هەرگیز تێر نابێ.

•

مەنتیق ناتوانێ ئیدارەی مرۆڤ بکا

لە کاتێکدا کە هێز ئیدارەی مەنتیق دەکا.

•

لە بەختەوەریدا بەختەوەربوون هیچ نییە

هونەر لەوە دایە، لەوپەڕی بەدبەختیدا

هەست بکەی بەدبەخت نیت و

ئیحساسی بەختەوەریشت هەبێ..

•

ئەخلاق یانی هێشتا رقت لە کەسێک نەبێتەوە

کە رووبەڕوو پێت بڵێ: دوژمنتم..

•

لە تاریکترین رۆژەکانی ژیان

برادەری حەقیقی وەک خۆر

لەناو تاریکییتدا دەدرەوشێتەوە.

•

ئەگەر دەتەوێ تا مردن بەدبەخت بیت

عاشقی پارە و هێزبە.

•

لە ژیاندا یەک چرکە بە دڵی خۆت بژیت و بمریت،

زۆر زیاترە لەوەی سەد ساڵ بەبێ دڵی خۆت بژیت.

•

بەختەوەریی یانی جگە لە خۆت

کەس نەتوانێ دەروونت تێر بکا..

•

هونەر، فاتیحە خوێندنە

لەسەر تاریخ و جوگرافیا و جەستەی رابردوو.

•

کەسێک خەونی نەمابێ

بەختەوەرانە دەمرێ، چونکە باش ژیاوە.

•

منداڵیی یانی ژیانی روح و

روحی ژیان.

•

ئەگەر دەتەوێ گوێت

لە درۆی سەیر و عەجیب بێ

گوێ لەوانە بگرە

کە زۆرترین کات باسی خۆیان دەکەن.

•

ئەگەر لە گۆشەیەکدا هەستت کرد بەختەوەری

واز لەوە بێنە بەختەوەرتربی

چونکە گەڕان بە دوای کامڵ بوون بەدبەختت دەکا.

•

خۆشویستنی مردن

خیانەتە لە خۆت و دەوروبەر

پێبکەنە و بژی.

•

مرۆڤ بە منداڵیی لە تاریکیی دەترسێ

کە گەورە دەبێ لە رووناکیی.

•

جگە لە یەکتر کووشتن

عاشقان هیچ کارێکیتریان بە یەکتر نییە.

•

هەرچی لەبارەی عەشق بەرهەمهێنراوە

هەمووی بخوێنەوە

هەمووی ببینە

هەمووی ببیستە

هێشتا ناتوانی زەڕەیەک لە عەشق تێبگەی

ئەگەر عاشق نەبوبیت.

•

هەرگیز بیر لە زوو یا درەنگ

هاتنی مردن ناکەمەوە

چونکە مردن بۆ هەمیشە لەناوماندا دەژی.

•

مرۆڤ ئەو کاتە بە تەواوی

گوێڕایەڵی زانست دەبێ

کە توانی مردن بمرێنێ.

•

لە نێوان ئازادیی و بەڕەڵڵایی

لێت تێکبچێ، ژیانت تێکدەچێ.

•

دواجار مرۆڤ تا مردن

لەگەڵ ئەو بەشەی زاکیرەییدا دەژییێت

کە  پڕ بووە لە ژیان.

•

لە مەرگ خراپتر ئەوەیە، خراپ بژی.

•

هێز ناتوانێ وەک حەقیقەت هەمیشە براوە بێ.

•

ژیان یانی: مرۆڤێک بیت

بە رۆحێکی سپی لە دایکبیت و

بە رۆحێکی سپی ماڵئاوایی بکەیت.

•

ئومێد

شەوق و درەوشانەوەیەکە

وا دەکا نەتەوێ بمری.

•

ژیان هەمیشە بە شتێک

کە خۆشتدەوێ سزات دەدا.

•

مرۆڤ هەسارەی نوێ دەدۆزێتەوە و

دنیای نوێ لە زەمین درووست دەکا

کەچی کێڵەکان هێشتا وەک منارە لە رواندان.

•

راستگۆیەکی نەخوێندەوارم

لە زانایەکی درۆزن خۆشتردەوێ.

•

ژیان ئەوەیە کە روودەدا،

نەک ئەوەی کە پلانت بۆ داناوە رووبدا.

•

لە حەقیقەت تێبگەی

عاشقی خۆت و تەنیایی دەبی.

•

باشترین فۆرمی ژیان بۆ مرۆڤ تەنیاییە.

•

جوانیی چاوەڕوانیی لەوە دایە

زۆر بە جوانی لە ناوت دەبا.

•

جوانیی خۆشەویستیی لەوەدایە

دەتوانێ ناشرینییەکان ئاشکرا بکا.

•

بەرگری دەکەین بژین

تا بە یەکەوە بمرین.

•

قورسترین ئەزموون لە ژیاندا خۆشەویستییە

لەو تاقیکردنەوەیەدا سەرکەویت

بەختەوەرانە دەمریت.

•

ئازایەتیی جۆرێکە

لە حەز بۆ مەرگ.

•

هەموو رێگە درێژەکان یەک ئەرکیان هەیە:

مرۆڤ لە ئاڵۆزیی ژیانەوە

بەرەو سادەیی خاک ببەن.

•

ژیان جانتایەکی لە دەستە

ئەرکییەتی پڕی بکا لە زیندەوەر و

بیداتە دەستی خاک.

•

لەناو خۆتدا بەختەوەریی نەدۆزییەوە

بە ڕەهایی لە دەرەوەی خۆتدا نایدۆزییەوە.

•

لە ژیاندا

هیچ شتێ هێندەی عەشق

لە مردن ناچێ.

•

تەنیا تاکە شتێ

لە مێژوو و داهاتووی بەشەرییەتدا

کە درۆ نەبێ

مردنە.

•

ئەگەر بە دوای باشتریندا بگەڕێیت

باشەکان لە دەست دەدەیت.

•

شێوەی هەر یەکێ لە ئێوە سیحرێکی هەیە

یەقینم کەسێ هەیە بە شێوەی تۆ

خۆشحاڵ و مەست دەبێ.

•

به دوای ناشرینیی ئەوانیتردا مەگەڕێن

هیچ کەس نییە جوانییەکی تێدا نەبێ..

•

هەوڵدان بۆ گەیشتن بە بەختەوەریی

بە مانای بەختەوەریی نایە

بەڵکو ئەوە تەنیا هونەرێکە

بۆ رووبەڕووبوونەوە بەدبەختیی.

•

ژیانت لەسەر خەتی پێچاوپێچی

خۆشەویستیی لێبخوڕە

نەک لەسەر مەستەڕەی رق.

•

هەر کێ ویستی گەورەت بکا، بچووک بیبینە..

هەر کەسێکیش ویستی بچووکت بکا

تۆ دەزانی، هیچ کەس گەورە نییە.

•

عەشق یانی کەسێک

کە هەموو کەست بێ.

•

ژیان قومارخانەیەکە

هەر یەکەو بە شێوازی خۆی تێیدا یاری دەکا..

•

برادەرایەتی باڵی هەیە

زەمین و ئاسمانی جوگرافیا و مێژوو دەبڕێ.

•

دەروون، ستوونی سەرەکی ڕاگرتنی جەستەیە.

•

هێز و پارە و ناوبانگ

بکەیتە وەسیلە بۆ مانەوەت

هێز و پارە و ناوبانگ لەناوت دەبەن.

•

لە پێناو ژیان

چی دەکەی بیکە، بەڵام بە عەشق.

•

ژیان  لەناو کۆمەڵگە یانی: لە ئۆقیانۆسدا بیت و

پێویستیت بە قوتدانەوەی ئاوی دەمی خۆت بێ.

•

هەر چەند بینینت فراوانتر بێ

برینت زیاتر دەبێ.

•

مەرگ بۆ ئەوە دانراوە تا لە ژیان تێبگەین.

•

کە ویستمان بفڕین

دەبێ ئاگامان لە باڵەکانمانبێ

لە یەک نەئاڵێن.

•

مردنیش وەک سێبەر و ژن وایە

بە دوای بکەوی لەبەرت رادەکا

لەبەری رابکەی بە دوات دەکەوێ.

•

غیرە

نە پیر دەبێ و

نە نەخۆش دەکەوێ و

نە دەشمرێ.

•

کەسێ کە هەمیشە خۆی لا حەقە

خۆی خۆشتردەوێ لە حەقیقەت.

•

تاریکیی بۆ ئەوە هەیە

تا لە رووناکیی تێبگەین.

•

تێکشکاندنی بازنە و

چوارچێوەکان بوێری و جوانییە

بەڵام بەدەوامبوون لە شکاندنیان هونەرە.

•

خراپی مرۆڤ لەوەدایە

هەمیشە خۆی باش دەبینێ.

•

دووریی

حەقیقەتی خۆشەویستی

ئاشکرا دەکا.

•

لە پەیوەندی نێوان ژن و پیاودا

ژن داستان و ئەفسانەی دەوێ و

پیاویش کورتە چیرۆک.

•

ئەگەر ئیسلام بیگوتبا لە بەهەشت

تەنیا ژنی خۆتت دەدەینەوە

دڵنیام یەک پیاو حەزی نەدەکرد بچێتە بەهەشت.

•

وەک مووشەک بژی

چونکە مەرگ وەک نەیزەک دەگا.

•

خۆتت خۆشبوێ

بە دوای هەڵەکانی خۆتدا دەگەڕێیت

نەک هەڵەی ئەوانی دیکە.

•

کۆی تەمەن تەنیا ئەو ساتانەن

کە بۆ خۆت ژیاوی.

•

بیرکردنەوە لە ئایندە کارێکی بێ مانایە

چونکە ئایندە خۆی چۆنی بوێ ئاوا دێ.

•

کە قورساییێکت خستە سەر شانت

چاوەڕوان مەکە کەسێک بێت و

لە ژێر ئەو بارە دەرتبێنێ.

•

لە گەنجایەتیدا بناغەی باڵەخانەیێک دادەنێین

لە پیریدا بەسەر خۆمانیدا دەڕووخێنین.

•

ژیان هیچ نییە جگە لە کەوتن و

دووبارە دەستپێکردنەوە.

•

دواجار مرۆڤ کورسییەکەی

بە بەتاڵی دەمێنێتەوە و

دەبێتە رەسمێک بە دیوارەوە.

•

هەر چی هەیە دەبێتە رابردوو

کەوایە با ئێستایەکی جوان بژین

تا رابردوویەکی جوانمان هەبێ.

•

تاکە ڕێگەی خۆشبەختی، خۆشەویستییە.

•

لەو سەردەمەدا ئەگەر نووسەر بەرگەی بە تەنیا مەلەکردن لە قووڵاییدا نەگەرێ، لەنێو ئەوانەی لەکەناردا مەلە دەکەن ون دەبێ.

•

کە لە دنیا بێزار دەبی، قەروێڵە و خەو دوو باشترین برادەرن.

•

ڕێگەی گرێنتی بۆ ئەوەی دەوڵەمەند نەبی، دزی نەکردنە.

•

جەنگ کارەساتێکە،

دیتنی تەنیا لە فیلمدا خۆشە.

•

خۆ دەربازکردن

لە بازنەی زۆرینەدا ئازایەتییە

بەڵام بەرگەگرتن و نەگەڕانەوە

بۆ نێو ئەو بازنەیە داهێنانە.

•

"فیراق مردنێکی بچووکە" و

مردن فیراقێکی تاهەتایی.

•

پیاو قوڕە

ژن چی بوێ

ئەوەی لێ درووست دەکا.

•

دەتوانین بە پارە هەموو شت بکڕین جگە لە عەقڵ و ئیحساس.

•

کە عەشق وەک کانییەک لە نێو تۆدا دەتەقێتەوە و

بیرکردنەوە و عەقڵ و هەموو یاساکانی جیهان کۆتاییان پێدێ.

•

خۆشەویستیی

هەڵکورمانە لەنێو ئاپۆرەدا

بەڵام عەشق

باڵگرتن و فڕینە لەناو خۆتدا.

•

لە عەشق نزیک مەکەوە

ئەگەر لە نوور و برین

دەترسیت.

•

لە قسەکردن جوانتر بێدەنگییە و

لە بێدەنگیش جوانتر مۆسیقا.

•

سڵاو لەوانەی

عاشقی عەشق و

عاشقی خۆشەویستیین.

•

نزمترین دەنگی غیرە

لای عاشق

لە فیغانی هەور بەرزترە.

•

عەشق نامرێ

بەڵام عاشق

وردوخاش دەبێ

ئینجا دەمرێ.

•

ترسناکترین دڕندەی

دژ  بە مرۆڤ، مرۆڤە.

•

مرۆڤی هەستیار بوونەوەرێکە

هەمیشە لەناو خۆیدا تەنیایە

هەتا ئەگەر لەنێو پۆلەکەی خۆشیدابێ.

•

گرنگی بە دوو جۆر کەس مەدە:

ئەوانەی لە بەرانبەرتدا گەورەت دەکەن و

ئەوانەیش لە پاشملەدا دەیانەوێ بچووکت بکەن.

•

هیچ مرۆڤێ یاخی  نابێ

ئەگەر  خەنجەری دەوروبەر

رۆنەچووبێتە خوێن و رۆحی.

•

هەموو ئەو شتانەی تۆ حەزت لێیە

کاتێک پێتدەگا کە ئیتر تۆ تاقەتت لێی نەماوە.

•

لە بکوژ ترسناکتر

ئەو کەسەیە

کە کاتت دەکوژێ.

•

عەقڵی مرۆڤی پاک لە دڵیدایە.

•

نیشتمانی راستەقینەی دایک

منداڵەکانییەتی.

•

سەرچاوەی رق جەهلە و

سەرچاوەی خۆشەویستیش مەعریفە.

•

گەورەترین داهێنانی مرۆڤ،

راستگۆیی و خۆشەویستییە.

•

لە ژیاندا بە هەموو رۆحیشتەوە

بەرەو حەقیقەت هەنگاو بنێیت

پێیناگەیت، چونکە حەقیقەت

لە عەدەمدایە نەک لە وجود.

•

هەموو هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ ئەوەیە

بگاتە بەختەوەریی

بەڵام بێئاگایە لەوەی

کە ژیان بەحری بێسنووری بەدبەختییە و

رزگاربوون تێیدا موستەحیلە.

•

باشترین ڕێگە بۆ پاراستنی

چاو و سییەکانت، خەوتنە..

ئەوە ئەگەر مۆبایل و جگەرە لێبگەڕێن.

•

ئەگەر دەتەوێ بە ئارامی بمری

بە خۆشەویستیی و عەشقەوە بژی.

•

زوڵمێکی گەورە لە نامووسی کەر

دەکەین ئەگەر میللەتی دواکەوتووی پێبشوبهێنین.

•

دەڵێ: باشبوو ژن نەبووم

ئەگەرنا چۆن دەمتوانی

لەو دنیایەدا پیاوێک ببینمەوە، دەجال نەبێ.

•

ئێمە میللەتێکین

عەشقمان بۆ ژێردەستەیی

میراتە.

•

زۆرجار چاکەکردن

لەگەڵ کەسانی خراپ

خراپت دەکا.

•

**تەنیایی باشترین چەترە**

**تا لە بارینی بەشەری دەبەنگ**

**بتپارێزێ.**

•

**هەڵبژاردنی تەنیایی کورتترین**

**رێگەیە بۆ دەربازبوون لە بازنەی**

**ئاگرینی دەبەنگەکان.**

•

**کەسێک پەروەردە نەکرێ**

**ناتوانێ فێربێ.**

•

مرۆڤی تێگەیشتوو کەسێکە

خۆی بە تەنیا بەرگەی ئازارەکانی

خۆی دەگرێ نەک لەسەر

کەسانیتر دابەشی بکا.

•

ئەگەر نەزانی خۆت بەڕێوە ببەی

قەدەر بە شێوازی خۆی

بەڕێوەت دەبا.

•

**ئەگەر بتەوێ بە دزین**

**لە دەسەڵاتدا بمێنییتەوە،**

**کۆمەڵە دزێکیتر دێن**

**سەروەت و منداڵ و رۆحیشت**

**دەدزن.**

•

**کە کەسێک چێژی خۆی کردە پێوەر**

**بۆ هەڵسەنگاندنی جوانیی و**

**ناشرینیی و باشە و خراپە، گفتوگۆی لەگەڵ مەکە.**

•

کە یەکێکت دیت زۆر گوتی :

من.. من.. من ..

ئەوە دڵنیابە نەک دنیا،

بەڵکو خۆشی خۆی ناناسێ.

•

ئەوانەی بابەتی سەرەکییان

باسکردنی خەڵکە

وەک نمونەیەکی خراپ

دەبنە بابەتی سەرەکی خەڵک.

•

ئەو کەسانەی لێت نزیکن و

متمانەت پێیان نییە

وەک دووپشکێک وان کە بەسەر

جەستەتدا دێن و دەچن،

نە پێتوەدەدەن و نە لێشت

دوور دەکەونەوە.

•